لەسەر ئەرکی عەلی بۆسکانی
لە چاپدراوە

# کاکەیی

# کاکەیی

KURD ARSHIV

پشکنین و لێکۆڵینەوەو توێژ هەڵدانەوەی

**محەمەد ئەمین هەورامانی**

چاپخانەی ( الحوادث )

بەغدا ـ ١٩٨٤

# الكاكائيـــة

بحث وتحقيق

محمد أمين الهوراماني

# به ناوی خودا

سڵاوێکی گەرمم بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە وەبۆ هەموو خوێنەوارێک کە خزمەتی فەرهەنگو زانیاری گەلی خۆی بەڵکو خزمەت بە زانیاریی ، « بەشێوەیێکی گشتی » ئەکاتە پیشەی خۆیو تۆشەی دوارۆژی .

ئەم کتێبەی کەئێستە لەبەردەستانایە بەرهەمو ئاکامی ڕەنجو تێکۆشانێکی بێوچانی کاک محەمەدئەمین هەورامانی‌یە بە راستی نووسەری تێکۆشەر کاکەحەمەمین کە نوسەرێکی بەرهەمدارە ، بە تایبەت لەگوڕەپانی زوانەوانیدا ، وەخزمەتێکی زۆری بەزوانی کوردیی کردوە ، ئەمبەرهەمەی ئەمجارەشی کەخزمەتە بەفەرهەنگو کەلەپوور جێگەی سوپاسە ، چونکە بەڕاستی ڕەنجێکی زۆری کێشاوەو لە زۆر مەزراو کشت گەدا دروێنەی کردووە ، دروێنەکەی باقەبەس کردوە،کێشەی کردوەتە خەرمانی بیرو باوەڕی خۆیەوەو گێرەی کردوە پاشان شەنوکەوی کردوە ، تاوەکو ئەم دانەویلە بێ گەردو پاکو پوختەیە سورکردوەو لە خەرمانی زانیاری‌دا کۆمای کردوە هاوردویەتە دەست . ئێستەش وا باری کردوو ناردیە فرۆش گەکان ، دیارە فرۆشگەی کتێب کتێبخانەیە ، ئومێدەوارم خوێنەوارانی کوردیش کەڵکی لێوەرگرنو

ئەوانیش بتوانن لەئایندەدا هەم لەبارەی «کاکەیی» یەوەو هەم لەبارەی هەموو زانیارێکی ترەوە تێکۆشن‌و هەوڵ بدەن ، کە هەم کتێبخانەکانمان دەوڵەمەن کەن ، وهەم جێ‌دەستی خۆیان لە گۆرەپانی زنیاریی جیهاندا دیاری کەن‌و کوردیش سەربەرز کەن •

کاکە حەمەمین وەکو لێکۆڵەرێکی کۆڵنەدەرو شارەزا ، سەرچاوەکانی بشکنیوە رەنجی زۆری کێشاوە بۆساغ کردنەوەیان ، لەگەڵ یەکا ، بەراوردی کردوون شارەزاییو زانینی خۆیشی خستوەتە سەری زۆر بێ‌لایەنانەو وردبینانە مەبەستەکانی روون کردونەتەوە ، باوەڕی زۆرێك لەو نوسەرانەی خستوەتە ترازوی هەڵسەنگاندنەوە کە سەبارەت بەکاکەیی نوسیویانە ، بە تایبەت شارەزایی خۆی کە ماوەیێکی زۆر لە گوندی هاوارا ماموستابووە زۆر یارمەتی کاکەحەمەمینی داوە ، بۆئەوەی بەرهەمەکەی دووڵەمەن‌ترو بێ‌گەیشتوتر بێت ، بێگومان هێمان هەر پیویست بە لێکۆڵینەوەو پشکینی هەیە بۆ روون‌کردنەوەی یەکجاری ئەم رێ‌رەوە داپۆشراوە ، بەڵام هەنگاوەکەی کاکەحمەمین هەنگاوێکی زۆر گەورەیەو شایانی سوپاسە •

ئومێدووارین کاکەحەمەمین هەروا سەرکەوتوانە لە خزمەتی زوانو لە خزمەتی کەلەپوری کوردەواریدا هەنگاو هەڵگرێ‌و بەرهەم لە شوێنی بەرهەم بداتە دەستی خوێنەوارانی کورد ئێتر هەمولایکتان بەخوا ئەسپێرم •

**ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی**
**بەغدا**
**١٩٨٤-٨-٣٠**

# وشەیەکی رێبـاز رۆشنکەرەوە

واهاتە پێشەوە ، بە زۆرەملی ، لەبارەوە ـ کە جێگای دایگزادمە ـ بۆ مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی هاوار ـ بـە تەنیا ـ بۆ فێـر کردنو پەروەردەکردنو بەرێوەبردنی چوارپۆل ، بۆ دێی هاوار نێردرام •

هـەر لەبەر ئەوەی زوربەی وەختم ، بەیانیانو ئێواران ، لەگـەڵ قوتابییەکانیدا بەسـەر دەبرد ، توانیم ئاواتی پیرۆزی مامۆستایەتی خۆم جێبەجێ بـکەم ، کـە ئەویش ئـەوە بوو ، هـەندێ قوتابی باشو لێهاتووی ئەوتۆم پێ گەیاند ـ کـە ئەمرۆ بوون بـە هەوێنی خوێندەواریی و شۆڵەی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی لە ناو کاکـەیی ناوچـەی شنروێ (هاوارو هەوارەکۆنو دەرەتوێو مۆردێن)دا •

مانەوەم لەدێی هـاوار ، بۆ مـاوەی سێ‌ساڵێ ، یا بـگرە نەختێ لەوە زیاتر ، وەك‌مامۆستای قوتابخانەی سـەرەتایی لـە نێوان سـاڵانی (٩٥٦ ـ ٩٥٩)دا ، بوو بەهۆی پەیداکردنی جۆرە پەیوەندییەکی بـە تین لەگـەڵ زوربەی زۆریاندا ، کـە ئەمەش بێگومان یاریدەی تەواوی ئەوەی دام ، کـە زۆر شارەزای هەڵس‌وکەت‌و رەویەو رەوشتی پاكو

بێ گەردو بێ دەستهەڵبەستی ئەو خەڵکەو لەهەموو روویەکەوە بم .

شایانیباسە ، ئەم جۆرە شارەزا بوونەی منە لە جۆراو جۆری لاو گۆشەی ژیانەوەو بە شێوەیەکی رەنگامە ، توانی ئەو وێنە لێڵو دەستهەڵبەستانە ، کە دەربارەی کاکەیی‌و هاوارییەوە لە سەر پەردەی مێشکم هەڵکەندرابوونو سینەمای مێشکمیان جەنجاڵ کردبوو ، لایانبەرێو شوێنەواریان بە تەواویی کوێر بکاتەوەو خۆیان بچنە جێگایانو بنە جێگەداری هەتاهەتایانو کەی هەڵویستی پێویستیی وەك ئەمەی ئێرە ، پێویستی کرد ، دەستبەجێ ڤیدیۆتیپی مێشك ئەو فلیمە رەنگامە ئاوازدەدارە بزێوانە بە زیندوویی بخاتەوە جموجوڵو گفتوگۆکردن .

بێگومان ، ئەم زانیاریانەو ئەم جۆرە پەیوەندیانە ، بۆ من سوودبەخش بوون ، چونکە بە هۆیانەوە ، دڵسۆزیی‌ی هاوارییو کاکەیی هاوار بۆ خۆیانو لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ دراوسێیانداو بەرامبەر ، بە نیشتمانی بچووکیان ( زید = دایکزاد )و بەرامبەر بە نیشتمانی نەتەوەییان کوردستان ، لە سەنگی مەحاك[1] دراو رادەو پلەی هەرگۆشەیێ لەوانە ، بە تەواوی بە لای منەوە رۆشن بوویەوە .

بە نیازی روونکردنەوەی هەندێ رووالەتی مرۆڤانەی ئەو خەڵکەو جۆری هەڵسو کەوتیان لەناو خۆیانداو لەگەڵ خەڵکی بێگانە بە دینەکەیانو رادەی دڵسۆزی بەرامبەر بە نەتەوەکەیانو نیشتمانەکەی ، لەو رووەوە دەربارەیانەوە ، چەند وتارێکم نووسی ، بۆ ئەوەی لە پێناوی ـ تەنیا ـ راستیو مرۆڤایەتیدا ، بڵاویان بکەمەوە ، بەڵام چیم ناردبوون ، هیچیان بڵاو نەکرانەوە .

بێگومان بڵاو نەکردنەوەی ئەو وتارانەو لەو کاتەدا ، کوتەکێکی

زۆر بەهێز بوو کە بناگوێمی شل کرد ، بە جۆری کەتا ماوەیەکی زۆریش بێزاری خوێندنەوە بوو بووم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا تا رادەیەکیش ، ئەو کردەوەیە بۆ من سوودی هەبوو ، چونکە ئەگەر وەها نەبوایێ ، بێگومان ئامادەکردنی بەرهەمی وەهای وەك ئەمەی بەردەستمان پشت گوێ دەخرا .

بە هەرحاڵ ، دەستکەوتنی سەرچاوەی (سرودهای دینی‌یارسان) بوو بە هۆی ئەوەی کە خولیای دەستکاری کردن‌و بلاوکردنەوەی وتارە کۆنە بلاونەکراوەکان ، بسکەوێتەوە سەرمەوە ، بۆیە بە پەرۆشەوە بەرهەمەکەم بۆ چەندجارێ خوێندەوە . بەڵام ئەوەی کە لەوەش دڵی سارد کردمەوە ، ئەوە بوو ، کە کۆکەرەوە ، یاخود وەرگێڕەری بەرهەمی ناوبراو لە لایەکەوە هەندێ زانیاریی‌ی ناو باخەڵی خۆی تیادا بلاو کردووەتەوە ، کە بە تەوای بێگانەن لەگەڵ ناوەرۆکی بنچینەیی تێکستەکان‌و لەلایەکی تریشەوە ناوی ئەو سەر چاوانەی نەهێناوە کە سوودی لێوە وەر گرتوون .

ئەوجا ، کەوتمە سەر ئەوبیرەی کە هەوڵ‌وتەتالایەکی بێ‌پایان بدەم ، بۆ ئەوەی لەو رووەوە بەرهەمی زۆرترو باش‌ترم دەست‌بکەوێ ، بە نیازی هێنانەدیی بەرهەمێکی فراوان‌و زۆر نزیك لە راستی‌یەوە .

سەر دەر هێنانی سەرچاوەیەکی تری ئەهلی‌هەقق ، کە بە ناوونیشانی (دەفتەری رموزی یارستان)ەوەیە ، خۆی لە خۆی‌دا هاندانێکە بۆ زیاتر بەرەو تێکۆشان‌و تەقالادانی فراوانکردنی زانیاریی لەو رووەوە ، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان ، کە ئەم بەرهەمە ، ناوی زوربەی دەفتەرەکان ئەهلی‌هەققی تێدایەو بە پێی دووربینی (کۆکەرەوە) خۆیی‌و بە پێویستی زانینی ، بەرهەمی ئەو دەفتەرانەی کە ناوی هێناون‌و هەر یەکە بە

جیاواز لەم کتێبەدا (دەفتەری رمووزی یارستان) بڵاوی کردوونەتەوەو جۆرە دڵسۆزی یەکی تایبەتی پێوە دیارە ، چونکە کۆ کەرەوە ، خۆی یەکێکە لە خوێندەوارەکانی ئەهلی هەقو لەبەر ئەوەی کاری وەها جگە لەوەی کە بەلایەوە پیرۆزە ناش یەلّێ گەرد بیگرێ •

پاش ئەوەی ، دوو بەرهەمی کەفەسەر بە تێکستی (ئەهلی هەقق)ـم دەست کەوتن ، هەوڵو تەقالامدا ، کە چی وتارو نووسراو بە زمانی عارەبیو کوردیی ، دەربارەی ئەهلی هەقق ، یاخود عەلی ئیلاهی ، یاکاکەیی یە ـ وە هەن ، بیانخەمە دەستی خۆمو کامەیان بە پێویست زانرا بە تەواوی وەری گێڕم بۆ زمانی کوردیی ، یاخود کورتەیەکی ئامادە بکەم ، تاوەکو بە هۆیانەوەو بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتری دا ، جیاوازیی و وێکچوونی تێوانیان دەر بخەمو خەستەی ئەمەش ( ئەنجامی ) ئەگەر لەناو تێکستەکاندا هەبوو ، بەرامبەری هەمان زانیاریی بکەمو تا بگەمە جەوهەری راستەقینەی رێڕەوەکە •

ئەم بەرهەمەی ، کەوا لەبەر دەستدا ، زادەی ئەو بیرەو ئەو هەنگاوانەی پێشەوەیە کە بۆ مەبەستی یەکگرتنی گۆشەو لق و پۆ بی باسەکان بە چواربەشەوە دابەش کراونو هەر بەشەی تایبەتی یە بە رۆشنکردنەوەو لێکدانەوەی ـ هەروەك وتمان ـ جۆرە وەچەیەکەوە کە لەگەڵ یەکتر داو لەژێر ئالای سەرباسێکدا ، دەچنە چوار چێوەی خێزانێکەوە •

پێش کۆتایی هێنان بەم وشەیە ، بە پێویستی دەزانین کوردواتەنێ هەیە ، کە بیهێنینەوە یاد ، ئەویش ئەوەیە کەدەڵێ : (قسە دەکەی بۆ خودا ، یەکێکیش بکە بۆ خوادا ) • ئەوجا ئێمەیش بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین • کە بەپێرەوی ئەو کورد واتەنیە بکەینو بڵێین :

(کاکەیی یەکانی هاوار) کەرەسەیەکی خاوو پاکو بێ گەردی کوردەوارین هەرگیز شیری بەرمەکانی دایکیان کە پێی بەخێوو پەروەردە کراون ، لە بیریان نەچوەتەوەو بە پیرۆزترین شتی دەزانن ، بۆیە هیچ شتێ نەیتوانیوە وایان لێ بکا کەببنە هۆی ژەنگ هەڵهێنانی چوارچێوەی نەتەوایەتی کورد ، تەنانەت تا دەگاتە سەر دین ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ، کە ئەوان ئاگاداری ئەوەن کە نەتەوایەتی سەرلەبەری هەمووشتێکی ترە ، چونکە دین نەرێتێکی بەجێ ماوە ، بەهۆی هەڵس و کەوتی دایك و باو کەوە ، دەگاتە وەچەش و بەو جۆرە دێتەخوارەوە ، بە تەواوی بەپێچەوانەی نەتەوایەتی یە وەیە ؛ کە شیری خاوەو ئەو شیرەخاوەش هەوێنی خوێن و ژین و ژیانی مرۆڤەو ، بێگومان ئەم هەوێنەش زادەی بەروبوومو ئاوو هەوای ئەونیشتمانەیە کە پشت بەپشت و وەچەبەوەچە تیایا پەروەردە کراوین و بۆمان هاتۆتە خوارەوە •

# چی دەربارەی کاکەیی یەوە نووسراوە !

**پ ـ مینۆرسکی : (١)**

پرفیسۆر مینۆرسکی ، ساڵی ١٩١٥ بە ناوونیشانی (کوردەکان)ەوە بەزمـــانی رووسی کتێبکی بڵاوکردۆتەوەو، ئالـــەوێدا ، باسی دینـــی عەلی ئیلاهی یەکان دەکاو دەڵێ : دینی عەلی ئیلاهی یەکان دینێکی کوردیی ئاشکرای بێ ئەملاو ئەولایە • تا ئێستە دەربارەیەوە ئەوەندە نەپشکێنراوەو نەوتراوە تاوەکو بتوانێ روونی بکاتەوە •

عەلی ئیلاهی یەکان ، بە خۆیان دەڵێن : (ئەهلی حەقق) • کۆمەڵێکیان لای ئێمە لـە رووسیا ، لە هەرێمی ئەلیزابێتپۆڵ ، لە ناوچەی (فارس)دا ، دەژین • بەڵام لەقەفقاس زوربەیان بە دینێکی بنەڕەتی ی کوردیی ســـەر ژمێر ناکـەن ، بەڵکو بە دینێکی تایبەتی لە قەڵەمی دەدەن •

ئەوانەی کە بە رواڵەت ، تەماشای شت دەکەن ، دەڵێن ، کە کێشەکە لـــە خوایەتی خەلیفەی چوارەمی موسوڵمانان ، عەلی ـ دایە • ئەمـــانە ؛ بیروڕای موسوڵمانەکان دەربارەی دروستبوونەوە دووبارە دەکـەنەوە • لای ئەوانە ، وایە ، کـە کێشەی وەها پەیوەندی بە تەناسوخی رۆحـــەوە

هـەیە • بێگومان شـتی وەها ، لای موسوڵمانانی (چـاوونام = شهرە) باش ، دەدرێتەوە دواوە •

رواڵەتی ئاشکرایی ، دەربارەی مەزهەبی عەلەئیلاهی‌یەوە ئەوەیە ، کـە خوایەتی ، بـە درێژی سەرانسـەری بوونی دنیـا حەوت‌جـار دەردەکەوێ • جارێـکیان لە (عـەلی)دا دەرکەوتووەو لەگـەڵ هـەر خوایەتی‌دا ، چوار فریشەی لەگـەڵدا دەردەکەون ، کـە رواڵـەتی گشتی‌ی خوایی‌یان هەیە •

عەلی‌ئیلاهی‌یەکـان ، بڕوایان وایـە پێغەمبـەری خوا ( محمـد ) دروودی خوای لەسەربێ ، یەکێك بووە لـەو چوار فریشتەیەی کـە لـە سەردەمی خوایەتی عەلی ـ دا بوون •

نهێنی ئاشکرابوون ، لەسەردەمی خوایەتی عەلی‌دا دەرنەکەوتووە ، بەڵـکو لە پاش ئەوەوە دەرکەوتووە ، واتـە ؛ لە زەمانی شاهخۆشێن‌و سوڵتان سەهاكدا ، نهێنی ئاشکرا بووە •

شایەنی باسە ، عەلی‌ئیلاهی‌یەکان لایان وایە ، کە خوایەتی لـە سەرۆکی فریشتەکان‌دا ، ئەوەی پێوەی بەندە ، واتە بە خواوە یەکسەر بەندە (تیایدا) نیشتەجێیە •

عەلی ئیلاهی‌یەکان بڕوایان ، بە تەناسوخی (رۆح) هەیەو دەڵێن ؛ مردن هەروەك (ئەو مراویەیە کـە لەناو ئاودا نوقم دەبێ‌و ئەوجا لـە جێگایەکی ترەوە دێتەوە دەرەوە) •

ئەوەی کەخۆش‌و سەیرە ، لە هەڵس‌وکەوتیان‌دا ، ئەوەیە کـە لە ناویاندا برایەتی هەیە ، واتە (کاکەیی توانای هەیە ، ئەو کەسەی کـە بەراستی برای نیە ، بیکا بە برای) ، لە برایەتی یەکتری دڵنیا دەبن •

یەکێ لە پەیڕەوە دینیەکانیان کـە دەوریـکی باڵا دەگێڕێ ئەوەیە ، کـە نانو گۆشتی کوڵاو ، بە ڕێـگایەکی تایبەتی دابەش دەکەن ، ئەمـــەش بووە بە هۆی ئەوەوە کـە بوترێ ، پەیڕەوی دینیی وەهـا ، لـەدینی مەسیحیەتی کۆنەوە وەرگیراوە ، کـە ئەوانیش وەختی خـۆی نانو گۆشتیان بەخشیوەتەوە •

من باوەڕم وایە ، کە ئەمە ڕاست نییە ، چونکە مەزهەبی عەلی ئیلاهی بە هەموو ڕووالەتو ڕێڕەوی گشتییەکانیەوە ، لەگەڵ مەسیحیەتدا کۆ نابنـــەوە •

عەلی ئیلاهی‌یەکـــان ، لەگـەڵ موسوڵمانەکاندا ، دژزایەتیـکی درێژخایەنیان هـەیە •

قزڵباشەکان ، کە هەڵـگری ئەم مەزهەبەنو لە ناوچەکانی دەرسیمدا دەژین ، خۆیان نەخستۆتە ژێر سایەی تورکەکانەوە بەڵام هەر ئەو عەلی ئیلاهی‌یانە کـە لە تورکیادا دەژین ، ئەو ڕایەی ئەوان پشتگیری دەکەنو وای دادەنێن کـە قزڵباشەکان لە مەزهەبی خۆیان بن • تەنانەت ، ناوەکەش (قزڵباش ، بە زمانی تورکی ، کـــە واتای ـ سەرسوور ـ یاخود ـ قیس سوور بەسەر ـ دەدا ) ، لـە لایەن فارسەکانەوە بۆ گاڵتە پێکردن بەکار دەهێنرێو بڕواش وایە ئـــەم مەزهەبە ، کـــە لە ئاسیای بچـووکدا بڵاوبوەتەوە ، یەکسەر لەئێرانەوە هاتووە •

سەیر ، ئەوەیە ، کـە قزڵباشەکانی تورکیا بڕوایانوایە ، کـــە خوایەتی نزم بووەتەوە بۆ سەر زەوی ، بۆکارکردنو بڕواشیان وایە ، کـە جەنـگاوەر (عەلی) (مەبەستیان لەئیمامی عەلی‌یە) ، شیرە مەزنەکەی خۆی بۆ ڕووسیا ناردوەو نیشانە سەوزەکەشی بۆ ئینگلیزو ئەوانیش تورك لەناو دەبەنو نایهێڵن •

گەڕۆكو زانای رووسی ، لەناوچەی (سیواس)دا ، سالی (۱۹۱۳)ی ز لەو كەسانەی كە پەیڕەوی كەری ئەم مەزهەبەن بیستوویەتی ، كە عەلی سالی (۱۳۳۰)ی كۆچی دەر دەكەوێتەوەو لەبەر ئەوە ، خەلك بۆ پێشوازی كردنی دابەزینی خوایەتی ئامادە بوونو رێككەوتیش وابوو كە جەنگ ، بە تەواوی ، لە كۆتایی سالی ناوبراودا ، داگیرسا •

عەلی ئیلاهی یەكان ، ئەدەبیاتیان هەیەو بە زاری (گۆران) وتوویانەو نووسیویانەتەوە • بۆ نگینی ـ شانس ـ منو بۆ یەكەمجار دەستنوسەكانیان دەستم كەوتنو یەكێكیانیانم كە كتێبی (سەرئەنجام)ە [٢] لەچاپدا • گەڕانی دوایئم ، سالی ١٩١٤ ، توانیم سەر لەقبلەی پیرۆزی عەلی ئیلاهی یەكان ، لەدێی (بەردیوەر) ، لە هەورامان ، بدەم ، كە كەوتووەتە جێگایەكی سەختی دەوراندەور شاخاوی بەردەلانەوەو ئەم ناوچەیەش لە جێگا دلگیرو دیمەنە رەنگینەكانی ئەوێیە • بەلام گۆشەیەكی تر ، كەلەم رووەوە زۆر گرنگە ئەوەیەكە دەكەوێتە لای رۆژئاوای زەهاوەوەو مەزاری بابایادگاری تێدایە • پێش چوونی من بۆ ئەوێ ، دوو گەڕۆكی رووسی كە (بارونبودی)و ( عەقید چیریكۆف ) بوون ، بۆ ئەو ناوجەیە چووبوون •

ئەوجا مینۆرسكی دێتە سەر ئەوەی كەدەلێ :ـ لە بابایادگاردا توانیم ئاگاداری ، هەرچی شاراوەو نهێنییە مەزهەبیەكەیان هەیە ، ببم ، بۆ ئەم شارەزا بوونەش ، پیاوەتی بۆ كاربەدەستەكانی عەلی ئیلاهی یەكان ، دەگەڕێتەوە ، ئەوانەیان كەباوەڕیان بە من دابووو هەرگیز لە هیچ جۆرە داخوازی یەكم لووتەلا نەبوونو بۆ هەر (بوستی) زەوی ، تا لەوێدا ، بیرەوەری یەكم هەیە •

بۆیان گێڕامەوە ، کە لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی عەلی ئیلاهی‌دا ، (وەجدو غەیبووبە)ی دەروێشێ گەیشتە پلەیەك کەلەو مەزارگەیەوە ، کە جێگایەکی زۆر بەرز بوو ، خۆی فڕێ‌بداتە خوارەوە ، ئەو چەمو دۆلە هەزار بە هەزارەوە ربلێ « هۆ بابا یادگار ، ئەوا هاتمو وەرم‌گرە !» ئەو داخوازی‌یە بەپەرۆشە ، بوو بە هەرەس‌و ماڵ‌کاولی‌و ئەوانەی کە ئەو رووداوەیان دیبوو ، وایان دەگێڕایەوە کە ئەو دەروێشە هەر بە هەواوە پارچە پارچەو هەبروون هەڕوون بوو و مرد •

رابەرە دینییەکانی ئەوێ ، لەگەڵم‌دا ، زۆر نەرم‌ونیان بوون ، بە رادەیێ کە مۆمێك لە مۆمەکانی سەر ئەو مەزارەو پەرداخێ لەو پەرداخانەی کە لەکانیاوی ـ سەرچاوەی ـ کەسلان = غەسلان ـدا بۆ ئاو خواردنەوە تەرخان کرابوون ، بۆ یادگار ، دایانمێ •

بەڕاستی ، ئەو سەفەرەم ، زۆر لاخۆش بووو بە جۆرێ کاری تێ‌کردم ، کە هەرگیز لەیادم ناچێتەوە •

**عیراقیی :ـ(٣)**

بە ناوونیشانی «عیراقی»یەوە لە گۆڤاری (لغة العرب)دا ، دەربارەی کاکەیی‌یەکانی گەڕەکی «قەڵەم‌حاج»ی مەندەلی‌ـیەوە ، نووسراوەو تیایا هاتووە ، کە دەڵێ :ـ

**١ ـ قەلەم‌حاجی «القلم حاجیە»**

لە (کەلان)ی فارسی‌یەوە وەرگیراوە ، بەونیازەی کە گوایا واتای (گەورە) یاخود (سەردار) دەداو وشەی (حاج)یش عەرەبی‌یەو بە تێ‌گەیشتنی ئەم خاوەن مەزهەبانە وایە کە یەکێ لەمیرەکانی خەیبەر ، باش ئەوەی حەج دەکا دێتە (بەندەنیجین = بندینجین = مەندەلی)

دادەنیشێ‌و باش مردنی ، ئەم جێگایەی بە گەڕەکی «قەڵەم‌حاج»ەوە ناو دەنرێ‌و تا ئەمڕۆش هەر بەو ناوەوە ناو دەبرێ •

دانیشتوانی قەڵەم - حاج - یش ، خاوەنی مەزهەبی تێکەڵاون ، واتە ؛ هەیانە کاکەیی‌و هەیانە نەسرانی‌و هەندێکیش ئیسلام‌و حلوولی‌و یەزیدی •

## ٢ - قەڵەم‌حاجی‌و ناویان‌و جێگای بوونیان •

دانیشتوانی قەڵەم حاج ، یاخود قەڵەم‌حاجی ، بە ناوێکی ترەوە ناو دەبرێن ، ئەویش عەلی ئیلاهی‌یە ، ( واتە : عەلی‌خوایە ) ، یا بە شێوەیەکی روون‌تر ، خوا ، لە عەلی‌دا جێگیر بووە• ئەمانە ، وان ، لە گەڕەکێکی مەندەلی‌دا ، کە کەوتووەتە سەر رێگەی دێی (قازان) •

## ٣ - کورتەی بیروباوەڕیان

ئەمانە زۆر بە تەنگ ئەوەوەن ، کە پەیڕەوو بڕوای دینی‌یان هەر شارراوەبێ‌و هەرگیز لە لای یەکێکی لایەدەی دینەکەی خۆیان‌و دەربارەیەوە هیچ نەوترێ‌و ئەوەش کە دەربارەیانەوەو رێی تێ بچێ‌و بوترێ ، ئەوەیە ، کە موسوڵمان نین‌و دوورەپەرێزن لەوەی کە تێکەڵاوی موسوڵمانەکان بکەن‌و ئەوانیش بە سوننەو شیعەیانەوە حەز بە تێکەڵاوی کردنیان ناکەن‌و مەزهەبەکەشیان بەخراپ دەزانن‌و لە بیروباوەڕی دینیش‌دا جیاوازیی‌ی نێوانیان زۆرەو گرنگترینیشیان ئەمانەن :-

### أ - فەزڵی (عەلی) بەسەر خاوەن‌شەریعەت‌دا ، دەدەن

بڕوایان وایە ، کە (خوا) تێدا جێگیر بووەوبەو جۆرە ، ( عەلی ) هەم خوایەو هەم بەشەر •

**ب ـ شەیتاندەپەرستن**

ڕێزیشی لێ دەگرن‌و ڕازیی دەکەن‌و پێی دەڵێن (طاووس مەلەك) وەك باوەڕی یەزیدی‌یەکان •

ئەوەی زۆر سەیر بووو بەرچاوم کەوت ، ئەوەبوو ، ئەگەر یەکێ بەو گەڕەکەدا تیپەڕێ نەعلەتی شەیتان بکا (واتـــە ، بـــە مەبەستی توورەکردینان یاخـود دژۆین‌دان ، تف رۆ بکات ؟ ، یاخـود دژوێنی ڕاستەوخۆی پێ بدا ، زۆر ناڕەحـەت دەبن‌و ئەگــەر بشتوانن تۆڵـەی لێ دەکەنەوە ، ئەگەرچی ئەو تۆڵەیەش بگاتە ڕادەی کوشتن •

**ح ـ منالیان خەتەنە ناکەن**

لـــەم ڕووەشەوە ، وەك نەسرانیەکـان وان ، چونـکە ئەوانیش منداڵیان خەتەنە ناکەن •

**د ـ مانـگی رەمەزان ، ناگرن** ، بەڵـکو سێ ڕۆژ ڕۆژوویان هەیەو وای لەقەڵەم دەدەن ، کـە جیبرائیل بە خاوەن شەریعەتی وتوە ڕۆژوو سێ ڕۆژە ، ئەویش بە سی‌ڕۆژ تێ گەیشتووە ، کـــە لـــە کوردی‌دا ، جیاوازی نێوان (سێ‌و (سی) زۆر کەمە ، بەڵام (عەلی) ، لە سێ ڕۆژەکە تێ‌گەیشتووەو بۆیە لەسێ ڕۆژ زیاتر ڕۆژوو ناگرن •

**هـ ـ هەندێکیان ، بۆ ڕووپامانی‌و ڕیایی**

قورئان دەخوێننەوە ، بەڵام کردەوەی پێ‌ناکـەن • هـەندێکیشیان دەڵێن : (ئێمـــە قورئان ناخوێنین‌و نایخوێنینـەوە ، بەڵـــکو (زەبور) دەخوێنینەوەو بـەو جۆرەی کە پێمان گەیشتووە) ، بەڵام بەدەستمانەوە ـ بۆ درۆوڕاستی ئـەوە ـ هیچ جۆرە بەڵـگەیێ نیە ، چونـکە ڕاستی‌ی

دینەکەیانو هەواڵی لەلای ئەوەی کە لـە خویان نیە شاردراوەتەوەو دەیشارنەوەو زوربەی زۆریشیان ، تەنانەت خوێنـدنو نووسین نازانن •

**و ـ رۆژێـکی تایبەتی‌یان هەیە**

کـە تیـایدا کردەوەی خراپو ناڕەوا دەکەن ، بە رادەیێ یەکێ لـەو رۆژەدا ئەگـەر دایكو خوشکی خۆی بەربکەوێ کاری ناڕەوای لەگـەڵدا دەکا • بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە ، کـە شتی وەها نی‌یەو لـە لایەن دوژمنانیانەوە ئەمەیان بۆ دا تاشراوە ، چونـکە رواڵەتیان لەوە ناکاو بەڵـگەشمان ساغ‌وسـازی لەشیانەو دروستی تەنیانەو نەبوونی نەخـۆش زوهری لە ناویان دا ـیە •

**ز ـ هاوکاری موسوڵمانەکان لە سەڵوات‌دان و وێردگردن وسروود خوێنـدن‌دا**

ناکەنو ناچنە مزگەوتیانەوەو بەڵـکو لێشی هەڕا دەکەن •

**ح ـ کەس نەی دیوە**

کە یەکێکیان نوێژ بـکا ، جێگای تایبەتی‌یان بۆ نوێژ کردن ، یاخود بۆ رێزگرتن لەخواو وێردکردنی ، نیە • وابیستومە لە خەڵکەوە ، کە گوایا ، لە رۆژێك‌دا ، تەنیا دوو نوێژ دەکەن •

**ط ـ دەست ـ نوێژ شوشتن و پیسی‌ی شەرعییانە نازانن**

یاخود ، تەنانەت شتێ بێ کە لەبری دەست‌نوێژ بیکەن •

ئە ، ئەمـانەی سـەرەوە ، بە رواڵەتی مەزهەبەکەیانەوە دەوترێ ، بەڵام دەربارەی بیروباوەڕی دینی‌یان ، هیچ شتێکمان ، کە وەك کتێب ، یاخود نووسراوێ ، یاشتێ تر بێ ، دەست نەکەوتووە •

**٤ ـ لەکوێ‌هەن :ـ**

خاوەنی ئەم مەزهەبە ، هەر تەنیا ، لە گەڕەکی (قەلەم‌حاج) هەن کە بە قەڵای میرحــاجیش ناسراوەو لە دێ‌ـیەکیش‌دا هــەن کــە بە ناوی (دووشێخ)ەوە ناسراوە ـ وشەکەش فارسی‌یەو واتای وشەی (شێخان)ی عەرەبی دەدا ـ دووریش ، نی‌یە کە (دووشێخان) لەوێ‌دا ، نێژرابن‌و جێگاکەش بە ناویانەوە ناونرابێ •

ئــەم دێ‌ـیە ، نزیـکەی دوو سەعاتێ بە (پێ) لە مەندەلی‌ـیەوە دوورە •

**٥ ـ ژمارەیان :**

بەژن‌و پیاوو منداڵ‌و گەورەو بچووکەوە ، ژمارەیان لـە هــەزار کەسێ زیاتر نین •

**٦ ـ زمانیان :ـ**

زمانیان کوردی‌و نەختێ فارسی‌و کوردی‌یە ، کە قسەی پێ دەکەن‌و گوایا ئەمــە کوردی مەندەلی‌ـیە ، بە وتارێکی تایبەتیش وێنەیەکی لێ دەهێنینەوە •

**٧ ـ دانەری مەزهەبەکەیان :ـ**

هەندێکیان ، وای لـە قەڵەم دەدەن ، کــە دانەری مەزهەبەکەیان پیاوێ بووە ، لە خەیبەر ؟ لـە دوورگـەی عەرەب‌داو ، ئەوجا هــاتووە بۆ ( بەندەنیجین )و تیای‌دا نیشتەجێ بووە ئەم کابرایە ، ( ئەمیرملومنین )ی زۆر خۆش ویستووە ، بە رادەیی کە وتوویەتی خوایە •

ئەم پیاوە لەبنەڕەت‌دا ، جوو بووە ، ئەوجــا ئیسلام بووە ، بەڵام

کەس نازانێ ، چە ساڵێ ئەو (وەلی)یە ژیاوەو ناویشی نازانرێ • ئەمە بوو لە مەندەلیدا دەربارەی ئەو مەزهەبەوە بلاو بووەتەوە •

**(عبدالرزاق الحسنی )(٤)**

مامۆستا (عبدالرزاق الحسنی) هەر لەهەمان گۆڤاردا ، ژمارەیێ دواتر ، بۆ وەلامی ئەو وتارەی سەرەوە نووسیویەتیو دەڵێ :ـ

**أ ـ ئەوەی ، کە لە جزمی حەوتەمی گۆڤارەکەتاندا**

لەبارەی تایفەیەکی دینی ، کە لە قەزای ـ مەندەلیدا ـ نیشتەجێنو پێیان دەوترێ ( قەڵەم حاجی ) نووسرابوو ، خوێندمەوەو هەڵەیەکی زۆرم تێیدا بەدی کردنو کپبوونو دەنگ نەکردن دەربارەی راست‌نەکردنەوەیان راست نی‌یەو لەبەر ئەوەش ، کە بۆ ماوەیەك لەمەندەلیدا ژیاوم ، شارەزای رێرەوی سەر بەو مەزهەبە بوومو ویستم بۆ گۆڤارەکەتانو دەربارەی ئەو مەزهەبەوەو بۆ ئەو مەزهەبەو هەلگرەکانی ، ئەم وتارە بنووسمو بە ئومێدی ئەوەی کەلەباغچەی سەوزومەرخوسداریدا جێگای ناشتنی هەبێ •

**ب ـ قەڵەمحاجی ، تایفەیەکی ئیسلامن**

خۆشەویستی‌یان بۆ عەلی ئەبی‌طالب زۆر بێ پایانو فراوان بوو ، بە رادەیێ،تاگەیشتەی پلەی (الغلاة)و هەرچی موعجیزەش هەیە خرایە پالیو لە پایەی خوای مەزنوگەورە ، بەرزتر گیرا • بڕواش وابوو کە رۆحی خوای گەورە چووەتە باپیریەوەو ئەم رێگایەیان بە باشتر زانیو بەم جۆرە بەتەواوی لەبیرو باوەڕی ئیسلامەتی لایانداو بوونە کافری شەریك بەیداکەری خوا •

### ج ـ قەڵەمحاجیەکان بەشێکن لەو

عەلی ئیلاهی یانەی کـە لـە ئێران و عیراقدا ناسراون ، ئەمانە ، لـە دێ ـ یەکیش دەژین ، کـــە بـــە هەشت کیلومەترێ ، کەوتووەتە لای خوارووی مەندەلی ـ یەوەو پێی دەوترێ (دووشێخ) ، کە لە بنەڕەتدا ، وشەکە فارسی یەو وەك چـــۆن وا پێی وتراوە • هەندێ ماڵیشیان لـــە گەڕەکێ ، لەگەڕەکەکانی مەندەلیدا هـەن و پێیان دەوترێ ، (قەڵەمحاجی) کـە لە قەڵای (میرحاج)ەوە هاتوون و هێشتا خەڵکی مەندەلی ـ یش هـەر بەو ناوەوە ناویان دەبەن •

### د ـ ژمارەی خانووەکانی ، ئەم تایفەیە

لە هەردوو جێگاکەدا ، (١١٢) خانووە ، ژمارەیان بەبێ زیادوکـەم (١٨٥٣) کەسن • ئەمانە لەمەوپێش‌تر ، لەم ژمارەیە زۆرتر بوون ، بەڵام بەرەبەرە ، بەرەوکەمی دەڕۆن ، بـــە تایبەتی پاش ئەوەی مناڵەکانیان بۆ قوتابخانە میریەکان دەنێرن و رۆشنبیری یی چەرخی بیستەم فێردەبن و ئەو رۆشنبیری یەی کە خەریـکە هەرچی مەزهەبی لاوازو دینی بێ بنەڕەتو نابەو هەن ، لەناویان بەرێ •

### هـ ـ قەڵەم حاجی یەکان ، نەسرانی نین

بە پێچەوانەی ئەوەوە کـە وتبوویان ، هیچ شتێکیان لـە نەسرانی و یەزیدی یەوە وەر نەگرتووە • بە رێزەوە قورئانی پیرۆز ، وەك کتێبی پیرۆز دەخوێننەوەو بڕوایان بـە رۆژی دوایی هـەیەو مناڵیان خـەتەنە دەکـەن و نوێژ هەرگیز ناکەن و مزگەوتیان نی یەو دەڵێن ، عـەلی کوڕی ئەبی‌طالیب لـە بری‌یان نوێژ دەکات و لـەبەر ئەوە بـەو نوێژەی ئـەو کومسایی (اکتفاء) دەکەن •

**و ـ رۆژو ، بە لای ئەوانەوە ، سێ رۆژە**

لەکانوونی یەکەمدایەو ئەوان کوردنو دەڵێن ، حوکمی رۆژوگرتن بە زمانی فارسی هاتو وتیان ( سێ‌رۆژە ) نەك ( سی‌رۆژ )و ئەم ئاوازە ، لـە لایەن هەندێ خاوەن مەزهەبی ناعەرەبەوە دەبیسترێ •

**ز ـ شەیتان ناپەرستنو رازیی ناکەن،**

ئازاریان بە نەعلەت لێ‌کردنی (شـەیتان) بێ ئاگـــا • بەڵـــکو بەپێچەوانەوە ئەگەر ئایەتی قورئانیان خوێندەوە (بەسمەلە۔بسملە)ـی بۆ دەکەن بەسمەلەش ، هەر وەك ئاشکرایە ، نەعلەتی شەیتانی تێدایە •

**ح ـ رۆژی تایبەتی‌یان ، بۆ خراپەکردنو زینا کردن نی‌یە**

ئەمە هەروەك دیتان ، بوختانیان ، لەلایەن دوژمنانیانەوە بۆ کراوە ، بۆ ئەوەی سووکیان بکەنو خوێنیان بە حەڵاڵ لە قەڵەم بدەن •

**ط ـ پیسو پۆخڵیو لەش‌پیسی زۆر باش دەزانن**

بـە پێی ئـەوەی کـــە مێزوو گوو خوێنو گۆشتی مـردارۆبوو گۆشتی بەراز بە پاك نازانن‌و وەك موسوڵمانانی هەموو لایێ ، جـــگە لە قورئانی عەرەبی ، جی‌تر بە پیرۆز نازانن •

**ی ـ زمانیان تورکی‌و فارسی‌و عەرەبی‌و کوردی‌یە وهەروەها**

زمانەکانی ترن کە دانیشتوانی قەزاکە گفتو گۆی پێ دەکەن •

**ك ـ تەکیەو مەزار ، لە گەرەکەکەیان لە (مەندەلی)دا هـــەیانە**

تەکیـەکەیان ، هیچـی پێـوە دیارنیـــە ، واشـی دەردەکـەوێ کە هـەر تەنیـــا بۆ کۆبوونەوە بێ • بـەڵام مەزارەکانیـــان ، ئا لەوێ‌دا ،

گۆڕێکەو ئیمامێکی تیادا نێژراوەو ئەویش «شێخ باباتایرە»ە • ڕێگا لە هیچ موسوڵمانێ ناگیرێ کە بیەوێ بچێ بۆ سەرلێدانی ئەو مەزارە جگە لەوەی کە بیەوێ گاڵتە بە دروشمە دینییەکانیان بکاو ئەو وەختەش کردەوەی وەها لێی دەسەوسان ناوەستن •

**ل ـ تەڵاقدانو ژنهێنانو زیاتر لە هێنانی ژنێ ، لەلایانەوە باوە**

وا دەڵێن ، پیاو بۆی هەیە کە زیاتر لەژنێ بهێنێو تا جواریش (هەروەك ، چۆن لە قورئانی پیرۆزدا ، هەیە) •

لەکاتی ژنهێنانو تەڵاق‌داندا ، جۆرە شاییو نەرێتێ ـ هەروەك ئەوەی موسوڵمانەکان ـ بە هۆی پیاوی دینییەوە ، چی پەیرەوە ، جێبەجێی دەکەن ؛ سەر لەدادگای شەرعیو یاسای ئیسلامی دەدەن ، ئەگەر پێویستییان پێی بوو •

**م ـ ئەوانەی کە زۆر رقیان لە کاکەییەکانی مەندەلاوی بێ**

شیعەکانو هەرچی کردەوەیان هەیە بە خراپو نالەباری لە قەڵەم دەدەنو گوناهباریان بە کوفرکردنو بە شەریك پەیداکەر بۆ خودا ، دەکەن،لەگەڵ ئەوەش‌دا لەکاتی بەشداربوونی شینی (حوسەین)ی کوڕی عەلیدا ، ڕێیان لێ ناگرن •

بەڵام سوننییەکان تێکەڵاویان دەکەنو خواردنیان دەخۆنو هەمووشتێکیان دەدەنێ جگە لە (ژن) ، کە هەرگیز نایان دەنێ •

**ن ـ لەناو قەڵەم حاجییەکاندا ،**

حاڵی حازر کۆمەڵێ خەڵکیان ، لەوانەش ـ بۆ وێنە ـ حسین مسلم ، محمد ،مختار ، بابارضا) ، ناوی ئیسلامیو عارەبییان هەیە • ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە موسوڵمانو پەیوەندییان بە (نەسرانی)و (میلەل)و

(ئەحل)ەوە نی‌یە ، بەلام خۆیان دەڵێن ، جگە لەسۆفیگەریی ئیسلامی جی‌تر نین •

**س ـ عالموزانای زۆریان هەبوون ، بەلام هەموویان مردن**

حاڵی‌حازر ، هەر تەنیا ( محمود هیجری )یان هەیە کە لە کەرکووکدا نیشتەجێ‌یە ، ئەمیش (محمودهیجری) هەموو سێ ساڵێ جارێ دێ بۆ لایان‌و بۆ ماوەی چل رۆژێ لە ناویاندا دەمێنێتەوەو چارەسەری کێشەو تەنگ‌و چەڵەمەی دینی‌یان بۆ دەکاو پێویستی‌یان جی‌بێ ، بۆیان جێ‌بەجێ‌دەکا ، ئەوجا بە کۆڵی دیاریی‌و ماڵەوە ، بۆ ماڵی خۆیان ، بۆ کەرکووک دەگەڕێتەوە •

ع ـ (محمودهیجری) عالمێکی بە ناوبانگی ئەم تایفەیەیە ، لەیەکێ لە دێهاتەکانی کەرکووکدا ، دادەنیشێ‌و ناوی ئەم تایفەیەش کاکەیی‌یەو کە وەچەیەکە لەعەلی ئیلاهی‌یەکان‌و قەڵەم حاجی‌یەکانیش ، کە لە مەندەلی‌دا نیشتەجێن ، هەر وەچەیەکی ئەم تایفەیەن ، کە پرژو بلاوی هەرچوار لای عیراقە • بە پێویستی دەزانم لەهەڵێکدا دەربارەیانەوە بە درێژی بنووسم •

**ف ـ قەڵەم حاجی‌یەکان ، لە مەندەلی ـ بەندەنیجین ـ دا**

کۆن‌و زۆر ئاگا داری ئەوەن کە بە تەنگ شاردنەوەی بیروباوەڕی دینی‌ی خۆیانەوە بن‌و هەر لەبەر ئەوەشە ، کە لە لایەن دراوسێکانی خۆیانەوە ئازار نەدرێن ، هیچ جۆرە شتێکیش ، دەربارەی زەبوورو تەوراتەوە نازانن • بەرسمێڵ ناکەن‌و هەموو وەختێ ریشیان دەتاشن‌و ناوی رۆژەکانیش ، هەر ئەوانەن ، کە لەمەندەلی‌دا ناویان دەبەن • ژیانی ئابووری‌یان مام ناوەندی‌یە ، باخەکانیان بەهۆی بڕاندنی ئاو

لە مەندەلی‌یەوە وشك‌بوون • بە کشت‌وکاڵەوە خەریکن‌و تاجری دانەوێڵەیان هەیەو پەیوەندی‌یان لەگەڵ خەڵکی مەندەلی‌دا زۆر باشە ، بە رادەیێ ئەگەر غەریبێ چووە ئەوێ ، ناتوانێ لە خەڵکی مەندەلی جوێیان بکاتەوە •

خوێندەواریان نزیکەی سەدی دەیەو بەرەبەرە دەستیان بە ناردنی مناڵانیان بۆ قوتابخانە کردوەو ، ئەمەش لەوانەیە وایان لێ بکا کە بگەڕێنەوە سەر هۆش‌و رێڕەوی راستی •

**پارێزەر (عباس العزاوی)(٥)**

لە وشەیەکی گشتی‌دا ، کە خەستەی پشکێنەکەی تیادا کۆ کردووەتەوە ، دەڵێ :

ئەگەرچی ئەم پوورەیە ، ناوبانگیان هەیە ، بەڵام وێنەی پەیڕەوی دینی‌یان هەر نەزانراوە ، بەڵکو تەنانەت دوژمنی ئاشکرا کردنیی • ئەگەر پشکێنەر بە لای کەرکوك‌دا تێپەڕێ ، رێك ناکەوێ ، کە نەزانێ هۆزی کاکەیی لەوێ هەن‌و کە وەختێکیش هەواڵیان دەپرسێ ، هەر شتی خراپ‌و ناشیرین دەربارەیانەوە دەبیسێ •

خۆیان وا دەردەخەن ، کە ئیسلامن‌و لە جێگایانی پرژوبڵاودا لە عیراق‌داو لە ناودراوسێکانی‌دا بڵاوبوونەتەوە • هیچ رووالەتێکی دەر کەوتوو دەربارەیانەوە ، کە بتوانرێ بوترێ نی‌یە • ئەوەی پەیوەندیی بەوانەوە هەیەو دەربارەیانەوە شتمان فێر بکا وێژەی (کاکەیی) کوردی‌یە ، کە لە (کاکا)وە وەرگیراوەو واتای (الاخ)ی عارەبی دەداو نیسبەتەکەش (کاکەیی)و پوورەکەش کاکەیی‌یەکانیان پێ دەوترێ •

ئەوجا ، دەڵێ :

وا ، باوە ، کە هۆی هەڵگرتنی ناوی کاکەیی دەگەڕێتەوە ، بۆ یەکێ لەسەرکردە بنیاتنەرەکانیان ، لە سەیدەکانی بەرزنجە ، واتە ، لەکاتی سەرگرتنی تەکیەیەکدا ، یەکێ لە رایەڵەکان کورت دەبێو ناگاتە ئەمسەرو ئەوسەری دوو دیوارە بەرامبەرەکە لەبەر ئەوە ، دەڵێ : (کاکە، رای بکێشە) ، بە هەردووکیانەوە رایەڵە ، ڕادەکێشنو وا درێژی دەکەن کە ئەمسەروئەوسەری دیوارەکان بگرێ • لەو وەختەوە ، بەم بوورەیە ، دەوترێ کاکەیی •

بەمەش ، مەبەست لە کوێر کردنەوەو شوێن بێ ون کردنە ، ئەگینا ، وەك بەرچاومان کەوتووەو خوێندومانەتەوەو لێیەوە فێر بووین ، مەبەست لەم تایتڵەی ئەم بوورەیە ، (الاخیە)یەو ئەو رێگایەیە کە لە وڵاتمان‌داو لەئێرانو تورکیاش‌دا بڵاو بووەتەوە • ئەمەش دەبرێتەوە سەر (اخ) ، واتە (برا)و کۆمەڵی ئەم بوورەیەش کۆمەڵی (براگەڵ)نو گوایا لە سەر رێڕەوی ئەو ئایەتە دەڕۆن کەدەڵێ : (انما المؤمنون اخوة •••)و بە پێی ئەم رێبازە ، لە هەموو رووبەکەوە دەچێتەوە سەر بنەڕەتی (الفتوە)•

لە عیراقدا ، لەم چەرخە دواییانەدا ، رێبازی ( الفتوە ) بڵاو بوویەوەو هەر بە واتاکوردی‌یەکەیەوە ، کە (کاکەیی)یە ناوبانگی دەرکرد • لەوەوپێش هەر بە واتا عارەبیەکەیەوە ناسرابوو ، ئەوەتا لە کەرکووکدا ، تا ئێستەش ، گەڕەکێ هەیە ، هەر بە ناوی (اخی‌حسین)ەوەیە •••

لە چەرخی حەوتەمی کۆچی‌دا ، واتە لە زەمانی مەغولیەکان‌دا ئەم کۆمەڵە بە کۆمەڵی ( الاخیە ) ناسرابوون و لەتێکستی مێژووی ئەو سەردەمەدا ناوی وەك (مبارز الدین کك)و (حسام الدین کك) بەرچاو دەکەون ••

پاشان دێتە سەر ئەوەی ، کە دەڵێ ، لەبەر ئەوەی نەمانتوانی تێکستی دینی کاکەیی یەکان ، یاخود شتێ لەو وێنەوە دەستمان بکەوێ ، نەمانتوانی بە تەواوی شتی راستو رەوان دەربارەیانەوە بڵێینو مەگەر خۆیان بەیرەوی کەری دینی یەکەیان بتوانن بۆ خەڵکی شتی لێڵ روون بکەنەوە •

**ئەمین زەکی بەگ (٦)**

بەرێز ئەمین زەکی بەگ ، دەربارەی بیروباوەڕی عەلی ئیلاهی یەوە دەنووسێو دەڵێ :ـ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان (رۆژئاوای هێرات) پێش پەیدابوونی دینی ئیسلامو بڵاو بوونەوەی ، خاوەنی بیروباوەڕی دینی سەیر بوون • ئەم بیروباوەڕە دینی یە بە جۆرێ تیایانا جێگیر بووبوو ، تەنانەت پاش بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام ، بۆ ماوەیەکی زۆریش ، لەناویان داو بێ ئەوەی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێ ، هەر مابوویەوە •

ئەو خەڵکەی ئەوێ ، بڕوایان بە تەناسوخی ئەرواح بووو ئاگریشیان دەپەرست • کە وەختێ دەچنە ئیسلامەوە ، بیروباوەڕی عەلی ئیلاهی بەلایانەوە زۆر ئاسان دەبێ • چونکە هەڵگرتنی ئەم بیرو باوەڕە دینی یە بۆ ئەوان ، واتای زیندوکردنەوەی دینەکەی خۆیانە •

هەڵگری ئەم بیروباوەڕە دینی یە ، لایان وایە ، کە جیبرائیل بە وێنەی ـ دحیةالکلبی ـ دەرکەوتووە ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە (رۆحانی یەت) لە بەرگی (جیسمانی یەت)دا دەردەکەوێ • کەوابوو رەوایە (خوا) لەتەن ـ جیسم ـ دا ، خۆی پیشان بداو بەو جۆرە خواش رۆحی خۆی بردۆتە جیسمی عەلی ـ یەوە ، بۆ پیشاندانی سەرلەبەری لە مرۆڤایەتی •

**لەپاشا دەڵێ :ـ**

خـاوەنی ئـەم پوورەیە ، بڕوایان وایە ، کـە (عەلی) بۆ ئاسمان بەرز بووەتەوەو لەگـەڵ ڕۆژدا تێکەڵ بووەو بوون بە یەك •

وەختێ کـە بیروباوەڕی دینی وەهـا لەناویانا جێگیر دەبێ ، ڕۆژ پەرستی بە ئاسانی سەردەگرێو بێگومان هیچ جۆرە کۆسپێکیش لــە ڕێی زیندووکردنەوەیدا ـ سەرلەنوێ ـ پاش گۆڕینی ناوەکـەی ، نایەتە ڕێ •

**ئەوجا دێتە سەرئەوەی کە دەڵێ :ـ**

بەپێی بیرو باوەڕی عەلی‌ئیلاهی‌یەکان ، خوا وەك ڕۆح دەچێتە ناو تەن = بەدەن = جیسم = لەش‌ـی مرۆڤی وەك (بنیامین ، موسا ، ئەلیاس ، داود ، عیسا ، عەلیو خەلیفەکانی کە : سەلمان‌فارسی ، ئیمام حوسەین ) و (هەفت‌تەن)ەوەو ئەم شەخسانە ڕۆحی خوایی‌یان تیادا جێگیر بووە •

ئەوجا ، لە پەراوێزدا دەڵێ :ـ

(خـــاوەنی کتێبی ـ دبستان المذاهب ـ )دەڵێ : بیـــرو باوەڕی عەلی‌ئیلاهی بریتی‌یە لەوەی عەلی‌ـخوا ، ڕۆحی لە لاشەیەوە دەرچووەو بەرز بووەتەوە بۆ لای ڕۆژو لەگـەڵیا تێـــکەڵ بووەو ئێستەش ڕۆژە • هەروەها پێش ئەویش ، ڕۆژ ، یەکێـکی تربوو ، (واتــە ، بەو جۆرە ، چـەند ان کـەس ، ڕۆحیان لە تەنیان ، جـوێ بووەتەوەو چـووەتە نێو ڕۆژەوەو ڕۆژ بووە بەو کەسەو بەو جۆرە) •

بۆیە دەڵێن ، کـە ڕۆژ جەوجوول ناکــا تاوەکو فەرمـان لــە عەلی‌ـیەوە دەرنەچێ ، چونـــکە ئەو چـــاوی ڕۆژە ، بە ڕۆژ دەڵێن (عەلیەاڵا)و بە فەلەکی‌چوارەم دەڵێن (دلدل) ناوی ئەو ولاخـــەی کـە

عەلی‌سواری دەبێ • خـــاوەنی ئەم بوورەیە ، ڕۆژ دەپەرستن‌و دەڵێن ، ڕۆژ (خوا) ، خۆیەتی •

**محەممەد جەمیل ڕۆژ بەیانی (٧)**

بەرێز ، ڕۆژبەیانی ، دەربارەی (قەڵەم‌حاج)و کاکەیی‌یەکانی ئەوێ ، نووسیویەتی‌و دەڵێ :ـ

قەڵەم‌حاجی ، ناوێـکە کە وەسفی دانیشتوانی خەڵـکی مـــەندەلی دەکـا ، ئـەو خەڵـکەی کە لە گەڕەکی (قەڵەم‌حاج) نیشتەجێن • واتـە کاکەیی‌یەکان ؛ جـگە لەم ناوونیشانە رازی نین کـە هیچ جۆرە ناوێکی‌تر بۆ خۆیان دابنێن‌و بڕوایان وایە ، کە بنیاتنەری گەرەکی (قەڵای‌میرحاج)و (قـــەڵای‌بالی) برابوون‌و برای گـــەورەیان ، قـــەڵای خۆی بە ناوی (قەڵای‌بالا)وە ناو ناوەو ، بەرەبەرە بە هۆی‌ئاسان‌ـکردنەوە ، ناوەکە بووە بە (قەڵابالی) • برا بچووکەکەش ، بە ناوی (قەڵای‌میرحاج)ەوە ، ناوی ناوە ، چونکە خۆی حاجی بووە • بەڵام (دووشێخ) وشەیەکی کوردی‌یەو واتای (شێخان)ی عـارەبی دەداو لەوێدا دوو پیری کاکـەیی نێژراون‌و ئەمەش بە ناوی ئەوانەوەیە • (دوو رو)ش واتای (دووجۆگـە) یا ( دوو چـەم )دەدا ، کـە ئا لەوێدا تێکەڵ بە یەکتری دەبنەوە •

کاکـەیی بوورەیەکی ناسراون‌و بـە کوردستانی عیراق‌و ئێران‌و ئازەربایجان‌و وڵاتی شاخاوی (عیراقی‌عەجەم)دا بڵاو بوونەتەوە •

**ئەوجا دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێ :ـ**

کاکەیی‌یەکان ، لە رووی بیرو باوەڕی دینی‌یەوە ، چوارچینن :ـ

**ا ـ سەیدەکان :**

سەیدەکان ، خۆیان دەبەنەوە سەر ئەمیرەلمومنین (عەلی کوڕی ئەبی طالیب) هەروەك سەیدەکانی تری کوردستانیش وادەکەن •

لەپاشا دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێ : سەیدەکان لەرووی عەشرەتگەریەوە سەرۆکی خەڵکی بوورەکەن ، چە لە کەرکووك چە لە ، خانەقین ، کرند ، یا هەرجێگایەکی تر • هەروەها بە رۆحیش ، هەر سەرۆکایەتی‌یان دەکەن‌و هەمیشە گوێ رایەڵنی‌و ئەگەرچیش ، لەرێرەو لابدا (یا لابدەن) ، مافی رێ‌پیشاندان‌و ئامۆژگاری کردن‌و ژن‌مارەبڕینان هەیە ئەگەر خاوەنی زانیاری بن • شایەنی باسە ، گوێ‌رایەڵی کردنی سەیدی کاکەیی ، لە ئیسلامەوە هاتووە ••

**ب ـ باوە (بابا) :**

ئەو کەسەیە ، کە ئاگاداری کاروباری مەزهەبەکەو کاروباری مێژوویی‌یانەی دەکا ، هەر ئەویشە ڕێگاپیشاندەرو ئامۆژگاری کەریان‌و سەرباکی پەیرەوی دینی‌یان ، بە پلە ، لە پاش (سەید)ەوە دێ ، بەڵام لەزانیاری‌و رەوشتی دینی‌دا پێشی کەوتووە •

کاروباری مەزهەبی نێوان کاکەیی‌یەکانی ناوچەی داقوق ، کە دێهاتەکانی (عەلی‌سەرا)ی و (زەنقەر)و (تۆپزاوە)و (مەتیق) دەگرێتەوە ، (باوەعەبباس) دەیبا بەرێوە جگە لەمانەی ئەم دێهاتانە ، لە جێگایانی تریشەوە دەهاتنە لای‌و دەربارەی ژن‌هێنان‌و نەزرکردنەوە ، پرسیان پێ دەکرد • کتێبی (سەرەنجام)و کتێبی تری کاکەیی لەبەر بوو ، کە بە وێنەی نامەی هۆنراوە ، لە لایەن شاعیرەکاکەیی‌یەکانەوە هۆنراوەتەوە ، بۆ ئەوەی لەبەر کردنیان لەلایەن نەخوێندەوارانی کاکەیی‌یەوە ئاسان بێ •

سەرۆکەکانی کاکەیی ، لە (قەڵەمحاج)دا (باوەصالح کوڕی باوەرضا) بوو ، کەبە خزمایەتی بە (باوەگڵایی) دەگەیشتەوە ، کە لە دێی (دووشێخ)دا ، نێژراوەو یەکێ بووە لە شێخەکانی کاکەیی ئێران، بەسەردان بۆ ئەوێ هاتوەو لەوێ مردوەو لەوێش نێژراوە •

(سەید ئەحمەدی سەید مەطروود) ، پەیوەندی روحی بە (باوەعەبباس)ەوە هەبوو کە سەرۆکی مەشیخەکاکەیی یەکانی داقووق بوو لەوێ نیشتەجێ بوو •

لە (دووشێخ)دا سەرۆکی دینی کاکەیی ، واتە ، هی مەشیخەکە (سەید ئەنعامی سەید عەبباسی گەورە)و (سەید وەلی سەید مەهدی)و (باوە نەجمەدین)بوون • ئەو دوانەی پێشەوەیان ، پەیوەندی رۆحیان بە (باوەعەبباس)ەوە هەبوو [illegible]ـەمیان بە باوە (گڵایی)یەوە هەبوو • (لامەوایە باوگڵاوی بێ - نووسەر) •

ئەوەمان لەبیر نەچێ [illegible] ، لە هەموولایەکدا ، بە خۆیان دەڵێن : (ئەهلی هەقق)و بڕوایان وایە ، کە (باباطایری عوریان-ی هەمەدانی)و (حافیظی شیرازی)و (مەنصووری حەللاج)و (بەهلوولی دانا - شێت)و هەندێ تریش لە گەورەکانی (ئەهلی هەقق) بوون • تا لێرەدا ، وا دەردەکەوێ ، کە مەزهەبی کاکەیی لە چەرخی یانزەهەمی کۆچی دا دروست نەبووەو گێڕانەوەی بۆ (سوڵتان سەهاك کوڕی شێخعیسای بەرزنجی ) لە بیروباوەڕی تەناسوخەوە هاتوە •

## ح - مام :

بە چاودێری (باوە = (بابا) ، مام جەنازە دەشواو نەزر دابەش دەکاو کەڵەشێر سەردەبڕێ ، بەتایبەتی لەشەوی جێژندا ، کە شەوی چوارەمی کانوونی یەکەمە •

## د ـ دەروێش :

دەروێش ، ئەوەیە کـە خۆی بۆ خزمەتکردنی ماڵی سەید ، یاخود ماڵی (بابا = باوە) تەرخان کردووە • زوربەی وەخت دەروێش کردەوەی سووپەرانە دەکا ، کە وەك بۆ وێنـە ، مارگرتن و خەنجەر لـە خۆدان و شیر و زرگ بە خۆدا کردن و لەوجۆرانە ، ئەمـە پاش ئەوەی ، کـە تار لێ دەدرێ و شیعری سەرئەنجام دەخوێنرێتەوەو دیمەن و وێنـەی دەم و چاوو مەزاجی ئەو دەروێشە دەگۆڕدرێ و بەرەو گەرمبوون و تاو لەرز لێ هاتن ، ئاگرو مارو دووپشك ، هـەروەك کردەوەی دەروێشەکـانی قادری و ریفاعی ، دەخوا • ئەم کەسـانە ، لە تەریتی کاکەیی دا ، پێیـان دەوترێ : (سەرسپەردەگان) واتە (المذعنون) •

## دەربارەی باوەڕی کاکەیی یەوە ، دەڵێ :ـ

کاکەیی ، لە ناوچەی (داقوق)و (مەندەلی)و (خانەقین)و (کرند)و (هەمەدان)و (ئازەربایجان)و (قەزوین)و (دەماوەند)و یاخـود هـەر جێگایەکی تر ، سـەر بـە دینێـکی کوردی کۆنن ( دیوپەرستی = Diva Parasti ) ئەمانە لەم دینەدا هاوبەشی یەزیدی یەکان و گـەلانی هیندۆئەوروپایی تر دەکەن •

وشەی (دێو) بەرەو وشەی (دێوا) گۆڕدراوەو ئەوجـا بووە بـە (دیبوس)و لـە لای کاکەیی یەکان بوو بە (داو)و لای یەزیدیەکان بـە (طاوس) • لەگـەڵ زەردەشتیەکاندا ، لە هەندێ شتدا بەشدارن ، کـە وەکوو مردوو ناشتن و بەپیرۆز زانینی حـەوت فریشتـە ( یەزەت = Yazats ) ئـەم حـەوت فریشتەیە لـە حەوت کوڕەی سوڵتان سەهاكدا رۆحیان نیشتەجێ بووە ، کـە ئەوانیش ئـەم دوو کۆمەڵەن کە ناویان لەم دوو شیعرەدا هەن و لەسەر هەموو کاکەیێ ئەرکە ، کـە لەبەریان بـکاو

ناوی یەکەیەکەیان بزانێ •

**بابامیرو مستەفا**

**سەیدمحەممەد ئەبولوەفا**

**شێخ شەهابەددین‌و حەبیب‌شاه**

**حاجی‌بابوسی عەلەمدارشاه**

لەپاشا ، نووسەر دەڵێ :

مـــن وا دەچێتـــــە بیرمەوە ، کە ئەم سوڵتان (ئیستیاك)ە ، دووا ، ئیمپراتۆری ماددەکان بێ • بەڵام کاکەیی‌یەکان ، لەبەر ئەوەی کە زوربەیان نەخوێندەوارن‌و لەبـــەر دوورەپەرێزی‌یان‌و بێ ئاگـــایی‌یان‌و ترسیان لەگـــەڵانی دراوسێیان‌و دەوروپشتیان‌و بڕوایان بە تەناسوخ ، لەگـــەڵ هەرچەرخێك‌دا بە رووواڵەتێکەوە دەستیان گرتووە •

کە وەختێ مانەوی‌یەکان هاتن ، خەڵکی (دەینەوەر) بە پەرۆشەوە بەرەو پەیرەو کـــردنی دینی (مانـــەوی)یەوە رۆیشتن ، کـــەوەختێ ئیسلامیش‌هاتن ئـــەوان لەژێرەوە زۆر بـــە توندی دژی بوون ، بەڵام خۆیان هەشار داو خۆیان وا دەرخست کـــە لەگـــەڵ عەلی‌کوڕی ئەبی طالیب‌دان • لەسەردەمی عەبباسی‌یەکان‌دا سەر بە (بابك‌خرم‌دین) بوون‌و یاریدەی (حەسەن‌سەباح)یان داو لـە دوایش‌دا بوون بـــە دڵسۆزترین یاریدەدەری سەفەوی‌یەکان‌و رواڵەتی عەلی‌ئیلاهی خۆیانیان دەخست •

**ئەوجا ، رۆژ بەیانی دەڵێ :ــ**

هـــەروەك وا دیارە ، وەختێ کـــە لەناوشێخەکانی بەرزنجەی کوردستان‌دا ، جێیان کردەوە ، بۆ ئەوەی خۆیانی پێوە بینێجن ، دەستیان بە دوو برای فەرمانڕەوای دەست‌رۆیشتووەوە ، کە (عیسا)و (موسـا)ی

بەرزنجە بوون ، گرت • ئەوانە شێخی تەریقەت بوون ، تەنانەت بــە هۆیانەوە توانیبان کــە ناوی خۆیان بگۆڕن ! لەکاتێکدا (عیسا)و (مووسا) مزگــەوتی بەرزنجەیان نوێ دەکردەوە ، یەکێ لــە رایەڵەگەورەکـان کورتبوو ، (عیسا) بە (موسا)ی وت : (کاکە رای‌بکێشە)و رایان کێشـاو رایەڵەکــە ، لەناو دەستیان‌دا درێژ بووو ئەمســەرو ئەوسەری دیواری گرتو ســەری مزگەوتیان گرت • ئا لێرەدا شوێنکەوتووەکانیان ، ناوی خۆیان ، نا (کاکەیی) ، کــە لە (کاك) ، کە واتای برای گــەورە دەدا وەرگیراوە •

لەپاشا رۆژبەیانی دەڵێ :ـ

دەبێ ئەوە بزانین ، کــە ناوی کاکەیی کۆنەو مەسعوودی خاوەنی (مرووج الذهب) ، هۆزە کوردەکانی شاخەکــان بە ناوی (کاهکاهی) ـ یەوە ، ناویان دەبا •

پاشان دێتە سەرئەوەی کە دەڵێ :

سوڵتان ئیسحاق وەختێ کــە خوا بووەو لەتەنی بەشەردا تەجسید بووە ، چوار فریشتەی هەبووە ئەوانیش :ـ

١ ـ بنیامین ، مەبەستیان (سەلمانی‌فارسی)یە و بە (پیرپادشا) ناوی دەبەن •

٢ ـ داود کۆسوار ، مەبەستیان لــە ئیمــامی عەلی‌رەضایە کە لەمەشهەد نێژراوەو بە (ضامن آهو) ناوی رۆیشتووە •

٣ ـ مستەفا دەودانی ، مەبەستیان ئیمامی عەبباسی کوڕی عەلی‌ـیە •

٤ ـ پیرموسا ، (پیرمووسای دەفتەردار) مەبەستیان ئیمــام مووســای کاظمە •

**ئەوجا رۆژبەیانی ، دێتە سەر پەیڕەوی دینی‌یانو دەڵێ :ـ**

**بەڵام ، پەیڕەوی دینی‌یان ، ئەمانەن :ـ**

**١ ـ رۆژوو :**

رۆژوو ، لایان ، تەنیا سێ رۆژە ، لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی رۆمی‌یەوە دەست پێ دەکا بۆ ماوەی سێ رۆژێ تێوارەی چوارەم جەژن دەکەن •

باووبڕەوی جەژن ئەوەیە ، کە پێش هاتنی رۆژوو هەر یەکە لەماڵی خۆی‌دا ، کەڵەشێر ، بە پێی ژمارەی سەری خێزانەکە ، ئامادە دەکەنو لە پەناواوە دەیانبەستنەوەو (مام)یش کە سەرۆکی رۆحی پلەی‌سێیەمە ، کەڵەشێرەکان لەپەناوادا سەر دەبڕێو هەروەك چۆن هەموو قوربانیەکانی تریش بەو جۆرە سەر دەبڕن ، ئەوجا کەیبانووی خێزانەکان دەیانکوڵێنن کوڵانێکی زۆرباش ، بەجۆرێ گۆشتەکەیان ، لە ئێسقانەکانیان جووێ دەبێتەوە • بۆ ئێوارەی چووارەم ( شەوی رۆژی سێیەم ، لەپەیڕەوی نوێ‌دا) کاکەیی‌یەکان ، بە گەورەو بچووکەوەو ژنوپیاوەوە لەو جێگایەدا ، کە بۆ جەژن ئامادەیان کردووە کۆدەبنەوە ، ئەو جێگایەش ، زۆرتر ، یا ماڵی (باوە)یە یاخود هینی (سەید) یا ماڵی (مام)ەو کە ئەو خەڵکە هەمووی دەگرێ •

لەو تاریکایەدا ، کەیبانووەکان ، کەڵەشێری کوڵاویان هێناوەو سەرۆکی رۆحی (باوە)و لە گەڵی‌دا (مام) گۆشتەکە لە ئێسقان جووێ دەکەنەوەو گۆشتی رووتی تێکەڵاو دەمێنێتەوەو ئەوجا (باوە) بەپێی سەر ژمێری کۆبووان بەش‌بەشی یەکسانیان بەسەردا دەکاو هەرکەسە بەشی خۆی وەردەگرێو بەم بەشە ، بەهەڵە (بارووی شێخ‌صادەق) دەوترێ کە مەبەستیان (باررووی شاهەئیسحاق)ە •

جگە لەخۆیان ، نابێ یەکێکی لایەدەی دینەکە ، بەم کۆبوونەوەیە بزانێ • لەبەر ئەمە ، پاسەوان بە دەوروبەری ئەو جێگەیەدا بۆ ئاگاداری دادەنێن ، نەوەکو یەکێکی بێگانە بڕوا بۆ ئەوێ یاخود نەوەك لایەدەیێ بە دیوارەکانیدا هەڵبەزێ بۆ تەماشا کردنیان •

۲ ـ نوێژ :

لای کاکەیی ، نوێژ نی یە ، ئەوان نیازین نەك نمازیی ، بەشێوەیەکی روونتر ، ئەوان ئەهلی پاڕانەوەن ، نەك هینی نوێژکردن • بۆدۆعا (وێرد)کردنیش ، دەبێ قوربانی بۆ بدەن ، وەك لە قورئاندا دەفەرموێ : (اذا ناجيتم الرسول فقدموا بين يدى نجواكم صدقة) •

ئەگەر یەکێکیان پێویستی‌ی هەبوو ، بە پێویستی‌یەکی یا (ماددی) یا (مەعنەوی) ، دەبێ بۆ ماڵی (سەید) یا (باوە)یا (مام) بڕواو قوربانی لەگەڵ خۆیدا بەرێ • ئەو وەختە ژمارەیێ ، لە ئیماندارە دڵسوزەکان ، کۆ دەبنەوەو وێردو سروود دەخوێننەوەو جگە لەئیماندارە دڵسۆزەکان نابێ کەسی‌تر بچێتە ئەوێ • خۆ جێگای باوەڕلاوازەکانی هەر تێدا نابێتەوە • ئافرەتان بۆیان هەیەو لە پشت پەردەوە بڕۆنە ئەو جێگەیەوە بۆ گوێ گرتن لێیان ، بەڵام نابێ بەشداری وێردو پاڕانەوەو خوێندنەوە بکەنو نابێ خۆیان دەرخەن تا پیاوان بیانبینن •

۳ ـ سمێڵ هێشتنەوە :

رووالەتێکی بە دەرەوەی کاکەیی‌یە • بەرسمێلیان نابێ بکرێ ، ئەمەش لەو بڕوایەوە هاتووە ، کە گوێزان نەتوانێ مووێ لە مووەکانی ئەمیرەلمومنین ببڕێ • من لام وایە ، ئەم جۆرە لێکدانەوەیان لە زەمانی (قزڵباش)ەکاندا بۆیان هاتووە ، کە لەکاتێکدا شاه عەبباسی سەفەوی

خزمەتی سمێڵەکانی خۆی زۆر دەکرد • بەڵام دەربارەی (ریش)ەوە ، زوربەی پیاوە رۆحانیەکانیان ریشیان هەیەو درێژ بووەتەوەو نایتاشن •

٤ ـ ژنهێنان :

دەربارەی ژنهێنانەوە ، رۆژبەیانی دەڵێ :ـ لە خەڵك ژن دەهێنن ئەگەر دەستیان کەوت و ژنیش بەخەڵك دەدەن ، بەڵام نەبیستراوە کە کەس ژنیان بداتێ •

٥ ـ مەی :

هەرچی جۆرە مەی هەیە بۆ کاکەیی حەرامە ، سا مەگەر ئەو کەسە لە لەرێڕەوی کاکەیی لای دابێ ، یاخود پەرژەوەندی کاکەیی وا پێویستبکات و ئەو جۆرە کردەوەیەش سوودیان بێ بگەیەنێ •

٦ ـ پەرستگا :

وتمان کاکەیی یەکان پەرستگایان نی یە جگە لەماڵی (سەید ـ باوەمام) ، ئەم جێگایەش ، جێگای کۆبوونەوەی ئەوانەیە کە ویردی خوا دەکەن و لە خوا دەپاڕێنەوە (نیازی یەکان) •

٧ ـ مامۆستارۆژبەیانی ئەوجا هاتووەتە سەر ئەوەی کە دەڵێ :

ئیباحی یەت ، یا شتی وەها لەناوچەی کاکەیی دا نی یەو خیانەتکردنیش چە ژن بێ یاخود پیاو بە تەواوی حەرامە ، گوناهی گەورەشیان (درۆ)و (غەش)و (خیانەتکردن)و (دزی)و (سوێندی درو) خواردنە •

بەڵام ، دەربارەی مردوو ناشتنەوە ، دەڵێ ، کاکەیی ، بە شێوەیەکی تایبەتی دەنێژرێ و ئەویش بەچاودێری (باوە) هەر ئەویشە تەلقین دادەدا •

بۆ تۆبەکردنیش ، هەرکاکەیێ ، کە شەو دەچێتە ناو جێگاوە ، دەبێ تۆبە لە هەموو گوناهێ بکاوێش نووستنی بلێ (ئەوەڵم‌یار ، ئاخرم یار ، ئیشارەتی پیر پادشاه ، ئەوەڵم‌یار ، ئاخرم‌یار ، داود کۆسوار) •

**ئەدمۆندز : (٨)**

ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا ، چەند لاپەڕەیەکی بۆ کاکەیی‌یەکان تەرخان کردووەو تیایا دەڵێ :ـ

لە خوارووی کوردستانی عیراقەوە ، بە ناوی (کاکەیی)یەوە تایفەیەکی دینی هەن کە لە رۆژئاوای ئێراندا ، بە (عەلی‌ئیلاهی) ناو دەبرێن • گەڕۆکە ئەوروپایی‌یەکان‌و نووسەرەکانیش هەر بەو جۆرە ناویانی هێناون • سەربە تایفەکە ـ خۆیان ـ ناوی (ئەهلی‌هەقق) لە هەموو ناوێ بە باشتر دەزانن •

**ئەوجا دێتە سەرئەوەی کە دەڵێ :**

دەربادەی عەلی ئیلاهی‌یەکانی رۆژئاوای ئێرانەوە **کتێبێ بە ناوی** تێبینی‌جوگرافیایی دەربارەی ئیمپرا تۆریەتی فارس «ەوە ، **لەلایەن (ج• ماکدونالد کینیر)ەوە بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها لەلایەن** «گ• کیبیل»ەوە بە ناوی سەرگوزەشتەیەکی شەخسی دەربارەی سەفەرێ لە هیندستانەوە بۆ ئینگلتەرە ـ بڵاوکراوەتەوە •

کۆن‌ترینی باسێ ، کە بەتێرو تەسەلەیی باسی کاکەیی‌یەکانی تێدا کرابێ ، وا دەردەکەوێ ، هەر ئەوەی (راولنسن)ە ، کە بە ناوونیشانی : هەندێ تێبینی دەربارەی «گەشتێ لە زەهاوەوە بۆخۆزستان»ەوەیە •

(راولنسن) ، بۆ ماوەیەکی زۆر سەرکردەی لیوایەکی سەربازی

ئێران بووەو زوربەی زۆری ئەو لیوایەش (عەلی ئیلاهی) هۆزی گۆران بوون • لەگەڵ زۆر بەتەنگەوە هاتنی و ئەو هەلە باشەیەی کە بۆی هەڵکەوتووە ، نەیتوانیوە بە قووڵی و وردی ئەودیوی ئەو پەردەنهێنی و ناشکرا دینی یەی ئەوان ئاشکرا بکات •

پیاوەتی ، بۆ زانینی رێرەوی دینی راستی راستەوراست ، دەگەڕێتەوە بۆ (کۆنت جۆزیف ئارسەر دی غۆبینۆ) کە لە ساڵی (١٨٥٥) بە فرمانی سکرتێری یەکەمی نوێنەرانی ناپلیۆنی سێیەم بۆ کۆشکی قاجار لەئێران ، نێردرا • ناوبراو شتی سەیرو خۆشی لەو ماوەی سێ ساڵەدا دەربارەیانەوە نووسیوە ، کە بە ناوونیشانی (سێ ساڵێ لەئاسیادا) یەوەیە •

دەربارەی ئەم تایفە دینی یەوە ، لە لایەن گەرۆکە ئەوروپایی یەکانەوە وتراوەو نووسراوە ـ ئەوانەی کە دواتری ئەوانەی کە باسمان کردن هاتوون ، بەڵام باسێ بگونجێ و زۆر فراوان بێ ئەوەی مینۆرسکی یە کە لەوتاری (تێبینی دەربارەی تایفەی ئەهلی هەقق) دا بلاو کراوەتەوە ، هەروەها دوو وتارەکەی تریشی کە لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی دا بە ناوونیشانی (ئەهلی هەقق ، سولتان سەهاك) ەوە بلاوی کردوونەتەوە •

ئەوجا دەڵێ :

مینۆرسکی ئەو زانیاریانەی خۆی لەئێران کۆ کردوەتەوە ، هەروەها ئەو زانیاریانەش کە لە ئەوروپادا دەربارەیانەوە بلاو بوونەتەوە • بەڵام بۆ ئەم باسانەی ئێرە ، کە لێرەدا دەیخەمە بەرچاو ، من ، بەنام بردووتە سەر ئەو زانیاریانەی کە پیاوە دینی یە گەورەکانیان پێیان داوم و زوربەشیان لەعیراقدان ، جگە لە یەك دوانیان کە وان لە ئێران لەو دێهاتانەی سەرسنوور ، جگە لەمەی کە

ئاشکرام کرد لە سەرچاوەیەکی تریشەوە وەرم گرتووەو ئەنجامەکەشی لـە زۆر رووەوە ئەوەی مینۆرسکی بەهێز دەکاو لاشم وایە زۆر لایەنی نەزانراوی نهێنی ئاشـکراو رۆشن دەکاتەوەو لــە هـەندێ خاڵیش‌دا گەیشتوومەتە راستیی کـــە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کـــە ئـەو گەیشتوویەتێ •

پاشان دەڵێ :ـ

**سەرچاوەکـــانم ، بریتی‌یە لە : (١) نامیلکەیەکی بچووك یاخـــود تێبینی‌نامەیەك کـــە یەکێکی کاکەیی رۆشنبیری زیرەك ، کە لەوەوپێش فرمانبەری مەدەنی عوسمانیەکان بووەو بە زمانی تورکی بۆی نووسیومو پێی دوام ، (٢) هـــەندێ هۆنراوە بە زاری گۆرانی (٣) ئـەو تێبینی‌یانە کە بەهۆی گفت‌وگۆو سەرگوزەشتەگێڕانەوەوە لەگەل چـــەند کەسێکی کاکی‌یی‌دا دەستگیرم بوون •**

ئەوجا دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێ :ـ

ئێستەش وای بەباش دەزانم کـە رازی چۆنیەتی پەیـــدابوونی ئەم تایفەیەو پێ‌گەیشتنی ، بەپێی واتەی ئەو نامیلکەیە ، بڵاو بکەمەوە •

بنەڕەت‌دانەر (مۆسس)ی ئەم مەزهەبە نهێنی‌یە (مەزهەبی باطنی) (سەیدئیسحاق)ە ، کـە کوڕی (شێخ‌عیسی)ی بەرزنجی گۆرانی‌یە • ئەم (شێخ‌عیسی)یە ، لە شەجەرەی بنەچەدا پێ‌ی دەوترێ (قوطبی گەورە)•

(شێخ‌عیسی) ، هـەمەدان بەجێ دەهێڵێ‌و دێ بۆ لای رۆژهـەلاتی سلێمانی ئێستاو داوێنی هەورامان لەوێ ، دێ‌ی بەرزنجە دروست دەکـاو نیشتەجێ دەبێ‌و براکـەشی (شێخ موسی کە لەدوای خۆی منـاڵی بەجێ نەهێشت) دێ لەگەڵی •

ئەم (شێخ عیسی)یە کوڕی باباعەلی هەمەدانی‌یەو یەکەم ژنی لــە هۆزی (گڕاو) ـ کە لە دێی ، کەزاوـی نزیك لە بەرزنجەـیە • لەم ژنە سێ کوڕی هەبووە ، ئەوانیش (شیخ‌ـعبدالستارو شێخ‌عبدالـکریم‌و سەید عبدالقادر)ن •

کــە شێخ عیسی دەچێتە ساڵەوە ، ڕۆژێ سێ دەروێش کــە لــە ئەولیا بوون دێنــە لای ، پێی دەڵێن کــە ژن بهێنێ ، پاش چەند جارێ پێ وتنەوەو ئینکاری کردنیان ، دێتە ســەر ئەو ڕایەی کــە ژن بهێنــێ‌و حەزیشیان وەهایە کــە کچی میرمحەمەد سەرۆکی جافەکان کــە ناوی (دایراك) دەبــێ‌و ناوبانـگی بــە خواپەرستی‌و خوورەوشت‌پاکیـەوە دەرکردەبێ ، بهێنێ •

کە دەروێشەکان دەچنە لای میرمحەمەد بۆ خوازبێنی (دایراك) بۆ شێخ‌عیسی ، میرمحەمەد فەرمان بە لەت‌وپەت‌کردنی دەروێشەکان دەدا • بەڵام دەروێشەکان پاش لەوت‌پەت کردنیان دیسان زیندوو دەبنــەوەو دەچنــەوە لای میرمحــەمەد بۆ خوازبێنــی ، ئەمــە چەند جــارێ پات دەبێتەوەو تاوەکو دەگاتە ئەوەی ، کــە بڕوای بەم دەروێشانە ، کە خاوەن کەراماتن ، دەبێ • لەبەرئەوە ، میرمحەمەد ، پاش پرس‌کردنی خـزم‌و کـەس‌و کـارو زانایانی خۆیان ، بەڵێنی ئەوە دەدا ، کـە دایراك بدا بە شێخ‌عیسی بە مەرجێ ڕێـگا ؛ لـە تەکیەکەیانەوە تاوەکو بەردەگای ماڵی میرمحەمەد پڕ فەرش بـکرێ‌و مــارەی بووك هەزار بارەهێستر زێڕو دەهەزار سەرحوشتربێ‌و هەر هەمان دەستوور ئەوەندەی تریش هێسترو ماین‌و سەرمــەڕ بن‌و دەبێ لەماوەی ، سێ ڕۆژیش‌دا ، ئــەم پەڵــەی ، جێ‌بەجێ بـکرێ •

سێ دەروێشەکان ، ئیوارە ڕۆیشتن‌و ڕۆژ بووەوە کە میر تەماشای

کرد ، هەموو شتێ بە زیادەوە ئامادەیە • شێخ‌عیسی (دایراك)ی هێناو پاش ساڵێ ، یاخود لە ساڵی ٦٧١ کۆچی ، کە ڕێککەوتی (١٢٧٢ ـ ١٢٧٣)ی زاینی دەکا ، دایراك خاتون ، سەید ئیسحاقی ، بوو •

پاش بەسەرچوونی چەند ساڵێ ، سەید ئیسحاق بووە بە لاو ، تەکیە کۆنەکەی شێخ عیسي پێویستی بە دەستکاری هەبوو ، کە وەختێ هاتنە سەر دارەڕا ، تەماشایان کرد کە (باهوو = رایەڵ)ە گەورەکە کورتەو ناگاتەوە بە دیوارەکاندا •

وەختێ ، کە ئیسحاق باوکی دیی ، بەهۆی کورتی رایەڵەکەوە خەمبارە ، چووە سەر دیوارەکەو سەرێکی دارەکەی گرت‌و بە باوکی یاخود بە براگەورەکەی وت : (رای‌بکێشە) ، رایان کێشاو دارەکەیان گەیاندە ئەمسەرو ئەوسەری دیوارەکە (واش لەقەڵەم دەدرێ ، کە ئەو دارە ، تا ئێستەش ، لەو تەکیەدا ، هەر ماوەتەوە) •

ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیسحاق لەلایەن باوکیەوەو ئەو خەڵکەی کە ئەوەیان بەچاوی خۆیان دیی ، زۆر ڕێزی لێ بگیرێ‌و لە لایەکی تریشەوە بووبە جێگا رقی براگەورەکەی بڵاوکردنەوەی رازێ لەناو خەڵك‌دا کە باوکەکەی لەگەل کەوتووەو ئیسحاق‌یش لە نبووەتی دەرویشەکانەوەیە •

لەم داخانەدا ، ئیسحاق بەرزنجەی بەجێ هێشت‌و چووە هەورامان‌و لەوێ (نیازخانە)ی دروست‌کرد ، کە ئەمیش ، وەك تەکیە وایە • ئەو مەزهەبەی کە ئەو دروستی کرد ، لەم جێگایەدا دەستی پێ کرد کەرێکەوتی ساڵی (٧١٦)ی کۆچی کە دەوروبەری ساڵانی (١٣١٦ ـ ١٣١٧)ی زاین دەکا •

ئەوجا ئەدمۆندز دەڵێ ! ئەو (سەیدئیسحاق)ە ، کە لەمەولا بە (سوڵتانئیسحاق) ناوی دەبەین ، لە (پەردیوەر)دا ، لە لای راستی (سیروان)ەوە ، لە نزیك دێیەکدا کە ئیستا پێی دەوترێ (شێخان) لە هەورامانی لهۆن ، نزیکەی دوومیلێ لە سەرووی رووبارەکەوە لەجێگایەکدا ، کە سنووری دەوڵەتان بەلای رووبارەکەدا لار دەبێتەوە نیشتەجێ بوو •

لە پەردیوەردا ، لە دەوروپشتی سوڵتان ئیسحاقدا ، سێ بازنە کۆ بووبووەوە ، کە هەر بازنەی بریتی بوو لە حەوت کەسو هەر بازنەی ناوێکی هەڵگرتووەو ناوەکانیش : (هەفتەن)و (هەفتەوانە)و (هەفتخەلیفە)بوون •

ئەوجا ، ئەدمۆندز ، بە پەراوێزێ دەڵێ ، نامێلکەکە بە حەوت کەسی بازنەی یەکەم (یاخود بە حەوتەی بازنەی یەکەم) دەڵێ ( حەوتەنی جاویدان ) واتە ، (حەوتتەنی نەمر = مەزن)و بە (حەوتەوانە)ش دەوترێ (حەوتتەنی ناجیان) واتە : (حەوتەنی بێگوناھ) •

(حەوتەن)ەکان قوتابیسوڵتانو ئاوەڵینی ، لەپەردیوەردا ، ئەمانەش ناوەکانیانە : (داود ، بنیامین ، مستەفا داودانی ، پیرمووسا ، پیررازبار یارزەردەبان ، یەئەوت) •

پاشان ئەدمۆندز ، بەرەنگاری ئەو رایە دەبێ کە ئەو دووانەی یەکەمی (حەوتەن) ، دەبەنەوە سەر جوو ، یاخود پەیوەندی داوود بە حەوت خەلیفەوە ، بەدروی دەزانێ •

لەپاشا ئەدمۆندز دەڵێ :

حەوتەوانە ، یاخود (حەوتەنانی ناجیان) ، کوڕەکانی سوڵتان

خۆینی کـه حەوتن‌و ئەمانەش ناوەکانیانن :ـ (سەیدئەحمەد میرەسوور ، سەیدمستەفا سافیدبۆش ، سەیدمحەمەد ، سەیدعەبدولوەفا ، ســەیدباوە عیسا عەلەمدار ، سەید شەهابەدین ، سەید حەبیب‌شاه)و ئەم دووانـەی دوایی وەچە (نێرینە)یان لێ بەجێ نەماوە ، بەڵام پێنجەکەی پێشەوەیان ســەرەی خێزانە بەناوبانگە ناسراوەکانن ، کـە بەریز : (میری ، یاخود میرســـووری ، مستەفایی ، ئیبراهیمی ـ نیسبـــەتی بۆ شاه ئیبراهیمی کوڕەزای سەید محەمەدەو ئێستە گۆڕی وا لەبەغداـو خامۆشی کـــە نیسبەتی بۆ خامۆش کوڕی عەبدولوەفا دەگـەڕێتەوەو باوەســەیدی) • ئەئەمانە پێنج‌خێزانە سەیدە بنەڕەتەکانن کـە هەریەکەیان لە کۆمەڵگای کاکەیی‌دا ، دەورێکی باڵای هەیە •

بەڵام حــەوت خەلیفە ، یاخود ئەو حەوت پێغەمبەرە کـە سوڵتان لە نێو حەفتاودوو پیرەکـەدا هەڵیبژاردوون ، بۆ ئەوەیە کە ببنە (دەلیـل)و ڕێـگاپیشاندەری هـەر تایفەیێ بەبێ جیـاوازی ، تەنانەت ســەیدیش‌و بەچاودێری (داود) کە لە (هەفتەن)ە ••

نامێلکەکە ناوی هــەندێ (دەلیل)مان دەداتێ ، وەك : (پیرمەحی ، پیر نەریمان ، پیر عەبدولعەزیز ، خەلیفە محەمەد ، خەلیفە شەهابەدین ، خەلیفەباپیر ، وخەلیفە جەببار ) • پێنج دەلیلەکەش ئەمڕۆ نوێنەری حەوت خێزانن کـە هەموویان لە خەلیفە بنەڕەتیەکانەوە یەکسەر نەهاتوونەتە خوارەوە •

هەرکاکەیێ‌و خێزانی سەیدیش‌و هی دەلیلیش ، پێویستە ببەسترێ بە سەیدەوە کـە پیری‌یەتی ، یاخود دەلیلەوە •• لە پەردیوەردا لەنێوان ئەندامانی هەفتەوانەدا ئاڵ‌وگۆڕی پەیوەندی جێبەجێ بووەو ئەم بووە بە پیــری ئەوو بــەم جــۆرەی خوارەوە : ئەحمەدەسوور لەگـەڵ

سەیدمستەفایی دا ، سەیدشەهابەدین‌و سەیدعەبدولوەفا ، سەیدشاهو سەیدباوەعیسی ، سەیدمەحمود کە یەکەمی حەوتەکەیەو گەورەترو بەرێزترینانەو ناوبانگی چاکی‌و نەرمونیانی دەرکردووە سەید ئەحمەدی وەرگرتووە بە پیری خۆی بەڵام خۆی نەبووە بە پیری هیچ برایەکی •

پیرەکان دەلیلن ، هەریەکەیان بەرامبەر بەوەی کە دەستی پێوەگرتوەو پیریەتی جۆرە ئەرکێکی تایبەتی کەوتووەتە ئەستۆی‌و دەبێ جێبەجێی بکاو هەروەهاش جۆرە مافێکی تایبەتی ، لەباتی ئەرکەکەی ، هەیەو وەری دەگرێ لێی‌و هەروەها جۆرە پەیڕەوێکی دینی تایبەتی لە کۆبوونەوەو هەڵقەی دینی‌دا جێبەجێ دەکا • هیچ پێویستی‌یەکیان بە زۆر زانین‌و قوڵ بوونەوەی نهێنی کاکەیی ناکا • چونکە ئەرکی ئامۆژگاری خستنەسەر ڕێی‌ڕاست (الوعظ) کەوتۆتە ئەستۆی هەندێکەوە کە پێیان دەوترێ (کەلامخوان)و ئەمانەش ، دەبێ لە کۆمەڵێ بن لەو سێ کۆمەڵەی کە باس کران •

کاکەیی ، بە رووالەتی تیۆری ئازادە ، لە هەڵبژاردنی پیرو دەلیلی‌دا (جگەلەسەید) ، بەڵام ، بەکردگاریی ، دەکەوێتە شوێن باوکی • کاتێ پیری یاخود دەلیلی دەمرێ ، مافی ئەوەی هەیە کە لەنێو کوڕانی‌دا خۆی بە هەر کۆمەڵە مریدێکەوە ببەستێ‌و بە پێی ئەو وەسیەتەی کە بۆی دیاریی کراوە • ژن‌و ژن‌خوازیش لە نێوان ئەوانەدا کە ئاڵ‌وگۆڕی ئەرکی پیری‌و دەلیلی دەکەن یاخود موریدن ، نابێ روو بدا •

بە بەسەرچوونی زەمانە ، بە هۆی هۆی جوگرافیایی یا هی‌ترەوە ، ئینتیساب لەنێوان پێنج‌خێزانی حەوتەوانە بنەڕەتیەکەوەو نێوان پێنج خێزانی‌تردا ـ نەك لەژێر فەرمانی پێویستی‌دا ـ رووی‌داو بە ناوی پێنج کەسەوە ناونران‌و کردەوەی باشیان‌و توانای‌زانین کەراماتیان وای لێ کردن

کە لەریزی ئەوانە دانرێن کەیەکەر لە وەچەی دانەرەوە هاتوونەتە خوارەوە •

ئەوجا ئەدمۆندز دەڵێ :

ئەو نامیلکەیە ناوی دووکەسی هێنابوو بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە هەقیانە هاوشانی ئەوانی‌تر بن ، کە ئەوانیش (باوەحەیدەر)و (شێخ‌هەیاس)ن بەڵام زوربەی سەرچاوەی هەواڵدەرەکان سیانی تریان لەگەڵ دەڵێن ، کە ئەوانیش (باوەیادگار ، میرحەمزە ، ئاتەشی‌بەگ)ن •

سەرپاکی ئەم پێنج خێزانە ئینتیسابیان بۆ چوارسەیدی ئەو چوار خێزانی پێنج‌هەفتەوانە بنەڕەتیەکە جێگیربوو •

لەپاشا دێتە سەرئەوەی کە دەڵێ :

لە نامیلکەکەدا ، وا وتراوە ، کە (باوەحەیدەر) لەبنەڕەتدا (دەلیل) بووە ، (ناوی خەلیفە بنەڕەتی‌یەکە ، نەوتراوە) ، ئێستا ئەندامانی خێزانی ئەرکی پیرو هی دەلیل‌ـیش بۆ پەیوەندی ئینتیساب لەگەڵ مریدەکانی‌دا دەبینن‌و سەرچاوەکانیش سەرپاکیان وای دەردەخەن کە توانای چاککردنەوەی مارانگازیان هەیەو هەروەها هی (شەلەل)و هی (فێ)یش •

هەواڵدەرێ ، دەڵێ : کاکەیێ کە (دەلیل)بووە مریدەکانی دەکا بە دوو کۆمەڵەوە ، خێزانی (باوەحەیدەر)و هی (عومەرمەندان) • لەبەر ئەوە خێزانی کۆمەڵی یەکەم لەقەبی (باوە) هەڵدەگرن‌و کۆمەڵی دووەمیش پێك هاتوون لە پێنج‌پیر ، ئەوانیش پیر مەخۆ (مەخی) ، پیرنەریمان ، پیر محەمەد ، پیرئیبراهیم ـ پێویستە تێکەڵاوی لە نێوان ئەم دوو ناوەو ئەو دوو ناوەی کە وەك ئەمانن ، لە ناو حەفتەوانەدا ،

بکرێ ، ، کە (یاری پیرۆز)ن ئەندامی ئـەم خێـزانە ، لەقەبی (مـام)یان هەڵـگرتووە •

ئەوجا ئەدمۆندز دێتـە سەر ئەوەی کـە دەڵێ : یەکێکی ئاکاکەیی خەڵـکی کەرکووك ، خاوەن تەجروبەو دنیادیدەیەکی زۆر ، پێی وتم ، کە کاکەیی‌کان بەسەر هەموو تایفەکەدا لەقەبی کاکەیی‌یان داسەپاندووە ، لەگـەڵ ئەوەش‌دا ، لەقەبەکـە لەبنەڕەت‌دا ، هـەر بۆ سەیدەکانیـانەو ئەوانەشیان کـە سەید نین پێیان دەوترێ (داودی)و لەسەر ئەو بنەڕەتەی کـە داود لە (هەفتەن)ەو سەرۆكو مامۆستای دەلیلەکانە •

لەپاشا دەڵێ : وا دەر دەکەوێ ، کە مەزهـــەبی کاکـــەیی لـــە رێـکخراوێـکی پێشووەو کە لەلوڕستان‌دا پەرەی سەندووەو ، دەرچووەو بەرەو شارەزوور ــ هەورامان ، ( باوەخۆشێن ــ موبارەك‌شاه) هێناویەتی‌و (هەروەك حەوت ئاوەڵەکەی سوڵتان‌ئیسحاق) حـەوت ئاوەڵی هـەبووەو ناوەکانیان ئەمانەن (کاکەرەضا ، خوواد ، سەید فەلەکەدین ، بافـەقێ ، فاطمەلوڕە ، بابەی بوزورگ ، میرزاهامان) • فاطمەلوڕە جـگە لـە (بیبی‌فاطمة) کەسی‌تر نی‌یەو خوشکی هاوەڵی بە وەرع (الصحابی الورع) باباطاهیرەو مەبەستم خوشکی (باباعەلی)یە کـە هەموو ، چـە سەیدەکانی بەرزنجەو چە سەیدەکاکەیی‌یە بنەڕەتیەکان ، دەبەنەوە سـەری • گوایا رێبازێـکی‌دینی لە خاكو ئاوی لورستان‌دا پەیدابوو باباطاهیریش کـە یەکێ بوو لەپەیڕەوی‌کەرانی بردیە هەورامان‌و لەوێ بڵاوی کردەوەو ــ لەناوەڕاستی چەرخی ــ سەدەی ــ یانزەهەدا ــ و بۆ ماوەی پەنجاساڵێ ئاوبانـــگی پێیەوە دەرکردبوو ، لەپاشا سوڵتان‌ئیسحاق نوێی کردەوەو دروستی‌کردەوەو سەرۆکایەتیشی بەمیراتی ، بۆ خێزانەکـەی خـۆی ، دا ــ نا •

هەندێ لەوانەی ، کە بەتەنگ جۆرە لێکۆڵینەوەی وەهاوەن ، وا بۆی دەچن ، کە کاکەیی بەباش و خراپەوە ، دابەش دەکرێن بە سەر دووچین دا . چینێکیان (گۆران) ، ئەوانیش ئەوانەن کە لە پشتی بنەڕەتی ئەوەڵینەکانیان هاتوونەتە خوارەوە ، و چینی (شمشێر ئاوردە) ، ئەمانیش ئەوانەن ، کە بەزۆری شمشێر (شیر) هاتوونەتە ناویەوە ، ئەمانەش شوێنکەوتووی دواکەوتەن . بێگومان ئەمە پاڵپشتی راستی ئەو سیفەتەی (شێخ عیسی بەرزنجی و گۆرانی)یە کە ناملکەکە دانی راستی پیادانا ، بەڵام زۆری شمشێر (شیر) ، لەکاکەیی یەوە دوورە .

### هەندێ سەرچاوەتر(٩)

ئەو سەرچاوانەی کە شایەنی باسکردن بن و لەم رووەوەو دەربارەی کاکەیی وە شتێکیان وتبێ جگە لەوانەی پێشەوە «دائرة المعارف الاسلامية» کە لەوەی مینۆرسکی بەدەرنی یەو ئەوەی (فەرهەنگی دهخدا ، کە لە هەندێ خاڵی داو لەگەڵ ئەوەی مامۆستا رۆژبەیانی ، لەیەك دەکەن و هەروەها ئەوەی مامۆستا تەوفیق وەهبی «دینی هیندو ئەوروپایی یەکان» لەچاو ئەو زانیاریانەی پێشەوە شتێکی نوێیان بە دەستەوە نەداوە .

بەڵام سەرچاوەی دینی ، کە وەك (رمووزی یارستان) (١٠) و (سروودی یارسان) و (١١) (سەرئەنجام) بن ، بۆ دەمەتەقێی ئەم سەرچاوانەو راستکردنەوەی ئەو وتە ناتەواویانەی کەدەربارەی دینی ئەهلی حەققەوە نووسراوە ، خۆیان ئامادە کردووە .

شایەنی روونکردنەوەیە ، ئەو سەرچاوانەی کە بە هۆنراوە ، هێرشیان سەر دینی کاکەیی بردووە ، من بەش بەحاڵی خۆم ، بەسەرچاوەیان نازانم و شایەنی باس کردنیش نین چونکە :ـ یەکەم ، ئەوخاڵە ، رەچاو نەکراوە ، کە دین لە داوێنی دایك و باوکەوە ، بۆ

وەچە بەجێ دەمێنێ ، ئەگەر هاتوو وەچەش ، لەوە بێبەش بوو ، بێگومان دەوروبەری لەو رووەوە ، کاریگەرە • بەم پێیە ، هەرکەسێ دینی خۆی خۆش بوێ‌و بیەوێ بێگانە ڕێز لەدینەکەی بگرێ ، دەبێ ڕێز لەدینی ئەو بێگانەیە بگرێ‌و بەپیرۆزی بزانێ • دووەم هەڵبەستەکان ، دەستهەڵبەستن‌و چونکە هیچ بەڵگەی راستیان بۆ راستی وتەکانیان ، نەداوە بە دەستەوە • سێیەم ، هونەری هۆنەراوەیان ، پێوە دیار نی‌یە ، چونکە هەر وشەیێ لەو وشانە ، زادەی رقق‌و کینەو دژایەتین ، بەوەش‌دا دیارە ، کە خاوەن هەڵبەست گەڕاوە بە دوای وشەی تەقەکەرو دەنگدارو دڵڕیندار کەردا ، بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە بتوانێ زۆر ئازاری ئەو کەسە بدا ، کە ئەو رققی لێیەتی •

بێگومان ئەم جۆرە دووبەرەکیە دوولانەیە ، توانای ئەوەی هەیە کە لە نێوان دووکەس‌دا فراوان بێ‌هەروەها بۆ بازنەیەکی زۆر فراوان دەرباز بێ‌و زیانێکی زۆر بەگەلی کورد بگەیەنێ کە دەبێ ، بەپێچەوانەی ئەمەوەبێ ؟ هیچ شتێ نەتوانێ کوردەکان لە بازنەی نەتەوەیەتی کورد دەرباز بکا

**دەمە تەقێی سەرچاوەکان**

**یەکەم ، بەر هەمەکانی منیۆرسکی :**

ئەو وتارانەی کە لە «دائرة المعارف الاسلامیة»دا ، بە ناوونیشانی (سوڵتان‌ئیسحاق)و (ئەهلی هەقق)و (باباطاهیر)ەوە بڵاو کراونەتەوەو ئەو بەرهەمەی ، کە بە ناوونیشانی «الاکراد»ەوە بڵاو کراوەتەوەو دوکتۆرمارف خەزنەدار کردوویەتی بە عارەبی‌و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو سەرچاوە دینی‌یە کاکەیی‌یانە (ئەهلی‌هەقق) کە حاڵی حازر لەبەر

دەستماندان ـ کەوەك (رموززی‌یارستان)و (سروودی‌یارسان) ـ ئەوەمان دەدرێ بە دەستەوە ، کـە مینۆرسکی توانیویەتی بە باشی لە دینی ئەهلی هەقق (عەلی‌ئیلاهی = کاکەیی) بـگاو زۆرشتی نهێنی‌یان ئاشکرا بـکا •

ئەگەرچی مینۆرسکی ، دەربارەی هەمان رێرەوی دینی‌یەوە وتارو بەرهەمی دیـکەی زۆرە ـ کەوەك ، دەفتەری سەرەنجام کە بە زمـــانی رووسی لـــە چاپی داوەو کۆمەڵی وتاری تر کـە لـــە گۆڤاری عالـــەمی ئیســلامی‌دا ، ســـاڵی (١٩٢٠) بڵاوی کردوونەتەوە ـ نەمـــانتوانیوە سەرپاکیان بخەینە دەست خۆمـــان ، بەڵام بەبێ ترس‌ولـــەرز دەڵێین ، ئەگـــەر بێت‌و سەرپاکی بەرهەمەکانی لـــەم رووەوە کۆ بکرێنەوەو بکرێن بـــە یەك بەرهـــەم ، بە راست‌ورەواترین سەرچاوە دەژمێرێ ، کـــە بۆ پشکنینەری ئەو رێرەوە دینی‌یە نرخی سوودی ، هەر تەواو نابێ !!

مینۆرسـکی بە چـــەند وشەیی ، توانیویەتی دیمەنێـکی گشتیی ، رێرەوە دینی‌یەکە دەر بخا ، بەوەی کـــە دەڵێ : خوایەتی ، بـــە درێژی تەمـــەنی دنیـــا حەوت‌جار دەردەکەوێ ، جارێـکیان لـــە عـــەلی‌دا دەرکەوتووە ، وا دەردەکەوێ ، لە گەڵ هەر خوایەکدا چـــوار فریشتە هـــەن‌و سیفاتی گشتیی‌خوایان هەیە ، عەلی ئیلاهی‌یەکان بڕوایان وایـــە ، کـــە محـــەمەد (د•) خـــوای لەسەربێ ، یەکێ بووە لەو فریشتانە • نهێنی‌یەکانی ئەهلی‌هەقق لە سەروکلاوی عەلی‌دا دەرنەکەوتوون • دینی عەلی ئیلاهی دینێکی کوردیی بەتی بێ‌لایەنە •

**دووەم ، ئەدمۆندزو بەرهەمی کوردو تورکو عەرەب :**

نووسەری ئەم بەرهەمە (کوردو تورکو عەرەب) ، خۆی بە دەمی خـــۆی هـــاوار دەکـــاو دەڵێ ، کـــە سوودی لەبەرهەمەکانی مینۆرسـکی وەرنەگرتووەو سەرچـــاوەکانیشی ، بۆ نووسینی باسێ ، بـــە ناوونیشانی

(کاکەیی یەکان)ەوە ، تەنیا نامیلکەیەکی دەستنووســـە (تذکــرە)و وەرگێڕاویشی ـ وەك خۆی دەڵێ ـ بە کوردی هەیەو لەگـەڵ چــەند سەرچاوەیەکی (دەمی)یش دا ؛ کەلەملاو لەولاوە هەواڵی جۆرا جۆری بۆ دەهێنن •

ئەدمۆندز ، لەلایەنە سیاسیەکەی دا زۆر سەرکەتووە ، بەڵام لایەنە دینییەکــەی ، جگە لـەوەی کـە لەمینۆرسکییەوە وەری گرتووە ئەمــەشی لەبیر دەچێتــەوەو ناوبەناو ناوی سەرچاوەکـانی مینۆرسکی دەهێنێ ـ و جگە لە دیاری کردنی هەندێ جێگای مەزارو گۆلکۆو نەزرگەو هەندێ ناوی ناوداری ئەو ڕێڕەوە دینییە ، نەیتوانیوە لــەوە بەولاوە بچێتە ژێر پەردەی نهێنییەکانەوە •

ئەوەی ، کە ئەو باوەڕە دەباتە دلمانەوە کەو ابلێین ئەوەیە :ـ

١ ـ هیچ کەسێکی کاکەیی ، لەساڵەکانی پەنجاکان بەرەو دواوە ، ئەگـەر کاکـــەیی بێ‌و شت بزانێ ناتوانێ بـە نامیلکە بۆ ئەدمۆندزی بنووسێ ! خۆ ئەگەریش ، کابرا ، ناکاکەیی بێ ، ئەوە بێگومان ، جگە لەوەی کە لەبەرهەمەکەی (شێخ‌ڕەزا)و (عبداللەحسن)و هەروەهابەرهەمی (بندنیجین)و (لغة العرب)و ئەوەی (ئەمین‌زکی بەگ ـ کورد کوردستان)دا هــەن ، چی‌تر نازانێ ! کــە ئەمـــانەش چی‌یان وتووە زۆرکـــەمی بەلای‌ڕاستی‌دا دەچێ ، بۆشمان هـــەیە کـە بلێین هێشتا لـە دەرەوەی پەرژینی ئەوباخەدان ، کـە دەوراندەوری خانووە دینییەکەی داوە •

٢ ـ مینۆرسکی ، لـە پێش بـەرپا بوونی شۆڕشی ئوکتوبـــەری مەزن‌دا ، لە باڵیــۆزخانەی رووسـیا لەپاریس دەبێ‌و پاش بـەرپابوونی شۆڕشی ئوکتوبەر ئەو نە لـــەوێ زۆر دەمێنێتەوەو نـە لەسیاسەتیش دا دەمێنێ ، بەڵـکو لەهەموو روویەکـەوە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ، بەتایبـەتی

دەربارەی کوردەوە ، خۆی تەرخان دەکاو لە زوربەی ئەو کۆبوونەوەیانەدا کە لەبارەی رۆژهەڵاتناسی‌یەوە دەکرێن ، بەشداریی دەکاو لەو رووەوە بەرهەمێکی زۆر ، بەزۆر چەشن بڵاو دەکاتەوە ، کەواتە ، بەچەندان ساڵ بەرهەمی مینۆرسکی ، پێش ئەوەی ئەدمۆندز ، لەو رووەوە بڵاو کراوەتەوە •

ئەدمۆندز لەبڵاوکردنەوەی هەندێ ناوی پیرۆزی کاکەیی‌دا ، تێکەڵاویی دەکا ، بۆ وێنە لەنێوان فریشتەکان‌و کوڕەکانی سولتان‌دا ، لە نێوان پیرەکان‌و هەندێ غوڵامانی کاکەیی‌دیکەداو ئاگای لەوە نی‌یە ، کە کاکەیی بڕوای بەجۆرە تەناسوخێکی ئەرواح‌هەیە ، بەوەی کە لێرە (تەن = لەش) دەمرێ ، بەڵام رۆح هەر دەمێنێ‌و دەبێ بچێتەوە بە تەنێکی دیکەداو بە ناوێکی دیکەوە دێتەوە دەرەوە •

بەشێوەیەکی روونتر ئاگای لەوە نی‌یە ، کەئەو (کاکەریا)یەی کە چاوەڕوانی (شاهخۆشین)[12]بووو دەبێتە خەلیفەی یەکەمی ، هەر ئەو (بنیامین)ەیە کە لەسەروکڵاوی (سوڵتان)داو بەو ناوەوە دێتە مەیدانەوە •

وێنەیەکی دژواری (تناقض) لە نووسینەکەی ئەدمۆندزدا ، کە وەك ئەمە وێنەمان زۆرن ئەدمۆندز وای لەقەڵەم دەدا ، کە گۆرانەکان لە سەردەمی (شاهمبارەك = شاهخۆشێن)دا ، پەرەیان سەندووەو بەرەو شارەزوو شەپۆلیان کشاوەو تێکەڵی ئەو نیشتەجێیانەی ئەوێ بوون ، لەلایەکی‌تریشەوەو هەر لەهەمان بەرهەمدا ، بەبێ ئەوەی ئەم وتەیەی خۆی لەبیربێ بڕوای وایە ، کە گۆرانەکان نیشتەجێی شارەزوور ـ نیشتەجێن‌و کۆچەرنین ـ بوون‌و کوردەکانی ئێستای ئەوێش ، کە بەو زمانەگوردی‌یە ئەستوورە قسە دەکەن لەم دوایی‌یەدا هاتوونەتە ئەوێ‌وە ـ شارەزوورەوە ـ لەوێ نیشتەجێ بوون •

لەلایەکی تریشەوە ئەدمۆندز تێـــکەڵاوی لـــە نێو (حەوتەن)و (حەوتەوانە)و فریشتەکاندا کردووەو نەشی زانیوە کە فریشتەکان لەهەر دەورەیەکـدا چوارن‌و ئەو چوارەش لەسەرەتای دنیاوە تاوەکو کۆتایی دنیـا ، جگە لە گۆڕانی‌ناو ـ ناوبەناو لە هەر دەورەیەکدا ـ هەر ئەوانن‌و هیچ ئاڵ‌و گۆڕێکیان پێ نەکراوە •

ئەدمۆندز ، جێـگاکان‌و دێهاتەکان‌و ناوچـەکان‌و شاخەکانی باش دیاریی کردووەو وەك جوگرافیاناسێ ، زوربـەی وەخت جێـگای دێ ، مەزار ، ناوچــەی بەمیل‌و بەکیلۆمــەتر دیاریی کردووە ، توانای باشی هەبووە ، کەسەرگوزەشتەی ئەفسووناوی دەماودەمی زۆر کۆ بکاتەوە •

ئەدمۆندز بــە تەواوی توانیویەتی زوربەی بەگزادەکان‌و شێخەکان بناسێ‌و تەنانەت لەزوربەی نهێنیشیان ئاگادار بێ • ئەو سەفەرەی کـــەلە هەڵەبجەوەو بەرەو هاوارو بەرەو شاخی قەڵاگـا چـووە ، زۆر بەجوانی وێنەی گرتووە ، بەتایبەتی وێنەی رێـگاوبانی سازان‌و شندروێ‌و هاوار وچایخانەکەی •

ئەدمۆنـدز ، کـە دێتەسـەر دیاری‌کردنی پردی (کوڕان)و پردی (کناچان) ناتوانێ باش جێگایان دیاری بکا ، وەك (فوئاد(*) سەفەر) ، لـە گۆڤارێ ، کـە بە ناوونیشانی (عیراق)ەوە ـ لـە قوتابخانەی شوێنەواری بەریتانی‌دا دەردەچێ ـ دیاری کردوە ، ئەمەش بە لای منـەوە ، هــۆی ئەوە نی‌یە کە نەیزانیوە ، یاخود نەیتوانیوە بیزانێ ! بەڵکو دیاریی کردنی

---

* مامۆستا فوئاد سەفەر ، لە گۆڤاری : (( مستەلی ( ل ـ 193 ، 198
IRQ. Volume xxxvl, parts 182 1974, Published by the British School of Archacology in Iraq. PIRD.1 KINACHAN By Fuad Safar :

**شایەنی باسە ، مـامۆستای ناوبراو دەربارە شوێنـەوارە دێرینی‌یە کوردی‌یەکانەوە لـــە گۆڤـاری ناوبراوداو بـــە زنجیـــرە زۆرشتی بڵاوکردووەتەوە ، وەرگێڕانیشیان بۆ زمانی کوردیی لەلایەن ئەوانەی کە حەزیان لەم گۆشە زانیاریانەدا هەیە بۆ نەتەوەی کورد زۆر سوودبەخشن •**

شتی وەھا بەرێك‌و رەوانی‌و باسی مێژوویان ، بە رۆشنی سوودی کوردی تیایەو شوێنەوارێکی دێرینی رۆشنی کورد بەدەستەوە ، دەدا ، ئەمەش ـ بێگومان ، ئەدمۆندز نایەوێ ـ کەفە سەرە بە بەڵگەی‌تری زۆری وەھاوە • ئەگەر ھاتو بە رەھمەکەی لە سەنگی حاکمان‌دا !

لە «لغت‌نامە» دھخدا‌دا (ع‌ـل ١٤٠-١٤٣) ، باسی دینی عەلی ئیلاھی ، بەدرێژی ھەیەو لە ژێر چواردە خاڵی سەرەکی‌دا ، زوربەی ئەوشتە ئاشکرایانە دەڵێتەوە کە زوربەی ئەوانەی لەو رووەوە ، زوربەی نووسیویانەو وتوویانە ، جگە لە ھەندێ خاڵ ، لەگەڵ ئەوەی مامۆستا مەلاجەمیل‌دا چە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نی‌یە ، ئەوەی کە شایەنی وتن بێ ئەوەیە ، کە دھخدا جیاوازیی نێوان (نصیریەکان)و عەلی ئیلاھی‌یەکان ، دەردەخا ، ئەو جیاوازیەش بەو جۆرەیە ، گوایا (نصیریەکان) وا دەچێ بەبیریانەوە ، کە (عەلی) رووالەتی تەواوتەواوی خوای پێوەیەو خوانی‌یە ، بەڵام عەلی ئیلاھی‌یەکان ، (عەلی) ، بە خوای تەواو تەواوی دەزانن •

ئەوەی ئەمین زەکی‌بەگ وتیێتی لەم رووەوەو شایەنی دەرخستن بێ‌و ئەوانی‌تر باسیان نەکردبێ ، ئەوەیە کە عەلی‌ئیلاھی‌یەکانی ئەمڕۆ بڕوایان وایە ، کە عەلی بۆ ئاسمان بەرز بووەتەوەو لەگەڵ رۆژدا تێکەڵ بووەو بوون بەیەك‌و ئەمەش نوێ کردنەوەی جۆرە دینێکی کۆنی کوردەکانی رۆژئاوای (ھیرات)ە •

عەبباس‌عەزاوی ، لە بەرھەمی «الکاکائیة في التاریخ»دا ، وای لەقەڵەم دەدا ، کە کاکەیی وەچەیەکی دینی ئیسلامی بێ‌و ئەم ناوەش (کاکەیی) لە (أخیە)یەوەو ئەویش لە (الفتوە)وە وەرگیراوە •

زوربەی زۆری ئەم سەرچاوانە بەشداریان لەوەدا کردووەکە :ـ

یەکـەم ، کاکەیی چارەی درۆی نەویێو مەی خواردنەوەو خیانەتکردن لـە خێزانی بە لایەوە حـەرام بن •• دووەم ، هەرگیز دزی نەکـاو قسەی خراپ بە دەمیدا نەیێ • سێیەم ، نوێژ ناکەنو نیازین • چوارەم ، کاکەیی یەکێکی تری کاکەیی ئەگەرچی برای نەبێ ، بە برای دەزانێ • پێنجەم ، هەروەها زوربەی زۆریان بەشداری‌یان لەوەدا کردووە ، کـە تیوارەی جەژن ، یاخود شـەوی (جەم) کردەوەی ناشیرین دەکەن ، کە ئەمە بەلای لاری‌دا نەبێ بەلای ڕاستی‌دا ناچێ • شەشەم ، گوایا ، ناوی کاکەیی لـەو ڕازەوە هاتووە ، کـە رایەڵی مزگەوتی بەرزنجە کورت بووەو نەگەیشتووەتەوە ئەمسەرو ئەوسـەری دیوارەکـەو یەکێکیان - شێخ‌عیسیی بە شێخ‌مووسیی ، یا سـەیدئیسحاق بە براگەورەکـەی - بەوی دیکەیان وتووە ، کاکە رای بکێشەو بەو جۆرە رایەڵ درێژ بووەو بەو بۆنەیەوە ئەو ناوەیان هەڵگرتووە • حەوتەم ، چۆنیەتی داواکردنی ، یاخود خوازبێنی کردنی دایـکی سەید ئیسحاق بۆ شێخ‌عیسیی‌ی پیـری کەلکەوتوو و رازی دوو یا سێ دەرویشە •

## بەرهەمە دینی‌یەکان

**١ - دەفتەری رمووزی یارستان :- (١٠)**

سەیدقاسمی ئەفضەڵی شاهئیبراهیمی ، کـە دەفتـەری رمووزی یارستانی کۆ کردۆتەوە ، خۆی کاکەیی‌یەو یەکێکە لەو خوێندەوارانەی (ئەهلی‌هەقق)ە ، کـە دەیەوێ سەرپاکی ڕێڕەوە دینی‌یەکەیان بخـاتە بەردەم خوێندەوارانی کاکەیی‌و ناکاکەیی ، بەلای منەوە ئەوەش ، لەبەر چـەند هۆیەك بووە •

یەکـەم ، تا خەڵکی ناکاکـەیی بەراستو ڕەوانی لـە دینی (ئەهلی‌هەقق) بگەنو واز لـە بوختـانکردن بهێنن • دووەم ، تا خەلکی

کاکەیی بە تەسەلەیی و کۆکراوەیی لەدینەکەی خۆیان تێبگەن و سەرچاوەی دینی کۆکراوە لەبەردەستیاندا بێ ، چونکە زۆر کەم ڕێك دەکەوێ کە زوربەی دەفتەرەکان ، وەك لای خاوەن بەرهەم بەکۆمەڵی کۆبوونەتەوە لە جێگایەکی تردا بەو جۆرە وەك دەفتەروو دەستنووس هەبن • سێیەم ، بەم کۆ کردنەوەو چاپکردنەیان ، نووسەر توانیویەتی بەرهەمی دینی کاکەیی بە کۆکراوەیی و بە نوسخەو وێنەی زۆر بخاتە بەردەست و بەو جۆرە تێکستە دینییەکانیان لە فەوتاندن و لەناوچوون سەرفراز بکا • چوارەم ، بە هۆی ئەم کۆکردنەوەو لەچاپدان و بڵاوکردنەوەیە ، ئەو لایەنە لاوازو هەڵانەی ئەگەر تیایدا هەبن ڕاست دەبنەوە ، یا ئەگەر لەبیرچوونێکی تێدا بێ ، دەخرێتەوە سەری •

سەیدقاسم ، هەر لەبەر ئەوەی کە خۆی یەکێکە لەو سەیدە خوێندەوارانەی (ئەهلی هەقق)و لەخێزانی (خانەوادە) سەیدە بەناوبانگەکانی (کرند)ەو باووباپیریان ناوبانگیان بە نەوەی وەچە سەیدەکانی ئیبراهیمییەوە دەرکردوەو خۆیان بۆ خزمەتگوزاری ڕێگەی دینی (ئەهلی هەقق) تەرخان کردووە ، وا لە قەڵەمی دەدا ، کە ئەو دەفتەرانەی کە لێرەدا کۆی کردوونەتەوە ( واتە : لە دەفتەری ڕمووزی یارستاندا )یە نووسینی شکستەی فارسی نووسراونەتەوە ، مێژووی نووسینەوەی زوربەی زۆریان ـ کە بەدەستنووس لە کتێبخانەی خۆیاندا هەن ـ پێش چوارسەدساڵێ لەمەوبەرترەو هی واشیان هەیە کە یەکسەر بۆ سەردەمی (سوڵتان) خۆی دەگەڕێتەوە •

(دەفتەری گەواهی غوڵامان)و (دەفتەری دیوانەگەورەی پەردیوەریی)و (دەفتەری شندروێ)و (دەفتەری دەورەی شاهخۆشین)و ( دەفتەری ـ دەورەی زوڵاڵ ـ کەلامی پەردیوەریی)و (دەفتەری عابدینی جاف ـ

عـابدین باش‌چاوەش) ، ئەمـــانە وتنیان دەگـــەڕێتەوە بۆ پێش (٨٨٠) هەشت‌سەدوهەشتاساڵێ‌و نووسینەوەی هەندێـــکیشیان لەچوارسەدساڵێ بتـــرە •

دەفتـەری نەورۆز ، کـە لـە لایەن نەورۆزەوە وتراوە ، سەردەمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سەیدحەیدەر) کە بە (سەیدبراکە)ش ناسراوەو لـە دێی (تووت‌شامی)ی دێهاتەکانی گۆران ، لە کرند هاتووەتە دنیاوە •

نەورۆز ، لە دێی (سۆران) کە دێیەکە ، لە دێهاتەکانی ناوچەی سنجاوی ، کەوەچەزای (گومنام) یاخود (گەمنام)ە ، هاتۆتە دنیـــاوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٦٠)ی کۆچی •

(دەفتەری تەیمور)یش ، هـەر بۆ هەمان سـەردەمو هەمان مێژوو دەگەڕێتەوەو (تەیمور)یش خۆی لە (بان‌یاران‌گۆران) هاتۆتە دنیـــاوەو لەپاشا ، پاش‌ئەوەی فەرمانڕەوای کرماشان مەترسی لـە تەیمـوور پەیدا دەکـاتو دەنێرێ بە دوای تەیموورداو فەرمانی سەربڕینی دەدات •

نووسەر ئەگەرچی خەڵـکی ناوچـەی کرندەو خۆی بە تایفـەی (گۆران) دەزانێو یەکێکە لە خوێندەوارە باشەکانی (ئەهلی‌هەق) ، لـە گوێزانـەوەی سرووودەهۆنراوەکان‌دا ، لەخـەتی شـکستی‌فارسی‌یەوە بۆ ئامادەکردنی چاپدانی ، هەڵەی زۆری تێـدا کردووە بە رادەیێ ، کە لە توانادا هـەیە بڵێن هـەر وێنـەی گرتوون ، چونکە ، وا دیارە ئـەو ، نەك هـەر تەنیـا زمـانی سرووودە هۆنراوەکان نازانێ ، بەڵکو لێشیان تێ ناگـاو ، ئەوەشی کـە وەك لێکدانەوەی هەندێ رازو سەرگوزەشتە ، کە ناوبەناو لێـکی داونەتەوە ، یا لەدەم کەس‌وکاریەوە ، کـــە رابـــەری ئەودینەن ، فێریان بووەو وەری گرتوون ، یاخود لەوانەیە وەختی خۆی بەجۆرە نووسینێ نووسرابن کـە ئەو بەتەواویی توانای خوێندنەوەو تێ

گەیشتنیانی نەبوو بێ ، ئەگـەر واش نەبوایە بێگومان نەیدەهێشت هـەڵە بکەوێتە ناو بەرهەمەکەیەوە ، کـەچی بە تەواوی بەپێچەوانەی ئەوەوە ، بەرهەمەکە کەفەسەرە بەهەڵە •

نووسـەر جگە لەوەی کـە ناشارەزای زمـانی دەفتەرەکانە ـ کـە لە تایفەی گۆرانە ـ واتە : خۆی گۆرانە ـ هـەروەها ناشـارەزای ناوە جوگرافیایەکانی کوردستانیشەو زوربەی ناوەکانیشی بە هەڵە گوێزاوەتەوە بۆ وێنە ، ناوی (شارەزوور = شەهرەزوور) کە لە لای هـەموو کۆلـکە خوێندەوارێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زانراوە ، ئەو بە (شارەزولی) لـە چاپ داوەو بە دەیان ناوی دیکەی بەو شێوەیە ، سەراوژێری کردوون •

لەپاشکۆی بەرهەمەکەدا ، نووسەر سێ لاپەڕەی بۆ راستکردنەوەی هـەڵەی چـاپی تەرخان کردوە ، بەڵام لـە راستی‌دا ، هەڵەی ناو ئەم بەرهەمە سائێتر هەرچی جۆرێ هەبن ، زۆرتر لـە پەنجا پەڕەیەکی بێ دەوێ ، ئەمەش دیسان ئەوەمـان بۆ دەردەخا ، کـە نووسەر تا چـە رادەیەك ناشارەزای ئەو زمانەیەو بۆیە هەر ئەوەندشی لێ هاتووە •

بەهەرحاڵ ، ئـەو کەرەستەیەی ، کـە لەم بەرهەمەدا (دەفتـەری رمووزی یارستان)کۆ کراوەتەوە ، کەرەستەیەکی خـاوو بێ گەردە ، بۆ پشکێنەر زۆر بەسوودە بە تایبەتی ئەگەر ئەوپشکێنەرە زمانەکە بزانێ ، ئەگینا ، ئەگەر مەبەست وەك کتێبێکی دینی پیرۆزو رۆشنکراوە لە هەموو لایەکەوەو سوودبەخش بە هەموو خوێندەوارێ بێ ، پێویستە سەر لەنوێ لەچاپ بدرێتەوە باش ئەوەی شارەزای ئەو زمانەو شارەزای ئەودینـە ؛ بەهاریـکاری کردنی یەکتری لێـکی دەدنـەوەو رێـکی دەخـەنەوەو دەینووسنەوە ، گوناهی جێبەجێ نەکردنی ئەم ئیشەو گوناهی بوونی ئـەم کاڵو کورچیەش ئەستۆی رابەرانی ئەم رێڕەوە دینی‌یە دەکەوێ •

شایەنی باسە ، ئەم بەرهەمە (دەفتەری رمووزی یارستان) هەندێ شتی بە سوودی وەهای بۆ ئامادە کردووین ، کە تیایاندا هەیە ، مەگەر بەخەو دیبێتمان ، ئەو شتانەش ، وا لە چوار چێوەی ئەم خاڵانەدا ، کۆیان دەکەینەوە •

١ ـ کەرەستەی زمان : تێکستەکان ؛ کەرەستەی زمانەکەیان خاوو سادەیە • شیرازەو شێوەی‌و یاسای زمانی کوردی کۆنی هەورامانی ناوچەی هەورامانە ، کە جێگای دایکزادی سوڵتانەو گۆڕەپانی ئاشکراکردن‌و بڵاو کردنەوەی دینە کوردی‌یەکەیەتی •

تێکستەکان ، وشەی رەنگامەی زارە کوردی‌یەکانی ناوچەکانی کوردستانی خوارووی تێدایە ، وشەی لوڕی ، فەیلی ، بەختیاری ، قەڵخانی ، سنجاوی ، لەگەڵ وشەی بێگانەی وەك فارسی‌و عارەبی •

٢ ـ لە رووی مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە ، ئەوەمان دەخاتە بەردەست ، کە هەر لە هەمان‌کات‌دا ، ـ واتە : سەردەمی سوڵتان خۆی‌دا ـ شێوەزارێکی دیکەی کوردیی هەبووەو لەناو جافەکان ( کۆچەر ) دا باو بووە ، پێیان وتووە ( کوردیی‌ی‌جافی ) یا ئاورامی جافی ، ئەم شێوەزارە ، لە زاری‌ئێستای ئەو دێهاتە شارەزوورییانە دەکات کە بنار کەوتوون‌و دوورن لەشاری سلێمانی‌یەوە •

سەرباکی (دەفتەری عابدینی‌جاف ـ عابدین‌باش چاوەش) بەو شێوەزارەیەو خۆی لە ژێر دەستی سوڵتان‌دا بووە بە کاکەیی‌و هۆنراوە دینی‌یەکانیشی هی هەمان سەردەمن • بێگومان ، هەواڵی وەها جۆرە زەرکەفێکی زێڕانەی ئەدەبی کوردی دەکەن‌و لاپەڕەکانی دەڕازێننەوە •

٣ ـ دەفتەرەکان ، لە بەیڕەوی دینی‌و رۆشنکردنەوەی باووبڕەوی

دینی‌دا ، جیاوازی‌یان نی‌یه ، ته‌نها جیاوازیێ ، که زه‌ق بێ ، ئه‌وه‌یه ، که ناوی پیاوه دینیه رابه‌ره‌کان ئاڵو گۆڕ کراون ، ئه‌مه‌ش وه‌ك ریزه‌وی گشتی‌ی دینه‌که ، که له‌سه‌ر ریزه‌وی گوێزانه‌وه‌ی دووناو دوونه ، له ته‌نیکه‌وه بۆ یه‌کێکی دیکه .

٤ ـ ئه‌م ده‌فته‌رانه ، توانای ئه‌وه‌یان هه‌یه که فێری جوگرافیای زوربه‌ی ناوه جوگرافیه‌کانی ناوچه‌ی کوردستانمان بکه‌ن .

٥ ـ له ده‌فته‌ره‌کان‌دا ، مێژووی هه‌ندێ ناوی مێژوویی به‌ناوبانگ‌و نه‌زرگه‌و مه‌زاری پیرو شێخی کوردیمان بۆ رۆشن ده‌بێته‌وه .

له‌رووی باوه‌ڕه‌و به‌ڕه‌وی دینی‌یه‌وه ، ئه‌م ده‌فته‌رانه ، که‌له (ده‌فته‌ری رمووزی‌یارستان)دا کۆ کراونه‌ته‌وه ، نه‌یانتوانیوه ، هه‌موو شتێکمان به ده‌سته‌وه بده‌ن ، ئه‌میش دوور نی‌یه ، که بۆ ئه‌م هۆیانه بگه‌ڕێته‌وه :ـ

١ ـ له‌وانه‌یه ، کۆ که‌ره‌وه (نووسه‌ر) نه‌یتوانیبێ ته‌واوی سه‌رچاوه دینی‌یه‌کانی (ئه‌هلی‌هه‌قق)ی ده‌ستکه‌وێ ، که‌ئه‌مه‌ش زۆر دووره له‌راستی‌یه‌وه ، چونکه هه‌روه‌ك باسمان کرد ، نووسه‌ر خۆی‌و خێزانی‌و باووباپیرانی‌و پشتاوپشت ، خۆیان بۆ ئه‌و کاره ته‌رخان کردووه ، بۆیه ده‌بێ ، نابێ نه‌یانبێ !!

٢ ـ له‌وانه‌یه ، هێشتا هه‌ر نه‌یه‌وێ هه‌ندێ شتی نهێنی ئاشکرا بکا ، که ئه‌مه له‌لای (ئه‌هلی‌هه‌قق)ه‌وه نزیکه .

٣ ـ به‌رهه‌مه که هه‌ندێ لاپه‌ڕه‌ی لێ نه‌ماوه بۆ وێنه له سه‌ره‌تاوه ، له ل (١تا ـ١٠)ێ له ده‌فته‌ری (عابدینی‌جاف)یش‌دا له (ل ـ٦ تا ـ٥٣) ،

لەوانەشە زوربەی ئەوشتانە لەدوێ توێی ئەو لاپەڕانەدا بن ، کە لەم بەرهەمەدا جیا (جـوێ) کراونەتەوەو لێی لا براون ، کە بێگومان ، کارەکەش تایبەتی‌یەو بە مەبەستیش کراوە ، سا ئیتر ئەو مەبەستە لە هەر سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابێ •

ئەو کەمو کوڕیە دینی‌یانەش ، کە تیای‌دا بەدیی دەکرێن ئەمـانەن :ـ

نەبوونی سروود ، دەربارەی ڕۆژی قیامەت ، یاخود دەربارەی قەبرو لێ‌پرسینەوە ، تەلقین دادانی مردوو ، ناونانی مناڵ ، ژن مارەبڕین، خەیرو خەیرات کردن ، نیەتهێنانی ڕۆژوو گرتن ئەمانەی تیادا بڵاو نەکراوەنەتەوە •

هەروەها نەبوونی پەخشانی دینی ، کە وەك سەرگوزەشتەورازی دینی ، چیرۆکو بەسەرهاتی پیاوی دینی گەورەمان بۆ دەگێڕنەوە •

**٢ ـ سرووودی دینی یارسان(١١) •**

دوو نوسخەم لایە ، یەکێکیان چاپەو ئەوی دیکەیان وێنەی ئەوەو وەك بەراووردم کردن چە جیاوازی‌یەکم لە نێوان‌دا بەدیی نەکرد •

نووسەرەکەی ، ماشاللەسوری ، یاخود وەك خۆی دەڵێ ، وەرـ گێڕەکەی ، ناوی ئەو سەرچاوانەی نەهێناوە کە لێیەوە وەری گرتوون‌و وەری گێڕاون • پەخشانەکان‌و سروودەکانی بە دوو جۆرە نووسینەوە بەردەمی خستوون ، بەلاتینی‌و بە نووسینی ئەلفـوبێ‌ی عارەبی • ئەوجا نازانرێ کامیان ترانسلیزەیشنی کامیـانە ، یاخود کامیان بنەڕەتی‌یەکەیە •

وەك وێنە ، وێنـەی دوولاپەڕەی نیشان داوە ، کە بە ڕێنووسی شکستە نووسراون ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە هەندێ وتەو

بەخشان هەن زادەی بیری خۆیەتی ، چونکە جگە لەوانەی کە وەری گیراون ، وەك کورتەیێ ، خەستەی هەندێ شتی بەدەستەوە داوە کە زوربەی وەخت لە چەند خاڵێك لەگەڵ بنەڕەتەکەدا یەك نی یە • ئەمە جگە لە هەندێ بیروڕای زیادەو بێگانە ، کە زۆر دوور نی یە بیبەستێ بەو تێکستانەوە •

نووسەر (وەرگێڕەر - وەك خۆی دەڵێ) ، هەوڵو تەقالایەکی سوود بەخشیداوەو بەرهەمێکی باشی بەردەم خستووە ، ئەگەر هاتو ئێمە چاوپۆشیمان لە هەندێ کەمو کوڕی کرد ، بۆ وێنە ، کە وەك ناونەهێنانی ئەو سەرچاوانەی کە سوودی لێوە وەرگرتوون ، چونکە ئەمە بێگومان جۆرە ماف‌خواردنێکەو دوور کەوتنەوەشە لەدەستپاکی تەواوو شتی وەهاش هەرگیز دەستی بۆ بەسنگەوە ناگیرێو بگرە لووتەلایش بەرپا دەکا •

لە نێوان ئەم دوو بەرهەمەدا ، کە کتێبی دینی پیرۆزن ( واتە : سرروودی دینی یارسان)و (دەفتەری رموزی یارستان) ، جیاوازیی بەدیی دەکرێ •

بۆوێنە لە زۆر وشەدا ، جیاوازیی لە نێوان سرروودی ژمارە(٣)دا (سرووری دینی یارسان ، ل ١٠٣-١١٢ - ماشاللەسوری)و هەر هەمان سرروود لە بەرهەمی (دەفتەری رمووزی یارستان - سەیدقاسمی ئەفضەلی)دا هەیەو ئەمەش بەلای منەوە ئەوە دەگەیەنێ ، کە :-

١ - لەوانەیە هەریەکە جۆرە دەفتەرێکی لابێو لەوانەشە نووسەریان (هەردووکیان) نە یەکێ بێو نە لەبەر نوسخەیەکیشەوە نووسرابنەوە • ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو ، لەوە دەکا کە هەردووکیان لەو رووەوە ورد نەبوون •

٢ ـ یاخود هی نەتوانینی ساغکردنەوەی ڕێنووسەکە بووە .

٣ ـ هیچ یەکێ لەوانە ـ بەرهەمەکەیان ـ ئەوەیان پێوە دیاریی نادا کە گەڕابن بە دوای سەرچاوەی ترداو تەنها بەوەی کە لەبەر دەستیاندا بووە ، ئارامیان گرتووە .

٤ ـ نووسەر (یاخود ـ وەرگێڕە ـ ماشاللەسوری) هـەڵەی زۆر زەقـی کردووە کەهەرگیز ناشارێنەوە،گرنگترینیان ئەوانەن،کە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان تێکستی لاتینیەکەداو ئەوی شکستە ـ کـەدا ، ئەوجا نازانم کامی دەستکاری خۆیەتی ، هەر مەگـەر خۆی ئـەم نهێنی‌یە ئاشکرا بـکا .

بەکورتی‌و ڕۆشنی دەتوانین ، بڵێین کـە هەردوولایان ، چـە (کۆکەرە)و چـە (وەرگێڕەر) دەستکاریی‌یەکی زۆریان کردووە ، بەڵام ئەم دەستکاری‌یانە ئەگەر زۆر کاریگەربن ، تەنها لەزمانناسی‌دا کاریگەرن، ئەگینا بۆ پشکنەرەکانی دیکە ، لە سوودبەختی خۆیان نەکەوتوون .

لێـــرەدا ، بە وەرگرتەیەکی بچکۆلە ، وێنە بۆ ئـــەو جـۆرە دەستـکاری‌یەی وەرگێڕەری سـرووودی دینی‌یارسان ـ (ماشاللەسوری) دەهێنینەوە ، بۆ ئەوەی خوێنەر لێی ئاگاداربێ .

لەم سرووودی خۆشتنەدا ، ماشاللەسوری ، بە دوو جۆر سرووودەکەی نووسیوەتەوە ، جۆرێکیان (شکستە)یەو ئەوەی تریشیان (بەپیتی‌لاتینی) . ئەوجا ئەوەیان نهێنی‌یە کـە نازانرێ کامیـــان بنەڕەتەکەیە (لەســەر چاوەکەدا)و کامیـــان (ترانسلیترەیشنە) . لە لاتینیەکـــەدا ، زوربەی دەنگەکانی (وە) ، (ڤە)یەو زوربەی وەختیش دەنگی (و) ، بووە بە (ڤ) .

ئەمەش ئەوسرووودی خۆشوشتنەیە (بەلاتینی)

1 - Va notqè Mirdan, xearqay nur nawar

2 - Awem tasaran Qeblam Perdivar

3 - Va jame Ebrahim aynay jehan bin

4 - Va eqraré sart, sah Benyamin

5 - Va raday Daved rahnemay rabbar

6 - Va notqé nafos Musi qalamdzr

7 - Va abè Razbar xatuné mahsar

8 - Pak'o taber bum za pata va sar

هەڵە رێنووسی‌یەکانی ئەم سروودە بەلاتینی ، کە لەوە دەکەن هـی چاپی بن ئەمانەن :ـ

١ ـ لە دێڕی (٦) شەشەمدا ، لە جیاتی ئەوەی بنووسێ (qalamzar) نووسیویەتی (qalamdzi) .

٢ ـ لە دێڕی (٨) مدا ، لە جیاتی دوو وشەی (ta) + (pa) بەیەك وشە نووسیونی‌و بەم جۆرە (pata) .

٣ ـ هەرچی (وە) هەیە بە دەنـگی ( ڤە = Va) نووسیویەتی‌و ئەوجا نازانم ، لاتینی‌یەکە بنەڕەتی سەرچاوەکەیەتی یاخود هـەر بەخۆی ئەم لاتینیەی داناوە :

ئەمەی خوارەوە ترانسلیترەیشنی ئەو لاتینیەیە (بۆ بەراوورد) : ،

١ ـ ڤە نوطقی مەردان خەرقەی نوور نەوەر
٢ ـ ئاویم تەشارەن قیبلەم پەردیڤەر
٣ ـ ڤە جامی ئیبراهیم ئاینەی جیهانبین
٤ ـ ڤە ئیقراری شەرت شاه بنیامین

٥ ـ ڤە ڕەدای داڤید ڕەهنمای ڕەهبەر
٦ ـ ڤە نوطقی نەفەس مووسی قەلەمدزر (قەڵەمزەڕ)
٧ ـ ڤە ئابی ڕەضبار خاتونی مەحشەر
٨ ـ پاکی طاهیر بووم ژە پاتا ڤەسەر • (پا ، تا ڤەسەر)

**ئەوەی خۆی ئەمەی خوارەوەیە**

١ ـ ونطق میردان خرقەء نورنور
٢ ـ آوم تشارن قبلم پردیور
٣ ـ وجام ابراهیم ائینەء جهان‌بین
٤ ـ واقرار شرط شاە بنیامین
٥ ـ وردای داود رهنمای رهبر
٦ ـ ونطق نفس موسی قلمزر
٧ ـ وآب رضبار خاتون محشر
٨ ـ پاك طاهر بوم ژپاتا وسر

(سروودی دینی یارسان ـ ماشاللەسوری، ل ١٩٥٠) •

شایەنی باسە بوونی ئەم دوو سەرچاوەیە ، بۆ هێنانە دیی ئەم بەرهەمەی کە وا لەبەردەستدا ، زۆر سوودبەخش بوون ، چونکە هەندێ شتی دینی وەها کەلەوەی (سروودی دینی یارسان)دا هەن لە (دەفتەری رموزی یارستان)دا هەر تەنیا وەك (ئیشارە = ئاماژە)یان بۆ کراوەو هەندێ شتی تریش لە دووەمیاندا دەستکەوتوون کە لە یەکەمدا بەرچاو نەکەوتوون و بەو جۆرە •

# بەشی دووەم

**شی کردنەوەی هەندێ زاراوی پێویست :ـ**

کاکەیی ، لە رووی زمانناسی یەوە(١٢). لای هەموو کوردیی زانێک ، واتای (کاك) زانراوەو رۆشنـــە ، بۆ بەکارهێنانی ، لـــە رستەو گفت‌و گۆدا ، چـە جۆرە تەنـگ‌و چەڵەمەیەك ناهێنێتە بەری‌و بیر کردنەوەشی ناوێ .

یەکێکیان ، ئەوەیە ، کەبراوخوشکی گەورەو بچووك هەمیشە وەك رەویەو رەوشتێــکی بەرزی نێو کوردەواریی جۆرە ریزێ لـە یەکتری دەگرن‌و خوشک‌و برای بچووك ، برای گەورەیان بە (کاك)و (کاکـە) بانـگ دەکـەن .

ئەوی دیکەشیان ، ئەوەیە ، وەك نەرێتێکی باوی نێو کوردەواریی ، بۆ مەبەستی ریز لێ گرتن لە خەڵك ، بە یەکێـکی لـە خێزان بەدەر (بێگانە بەخێزان) ، بە تایبـەتی بۆ پیـاو وشەی (کاکە) یاخود لە گـەڵ ناوی‌دا ، لـە کـاتی گفت‌وگۆدا ، بەکار دەهێنرێ .

لـە ئاوێستادا ، وشەیەك بەم رووالەتە ، (واتە : گائاکە ، گەئاکە ، گائەکا) بۆ (ناو)و بۆ (ئاوڵناو)و بۆ (نێر)و بۆ (مێ) بەکار هاتووە ، کـــە واتای (گەورە) ، (مــەزن) ، (چاودێری کەر) ، (سەرۆك) دەدا .

وا ، دیارە ، ئەوەیان کۆتایی بە (ـکە) هاتووە بۆ (کاك) یا (کاکە) بەکـار هاتووە ، ئەوەشیان بە (ـکا) ، بۆ (دادە = دێ‌دێ) بەکار هاتووە . چونـکە لـە ئاوێستادا بە (ئەسپ) دەوترێ (ئەسپە)و بـە (مـــایین)یش دەوترێ (ئەسپا) . وشـەی (دین) کـە زۆرکەس بەعارەبی دەزانێ ، لە ئاوێستادا (مێ)یەو پێی دەوترێ (دینا)و (زەوی) بـە واتای (ارض)یش

(مێ)یەو پێی دەوترێ (بوومی) کە ئەمە جۆرە نیشانەیەکی دیکەی (مێ)یەتی‌یە .

بە شێوەیەکی روونتر ، نیشانەی ، (نێر)و (مێ) لە ئاوێستادا هەن‌و هی (مێ) (ئا = $\bar{A}$ )ی درێژە ، یا (ئی = $\bar{I}$ )ی گیرو درێژو هی نێرینەش هەر تەنیا(ـە)یە ، ئەگەر پێویستی پێی بێ .

دیارە ، لە رووالەتی زمانناسیانەوە ، (ـیی)ی نیسبە چووەتە پاشکۆی وشەی (کاك)ەوەو بووە بە (کاکەیی) ، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەرووالەتی زمانناسی‌یەکەی نی‌یە ، بەڵکو زۆرتر مەبەستمان چۆنیەتی بەرپا بوونەکەیەتی وەك زاراوێکی دینی !

مینۆرسکی دەڵێ یەکێ لە نەرێتە دینی‌یەکانی عەلی‌ئیلاهی ، ئەوەیە کە (ئابرا) یاخود یەکێکی بێگانە بەختێران ، دەکەن بەبرا ، ئەگەر بوو بە ئەهلی‌هەقق ، یاخود یاری‌سان (تەماشای ، ل-٥٧-ی کوردەکان ، بکە ) .

مەبەست ، لەمەدا ، ئەمەیە ، کە پەیرەوی دینی کاکەیی ، وا لەکاکەیی دەکا ، کە هەموو (کاکەیی)یێ بە (برا) بزانێ ، چونکە برای دینی‌یەتی‌و ئەم جۆرە پەیرەوەش لە سەرەتای هەڵدانی دینی ئیسلامی پیرۆزدا لەنێوان (کۆچەران)و (یاریدەدەران)دا ، لە مەدینە ، لە سەر فەرموودەی پێغەمەر (محمد) دروودی خوای لەسەربێ ، بەرپا کراو لە هەمووشتێك‌دا بوون بە براو هاوبەش ، بۆیە زوربەی پشکێنەرانی ئەم جۆرە کارانە ، ئەم پەیرەوە دینی‌یەی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەتی‌یان ، کردووە بە هۆ ، بۆ داهاتنی ئەم زاراوە .

هەندێ تریش ، لایان وایە ، کە زاراوی کاکەیی ، لەو کاتەوە پەیدا بووە ، کە (شێخ‌عیسی)و (شێخ‌مووسی) - لە نووسینەکانی

خۆیاندا ، کۆتایی‌یان بە (ی) (درێژوگیر) هاتووە ، بۆیە دوو نوختەم خستە ژێر (ی)ی (عیسی)و (مووسی)وە ـ دەستیان کردوە ، بە کردنەوەی مزگەوتی بەرزنجەو (رایەڵێ) لە رایەڵەکان کورت بووەو نەگەیشتووە بە ئەمسەرو ئەوسەری دیوارەکەی‌دا بۆیە ، ئەم بەوی وتووە ؛ (کاکە ، رای بکێشە) ئەویش رای کێشاوەو دارەش درێژ بووەو ئەم وشەی (کاکە)یەش بە هۆی ئەو موعجیزەوە ، لەو کاتەوە بەرپا بووە •

هەندێکی دیکەش ، وا دەچێتە بیریانەوە ، کە سوڵتان بووە ، بە یەکێ لە براگەورەکانی خۆی وتووە ـ لەکاتی سەرگرتنی مزگەوتەکەدا ـ کە رایەڵەکە رابکێشێ بۆ ئەوەی بگاتەوە بە ئەمسەرو ئەوسەری دیوارەکەدا ، کاکەیشی رای کێشاوە • بێگومان ئەگەر ئەمە وابێ ، وتەکەم شتەکە بە لای خۆی‌دا رادەکێشێ‌و رێی تێ‌دەچێ •

(عباس العزاوی) وای بۆ دەچێ ، کە زاراوی (کاکەیی) وەك وشەی کوردیی‌و واتابەخشی ، (الأخیە) بۆ جێگای دانراوە ، واتە ، گوایا وشەی (الأخیە) وەرگێڕدراوی وشەی (کاکەیی)یەو ئەمیش (الأخیە) جێگەداری وشەی (الفتوە)یە •

ئەدمۆندز ، زاراوی (کاکەیی) دەبەستێ بە رازی ئەفسانەیی دروستکردنی مزگەوتی بەرزنجەوەو درێژ کردنی رایەڵە کورتەکەی •

لای هەندێ تریش وایە ، کە تەنها وەچە زای (شێخ‌عیسی) کاکەیی‌یان پێ دەوترێ‌و ئەو کاکەیی‌یانەش کە وەچەی ئەوان نین ، داودیان پێ دەوترێ •

ئەوەی کە دەبێ بوترێ ، ئەوەیە ، کە زوربەی رایەکان لەگەڵ ئەوەدان ، کە زاراوی (کاکەیی) بە هۆی ئەو رازە ئەفسانەیی‌یەوە

داگەوتووە ، منیش بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا نیم ، چونکە بڕوام بە ئەفسانەی وەها نی‌یەو ئەگەر ـ بابڵێین ـ باوەڕیشم پێی هەبێ ، دەبێ ئەو وەختەو بەو پێیە بە هەموو وەچە زاکانی (شێخ‌عیسیی)و (شێخ‌مووسیی) ، یاخود هیچ نەبێ بەوانەی (شێخ‌عیسیی) بوترێ (کاکەیی) کە ئەمەش زۆر دوورە چە لە ڕاستی‌یەوەو چە لە واقعیشەوە •

بە لای منەوە زاراوی (کاکەیی) پەیوەندی بە هۆیەکی (دینی) بەهێزەوە هەیە ، تایبەتیشە بە ناوچەیەك یا چەند ناوچەیەكو زۆر فراوانیش نی‌یە هەروەك (ناوی عەلی ئیلاهی) یاخود وەك ( ئەهلی هەقق ) کە بە فراوانی ناوی هەموو تایفە دینی‌یەکە دەگرێتەوە ، بە تەواوی بە پێچەوانەی زاراوی (کاکەیی)یەوە کە هەر تەنیا لە (کوردستانی‌عیراق)دا بە زۆری باوە ، بەڵگەشم بۆ ئەمە بریتی‌یە لە :ـ

١ ـ شاه خۆشین ، بەپێتی پەیڕەوی دینی (ئەهلی هەقق)و نێو سروودەکانی دەفتەری شاهخۆشێن ، لەوەوپێش دوونی (مەولاعەلی) بووەو لە دەورەی دەرکەوتنی خوایی‌دا (بۆ دووەم‌جار) بە ناوی شاه خوشێن‌ـەوە دێتە دنیاوە • یەکێك بە ناوی (کاکەرەیا)وە لە ناوچەی شندروێ‌دا پێشوازی هاتنی (لە دایکبوون)دەکاو بێگومان ، هاتنی ئەم بەسەرەتای پەیدابوونی (ئەهلی‌هەقق)و ئاشکرا بوونی دەژمێردرێ ـ ( ئەگەرچی ، لەسەردەمی سوڵتان‌دا دینی ئەهلی هەقق ئاشکرا دەبێ ) ـ بە ڕای من ، ئەمە زۆر نزیکە بۆ ئەوەی ئەوانەی پەیڕەوی ئەم دینە دەکەن ، ناویان بنرێ (کاکەیی) ، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان ئەمە ناوچەی پێشوازی کردنەو هەر لەکۆنەوە مەرکەزی دینی‌یە (مەبەست شندورێ‌و هاوارە)و لەو کاتەوە ، کە سوڵتان دینی ئەهلی هەقق ـی ئاشکرا کردووە •

ئەم وەرگرتەیەش ، ئەو هاتنی شاهـخۆشێن ـمان بۆ دەر دەخـا ، کە چۆن چڵ ساڵێ لەوەوپێش تر ئەو دوونی حەزرەتی (مەولاعەلی) بووەو وا ئێستەش بە ناوی شاهـخۆشین ـەوە بۆ دنیا دێتەوە(١٢) •

« غولامان ئیقرار ، ••••••••

وەعدەی ظهوورەن ، بەیان وەئیقرار

نە رۆزی نەزەل بیای ساجی نار

ئی کام وەعدەم دان نە پەردیوەرشار

من جە تەریقەت ئاوم بی زەلاڵ

وە نامی خۆشێن ئامام وە رووی کار

دوو ویست ساڵ نەیوەر نە دوونی مەولام

ئامام وە بیساط وەشیرین کەلام »

ئـــەم وەرگرتەیەش ، دیمەنی (کاکەرەیا)مان پیشان دەدا ، کـــە ئامادەی پێشوازی کردنی شاهـ خۆشێن بووەو بەڵام بە رێککەوت چـاوی بە (خاتوجەلالێ) دایکی شاهـ خۆشێن (لە ملەی شندرویێدا) (یان شانو ملەیێ لەو جۆرەو بەو نزیکانە ) کەوتووە ، کە ئا لەو چەمو دۆڵەدا بـە شین‌وزاری تار کراوە •

کاکە رەیا مەرەمۆ :ـ

« جە ملەگاهێ ، سەرەم بەرد ئەو دیار

دیم گەورە کناچێ مەنەن جە هەوار

چەمش یەکێوەن ئەسرینش هەزار

بارش خالقەن ، گاو نەمیرو بار »

ئەم وەرگرتەیەش ، واتەی (خاتووجەلالێ)ی تێدایەو باسی زوڵم لێ کراوی خۆی دەکا •

جەلالێ مەرەمۆ :ـ

**کاکە رەیا ، سوارێ دانا**
**یە حوکمێ ئاما چی هەفت ئاسمانا**
**کاکا ، تۆ غەلەتت وات ، غەلەتت وانا**
**خەڵـکی لورستان بە زۆڵش زانا**

کاکەرەیا ، وەڵامی خاتو جەلالێ دەداتەوەو دەڵێ :

« ئەمامەی تۆ زوڵ نی‌یەن بە زۆڵش مەزانا
ساحیب هەفت تەوەق زەمین هەفت ئاسمانا
ئێمەی کەرد و میهمان یانەی میرزا ئامانا »

شاە خۆشین ، خۆی دێتەوە دەنگ‌و دەفەرمێ :ـ

**من یەزدانی‌یان یەزدان هیچ کەس نەزانا**
**ساحیب دڵدڵو زوڵفەققار شیری غوڕانا**
**وە مەرگەو جەلالێنا وێمانێ ئامانا**

(ل ـ٤ـ دەفتەری شاەخۆشین)

هـەر لە هەمان دەفتەرداو لـە جێـگایەکی ترەوە ، شاە خۆشێن دەفەرمێ :

**مام جەلالێ کاکام رەنگینە**
**دوون وە دوون ئامام چینە وە چینە**
**هەرکەس خوای بە هەقق بشناسۆ مەوۆ پاك بەو گینە**
**شاهسوار مەککەینان شاهی مەدینە .**

**(ل ـ٥)**

٢ ـ لە دەورەی (سوڵتان سەهاك)ی پەردیوەری‌دا ، سوڵتان خۆی لە حەوت کوڕەکەی خۆی حەوتەوانەی خۆی پێك دەهێنێ‌و گەورەی هەمووشیان کە (سەیدمحەمەدی گەورەسوار)ە دەبێ بە سەرۆکی حەوتەوانەکەو ئەم حەوتەوانەشە ، لە هەموو روویەکەوەو بە هەموو رووالەت‌و لێهاتنیکەوە جێگەداری (سوڵتان)ن • وەختێ کە سوڵتان فەرمان دەدا ، بەوەی کە دەستگیری یەکتری بن ، ئەوانیش دەستبەجێ فەرمانی سوڵتان دەهێننە دی‌و دوو دوو ، دەستگیری یەکتری دەبن‌و ئەمیان بەویان دەڵێ (کاکە)و ئەوەی گەورە (سەید)کانی (یارسان)یش لەوانەو بە میراتیش خەلیفەیی‌یان بۆ دێتە خوارەوەو دەکەوێتە دەستیانەوەو ، هەمیشە ئەمانە بە(سەید) یاخود (گەورە)ی ئەهلی هەقق ناو دەبرێن‌و پەیڕەوی کەری ئەم دینەش بە سەیدو ناسەیدەوە بە ئەهلی هەقق ناو دەبرێن •

کەوابوو ، لە کوردەواری‌دا ، بە تایبەتی لەو ناوچانەدا کە ئەهلی هەقق‌ـیان تیادا پەیدابووەو تیایدایە ، (کاکە) لە بری (گەورە) یاخود (سەید)ی عارەبی بڕ بە پێستی‌یەتی ، ئەگەر زانیمان (کاکە)ی هەموو حەوتەوانە ، کوڕەگەورەی سوڵتانەو بەو پێیە دەبێ دینی (کاکەیی) لەوەوە هاتبێتە خوارەوە •

ئەم وەرگرتانەی خوارەوە ، دیمەنی دەستگیری کردنمان بۆ دەردەخەن‌و کە چۆن دووان‌دووان دەستگیری یەکتری دەبن‌و وشەی (کاکە) وەك زاراوێکی بنەڕەتی دینەکە بەکار دەهێنن :

میرمەرەمۆ :

**زاتمەن شیفا ، ••••••**
**کاکا نە ئەزەل ، زاتمەت شیفا**
**چا دیوان وەدەر ئەوشەرت‌و صەفا**
**دەستگیرو شەرتمەن ، زات سەید مستەفا**

سەید مستەفا مەرەمۆ :

**زاتمەن بێ هەد ، .....**
**کاکا نە ئەزەڵ ، زاتمەن بێ هەد**
**نە ژێر ساجی نار ، دیوان واحید**
**دەستگیروشەرتمەن زات سەیدمحەمەد**

سەید محەمەد مەرەمۆ :

**زات گۆی وەفا ، ......**
**کاکا نە ئەزەڵ ، زات گۆی وەفا**
**چا دیوانەوە ، وێم شەرتم یاوا**
**دەستگیرو شەرتمەن خان ئەحمەد باوا**

سەید عەبدولوەفا مەرەمۆ :ـ

**زاتمەن ئەحەد ، ......**
**کاکا نە ئەزەڵ ، زاتمەن ئەحەد**
**چا لەوحو سەدەف دیوان وە بێ حەد**
**دەستگیر شەرتمەن ، زات سەیدمحەمەد**

سەید شاهبەدین مەرەمۆ :ـ

**نوورمان پۆشا ، .....**
**کاکا نە ئەزەڵ ، نوورمان پۆشا**
**چا لەوحو تەحقیق شەرتمان نۆشا**
**دەستگیر شەرتمەن ، سەید حەبیبشاه**

سەید حەبیب شاه مەرەمۆ :ـ

**نوورمان رەنگین ، ......**
**چا لەوحو یاقووت ، جیسم وە ئەزەڵ چین**
**دەستگیرو شەرتمەن سەید شاهبەدین**

سەید باوەیسی مەرەمۆ :ـ

**زاتمەن دەستگیر ، .....**
**نە ژێر حەجەرسم دیوانو تەگبیر**
**دەستگیر شەرتمەن ، سەید ئەحمەدلیر**

(کەلامی پەردیوەری ، دەفتەری غوڵامان ، ل-٢٦) .

٣ ـ ئەگـەر کوڕەگەورەی سوڵتان (سەید محەمەدی گەورەسوار) سەرۆکی حەوتەوانەیەو جێگری سوڵتانە لە هەموو روویەکەوەو وەچـەی خانەدانانی ئەهلی هەقق ، لەوەوە راستەوراست دێتە خوارەوە ، دەبێ ئەو دینـە دینی کاکەیی بەسەردا بسەپێ ، چونکە (کاکە)ی شەش کوڕەکەی ترەو کاکـەی سەرپاکی ئەهلی ـ هەقق ـیشە ، ـ هەروەها دەشبێ پێـــان بوترێ (گەوران) چونکە (گەورە)یان (گەورەی هەموویانەو گـــەورە سواریشە) ـ بە تایبەتی ئەگـەر زانیمان حەوت کوڕە ، هەر یەکـەیان بەوی تریان ، ئەگـەر گـەورەتر بێ یاخـــود ئەگـەر بچـــووکتر ، کاکـــە دەڵێ •

شـایەنی باسـە ، سوڵتان خـــۆی بە هاوینان لە چادرگـــە لـــە شندرویێو هـاوار هاوینی بەسـەر دەبردو ناوچـەکانیش ، پەردیوەرو شێخانو شندروێ ناوچـەی هەورامـانی (لهۆن)ن ـ (نەك (لهۆم) وەك محەمەدئەمین زەکی‌بەگ وا ناوی هێناوە) ـ کە ئەمە زیاتر ئەوەمـان بۆ روون دەکاتەوە ، کـە بۆ بە (ئەهلی هەقق)ی ناوچەی هەورامانی لهۆن (کاکەیی) دەوترێ ! بۆ بەوانەی جێگایانی‌تر (فیرقەی ئەهلی هەقق) یاخود (یاری‌سان) دەوترێ •

٤ ـ بۆشی هـەیە هەیە کـە واتای (کاکەیی) لەوەو هاتبێ ، کـــە هەرکـــەسێ بچێتـــە ژێر ئالای (دینی ئەهلی هەقق)ەوە بێ بە (یار)بە (دۆست) بـە (برا)ی (سان = سوڵتان)و پێی بوترێ (کاکـە) ، چونـکە (عابدینی‌جاف) کـە خەڵـکی سازان بووەو سوننی بووە ، وەختێ کـــە دەبیسێ سوڵتان هاتووەتە دنیـاوە ، کەمەنگیری دەبێو دەچێ بۆ پەردیوەر بۆ لایو لەوێ دەبێ بـە یاری‌سـان • سەرپاکی غولامانی سوڵتانیش ، عابدینی جاف یە(کاکعەبدینە) بانگ دەکەنو ئەمیش ئەوان بە (کـــاك)

بانگ دەکاو هەروەها وشەی(کاك) بە رووالەتو بە واتاو بە دەنگەوە پایەیەکی دینی پیرۆزی هەیە •

جارێ ئەم وەرگرتەیە ، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە عابدینی جاف (عابدین باش چاوش) خەڵکی ناوچەی سازانە ، ئەوجا نازانم ئەو(سازانە) ئەو وەختە هەر لە جێگای ئەم سازانەی ئێستادا بووە یام نە •

عەبدین مەرەمۆ :ـ

**داودم تونی ، دەلیلو پیرینم**
**ئەمجار سارێش بوو زۆخو برینم**
**ئەوەڵو ئاخر شاهی دێرینم**
**هاتگم بۆ بەزم جەمی سوڵتانی**
**کەمتەرین کەم ، بەو غوڵامانی**
**دەرچووم لە ناو قەومی سازانی**

**(دەفتەری عابدین ، ل-٧٠)**

ئەم وەرگرتانەش دیمەنی گفتو گۆی نێوان عابدینو یەکێ لە غوڵامانمان بۆ دەردەخا ، لەگەڵ ئاڵو گۆڕ گردنی وشەی **(کاکا)**- لەگەڵ یەکری‌دا •

ئەحمەد مەرەمۆ :ـ

**کاکە عابدین بە کەماڵت**
**سەد دەفعە دەوێژم (انی) بە کەماڵت**
**رۆشن بوو جەماڵم ، بە شەوقی جەماڵت**
**سەد شوکرانە بە شاه بێ تۆیو نیا بەریی**
**خۆش بی بە حاڵم ، شاد بووم بە حاڵت**
سەد شوکرانە بە شاه بێ تۆیو نیا بەریی
خۆش بی بە حاڵم ، شاد بووم بە حاڵت •

عابدین مەرەمۆ :

**کاکە منیش گەی دەروونم بە فەلاقە هەش بوو**
**هەر گوڵی تۆم بە خودا لە دەروون‌دا گەش بوو**

( دەفتەری عابدینی جاف ، ل-**٧٧** )

**گۆران :**

گۆران وەك زاراو • وشـەی (گۆران) وەك (زاراو) ، ناوێـــکە ، کە ناوچـەیەك پێیەوە ناوبانگی دەرکردووە • ئەم ناوچەیەش ـ (هەروەك پشکێنەرەکان وای بێ دەڵێن) ـ ناوچەکـــانی دەرتەنگ بـە درێژایی تا دەگـاتە ناوچـەی کرماشان دەگرێتەوە هەروەها وەك (ناو) بە چـــەند هۆزێـکی کورد دەڵێن ، یاخود بە هۆزەکـانی (سنجـاوی ، قەڵخـانی ، تفەنگچی ، گۆران ) دەوترێ عەشایری گۆران ، جگە لەوەش هـــەر بەناوی (گۆران)ەوە ، (دێ)یێ لە دێهاتەکانی ئەو ناوچـانە ناو دەبرێو خەڵـکەشی گۆرانیان پێ دەڵێن •

بـە شێوەیەکی روونتر ، ئـەو ناوچانەی کـە ئەمبەرو ئەوبەری رێـگای گشتیی نێـوان خـانەقینو کرماشان دەگرنەوە ، پێیان دەوترێ ناوچەکانی گۆرانو بە خەڵـکەکەشی دەوترێ عەشرەتی گۆرانو بـــە زمانەکەشیان کـە نزیکەی سێ‌چوارشێوەزار دەگرێتـەوە پێی دەوترێ زمـانی گۆرانی یاخود زمانی گۆران •

**چی دەربارەی (گۆران)ەوە نووسراوە :**

بە ناو ونیشانی (گۆران)ەوە مینورسکی لە بڵاوکراوەی زانستگەدەی ئەفەریقیـاو رۆژهەڵاتناسیدا ، وتارێـکی بڵاو کردووەتـەوەو (دەناجی عـــەبباس)ـیش ئـەو وتارەی لـە گـــەلاوێژی ژمـــارە(٥)ی ساڵی (٥)مدا ، کردووە بە کوردییو بە چەند زنجیرەیێ بڵاو بووەتەوە •

مینۆرســـکی ، لــە پێشەکی (سەرەتا) وتارەکەیدا ، (واتـــە)و (لێکدانەوە)ی جۆراو جـۆری نووسەرانی (عارەب)و (بێگانە) دەربارەی زاراوی (گۆران)ەوە دەهێنێتەوەو بە (ناکوردیان) دادەنێو ناوچەشیان بۆ دیاریی دەکا ، ئەوجا بە خیاڵو بە بێ هۆی بڕوا پێ کراو چـــەند ناوو

زاراوێکی ناگۆران دەکا بە گۆرانو چەند ناوو ڕووداوێکی زۆر دوور نزیکیان دەکاتەوەو دەیانباتە ناوچەکانی ئەمبەرو ئەوبەری ڕۆخانە (سیروانی لای هەجیج)و دایان دەنێو دەیانکا بە ناوچەو ڕووداوی گۆرانی •

ئێمە لێرەدا ، ماوەی ئەوەمان نی یە ، سەرپاکی وتارەکەی تۆمار بکەین ، چونکە باسەکەمان بۆ شتی وەها تەرخان نەکراوە ، هەروەك ئەمە لای خوێنەر ئاشکرایە • جا لەبەر ئەوە ناوبەناو وەرگرتەی لێ دەهێنینەوەو لەسەری دەدوێینو ئەوەشی دەیەوێ زۆرتر دەربارەی شتیوەهاوە (ئەوەی مینۆرسکی نووسیویەتی) بزانێ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ گەلاوێژی سالی دیاری کراو •

بەهەر حاڵ مینۆرسکی دەرگای باسەکەی بەم جۆرە دەکاتەوەو دەڵێ ؛ ( نەتەوەیەکی (ناکورد) کەلە خوارووی ڕۆژهەلاتی سنووری کوردەکانەوە (واتە : ئەمبەرو ئەوبەری روباری سیروانو بە درێژایی ڕێگای گشتیی نێوان بەغدادو کرماشان) دەژین ، بە زمانێکی ناکوردیی قسە دەکەنو بۆ ئاسانی باسەکە لەمەولا ناویان دەنێین (گۆران) • جگە لە گۆرانی ئەسلی کە لە هەورامانی (تەخت)و هەورامانی (لهۆن)دا دەژین دوو جێگای تریش هەن کە بە شێوەی گۆران قسەدەکەن ئەوانیش (باوە)و (کەندۆڵە)ن • شێوەی قسەکردنی (زازا) ، ( لە ناوچەی دەرسیم) باجەلانیو عەشرەتەکانی ناوچەی زەهاوبەرەش هەر بەهەمان زمان گفتو گۆ دەکەن ) •

مینۆرسکی ، ئەوەی جوگرافیازانی یۆنانی (سترابون) ، بە وێنە دەهێنێتەوە ، کە دەڵێ : «نەتەوەی (سەرپارەیی) ، لەولای ئەرمەنستانەوە نزیك لە (کوورانەکانو ماددەکان)ەوە دەژیان» • ئەگەرچی مینۆرسکی ،

ناوی جۆری سەرچاوەکە ئاباو لابەڕەشی دیاریی ناکا ، بەڵام بەبێ سێو دوو ئەم (کووران) یاخود (کوردوان)ـنە ، بە (گۆران)یان دادەنێ ، چونکە جێگاکەیان کەوتووەتە نێوان مادەکان ئەرمەنستانەوە •

ئەوەی کە دەبێ بووترێ ئەمەیە :ـ

یەکەم : مادەکان ، ئەو وەختە وەك خاوەن دەوڵەت ، دەوڵەتیان نەبووە ، ئەگەر وەك هۆزو تیرە هەبووبن‌و هەر بە کۆمەڵی مابنەوە ، ئەوە ڕێی تێ دەچێ • هەروەهاش دەبێ بڕوامان بەوە هەبێ کە سەرکردەی دەوڵەتی ، (ماد) هۆزی (ماد) بوون ، بۆیە بەو جۆرە ناوبراوە دووەم ، ئەو (کوورانانە) ، بۆ دەبێ لە (کوردوانە)کان وە نزیکتر نەبن ، ئەگەر زانیمان ئەمانە لە نێوڕاستی دەسەڵاتی هەخەمانشیدا ( واتە : دەوربەری (٤٠١ی پێش زایین)دا ، لە ناوچەکانی (بەتلیس) تا (دیاریەکر)دا نیشتەجێ بووبوون‌و بە وەچەی نوێی ماددەکان دەژمێررێن کە باوباپیری کوردەکانی ئەمڕون • (مردوخ/ج/١ ل ـ٢٧) •

سێیەم : ئەو ناوچەیە ، کە (سترابون)باسی دەکا ، ناوچەی هەورامان ناگرێتەوە ، وەك مینۆرسکی وا دەچێ بە بیریەوە ، کە ئەو ناوچەیە ناوچەی گۆرانەکانی ئەمڕۆیە (بە لای مینۆرسکی‌یەوە هەورامانی تەخت‌و هەورامانی‌لهۆن ، ناوچەی گۆرانی ئەسڵە) •

ئەوجا ، دێتە سەر وتەی حەمزەی ئەسفەهانی ، کە دەڵێ : ( فارسەکان بە دانیشتوانی ناوچەی طەبەرستان ـ (کە زۆر فراوانەو پێك هاتووە لە ناوچەی جۆر بەجۆر) ـ بەوانەی دەیلەم ـ یان ، دەوت کوردی دەیلەم‌و بە دانیشتوانی سورستان (عراق)یان ، دەوت کوردی عیراق) •

ئێمە هەر لەو وێنەیە ، وتەی عارەبەکان دەهێنینەوە ، کە بەبێ زیادوکەم چەندی بەلای ڕاستی‌دا دەچێ ئەمیش هەر ئەوەندەی بەلای ڕاستی‌دا دەچێ بۆ وێنە عەرەبەکانی عیراق ، بە ناعەرەب دەڵێن عەجەم (اعجمی) بێگومان ئەمە وەك قسەیەکی بازڕای ، بە واتای (فارس) دەچێتە بیرەوە • عەرەبەکانی (لیبیا)و (تونس)و (جەزائیر) بە (ناعەرەب) دەڵێن (ڕۆم) • (میسریەکان)و (سعودیەکان) ، بە (ناعەرەب) دێژن (خواجە) • کەوابوو وتەی وەها لەوەوە دوورە کە پەنای بۆ ببرێ ، چونکە دوورە لە ڕاستی‌یەوە •

پاشان وشەی (جابرقە) ، کە مەسعوودی لەباسی عەشایرەکانی کورددا دەیهێنێتەوە ، دەگرێ بە دەستیەوەو هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ، لەوکاتەش‌دا هەر (گۆران) هەبووە ، دەیەوێ بگۆڕی بە (گۆران) •

بیروڕامان ، دەربارەی ئەمە بیروڕایەی مینۆرسکی لەبابەت ئەم وشەوە ، بەم‌جۆرەیە :

یەکەم • ئەگەر سترابون وشەی (کووران)ی وەك ناوی هۆز بەکارهێنابێ ، بۆچی دەبێ بگۆڕی بە (جابرقە) ئەگەر زانیمان ئەم وشەیە قورستر بووە نەك سووکترو سروشتی زمانیش بەرەو سووکی دەڕوا نەك بەرەو قورسی •

دووەم : ماوەکەیان زۆر دوورو درێژە (ماوەی نێوان وتەی (سترابۆن)و هی حەمزەی ئەسفەهانی ، ئەگەر وامان دانا کە (جابرقە) (گۆران) بێ •

سێیەم • هۆزە کوردەکان ،هەر لە دێرین زەمانەوەو بە تایبەتی ئەوانەیان کە بە بەرهەمی مەڕومالاَت ژیاون ، هەمیشە هەر بە دوای لەوەڕو مێرگ‌و سەوزایی‌و کانیاودا گەڕاون ، تاوەکو بەباشی گەلەوگۆ

سفەندەکەیان بژیەنن ، بە هۆیانەوە ئەمانیش بە باشی بژین •

ئەم هۆزانە ، لـە جێگایەکەوە ، بۆ جێگایەکیترو لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە ، ئەوەی کـە هەیانبووە گوێزاویانەتەوە بێگومـان بۆگوێزانەوەی کەلوپەلیان ، پێویستی‌یان بە ولاخی گوێزانەوەی زۆر بووە ، جا بۆ ئەوەی دوو سـەرە سوود لێوەرگرتن ، (گا)یان بەکـار هێناوە ، هـەم بۆ گوێزاندنەوەی کەلوپەلو هـەم بۆ شیرو دۆوکەرێو گۆشتو شتیتر ، جگە لەوەی کە بەخێوکردنی (گا)[٤١] پەسەندکردنی وەك سـەروەتو سامان باوی نێو کوردەواریی‌یەو زۆر کردنیشی پیرۆزە ، بە تایبەتی بۆ شیری ، چونکە زەردەشت خۆی بە شیری مانـگا پەروەردە بووە •

جا ، وشەی (جابرقە) لـە بنەڕەتدا کوردیی پەتی‌یە ، ئەگەر واز لـە رووالەتە عارەبی‌یەکەی بهێنین‌و بیبەینەوە سەر ئاوازە بنەڕەتی‌یەکەی دەبێ (گابارکە)بێو ئەمیش کورت کراوەی (گاوبارکەر) بێ ، ئەگینـا هیچی‌تر نی‌یەو بەلای زاراوی (گۆران)یش‌دا ، هەر ناڕوا ، ئەگـەر مینۆرسکی نیازی ئەوەی نەبێ کـە (جابرقە) بە زۆر بە (گۆران) بـکا ، ئەی دەبێ چی‌بـکا بـە (گـەهوارە) بۆ ئەوەی وەك ناوچـەیێ بیباتەوە ناوچـەی دەرتەنگ کـە هۆزی گۆرانی لێیە •

شـایەنی باسـە (ئیبن‌فەقیە) جوگرافیازانی عارەب لەگەڵ ئێمە دایە کـە دەڵێ (جابرقە)کان لە مەملەحـــەوە خوێیان بۆ ولاتی (جـــەبەل) دەگۆیزایەوە •

دیمەنێکی زۆر سەیرو زۆر پێکەنیناوی ، لەلایەن مینورسکی‌یەوە دەخرێتـە روو ، وەختێ کـــە رووباری (سفیدروود) لـەلای ژووری کوردستانەوە ، دەهێنێ بۆ لای رۆژ ئاوای‌و ناوی دەگۆڕێو دەیـکا بـە

سیروان ، کاتێ کە دەڵێ لام وایە (سفیدروود) (سیروان)ە هەر وەها ئەو شەڕەی کەلە قەڵای (کوسحد)دا رووی داوە دەیەوێ بیهێنێتە قەڵای (هەجیج)و بۆیە بە (کوسحد) دەڵێ ئەمە (کوسەج) ( واتە : کۆسەی هەجیج ) •

لام وایە لای زوربەی کەس ، تەنانەت ئەوانەش جوگرافیا کەم دەزانن ئاشکرایە کە رووباری (سفیدروود) ئەو رووبارەیە کە دەرژێتە دەریای (خەزەر)ەوە ، هەروەها ئەو رووبارە قووڵو تووشەیە کە هاوەڵەکانی زەردەشت بە موعجیزەی زەڕەدەشت لێی پەڕینەوە (تەماشای ؛ بەشی چوارەمی ئەم بەرهەمەو پێوەندی نێوان ئەهلیحەقو دینی زەڕەدەشتی بکە) ، بۆ ئەوەی بەرەو شاری بەڵخ بڕۆن • ئەوجا دەبێ چۆنوچە بیرێ پاڵی بە مینۆرسکییەوە نابێ تاوەکو سفیدروون بکا بە (سیروان) • بێگومان ، بیرێ کە بتوانێ پاڵ بە یەکێکەوە بنێ بۆ ئەوەی واز لە نیشتمانی دایگزادی خۆی بهێنێ (کەوا لە تەنگانەدا)و بڕواو سوودی بۆ وڵاتێکی بێگانەی سەرمایەدار بێ ، هەر ئەو بیرەش توانای ئەوەی دەبێ !!

وشەی (کۆسە) لەزمانی کوردییدا واتای کەمموویو ناتەواوی هەڵکەوتنی تەنی دەدا ، (هەجیج)یش دێیەکی گەورەیەو کەوتۆتە لای نۆدشەوەو سەر رووباری رۆدخانەوە (بەشی ژووروی سیروان) وەرگیز بە (کۆسە) نەوتراوە (کوسج)و (کوسحد)یش هەر لەدەوروبەری رووباری (سفیدروودە)ەوەیە •

ئەوجا ، ئەگەر هەڵەیێ نەبێ ، چی (قەڵای کوسحد)ی لە ژووروی کوردستانەوە بۆ لای خوارووی هێناو کردی بە (کۆسەیهەجیج) !

بە هەرحاڵ لە ناو بەرهەمەکانی مینۆرسکیدا ( ئەوانەیان کە

بەرچـــاوم کەوتن ) ، ناوی دێی ( گۆران )و ( سـۆران )م بەرچاو نەکەوتووە ، لاشم وابێ ناویان بەرگوێی نەکەوتبێ•هەروەها لاشم وایە، کـە ناوی ئەو هۆزە کوردانەشی نەبیستبێ ، ئەوانیش ، بۆ وێنە یەکێ لـە عەشرەتە گەورەکانی سنجاوی (هەق نەزەرخانی) پێ دەوترێ‌و ئەویش دەکرێ بە سێ هۆزی گەورەی وەك (لور ، جاف ، گۆران)ەوە • یاخود دڵنیام لـەوە ، کـە ناوی هۆزی (کوورا)ی لەشەقلاوە نەبیستووە • جگە لەمانەش هۆزی (کوریان) کەلە ناوچـەی نێوان هەولێرو دەهۆکدا دەژین ، (گیوران) لـە ناوچەی (گوور) دەژین‌و (گۆران) لەناوچـە کرماشـان دەژین‌و بوون بە شـەش تیرەوە (تەماشای ، مێژووی مەردوخ بـەرگی یەکەم ، لاپەڕە ـ ٩٦ بکە ، بە درێژی باس سـەرپاکی هۆزە کوردەکان دەکـا ) •

### وشەی گۆران لە رووی زمانناسی‌یەوە :ـ

ئەگـەر بێت‌و وشـەی (گۆران) ، لـە رووی زمانناسی‌یەوە ، لـە سەنـگی مەحاك بدرێ ، بـە دوو رووالەت خـۆی بـە دەستەوە دەدا • یەکێکیان ، وشـەی (گۆران)ە کـە وەك وشـەیەکی (سـەرە)ی یـەك مۆرفیمی‌و بەیەك رووالەت‌و بۆ چـەند شتێ بەکار دێ‌و ئەوانەش ئەوانە بوون کـە لەسـەرەوە بە ناوی هـەندێ ناوەوە روون کرانەوە • شایەنی باسـە ، بەکارهێنانی (گۆران) وەك (ناو) پاش کۆچی دوایی شـاعیری گـەورەی کورد (گۆران) ، پەرەی سـەندو بوو بە باو • دووەمیـان ، وشـەی (گۆران) وەك دوو مۆرفیم ، (واتە : گۆران) پێك هاتووە ، لـە وشەیەکی سەرە کـە (گۆر ، گەبر ، گۆبر ، گوور ، گەورە = گۆرە)و لەگـەڵ پاشبەندی (ـان)ی (کۆ)و کردەوەی مۆرفۆلۆژی‌ـدا ، ئـەم وشانەمان دەست دەکەون :

ـ (گۆڕه) ، که واتای (گەوره) دەدا •

ـ (گۆڕ) ، کـه واتای نائیسلام دەبەخشیٚو له وشەی ( گـەبر ـ گۆبر ـ گۆور )ەوه وەرگیراوەو (کۆ)کانیـان ئەمانەن : (گـەبران = گۆوران = گۆڕان) ، به واتای نائیسلام ، جـگه لەمـەش وتـەی (گاوران)یش بەکار دەهێنرێ ، وشەی (گۆران = گەوران)یش به واتای (مەزن)و (گەوره) دێن •

شایەنی باسـه ، لـه ناوچـەی هەورامان‌دا ، **بۆ دەستکەوتنی واتای** نا ئیسلام (گـەوڕ)و له ناوچەی شارەزووریش‌دا ، وشەی (گۆوڕ)و بۆ دەستکەوتنی هەمـان واتا بەکاردێ • بەڵام هەردووکیان له وشـەی (گەبر)ەوه ئاسان‌کراون ، چونکه گۆڕینی دەنگی (ب) ، چه له ناوەڕاستی وشـەداو چـه لەکۆتایی‌دا بۆ دەنگی (و) ڕێبازی ئاسانکردنی **گۆ کردنی** وشـەیه لـه زمـانی کوردیی‌دا لەم رووشەوه ، وێنەمان زۆرن‌و ئەمـانه هـەندێ نموونەن :ـ

کەباب ، دەبێ به ، کەواو

بابه ، دەبێ به ، باوه

بیبه ، دەبێ به ، بیوه

لایبه ، دەبێ به ، لای‌وه

بیبڕەوه ، دەبێ به ، بیوڕەوه (بیوڕەڕەوه)

لەکاتێك‌دا ، وشـەی (گۆران) وەك ناو بەکار دەهێنین ، **بۆمـان** هەیه (ـی)ی نیسبەی بخەینه سـەرو به هۆیەوه وشەی (گۆران) دەبێ به وشـەی (گۆرانی)و ئەو وەختەش توانامان هـەیه بەم جۆرەو بـەم شێوانه بەکاری بهێنین : یەکـەم ، بۆ واتای خەڵکی ناوچـەی گۆران (یاخود دێـی گۆران) ، دووەم ، بۆ ـەربه هۆزی گۆران‌و سێیەم ،

بۆ دانی واتای زمانێ ، یا شێوە زمانێو چوارەم ، بۆ دەستکەوتنی واتای وشەی (اغنیە)ی عارەبیو (Song) ی ئینگلیزی ، بە تایبەتی لە ناوچەی هەوورامانو شارەزووردا کە تایبەتی یە بە (سیاوچەمانە = سیاجامانە)وە ، کـە نزیکەی هەژدەجۆر ، یا زیاتری هەیە •

ئێمـە ئەگـەر بمانەوێ بە چاو و گوێی هونەرمەندانە تەماشـای گۆرانی (سیاوچەمانە = سیاجامانە) بکەینو گوێی بۆ بگرین ، بێگومان دەبێ بـگەڕەینەوە بۆ بنیبنەڕەتەکـەیو سـەرگوزەشتەی (سیاجامانە) لەبەرەکانی زەردەشتی ، بهێنینەوە یاد • هەرچەندە لێرەدا ، ماوەی ئـەو درێژیەمان نی یە ، بەڵام بە پێویستی دەزانم ، کە بەتاریکی بەسـەریدا نەڕۆینو نەختێ شۆڵەی رۆشنکەرەوەی بخەینە سەر •

بڕگـەی سروودی (گـات)ەکان ، زۆر زۆرنو زوربەی وەخت بڕگەی (دێرەهۆنراوە)یێ لە بیست پتر دەبێو ئەوسـاش ، لەسەر دەمی دینی زەردەدەشتی ــدا (ماگا)کان وەك ئەرکی سەرشانیان دەبوایێ سەرپاکی سرووودی گاتاکانیان لەبەر بوویانێو بە ئاوازەوە بۆ سەرپاکی چینەکانی تری میللەت ، (کۆمەڵگایان) بخوێندبایەتەوە ئەم خوێندنەوەش لەسـەر شێوەی گۆرانیو ئاواز دەبوو ، پیویستیشی بە یەکێکی دەنگخۆشو هەناسە درێژو زیرەك دەبوو •

(ماگاش) جگە لەوەی کە لەبنەڕەتدا ، تیرەیەکی مادی بوون ، لە کۆمەڵـگادا بە پێی بوونی چینایەتی ئەو سەردەمە چینێکی دینی بوون • ئەم چینە دینـەو هـەر چینێکی دیـکەش ، هەر یەکـە جلو بەرگی تایبەتی خۆیانیان هەبوو •

جلو بەرگی (ماگاکان) بریتی بوو لە جلی رەشو لە شێوەی کەوای کورتو شـەرواڵی درێژ لەسـەر شێوەی رانگو چۆخـەی ئێستا بەڵام

چۆخەکەی نەختێ درێژتر دەبوو واش لە بەر دەکرا کە بەسەر شەروالدا نەختێ درێژ دەبوویەوە بۆ ژێر پشتوێن • جامانە ، یاخود مێزەری رەشیان دەبەست بە سەریانداو بۆیە هەندێ جار پێیان وتوون (رەش پۆشاك = رەش پۆش) یاخود (سیاجامانە) •

شایەنی باسە ، لە ناوچەی هەورامان و شارەزووردا ، ئێستەش کە ناوی (گۆرانی) دەبرێ ، واتاو ئاوازی (سیاوچەمانە) دێتەوە سەر پەردەی بیر •

**(گۆرانی) وەك زاراوی نوێ !**

هەندێ لە زمانناسان و گەرۆك و پشکنەرانی بێگانە ، زاراوی (گۆرانی) بۆ دانی واتای (زمانێ) یاخود (کۆمەڵە زارێ) بەکار دەهێنی ، (واتە : کۆمەڵە زاری ، هەورامانی و شەبەکی و باجەلانی و لوڕی و زازایی و کۆمەڵە زاری سنجاوی و قەڵخانی) • هەندێکیش ، تەنیا کۆمەڵە زاری ناوچەکانی دەرەتەنگ و گەهەوارە و زەهاو دەخەنە چوارچێوەی (گۆرانی)یەوە •

زمانناسە کوردەکانیش ، هەروەها زوربەی نووسەرەکانیشمان ، جێیان لەو بارەیەوە بستووە و خوێندووەتەوە دەیڵێنەوە ، بەبێ ئەوەی توانای دۆزینەوەی بەڵگەیەکی بڕوا پێ کراویان ، لەو رووەوە ، هەبێ !

هەندێ پشکنەران ، لایان وایە ، کە کاکەیی یەکان ، یاخود ئەوانەی سەر بەدینی (ئەهلی هەقق)ن ، بە (سەید)و (ناسەید)ەوە ، دوو چینن ، (واتا : چینێ ئەوانەن کە لە نەوەی کوڕەکانی سوڵتانن و وەچە بە وەچە بۆ کوڕاو کوڕیان تا خواری خوارین ، رابەریی و فەرمانڕەوایی دینی و سەیدی یان بۆ دێتە خوارەوە ، ئەوانی تریش ، ئەوانەن کە سەید نین و

لـەو وەچـە زایە نین ، بۆیە لە چینی دووەمن • بەچینی یەکەم دەوترێ (گۆران)و بـە هی دووەمیش دەوترێ (شمشێر ئاوەردە) • (تەماشـای ، لـ١٧٦ی کورد ، تورك ، عەرەبـی ئەدمۆندز ، بکە ) •

بۆیە شێخ عیسیی بەرزنجی گۆرانی) دەبەنەوە ، سەر ئەو هۆیەو ناو بـە ناویش ، چینی دووەم ، بـە (داودی)یان ناو دەبەن‌و بەلاشمەوە وایە ، دێی (داودە) ، لـە ناوچـەی گـەرمیاندا ، هـەر بە ناوەوە ناو نراوە •

هەندێـکی دیـکەش ، وێنەیان وەك (عباس العزاوی) ، وشـەی (گۆران)یان نەك گۆرانی وەك (هۆز)و وەك (ناوچە)و وەك (دێ) بەکار هێناوەو ، کـە دێتـەسەر لێکدانەوەی ، وای لە قەڵەم دەدا ، کە کوردیی نیشتـەجێ (گۆران)یان پێ دەوترێ‌و هـی کۆچـەریش (کورد) • مامۆستا(١٥) عەلائەدین سەجادی‌یش پاڵپشتی ئەم رایەیە •

دەمەگەنزی(١٦) ، (گۆرانی) بە زمانێـکی سـەربەخۆ دەزانێ‌و (کوردی) ئێستاش (کوردیی‌ی ئەدەبی) ، بە وەچە زاری زمـانی فارسی دەزانێ •

مینۆرسکی(١٧) ، لای وایـە ، کـە ئـەم گۆرانی‌یانە عـەشرەتێك بوون‌و لـە دەوروبەری نیوەی دووەمی سـەدەی سیانزەهەمدا ، خۆیان ترنجاندووەتە ناو کوردەکانی شارەزوورەوە ، یاخود جێگەی ئەوانیـان گرتووەتەوە •

ئەدمۆندزیش ، لای وایە ، کـە گۆرانەکان لـە شـارەزووردا ، نیشتەجێ بوون‌و لـەم دواییەدا ، جافەکان (لە پێشەوە جافی مورادی)بۆ ئەوێ کۆچیـان کردووەو ، بەڵگەشی بۆ ئەمـە ئەوەیە ، کە ناوی (جاف)

لە شەرەفنامەدا نەھاتووە ، کـە چی لە پەیمانی (زەھاو)دا ، ناویان ھەیە •

پاش خستەرووی ئـەو لێکدانەوەو بۆ رۆیشتنە جۆر بە جۆرانەی کـــە دەربارەی (گۆران)و (گۆرانی)یەوە وترابوون ، ھەوڵو تەقالامان ئەوەیە کە لەبەر رۆشنایی‌یان‌داو بە پێی بۆچوونی خۆمـان ، بیروڕامان بە خـەستی ، لـەم رووەوە بخەینە بەر دەست ، ئەوەش بەم جۆرەیە :ـ

**یەکەم ، لەرووی کۆمەڵی شێوەزارەوە :**

ئەوەی کە شایەنی دەستنیشان‌کردنە ، ئەوەیە ، کە رۆژ بەیانی‌یەکانو ھەورامانی‌یەکانو باجەڵانەکانو تا رادەکیش شاباکەکانیش ، بەبێ وەستانو بیرکردنەوە ، لە یەکتری تێدەگەنو لـە نووسینەکانی ناو دەفتەرەکانی (دینی‌یەکان) پەردیوەری‌ـیش باش تێ دەگـەنو ھیچ جۆرە کۆسپێکی ناھەمواریش بەر رێگایان ، لـەو رووە ، ناگرێ • بەڵام ، ئەوانـەی ناوچـەی گۆران (قەڵخانیو سنجاویو تفەنگچیو گۆران)و ھەروەھـــا (لوڕی)و (فەیلی)ـیش ، چـەند یەکێـــکی نەخوێندەواری ناوچـــەی (بەھدنیان) لـە یەکێکی ناوچـەی سلێمانی تێ دەگا ، ئەوانیش ھـــەر ئەوەنــدە لـە کـەلامی پەردیوەری تێ دەگـــەن (جـــگەلەرابەرە دینی‌یەکانیان) •

ئەوجا ، ئەگـەر گرووپی (گۆرانی) ، ناوچەی گۆران « کـــەبە درێژایی ئەمبـەرو ئەوبـــەری رێـگای گشتی‌ی نێـــوان (خـانەقین)و (کرماشان)ـی گرتووەتەوە ـ وەك واوبەوجۆرە ناوبراوە ـ » بگرێتەوە ، بێگومان شێوەزاری ناوچـەی (ھـەورامان)و ئـەوەی نێو دەفتەرەکـانی (پەردیوەری) ناگرێتەوە • ئەگەر ئەمانیش (گۆرانی)بن ، ئەوا ، دیسان ، ئەوان بە لای گۆرانی‌دا ، ناچن •

ناوچەی هاوار ، کە بریتی‌یە لە (شندوریێ)و (چالان)و (هاوار)و (هاوارەکۆن)و دەرەتویێ (دەرەتفێ)و (جاور)و تا دەگاتە (مۆردین)و سازان ، بەو زمانەی کە دینی کاکەیی (ئەهلی‌هەقق) پێ وتراوەو نووسراوەتەوە ، نایەژن زمانی گۆران ، بەلکو بە زمانی (ماچۆ)ی ناو دەبەن‌و هەروەها خەلکەکەی ناوچەی هەورامانیش ، خۆیان ••

بەم بۆنەیەوە ، وشەی (ماچۆ) ، خۆی بانگمان دەکا ، بۆ ئەوەی دەربارەیەوە شتێ بلێین :

وشەی (ماچو) وشەیەکی ، ئەاوێستایی کۆنە ، لە رەگی (قەچ = وەچ)ەوە وەرگیراوەو ئەم رەگەش ، رەگی (کار = فرمان)یەتی‌و چاوگەکەی (ڤاچە = واچە)یەو واتای (بێژە = وێژە ، بە واتای‌فەرمان) کە هێشتا لە شارەزووردا • وشەی (بێژە)و (دێژێ)و (بێژم)و (بێژن) •• هتد بەکار دەهێنرێ‌و ئەمەش لە (بیچە = بیجە = بێژە)وە وەرگیراون •

لە ئاوێستادا ، بە زمانی ئەوانەی ، کە بە زمانی ئاوێستایی قسەیان کردووە ، وتوویانە زمانی (ئەریەن‌قەچ)(١٨) •

لە دەفتەرەپیرۆزەکانی ئەهلی‌هەققدا ، دوو شێوەزار بۆ وتنی سروودەکان بەکار هاتووە ، دەفتەرەکان خۆیان بە زارە هەورامانیەکە دەلێن (کوردیی)و هەندێ جاریش (کوردیی‌ئاورامانی) بە زارە جافیەکەش دەلێن ، (جافی ئاورامانی) • ئەم وتەیەش لەپێشەکی دەفتەری عابدینی جاف = عابدین باش‌چاوەش)دا ، نووسراوە • نووسەر (کۆکەرەوە) واشی لە قەلەم داوە ، کە وتنی ئەو سروودانەو نووسینەوەیان ـ کە لەکتێبخانە دینی‌یەکەی خۆیاندا هەن ـ دەگەڕێنەوە بۆ (٨٨٠)سالێ لەمەوپێش‌تر •

به شێوەیەکی روونتر ، لـە سـەردەمی سوڵتاندا ، دوو شێوە زار بۆ وتن‌و نووسینەوەی سروودەکانی ئەهلی هەقق بەکار هاتوون •

ئەم دوو وەرگرتەیەی خوارەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەخا کـە چۆن عابدینی جاف لـە سوڵتان پاڕاوەتەوە ، بۆ ئەوەی بیکابە یاری دینی ئەهلی هەقق‌و یاری خۆی •

عابدین مەرەمۆ :ــ

**مەلا لەینە پێ خۆشە**
**بەزمی مەردان پێ خۆشە**
**بنیام ساقی لـەو هۆشە**
**سەریان لە ژێری کەوشە**
**وەرن لە نۆیژ کەن تۆبە**
**تۆبەی ئیخلاص یەك نۆبە**
**ئیسحاق خودای دوو صەوبە**

(دەفتەری عابدینی جاف ، ل ــ ٥٨)

سوڵتان مەرەمۆ :

**ها قبوول بییا ، •••••••**
**رجاو عەبدینتان ها قبول بییا**
**دیدەم وە رەحمەت پەناتاد دییا**
**مورغوم وە مەیلتان وەست ئەو ئەشیا**
**تا حەماڵ کۆڵش نەوەرۆ وە جا**
**نمەیان پەنەش ئوجرەت کراها**

**دووەم ، لە رووی عەشرەتەوە :ــ**

ئەگـەر بەراستی عەشرەت‌و هۆز هەبن بـە ناوی (گۆرانی) یاخود (گۆران)ەوە ، وەك بەوانەی ناوچـەی زەهـاو تا کرمـانشان دەوترێ ، ئــەوە بێــگومان هـۆزو عەشـرەتی هـەورامان ناگرێتەوە ، چونکە جگە لـەوە کـە بە خۆیان دەڵێن (هەورامی) ، خویشیان بـە وەچــە

دەڵێن (هۆزی بەهمەنی) بە خۆیان ، گوایا ئەم بەهمەنە بەهمەنی پێشدادی‌یەو خۆیان بە میراسپەوایی ماگاکان دەزانن ، بۆیە ناوچەکەیان (هەورامان) پڕە لە نەزرگەو گولکۆی دەیان پیرو خەلیفەی زەردەشتی •

**سێیەم ، لە رووی چینەوە :ـ**

لەمەوپێش‌تر ، باسی ئەوەمان کردو وتمان کە هەندێ پشکێنەر (ئەهلی‌هەقق)یان بەسەر دووچین‌دا ، دابەش کردووە ، ئەوانەی کە وەچەی کوڕانی سوڵتانن‌و تا خواری خوارەوە گەورەی کاکەیی‌یان لە لایەن سوڵتانەوە پێ بەخشێنراوەو پێیان دەوترێ (گۆران) کە ئەمە بیرو عەقڵ بەلای راستی‌دا دەیباو ئەگەر واش بێ دەبێ (گۆران) لە (گەوران)ەوە هاتبێ ، یاخود هەر گەوران نووسرابێ ، بەڵام جۆری نووسینی وەها بووە کە بەتەواوی نەیتوانیوە وێنەی وشەکە لە رووی دەنگسازی‌یەوە ، بگرێ • کەوابوو مەبەست لە (گۆرانی) ئەهلی هەقق وشەی (گەوران)ە •

چینەکەی تریان ، کە پێی دەوترێ (شمشێرئاوەردە)و گوایا مەبەست لەو کاکەیی‌یانەیە ، کە بە زۆری شمشێر هاتوونەتە ژێر ئاڵای دینی ئەهلی هەقق‌ـەوە • ئەگەر ئەمەش بووبێ ، دەبێ لە دوو وەخت (دەم)دا رووی دابێ ، یەکێکیان لە سەردەمی سوڵتاندا ، واتە سەردەمی ئاشکراکردن‌و بڵاوکردنەوەی دینی (ئەهلی‌هەقق)دا ، ئەو وەختەکەی تریان دەبێ لەسەردەمی دەوڵەتی قەرەقوینلو ـ سەروکاڵاوی جیهانشاه (شاەجیهان)دا بووبێ • یاخود سەردەمی سەفەویەکان ( بە تایبەتی لەسەردەمی شاەعەبباسی سەفەوی‌دا ) ، •• لە سەردەمی‌جیهان شاەدا ، دینی رەسمی ، دینی ئەهلی هەقق بوو • (بۆ زیاتر زانین لەم رووەوە ، تەماشای پەخشانی دەیەمی بەشی سێیەم‌ـی ئەم بەرهەمە بکە) •

چوارەم ئەنجام :ـ

ئەگەر مەبەست لە (گۆران) وشەی (گەوران)بێو بۆ زمان بەکاربێ ، ئەوەی ڕێی تێ دەچێ کە بە زمانی تێکستەکانی کاکەیی بوترێ (گۆران) ، چونکە سوڵتانو کوڕانیو وەچەزاکانی گەورەی کاکەیی ـنو زمانی تێکستەکانیشیان زمانی ئەوانە • بەڵام ، تێکستەکان خۆیان ، بە زمانەکەی خۆیان (کوردی ئاورامانی) دێژنو وشەی (گۆران) بۆ ناوی زمانی تێکستەکان بەکاریان نەهێناوەو بەکاری ناهێنن !

ئەگەر مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی (گۆران) بۆ زمانی نائیسلامەکان بێ ، ئەو وەختە ناکوردیش دەگرێتەوەو جۆراوجۆر زمانیش دەگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر تایبەتی بێ بە زمانی کوردە نائیسلامەکانەوە ، ئەو وەختە دەبێ (گۆران) لە (گەبرا)و (گەبران)ەوە وەرگیرابێ ، ئەم بەکارهێنانەش زمان ناگرێتە باوەشی خۆی ، بەڵکو زیاتر واتای جەماوەرێ دەدا ، کە گەبرنو نائیسلامن •

بەهەر حاڵ ، ئەگەر وابێ دەبێ لە دوو دەمدا ، ئەو زاراوە هاتبێتە کایەوە ، یەکێکیان لە سەردەمی ئیسلامی پیرۆز داو پەرەسەندنو بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا ، کە ئەمەش تەنیا دانیشتوانی هەورامان دەگرێتەوە ، چونکە هەر ئەوان بوون ، تاوەکو سەردەمی (عبدالقادرالگیلانی) ئەوجا چوونەتە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە • کەوابوو ئەگەر مەبەست لەوبێ ، دووشتی گرتەوە ، هەم هۆز ، هەم شێوە زمان • دەمی دووەمیان دەبێ لەسەر دەمی بڵاوبوونەی دینی ئەهلی هەقدا ، بووبێو دیسان لەوێش بۆی هەیە ئەو هۆزەو شێوەزمانەکەشیان بگرێتەوە ، بەڵام ئەمە مەرج نی یە ناوی ڕاستی بێ ،

چونکه بە تەواوی وەك بەکار هێنان (ئەعجەمی) عـــارەبی عیـــراق‌و (خواجە)ی میسرو (رۆمی) توونس ـە •

ئەگەرچی لەگـەڵ ئەم خاڵانەدام ، بەڵام زۆرتر لەگـەڵ ئەوەش دام ، کـە ناوی (گۆران) بۆ ناوی هۆزێ بەکارهاتووە کە لەناوچەیەکدا دەژی‌و لـە دێیەکدا دەژی کـە هەمان ناوی هەلگرتووە ، ئەویش ئـەو ناوچەیە کـە بە درێژایی ناوچـەی زەهاوبەرە تا دەگاتە کرماشان درێژ بووەتەوە •

## (عەلی ئیلاهی) یاخود (ئەهلی هەقق)

**زاراوی (عەلی‌ئیلاهی) ، لە رووی زمانناسی‌یەوە :**

لەرووی زمانناسی‌یەوە ، زاراوی (عەلی‌ئیلاهی) پێك هاتووە ، لـە وشـەی (عەلی)و هی (ئیلاه)و (ـی)ی نیسبەو بە هەر سێکیانەوە ، لەناو چوار چێوەی وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)دا ، بە کۆمەڵ ، زاراوی ( عەلی ئیلاهی )یان پێك هێناوە •

لـە رووی جۆری وشـەو واتاوەو بە شێوەیەکی سادە ، (عـەلی) ناوێکی دیاریی‌یەو (ئیلاه)یش هـەر ناوەو واتای (خودا) دەدا • کەواتە (عەلی‌ئیلاه) واتای (عەلی‌خودا) دەدا ، ئێمەش دەگەین کە مەبەست ئەوەیە بوترێ (عەلی خودایە) •

زاراوی (عەلی ئیلاهی)و (عەلی ئەڵلاهی) هەردووکیان بۆ هەمـــان واتا بەکار دێن ، تەنهـــا ئەوەی کـە جیـــاواز بێ ، هەر ئەوەیە لـــە گۆ(تلفظ)کردنی (ئیلاه)و (ئەڵلا) دایە •

(عەلی ئیلاهی‌یەکان) یاخود (ئەهلی هەقق) حەز ناکەن بە ناوی (عەلی‌ئیلاهی) یاخود (عەلی ئەللاهی)یەوە بانگ بکرێن ، بەڵکو بەگشتی‌ی حەزیان لەوەدایە ، کە بە ناوی (ئەهلی‌هەقق)ەو بانگ بکرێن‌و ناو بـرێن •

ئەوەی ، کە زیاتر بووە بە هۆی ئەوەی ، کە ناویان بە ناوی (عەلی‌ئیلاهی) یا (عەلی ئەللاهی)یەوە ببرێ ، ئەو بیروباوەڕەیانە دەربارەی جووتبوونی (یەکانگیربوون) زاتی (خـودا) ، لە تەنی بەشـەرداو بۆ یەکەمجار ، ئەویش حەزرەتی (عەلی)یە •

ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە ، پاڵپشتە بۆ باسی لێکدانەوەی زاراوی (عەلی‌ئیلاهی)و ڕۆشنکردنەوەی ئەوە کە عەلی بە خودا دەزانرێ • بەم بۆنەوە دەبێ ئەم (کەلامە) بهێنینەوە یاد :

**« پیرە زاڵێ بێ فە عەهدی حەیدەر**
**جامی ماسی ئەو ڕۆ ئاڤەرد ئەو شەهر**
**نۆش جان مەکەرد شای دلدل سوار**

ئادەگاتە ئەوەی کە دەڵێ :

**ڕۆژی دەهێندەی صیغارو کیبار**
**فە سیرڕی قودرەت حازری مەوجوود**
**ئاقتاب سێ نۆبەت مەکەرۆ سجوود**
**قەباڵەی مەگۆ ، باڤەرن فە دەر**
**تەحقیق بزانەن ، هەر ئەینە حەیدەر**
**فە دەسی ئەووەن ، حەیات‌و مەمات**
**ئاشکار مەبۆ ، سیرڕی لاحەیات (مەمات)**
**کەلام گەرد تەمام ، پادشای ئەبرار**
**فە گەردی مەردان ، فەعەهدو ئیقرار » •**

(لە قەباڵەی سیرڕێ مەگۆوە وەرگیراوە) •

ئەهلی هەقق ، بە خۆیان دەڵێن ، ئەهلی هەقق ، چونکە ، لەو بڕوایەدان ، کە ڕێگای ناسینیخوا ، ئەو ڕێگایەیە ، کە ئەوان گرتوویانەتە بەر و بە راستی خوا ناسینیش ، بە پێی پەیڕەوی کردنی ئەو ڕێڕەوە دینییەی ئەوانە ، ئەوجا بەم بۆنەیەوە دەبێ چەند لایەنێ لەم ڕێبازە دینییە ڕۆش بکەینەوە :

**یەکەم ، عەلی خودایەو دووناودوون حەوت دەورەی خودایی بە درێژایی تەمەنی دنیا دەبڕو دووەمیان (شاهـ) خۆشینـەو**

بەم پێیە (شاهـخۆشین) (عەلی)یە ، پاشان (سوڵتان) هاتوەتە رووی دنیا ، کەوابوو (شاهـخۆشێن) (سوڵتان)ەو و(سوڵتانیش) (مەولاعەلی)یەو بەو جۆرە .

بۆ وێنە ، ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە ، وامان پێ دەڵێ بە دەمی ( شاهـخۆشێن )ەوە ، کە ئەو یەزدانەو لەهەمان کاتیشدا (حەزرەتیعەلی)ـیشە کە خاوەنی زوڵفەققارو دلدلە :

شاهـخۆشێن دەفەرمێ :ـ

**کاکا تۆ غەڵەتت وات غەڵەتت وانا**
**من یەزدانیان یەزدان ، هیچ کەس نەزانا**
**ساحیب دلدلو زولفەققار ، شیر غوڕانا**
**وە مەرگو جەلالینا ویمانی ئامانا**

ئەم وەرگرتەیەش هەر هەمان واتامان بۆ روون دەکاتەوە لەگەڵ بەردەوامی دووناو دوون :

شاهـخۆشێن دەفەرمێ .
مامام جەلالێ کاکام رەنگینە
دوون وە دوون ئامایمێ چینە وە چینە

ئەم وەرگرتنەیەش باسی خودایی سوڵتان دەکاو دەڵێ :

**- « ساوا ئەو راهی ، ......**
**ساوا بگنمێ پەرێ ئەو راهی**
**تۆ طەلەو کەردەن زەڕین کلاهی**
**سوڵتان سەهاکەن ماچە هەر جائی**
**تاکە بووەخشۆ گونات ناجائی**
**هەنی نەواچی رای بەد عەدائی**
**سوڵتان خوداما چێش ماچی رائی**
**بلمێ ئەو حوزوور پیرو پادشائی » -**

ئەم وەرگرتنەیەش ئەوەمـــان بۆ دەردەخات کـــە (سوڵتان)یش (حەیدەر)ە ، واتە حەزرەتی (عەلی)یە •

سوڵتان مەرەمۆ :
غوڵامان وایە ، غوڵامان وایە
پەی رۆزی باقی ، نیانمان وایە
رەجا رەضاورەمز ، نەشۆ وە زایە
ئاسمانا مورغا ، زەمینا هایە
ستارەی مەزیۆ ، نە جامەی خورشید
پیشانی حەیدەر ، جای بیم وە ئومێد
هەر دوو جفت وە هەم ، وێنە مادەو نەر
مادەش بنیامین ، نەرشەن قەنبەر
دەستوورێ ئامان ، پەرێ گردیشان
شوکرو فیکرو ذیکر وەخواجای وێشان

**دووەم ، لەدەورەی یەکەمدا کە حەزرەتی (ئادەم) دروست کراوە ،**

دینی شەریعەتی دەورەی محەمەد (د) قەرار دراوەو محەمەد بووە بە پێغـەمەر • ئـــەم وەرگرتنەیەی خوارەوە ، وتەی شاهـ خۆشین‌ـەو

ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە (دەڵێ نزیکەی چل ساڵێ لەمەوبەرتر بە دوونی مەولام دەرکەوتم ، دینی شەریعەت بۆ محەمەد (دروودی خوای لێ بێ) بریار درا جگە لەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کە دەرکەوتن و ئاشکرا کردنی دینی ، کە لە رۆژی ئەزەلدا لەژێر ساجی ئاگردا بریاری داوە ، لە (پەردیوەر) دەبێ جێ بەجێ بێ •

بە شێوەیەکی روونتر ، ئەم گفت و گۆکەرو فەرماندەرە ، بەڵێ بە ناوی شاهخۆشینەوەیە ، بەڵام لەراستیدا (مەولاعەلی)یەو دەبێ دینی حەقیقەتیش لە شاری (پەردیوەر)دا ئاشکرا بکاو ئەو وەختەی (پەردیوەر)یش ، (سوڵتان) بووەو کەوابوو سوڵتانیش هەر (مەولاعەلی)یەو (مەولاعەلی)یش (خوا)یە چونکە یەکانگیری زات و تەنی مرۆڤە • ئەمەش ئەو وەرگرتەیە :

شاهخۆشین مەرەمۆ :ـ

غولامان ئیقرار ، ••••••••

وەعدەی (ظهوورەن) بەیان وە ئیقرار

نە رۆژی ئەزەل ، بییای ساجی نار

ئەی کام وەعدەم ، دان نە پەردیوەرشار

من جە طەریقەت ، ئاوم بی زەلاڵ

وەنام خۆشین ، ئامام وە رووی کار

دوو ویست ساڵ نەیوەر نە دوونی مەولام

ئامام وە بیسات وە شیرین کەلام

محەمەد نە لوتف حەقق مەکەردش راه

نە سوبح ئاتیوار مەکەرد لەی وەڵاه

دین شەریعەت ئەو رەواج کەردەن

بزانان وەعەین ئیقرار وەشەردەن •

ئەم وەرگرتەیەی تریش ، هــەر هەمان دەستوور ، ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسانترو ڕوونتر •

« ئەی ئاگای بینا ، •••••••
سوڵتانی کەونەین ، ئەی ئاگای بینا
نە ڕۆژ ئەزەڵ تۆ بەستی بی‌یا
پەی ڕەفتو ڕەوتەن ڕاهانت نی‌یا
یووێ ماوەری ، یووێ مەدەری
کــەس هەمتات نی‌یا ، هەر چە مەکەری
تۆ یۆرتو جامەی عەلی سەفدەری
محەمەدت نیا وە پێغەمەری
نەکەس نەزانی ، سیرڕی کەس نەزان
ئەڵڵا ئێ وەڵڵا ، جە ئەمرو فەرمان »

**سییەم ، دروستبوونی دنیا بەم جۆرە بووە**

(بێگومان ئەمــە بــە پێی ناوەرۆکی سروودی ژمارە (١)و پاش بەردەست خستنی خەستەی ناوەرۆکەکــەی ، سەرپاکی سروودەکــە دەخەینە بەرچاو ) •

بــە درێژی تەمەنی دنیا حەوتجار خوایەتی لەتەنی بەشــەردا یەکانگیر دەبێ ، لەبنەڕەتەوە هیچ شتێ نەبووە ، مــەولا (دوڕ) بووە • دوڕیش لە ناوچقی گێژاوی دەریادا بوو • دەرهاتو دنیای هێنایە دیی‌و ناوی خوی بە (خاوەندگار) نیا • عەرەش‌و کورسی‌و فەرشی دانا ، هەفتاو دوو هەزار ساڵ تاکوتەنیا بوو لە ڕووی دەلیاوە چۆگان (گۆچان) بازیی دەکرد • لەخاکی بیسات جیبرەئیلی سازاندو بوو بەهــامرازی خالیقی جــەلیل ، هەوەڵجار هەرچــوار فریشتەی دروستکرد ، لەپاشا ئاسمان‌و

زەوی‌و حەوت تەبەقەی لەپشتی ماسی‌یەوە دامەزراند ئەوسا فەرمانی بەفریشتەکان‌دا کە خاکی کۆی سەرەندیل بهێنن تاوەکو لێی ئادەمزاد دروست بکات • عیزرائیل خاکی هێنا ، لە چوار عونصر خەمیرەیان لەخاك دروست کرد ، ئادەم لە خەمیرە دروست‌کرا ، لەشێوەی مەولا عەلی‌دا قاڵب ساز دراو شای خاوەندگار لەدوونی (مەولاعەلی)دا خۆی ئاشکرا کرد ئەوجا فریشتەکان ، سەلمان = کاکەردا)و (قەمبەر = میکائیل)و ( محەمەد = ئیسرافیل )و ( عیزرائیل = مستەقای‌قابض) یەك یەك چوونە حوزووری شاهەوە •

ئەمەش سروودەکەیە :

هەفت دوونەن بەیان ، بوواچەم پێتان
نە حەقیقەت بزانەن ، مەعلووم بۆ لێتان
تاکە نەچینان ڤـە راگەی شەیتان
ئەوسا نە لەو بی ، نە ئەرەیا بێ
نە ئەرش (عەرش)بی ، نە فەرش ، جیهان دەریا بێ
مەولا ڤـە دوڕڕ بی ، دوڕڕ ڤە تەی دەریا
ڤە دوڕڕ بەر ئاما ، جیهان کەرد مەهیا
ناوی وێش نیا ڤە خاڤەندگار
عەرش‌و قورش‌و فەرش ، ئەوسا دا قەرار
هەفتاد هەزارساڵ تاك‌و تەنیا فەرد
ڤە روو دەلیاڤە چۆگان بازیش کەرد
نە خاکی بیسات سازنا جیبرائیل
تابی ڤە هامراز خالیقی جەلیل
ئەڤەڵ ئیجاد کەرد چوارمەلەك هەر چوار
ئاسمان ، زەمین ، ئەوسا دا قەرار

له سیرڕی قودرەت دروست کەرد عالەم
هەفت تەبەق ڤە پشت ماهی کەرد مەحکەم
ڤە سیرڕی قودرەت خالیقی ئەکبەر
چهار جەستە هەر چهار ، ئاوەرد ئەو نەظەر
موددەت عەهد بی ، ڤە مابەین ڤیەرد
زەڕڕات عالەم ، ڤە خەیاڵ ئاڤەرد
فەرما مەلەکەم ، ئەخی جیبرەئیل
بچن خاك بارەن ، ئەز کۆی سەرەندیل
بەلـکەی بنیادی ، ئادەمیزاد کەیم
دڵی ئادەمی ڤەی دنیا شاد کەم
مەلەکان یەك یەك ، داخڵ بین ڤە خاك
ڤە حوکمە موعجیز ، پادشای بێ باك
خاك حاشا مەکەرد ، مەگرەڤا شیڤەن
ئامانەن تاقەت ، ئادەمیم نی‌یەن
مەلەکان یەك یەك عەرز کەردەن ڤە شاه
خاك ، ئادەمی مەکەرۆ حاشا
فەرما ئیزرائیل ڤە تاب و تاجیل
تۆ مەئمووری خاك ڤە کۆی سەرەندیل
ئیزرائیل ڤە قار ، داخڵ بی ڤە خاك
ڤە حوکمی موعجیز پادشای بێ باك
خاك ، حاشا مەکەرد مەگرەڤا زارزار
بە ئەو خەشم و ناز بینای کردگار
ئیزرائیل زەڕڕەی رام ئاوەرد ڤە دڵ
نیش‌ـی سەر کەچ‌ـش مەحکەم فەست ڤە گڵ

قوڤڤەت دا شەهبەڕ ڤە جا فەڕێزا
باڵ دا ڤە هەم ، نیشت ڤە رووی هەوا
خاك ئاڤەرد نیا ڤە حوزووری شا
ڤادەی(ڤەعدە) خدمەتم ئاڤەردەم ڤە جا
شا ڤات مەلەكان ئەخی جیبرەئیل
ئەو مشتێ خاكە بكەین ڤە خەمیر
ئەو خاك تەیار ، خەمیرش بساز
ئادەم ئیجاد كەن ، ڤە سیدقی نی‌یاز
ڤە چهار عونصور خەمیرەش ساختەن
ڤە شیكڵی مەولام ڤاڵبش ساختەن
دەستی یەدوڵڵا ، شای خاڤەندگار
ڤە دوونی مەولام وێش كەرد ئاشكار
مەلەكان بۆ ڤاجەم ، یەك یەك ڤە جا
حازری مەوجوود ڤە حوزووری شا
ئەڤەڵ كە سەلمان كاكە رەدابێ
تەحقیق بزانەن جیبرەئیل ئەوبێ
دیەم كە قەنبەر زاتی میكائیل
ڤە راگەی راست ئەو مەیۆ دەلیل
سەیدمحەمەد زاتی ئیسرافیل
ڤە فەرمانی هەقق جابری جەلیل
چوڤارەم ئیزرەیل سیرڕی هەقق وێشەن
حوكمی ڤابضی هەر هەقق وێشەن »

(سروودی ژمارە (١) سروودی دینی یارسان)

**چوارەم ، پەیڕەوی کردنی دینی ئەهلی هەقق ؛**

بە پێی یاسای زنجیرەیەکی تایبەتی یە ، کە پێك دەهێنرێ ، بۆ وێنە لە سەردەمی سوڵتاندا ، لەپێش هەموو شتێکەوە ، چوارفریشتە ، ئەوجا (حەوتەن)و[19] (حەوتەوانە)[20] پێك هێنراون ، لە پاشا (٩٩)پیرەی هەورامانو (٧٢)پیرەی شاهۆ •

ئەم یارو غوڵامانە ، بەپێی یاسای ڕێكوپێك (یاسای زنجیرە) ، ئەندامانی ناو زنجیرە ، یەك دەستگیری ئەوی تر دەبێو یەکێ لەو زنجیرەیە دەبێ بە سەرۆکی زنجیرەکەو لەناو تێکستەکانیاندا پێی دەوتری (سەرقەتار) •

وەختێ کە سوڵتان ، حەوتەوانەی لە حەوت کوڕەی خۆی پێك هێنا فەرمانی بەسەردا دان کە جووت جووت دەستگیری یەکتری بنو فەرمانی سوڵتانیان لەژێر ساجی ئاگردا بەجێ هێناو سەیدمحەممەدی گەورەسوار (کوڕی گەورەی سوڵتان) بوو بە سەرقەتاریان ، ئەم گەورەیەش بە ڕێكوڕاستی وەچە بە وەچەی ئەو کوڕانەی دێتە خوارەوە •

سوڵتان بەو بۆنەیەوە ، ئەوە دەردەخا ، کە خۆی لەگەڵ کوڕانیدا وەك جۆرە متوربەکردنێ وایە ، زاتو نووری خۆی لەگەڵ یەکەیەکەی هەفتەوانەو حەوتەوانەدا وەك متوربە بێ وایە ، پەیوەزنو جوێ نابنەوە •

ئەم وەرگرتنەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کە پەیوەندی سوڵتان لەگەڵ کوڕەکانی (حەوتەوانە)دا ، تا چە رادەیێ دەمێنێو لەگەڵ هەفتەنیشدا تاچە پلەیێ بەتین دەبێ :

**« وەصڵو پێوەنا ، .....**
**هازاتو نوورم ، وەصڵو پێوەنا**
**نەویرما هەفتەوان ، زاتم هەفتەنا**
**زاتو نوور جە یەڵ چەشمە وێم هەنا »**

واتە : زاتو نوورم متوربە کراوی یەکترین • نوورم هەفتەوانەن (کوڕەکانم)و زاتیشم هـــەفتەن ، زاتو نوورم هەردووکیـــان یـــەك سەرچاوەیەو ئەوسەرچاوەشە خۆمم •

**ئەمەی سەرەوە ، واتە : ئەو فەرموودەی سوڵتانە ، فەلسەفەی دینی (ئەهلی هـــەقق)ـــەو تابەرێكو پێـــكی لەلایەن یارەوە پەیرەوی نەکرێ ، ناچێتە ریزی یاریەوە •**

جارێ ، وا لێرەدا ، جۆری دەستگیری کوڕەکانی سوڵتان پیشان دەدەینو ئەوجا ئەگـــەر ماوەمان هەبوو ، نەختێ شۆڵە دەخەینە ســـەر رێڕەو گوێزشکاندنـــەوە •

میر مەوەمۆ (دەفەرموێ) :

زاتمـــەن شیفا ، ......
کاکا نە ئەزەل زاتمەن شیفا
چا دیوان وەدەر ئەو شەرتو صەفا
دەستگیرو شەرتمەن سەید مستەفا

سەید مستەفا مەرەمۆ :

زاتمـــەن بێ هەد ، .....
کاکا نە ئەزەل زاتمەن بێ هەد
نە ژێر ساجنار دیوان واحید
دەستگیر شەرتمەن زات سەید محەمەد

سەید محەمەد مەرەمۆ :ـ

زات کۆی وەفا ، ••••••
کاکا نە ئەزەل زات کۆی وەفا
چا دیوانەوە وێم شەرتم یاوا
دەستگیرو شەرتمەن خان ئەحمەد باوا

سەید عەبدولوەفا مەرەمۆ :ـ

زاتمـــان ئەحەد ، ••••••
کاکا نە ئەزەل زاتمان ئەحەد
چا لەوحو صەدەف دیوانو بێ‌هەد
دەستگیر شەرتمان زات سەید محەمەد

سەید شاهبەدین مەرەمۆ :ـ

نوورمان پۆشا ، •••••••
کاکا نە ئەزەل نوورمان پۆشا
چا لەوحو تەحقیق شەرتمان نۆشا
دەستگیر شەرتمەن سەید حەبیب شاه

سەید حەبیب‌شاه مەرەمۆ :ـ

نوورمان رەنگین ، •••••••
کاکا نە ئەزەل نوورمان رەنگین
چا لەوحو یاقوت جیسم وە ئەزەڵ چین
دەستگیرو شەرتمەن سەید شاهبەدین

سەید باوەیسی مەرەمۆ :ـ

زاتمان دەستگیر ، •••••
کاکا نە ئەزەڵ زاتمان دەستگیر
نە ژێر حەجەری سم دیوانەو تەگیر

دەستگیر شەرتمەن سەید ئەحمەدلیر

(دەفتەری دیوانە گەورە ، ل-٢٦)

ئەوجا ، حەفتاو دووپیرەو نەوەدو نۆ پیرە دروست دەکرێ‌و ئەمەش ئەو وتەیەی (سوڵتان)ە •

بەیدێ وەی کانا ، ••••••
هەفتاو دووپیرە ، بەیدی وەی کانا
نەوەدو نۆپیرە ، تەخت هەورامانا
پیرو دەلیلی ، پەڕەو پێکانا (پە یکانا)

سەرحەڵقەی پیران ، (پیر روستەم)ەو ئەم فەرموودەیەی سوڵتان ئەوەمان بۆ دەردەخا •

پیرروستەم مەس ، ••••••
سەر حەلقەی پیران هەفتاد دو دۆس
وەردەنی بادە ، نە مایەی ئەلەس
رەنج غوڵامان نمەلۆ عەبەس

لەم وەرگرتەیەی خوارەوەش‌دا ، وا دەردەکەوێ ، کە داود سەرقەتاری چلتەن‌و چلانەیەو بەم بۆنەیەوە (سوڵتان) دەفەرموێ :-

ناز رەوای یاران ، ••••••
حسێن شەهید نازڕەوای یاران
توحفەی عەجووز رەنگ تەبریز شاران
قەرینت نی‌یا هەوار هەواران
داود سەرقەتار چلتەن چلانە
شەفەق کێش صبح کە بود نیشانە

صبح و ـ ڕۆ ـ ڕەنگەن جەو ڕای دیوانە
حەواڵەن بارۆ پیر وەی مەکانە

(دەفتەری دەورەی شندروێ ، ل ـ ٧٤)

سروودی ژمارە (٤) کـە لەبەشی سێیەمی ئەم بەرهەمەدا سەرباکی تۆمـار کراوە ، فەلسفەی دەستگیر کردن و گوێز شکاندنمان بۆ دەردەخا • ئـەم سرووده ، ئەو فەلسەفەیەی ، لە بۆتەیەکی گەلیدا ، وێنەی بۆمان گرتووە ، بۆ ئەوەی باش لێی تێ بـگەین •

کێشەی (دەستپێوەگرتن) ، یاخود (سەرسپاردن)ی چوواندووەتە گاگـــەل و گـاوان ، گوایا ، ئەگـەر گـــاوان نەبێ ، گاگەلەکـــە بزووبڵاوەی لێ دەکـاو هـــەر گایەکی بـــە لایەکدا دەچێ ، بەڵام بەپێچەوانەوە ، ئەگـەر گاگـــەل گاوانی هەبێ ، ئەوە وەختـــە بـــە کۆمەڵی دەیان لەوەڕێنێ و بە کۆمـــەڵی ئاگـاداری‌یان دەکــاو بەبێ بزربوونی یەکێکیان ، سەرباکیان بۆماڵەوە دەباتەوەو جموجووڵی هـەر گایەکیش لای (گاوان)ەکە زۆر ئاشکەراو روون دەبێ •

کەوابوو سەرسپاردن ، یاخـود دەست پێوەگرتن ، بۆ ئاگاداریەو ونەکردنی ڕێگایەو شارەزابوونیەتی • کـەی سەری سپارد ، فێـری ڕێگای ناسینی هـەق دەبێ ، دەچێتە (جەم)ەوە • هـــەموو ڕەویەو ڕەوشتێکی گوێز شکاندن فێردەبێ ، هەموو جـــۆرە تەرتیباتێـــکی بۆ دەکرێ •

ئەم وەر گرتەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کـــە ئەوەی بیـەوێ ببێ بە کاکەیی (یاریی) دەبێ لەپێشەوە سەربسپێرێ ، یارێـگە فێر ببێ ئەوجا (گوێز) بشکێنێ • بەم بۆنەیەوە سوڵتان دەفەرمێ :

« ئاسککە نەبۆ ، جەوز نی‌یەن قەبووڵ
هەر لەباوە ئایەم ، تا ئاخر رەسووڵ
دوون وە دوون ئامایمێ ، ئوسووڵ وە ئوسووڵ
راهـ یاری هەققەن ، پەی یاران قەبووڵ »

**پێنجەم ، یەکێ لەفەلسەفەکانی‌تری ئەهلی هەقق ،**

ئەوەیە ، کە مەرد بە هۆی ئاڵ وگۆڕی دووناو دوونەوە بە هەزار دوونێ ناگاتە بەهەشتەوە ، بەڵکو بە هۆی هەزارویەك دوونەوە ئەوجا ، توانای هەیە بڕوا ، بۆ بەهەشت •

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کە ئەو دیمەنەو ئەو فەرمانەی سوڵتان دووبارە دەکاتەوە ، کەدەبێ (مەرد) بەو جۆرە بڕواتە بەهەشتەوە ئەگەر بەو جۆرە نەبێ‌و بە پاکی نەمێنێتەوە لە دۆزەخدا لەژێر نارەحەتی‌و غەزەبدا گرفتارو سەرگەردان دەبێ •

**« مەردیی هەزار دوون پارە مەکەران**
**ئیدەن نیشانەی ئاخر یاوەران**
**وە هەزارویەك دوون وە ئەمری سوڵتان**
**خۆ بان رستگار مەلۆن ئەو جەنان**
**بەدەن سەر نگون وە دۆزەخی نار**
**وە قارو غەزەب مەوفن گرفتار »**

**شەشەم : فەلسەفەیەکی‌تری دینی ئەهلی هەقق ئەوەیە ، کە هەر (جەم)ێك ،**

لە هەر لایێ ، لە لایەن ئەهلی هەققەوە دەگیرێ ، بریتی‌یە لەسامپڵی (وێنە) جەمی سوڵتان • بەشێوەیەکی دوون‌تر (جەم) جێگای هەموو جۆرە کردەوەیەك‌و خەیاڵ‌و نەزرو نیازێکی دینی‌یە ، لەبەر ئەوە

(جەم) لەهەر لایێ بێ ، وێنەیەکی بچکۆلەی جەمی پەردیوەرە ، جێگای هەقو حیسابەو جێگای لێپرسینەوەیەو مافدانە ، کەوابو کەعبەیە ، رۆژی حەشرە ، بەهەشتە •

بۆ زۆرتر زانین لەم رووەوە ، باشتر وایە سروودی (تەلقین)و سروودی (جەم) بخوێنەرەوە •

ئەمانەی سەرەوە (ئەو وێنانە) ، نموویەکی کەمن ، لە کۆمەڵێ وێنەی رەنگاورەنگ ، کە لەسەر پەردەی مێشکی هەرکەسێکی سەر بەدینی ئەهل هەقق چاپکراون •

## لێکدانەوەی هەندێ زاراوی دینی

**حەوتەوانە :ـ**

حەوتەوانە ، لە رووی زمانناسی‌یەوە ، پێك هاتووە لە ، وشەی سەرە (حەوت)و بەندو پاشبەندی (- ە + وان + ە) ، یاخود (- ەوان + ە) ، (- ەوانە) •

وشەی (حەوتەوانە) ، واتای (حەوتشت)دەدا ، کە ئەرکی سەرشانیان یەکێکەو بۆ یەك جۆرە کار (یا جێبەجێ کردنی فەرمان) پێك هێنراون • واتە ، دەگونجێ بە حەوتەوانە بوترێ (حەوت هەڤاڵی هاوکار) •

لە ناو کوردەواریی ( شارەزوورو ناوچەی هەورامان‌دا) دوو کۆمەڵە ئەستێرەی ئاسمان هەن ، ناسراون بە حەوتەوانە ، کۆمەڵێکیان ئەستێرەکانی گەورەترن لەوەی‌ترو لامەوایە بە عارەبی پێی دەوترێ

(الدب‌الاکبر)و بە کۆمەڵە بچکۆلەکەش (الدب الاصغر) •

ئەم دوو کۆمەڵە ئەستێرە ، هەریەکەیان حەوت ئەستێرەیە چواریان بە شێوەی چوار گۆشەو سێیانەکەی تریان بە شێوەی ریزی رێکو سەرەتای ئەم ریزەش (یەکەم ئەستێرە ـ لەکلکەوە) لەوانی تر گەورەترەو گوایا سەر هەڵقەیانە • ئەمانە بە شێوەیەکی بازنەیی بە دەوری ئەستێرەیەکی گەورەو رۆشن‌دا دەسووڕێنەوە ، بەو نیازەی ئەوە ئەستێرەی (قطب)ە •

ئەم فۆلکلۆرەی خوارەوە ، کە لە شارەزووردا ، زۆر باوەو هەروەها لە هەورامانیش‌دا ، ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کە ئەم حەوتەوانەیە پاسەوانی ئەستێرەی (قطب)ن :ـ

**« ئا حەوتەوانێ هەر حەوت زەریفێ (زەریفن)**
**هەر حەوت پاسەوان (قطب)ی شەریفێ (شەریفن) »**

وەك وێنەی (حەوتەوانە) ، لەداڕشتن‌و ئاوازو جۆری بەکارهێنان‌و واتا ـ پێکهێنانەکەدا ، وشەی دیکەمان هەن‌و ئەمانەش هەندێ وێنەن :ـ

**قۆڵەوانە :ـ**

ئەگەر لە (زێڕ)بێ ، یاخود لە (زیو) ، پێی دەوترێ ، (بازی‌بەند) بەڵام ، جێگای قۆڵەو لەژێر قوڵی‌کراسیشەوە ، ئەمەش ، باوی نێو سەردارو میرو پاڵەوانانی ئەوسای کوردەواریی بوو ، هەروەها وەك باوبرەوی ئەوسای نێو کوردەواریی دایکی کوڕ هەر لەبەر خۆشەویستی کوڕەکەی‌و دڵخۆشی‌ی ، لە پارچە قوماشی ئەتڵەس ، یا مەغمەڵ (قەدیفەی تووکدار) بە بانی پێنج پەنجە و بە درێژی دەوراندەوری

بازووی کوڕە (قۆڵ) ، قۆڵەوانەی بۆ دەدووری ، پاش ئــەوەی بــە کووژەك‌و مووروی ڕەنگاورەنگ، بە پیادا دوورین بە وێنەی گوڵکردن ، دەیڕازاندەوەو دوو سەرەکەشی بە دوو (قوپچە) = (دوگمە) دەبەسترا •

ئا لێرەدا ، قۆڵەوانە ، واتای پاسەوانی نادا ، بەڵکو واتای ئەوە دەدا کــە کراوەتە قۆڵەوەو لەگەڵیدایە •

**کۆڵەوانە :**

ئەمیش چارۆکــەی پێ دەڵێن ، بەڵام ئەوەی لــە (مشــکی) و (سرکەیی = هەوری) جیــاواز بێ ، تەنهــا هــەر ڕازاندنەوەیەتی بــە گوڵەنگی (قەزازی کردنی) ڕەنــگاورەنگ‌و زەڕکــەفی (زەڕبافتی) • ئەگــەر (مشکی)و (هەوری)یش قەزازی بــکرێن‌و بۆ کۆڵ بەکــاری بهێنن ، پێی دەوترێ کۆڵەوانە ، بەڵام ئەگــەر بۆ سەربەستنی ئافرەت یا پیاو بەکاری بهێنن ، پێی دەوترێ (چەتفە = چەفتە)ی قەزازی (پووشین) •

**دەستەوانە :**

خاوەن مەڕوماڵاتەکان (ئاژاڵەکان) ، بۆ زمستانی (زستان) ئاژاڵەکانیان خواردەمــەنی (ئالف) ، کــە وەك (گزرە = سەوزەگیای بڕڕاو = شەوەر = سێپەڕە ، دڕکەقنگر •••• هتد)بێ ئامادە دەکەن •

بۆ بڕین‌و کۆ کردنەوەی ، بە تایبــەتی بۆ دڕك‌وداڵ دارەکــان دەستکێشێکی تایبەتی ، کە لەپێست دروست کراوەو دڕك نایبڕێ ، دەکەنە دەستیان ، بۆ ئەوەی دڕك وداڵ کار نەکاتە دەست‌و پلیان ، بەم جــۆرە دەستکێشە دەوترێ (دەستەوانە) •

لە پەیڕەوی دینی‌ی کاکــەیی (ئەهلی‌هەقق)دا ، پاسایەکی ڕێك‌و پێك ، بۆ بەجێ هێنانی فەرمان‌و پەیڕەوی دینی دیاریی‌و ڕۆشنکردنەوەی

ئەرکی دینی هەیەو ئەم یاسایەش لە شێوەی یاسای هەڵقەو زنجیرەدایە ، کە هەریەکێ لەو هەڵقا (بازنانە)نە ناوێکی تایبەتی‌و ئەرکێکی تایبەتی‌و جێگایەکی ناسراوی هەیە . یەکێ لەو بازنانە هەفتەوانە (حەوتەوانە)یە :

بە کورتی (حەوتەوانە) ، بریتی‌یە لە حەوت کوڕەی سوڵتان‌و پاش سوڵتان ، جێگەداری سوڵتان ، لە هەموو رەویەو رەوشتێکی دینی‌دا ، دەبن‌و چی خێزانی سەیدی کاکی‌هەن لەوانەوە هاتوونەتە خوارەوە .

سوڵتان لە حەوت‌کوڕەکەی خۆی (لەبەشی ئەهلی‌هەقق‌دا ، ناومان هێنان ـ برۆرەوە پیایا) حەوتەوانەی پێکهێناوەو ، بە نووری خۆی لە ناوچقی دەریاداو لە ژێر ساجی‌ئاگردا ، پاکی کردوونەتەوەو بوون بە بارچەیێ نووری خۆی‌و سەرهەڵقەو دەستگیریان کوڕی گەورەیە کە ناوی (سەید محەمەدی گەورەسوارە)ەو ئەوجا ئەمان جێگەداری سوڵتان دەبن .

ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە ، کە لەلایەن سوڵتانەوەیە ، ئەو کردەوەیە ، لەو دیوانەدا ، لە ژێر ساجی ئاگردا ، نوورانی‌ی کوڕانی‌و جێگەیانمان پێ پیشان دەدا .

سوڵتان مەرەمۆ :ـ

ئا دەرگاهو پردە ، ......
غولامان نیگایکەر ، ئا دەرگاو پردە
بەیان بووینان ، وێڵ کەران هەردە
جە سیرڕی قودرەت جە رەنگیم کەردە
بیای ساجی‌نار ئێگام ئاوەردە
غولامان وێڵ نەوان ئی سەراو پردە

سازنام هەفت نوور ، جام بێ گەردە
جە ئەزەڵ مێردان سەر پێش سپەردە
(دەفتەری غوڵامان ، کەلامی پەردیوەری ، ل-٢٢)

بنیامین کـە یەکێکە لە چوار فریشتەو پیری (سەرۆك) حـەوتەنە ، باسی ئەوە دەکا ، کـە چۆن ، سوڵتان ، لە ژێر ساجی ئاگردا ، لەناو چقی دەریادا ، لـە ژێر بردی پەردیوەر (دیوانی‌سوڵتان)دا لە نووری خـۆی حـەوتەوانەی سازاندووەو بوون بـە وەکیلی پادشـاهـ لـە شـەرتو دەستگیری‌دا •

بنیامین مەرەمۆ :-
ئی ویرا ویرە ، •••••
غوڵامان مەکەردێ ، ئی ویرا ویرە
هەفتەوان ، جەنور شاهو بەصیرە
پەی شەرت بەتینان ئا هەفتە پیرە •

ئەوجـا دەڵێ :
هەفتەوان وەکیل پادشاهـ پیرە
دەستگیرو شەرتەن ، شەرتشان دەستگیرە
کەچ شەرت ، خەجاڵەت ، ها نە حەضیرە
نیزان ئەرکان ، دام وە تەنویرە (نیزان = نیظام)
هەفتەوان وەکیل پادشاهـ پیرە
دەستگیر شەرتەنی ، ئا هەفتە پیرە
(دەفتەری غوڵامان ، کەلامی پەردیوەری ، ل-٢٢-٢٣)

لەم وەرگرتەیەی خوارەوەش‌دا ، (داود) کە یەکێکە لە چوارفریشتەو یەکێکیشە لەحەوتەنو هەم دەلیلە ، هـەر هەمان دەستوور ، باسی دیوانی

سوڵتان‌دەکا ، کـە چۆن (هەفتەوانە) ، لە ژێر ساجی ئاگردا بـە نووری سوڵتان بوونە جێگەداری‌و لەبەر ئەو خۆشیە کەڵـە زەردە ، بەقوربانی کراو غوڵامان هەموویان بۆ دەستگیری‌وشەرت لەبەردەمی حەوتەوانەدا ، بە چۆکدا چوون (داچوون) ، ئەمەش ئەو وەرگرتەیەیە :ـ

عازیز بەیانا ، •••••••
بەیان وە زەمان مەیۆم بەیانا
هەفتەوان جە نوور شاه لامەکانا
نە ژێر ساج‌نار ، گیریا دیوانا
زەردە بام چۆکا ، بی وە قوربانا
با عاشق ئەو نوور نریا ئەو خوانا
صیفەو غوڵامان کۆه مەلـکانا
سوجدەی شەرت یاران پەی هەفتەوانا

(دەفتەری غوڵامان ، کەلامی پەردیوەری ، ل۲۳)

پیرمووسیی کـە یەکێکە لەچوار فریشتەو یەکێکە لـە حەوتەن ، خەبەری گرتنی دیوانی سوڵتان دەدا بە غولامان‌و بەم بۆنەوە دەڵێ :

عازیزم خەوەر ، ••••••
خەوەر دەرەنان ، مدەرم خەوەر
گیرا ، پا جەمی نە قاف گەوهەر
خوواجامان ئاوەرد پەنەم وا خەوە
سککەش وا پەنە پەی رۆی پەردیوە
دەستگیر وەشەرتنی نەی‌گا جە نەظەر

(هەمان سەرچاوە ، ل-۲۳)

مستەفا (مصطفى) یەکێکی دیــکەیە لەو حــەوتەنە کەئیزرائیلە ئاگاداری غولآمان دەکا بەوەی کە سوڵتان لە ژێرساجی ئاگردا ، دیوانی گرتووەو سەیدمحەمەد بووە بە جێگەداری شاھ ، ئەمەش ئەو وەرگرتەیە کە ئەوە روون دەکاتەوە •

مستەفا (مصطفى) مەرەمۆ :ـ
شاھی هەی شاھی ، ••••
غولآمان بەیدێوە ، شاھی هەی شاھی
نە ژێر ساجی نار ، دیوان واحید
دەستگیر شەرتەن زات سەیدمحەمەد

(هەمان سەرچاوە ، لـ٢٣)

**هــەوتەن :ـ**

هــەڵقە (بازنە)یەکیتری دینی ، بە ناوی (هەفتەن)ەوەیە ، ئــەم بازنەیە (جاویدان)یان پێ دەڵێن ، کــە واتای (نەمری = سوبەری) دەدا ، لەسەرەتای دنیاوە تاکۆتایی دنیا ، (رۆح = دوون)یان لەگەڕاندایە • ئــەم هەفتەنە ، هێزو تەواناى خوایی‌یان تێدایەو بۆیان هەیە لە (تەن = جیسم)دا خۆیان پیشان بدەن ، وەختی وەهاش هەیە ، پەناواکین • بۆ فەرمــانی خوایی ، خۆیان دەخەنە جیسمێکەوەو لە شێوەی یەکێکدا کە بگونجێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەوکارە •

وەرگرتەیەکی (کەلآم) وا دەگەیەنێ ، کە ، حەوتەن ، چاوەروانی دەرکەوتنی سوڵتان دەکەن ، کــە ببینن‌و تاوەکو پێی بڵێن ، یاخود لێی بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی (فانی) لابەرێ‌و (باقی) بهێنێتە کایەوە ، لەبەر ئــەوە هەموویان ئامادە بوون • بەم بۆنەشەوە هەم یەکەیەکە ناویان دەستگیرمان دەبێ‌و هەم وتەکەشیان ، کە لە حوزووری سوڵتاندا دەیڵێن •

غوڵامان دەفەرموون :

تا گرد وە کەرەم نەوینمێ ئەو چەم
یەك یەك بوینمێ ئەو شادی خورەم
سوڵتان ویش بەیۆ ئەو صەلای جەم
وەرگیرِ (فانی) ، (باقی) گیر وە دەم

سوڵتان دێ و غوڵامان پێی دەڵێن :ـ

طەی کەردیم مەنزڵ ، .....
یەك حەفتە وەر جە دەر ، طەی کەردیم مەنزڵ
فانی دەی وەسەن ، سوڵتان عادل
(باقی) بنمانە (فانی) کەر باطل

سوڵتان ، وەڵامیان دەداتەوە ، کە نیازی ئەوەیە وا بکا ، بۆ ئەوەی تـکاورجای (رەضا)و (رەمز) بهێنرێتەدی . جگە لەوەش ، ئەوەیان پێ رادەگەیەنێ ، کـە لەرێـگای رۆژەوە ، یاخـود خۆرەوە ئەستێرەیێ دەردەکەوێ ، ئەوە پیشان دەدا کـە ئەم جێگەداری حەیدەرە ، یاخـود حەیدەرە لەتەنی سوڵتاندا ، ئەم وەرگرتەیەش ، ئەوەمـــان بۆ رۆشن دەکاتەوە :ـ

سوڵتان مەرەمۆ :ـ

غوڵامان وایە ، ......
پەی رۆژ باقی نیانمان وایە
رەجای رەضاورەمز نەشۆ وە ضایە
ئاسمانا مرغا ، زمینا هایە
ستارەی مەزیۆ نە جامەی خورشید
بەی‌شانی (پشانی) حەیدەر ، جای بیم وە ئومێد

هەردوو جفت وە هەم وێنە مادەو نەر
مادەش بنیامین نەرشەن قەنبەر
دەستووریٚ ئامان ، پەریٚ گردیشان
شوکرو فیکرو ذیکر وە خواجای وێشان
(دەفتەری گەواهی غولامان ـ کەلامی پەردیوەر ، ل ـ ٣٣)

**١ ـ بنیامین : بنیامین ، لە سولتان دەپاڕێتەوە ،**

بۆ ئەوەی غولامان نەخاتە رێگەی گومڕاهی یەوە ، کەم بینی یان نەکا ، ئەو غولامانەش بریتین لە دوو حەوتە ؛ (حەوتەن و حەوتەوانە)و دووچل (چلتەن)و (چلتەنان) .

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە :ـ
بنیامین مەرەمۆ :
ئومێدەواریم ، ئەی ئاگاو بینا
وە چەمان دەردەوە نەوینی گوناه
غولامان نە وزی وەراگە بی ڕاه
کەچ نەظەر نەوان ، نەقاپی و دەرگاه
دووهەفت و دووچل ، بافندە تۆن
رەهنمای یاران سفید گەردوون
حاصڵ جە شیرەن ، رۆغەن زەلاڵ
نە مایەی ئەزەڵ یاوان وە کەماڵ
شیر پەریٚ (باقی) چراغ پێش بان
تا رۆز باقی جە ئاماو لووان
چەنی غولامان ، عازیز مەلەخشە
گوناه وینتی نیستان بووەخشە

**٢ ـ داود : داود لە سوڵتان دەپاڕێتەوەو دەڵێ :**

خۆشەویست ئامانو دەخیل ، کەمترین غوڵامتمو ئاگاداری هـەموو شتێکمی ، دەستم بە دامێنت ، ئـەو دوو حەوتە (حەوتەوانەو حـەوتەن) با(نەردبان) ، (پەیژە) بن بۆ رێی باقی ، هێزو تەواناى یاران چە (نەرد) چـە نەردەبان ، خراونەتە بەرتیشکی دوڕەوە بە مەبەستی تاقیکردنەوە • ئەمەش ئـەو وەرگرتەیە ، کە ئەمەمان بۆ روون دەکاتەوە •

داود مەرەمۆ :ـ

عازیز ئامانەن ، ••••••

عازیزم وادەی دەخیل ئامانەن

ئەزن کەمترین نە غوڵامانەن

دەردم مەوینی دەستم دامانەن

دوو هەفت نەردبان ، پەی راگە باقی

وە دیدەی دووربین نیامان خەلاقی

قودرەت یاران نەردو نەردەبان

وستەن نە رووی دوڕ پەرێ ئیمتیحان

(هەمان سەرچاوە ، ل ـ٣٥)

**٣ ـ پیرمووسا :ـ**

پیرمووسا ، دێ بەشان وباڵی هێزو تەواناى سوڵتاندا کـە چۆن هەموو شتێ لە کردەوەى ئەوەو هەر خۆی تەواناداره بەسەر هـەموو شتێکدا • ئەمەش ئەو وەرگرتەیە :

پیرمووسا مەرەمۆ :ـ

ئاقای غوڵامان ، ••••

ساحیب نۆهسەدەی خواجای غوڵامان

ئەی تان وە پۆوە هەر تۆی باڤانان      (تەنیوتە)
پۆسە شەوو رۆژ مەبۆ نمایان
جەی تانو پۆوە کەس نیەن دوو هۆ
ئەمر خواجا من ، هەرچە رەجۆ بۆ
ئومێدەوار نیەم ساحیب شەوو رۆ
بەجییان چنی هەم ئەی تانو ئەی پۆ      (بەجیاوازی)

**٤ ـ رەمزبار :ـ**

رەمزبار ، وای لەقەڵەم دەدا ، کە سوڵتان هەمووشتێکی لەلا ئاشکرایەو چونکە وایە ، پێویست بەوە ناکا کە عەرضحاڵی بداتێ ، لەگەڵ ئەوەش‌دا داوای بەردەوامی ریشەی دوو حەوتەکە دەکا . ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ؛

رەمزبار مەرەمۆ :ـ
ساحیب کارخانە ، .......
کاڵای رەنگارەنگ ، ساحیب کارخانە
چە لازم ، واناى عەرضو بەیانە
ئاشکارو نیهان ، وەنەت عەیانە
بەی دۆڵ ئاوکێش دوو هەفت زرتەناف
سازای پەرێ جەبر ، کێشای ئاوی ساف
تۆتەناف یەك زەرع ، ئەر بێ مایە بۆ ـ (نەو)
وە ئاوەنیاو ، دوو هەفت ضایە(زایە)بۆ ـ (ضایع)
ئومێدەن پادشام مەیلش مەدام بۆ
ریشە ئەی دوو هەفت بەر هەم دەوام بۆ

(هەمان سەرچاوە ، ل‌ـ٣٥)

٥ ـ مستەفا (مصطفى) :

مستەفا وەك ئینزاریّ ، یاخود ئاگاداریێ ، لەناو كۆمەلّی غولاّماندا بلاّو دەكاتەوەو دەلّێ : هەر كەسێ لە غولاّمان چە كاریّكو چە فەرمانێـــكی بەسەردا دراوە ، بەبێ سەرپێچی دەیـكاو هـــەر كەسێكیش ( منـكر ) سەرپێچی دەكا ، داوای غـەزەب لێ گرتنی دەكرێ ئـەم وەرگرتەیە ، ئەوەمان ، بۆ رۆشن دەكاتەوە •

مستەفا مەرەمۆ :ـ

سولّتان سەرجەم ، ••••••

سەقامات دین ، سولّتان سەرجەم

هەرچە غولاّمان مەواتان نەی جەم

ئەمر خواجامەن بێ زیادو كـەم

هەركەس خەلاّتێ بەخشانی پێشان

وەجا باوەران ، وەظیفەی ویّشان

وەظیفەی ویّشان باوەران وە جا

سەرێ نەپێچان نەفەرمان شاه

هەركەس كە مونكیر فەرمانی تۆن

غەظەبش وە دەست موتلەق رەجۆن

(هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە)

٦ ـ شاه ئیبراهیم :

شاه ئیبراهیم ، دەست دەكا بە تاریفدانی هێـزو تـەوانا (توانا)ی سولّتانو وای لەقەلّەم دەدا ، كە شـاهی هـەموو شاهانەو دەسەلاّتداری هەموو كارێكەو كردەیەتیو كەسیش ناتوانێ گوێرایەلّی نەكاتو ئەگەر هاتوو یەكێك سەرپێچی كرد لە فەرمانەكانی شاه ، ئەوە مستەفای داوەر تۆلّەی لێ دەسێنێ ، ئەمەش ئەو وەرگرتەیە •

شاھ ئیبراھیم مەرەمۆ :ـ

شاھەنشای شاهان ، ••••••••

بێ مەعواو مەکان ، شاھەنشای شاهان

ئاگای هەردوو سەر ، رەهنمای راهان

(مطیع الامر)یم جە ئەمرو خواهان

سەداو جە وێتەن ، ئێمە حەبا بیم

صەدا جە وێتەن ، ئێمە رەبا بیم

جە خمخانەی تۆ جامەی رەنگاورەنگ

پۆشاك یاران بێ شنۆو بێ دەنگ

هەر کەس نە ئەمرت بەربشۆ وە بەر

مەئموور جەزاش مستەفای داوەر

(گەواهی غولامان ، ل‍ـ٣٦)

**٧ ـ یادگار • یادگار باسی بە توانایی‌و بەهێزی سولتان دەکاو دەڵێ :**

تۆ ئەوەیت ، کە کەس نازانێ جێگات لـە کوێیە ، گوێت لـە سروەی هـەموو سروەیەکە ، هـەر وەختێ وتم (باقی) مەبەستم تۆیت ، لە هەرجێگایێ تۆ هەیت ئەوە (باقی)یە ، شەربەتی چاکۆکردنەوەی دەردەداری • ئەمەش ئەو وەرگرتەیە کە ئەوە رۆشن دەکاتەوە :

یادگار مەرەمۆ :ـ

جاگە نازمان ، ••••••••

وە ناز مێردان ، جاگە نازمان

وجودت مایەی سەر فرازمان

گۆشت شنەوای رێزە رازمان

هەر وەقت (باقی)م‌وات ، مەنظوورم تۆ بیت
نەپێچو پەنهان پەنای دوو هۆ بیت
هەر جای تۆ هەنەن ، ئانە باقی‌ـیەن
شەربەت شیفای دەستی ساقی‌یەن
ئەر ئاسمان بۆ ئەگەر زەمین بۆ
یادشام مەعین بۆ ، ئامین مین بۆ •

(دەفتەری گەواهی غولامان ، کەلامی پەردیوەری ، ل‌ـ٣٦)

**چوارفریشتە :**

**چوار فریشتەی دەورەی سولتان ، ئەمانەن**

**١ ـ پیر بنیامین ٢ ـ داودی دەلیل (رەهبەر) ٣ ـ پیرموسای دەفتەردار (محاسب) ٤ ـ خاتوون رەضبار شەفیعی مەحشەر •**

ئەم‌وەرگرتەیەش ، ناوی هەر چوار فریشتەکەی تیدایەو هەروەها ئەرکی هەر یەکەشیان ، لە سروودی تەلقینی مردوو وەرگیراوە •

« ئەوەلش یارەن ، ئاخرش یارەن
پیرش بنیامین ، شاهش خاوەندگارەن
دەلیلش داود رەهنمای راهەن
کردارش چراغ نەپێش پاشەن
محاسیب پیرمووسا ساحیب دەفتەرەن
قیلەی حەققانیش نە پەردیوەرەن
شەفیعش وە حەشر خاتون رەضبارەن
دەستگیرش شاهئیبراهیم ، یار یادگارەن

(ل‌ـ٢٠٤ ـ سروودی دینی یارسان)

( هەڵقە = بازنە)ی دیکە

لەزنجیرە دینی‌یەکە دا ، هەڵقەی‌ترمان هەن ئەوانیش بەناوی :ـ

١ ـ چلتەن‌و چلتەنان ، هەر یەکە لەمانە (چل‌ـکەسێکە)و ناوەکانیشیان، بە تەواوی دەرنەکەوتوون •

٢ ـ (٧٢)پیرەو (٩٩)پیرەی هەورامان‌و داڵەهۆ ، هەرهەمان دەستوور ئەمانەش بە تەواوی ناویان دەرنەکەوتوون (واتە : لەم بەرهەمانەدا، کە لە لای من هەن ) •

جەم(٢١) :

جـەم ، وشەیەکی ئاوێستایی‌یەو بە واتای (کۆبوونەوە) هـاتووە ، لـە شارەزوورو هەورامانیش‌دا ، ئێستەش ، هـەر بە هەمـان واتا بەکار دێ • بۆ وێنــەی دەوترێ : (هـەموویان جەم‌ـن) ، واتە : ( هەموویان کۆمەڵن ) ، یاخود (کۆ‌ـن) • هەروەهـا دەبیسترێ کـە بوترێ ( ئـەو عەقڵی تەواو جەمـە) واتە : (عـەقڵی یاخـود بیری ، پرژوبڵاو نی‌یە ، بەڵـکو (کۆ‌ـیە) ، یاخود بە واتای (عاقڵیش)دێ • هەندێ جاریش وتەی (ئەوان جەم‌ـیان خواردووە بەیەکدا) دەبیسترێ ، کە هەمان واتا دەدا ، واتە (ئەوان کۆ بوونەتەوەو سەریان کردوە بەیەکدا) •

هەندێ لەزمانناسـان ، لایان وایە کـە وشـەی (جەم) لەوشـــەی (جەمع = جمع)ی عارەبی‌یەوە هاتبێ ، بیری ئەوە ناکەنەوە ، کە (جەم)ی ئاوێستایی زۆر لە (جمع)ی عارەبی ـ ئەگەر عارەبی بێ ـ کۆنترە •

(جەم) وەك ناوی کەسێ ، لە زوربەی ئەو بەرهەمانەدا ، کـە باسی مێژووی شایانی پێشدادی‌و کـەیانی دەکـا لـە جیاتی ناوی (جەمشید) هـــاتووە •

لەناو (ئەهلی‌هەق)دا ، وشەی (جـەم) دوو واتا دەدا ، ئەوانیش (جەژن)و (کۆبوونەوە)ی دینی •

هـەر ئەرکێکی دینی کـە پێویستی بە کۆبوونەوە بێ ، بۆ وێنە (سپاردن) ، (نیازکردن) ، •• هتد دەبێ بۆی کۆ بنەوەو باوبرەوی دینی پێویست بەو کارە بکرێو بە هەریەکێ لەو کۆبوونەوانە (جـەم) دەوترێ •

جەم ، کـە بە واتای جـەژن دێت ، بۆ شکاندنی سێ ڕۆژەی ڕۆژووە ، واتـە پاش تەواو بوونی سێ ڕۆژەی ڕۆژووو بۆ ئێـوارەی دەبێ جەژن بکرێو ئەویش (بەکورتی) بەم جۆرە دەبێ •

**باووبرەوی جەژنی‌جەم :**

ئەوەی کـە توانای ڕۆژوو گرتنی هەبێ ، کەڵەشێرێکی سـاغو سەلامەت لـە ڕووی ڕوواڵەتەوە ، لەگـەڵ مەنێ برنجو هەندی شیرینی (شەکربێ ، کشمیش‌بێ ، یا میوە) بۆ شەوی جەژن ئامادە دەکا •

کـە دەچێتە ژووری جەممخانەوە (تەکیە) ، (مەولاعەلی) دەڵێ ، یاخود دەڵێ : (یاعەلی)و ئەوانیش وەڵامیان بە (مەولاعەلی)یەو بەسـەر جل‌وبەرگی‌دا پشتوێنی بەستووە ، بۆ ئەوەی جەمنشینان لەگەڵ شاگردانی (داود)دا سـەر ژمێربکرێنو ئەوجـا دەست دەکەن بە دەست ماچ‌کردنی یەکتری‌و ئەوجا (کەلام) دەخوێننەوە • ئەوجا سروودێ هەڵدەبژێرن کـە زوربـەیان بیزانن‌و بەشێوەیەکی ئاهەنگرەنگ دەیخوێننەوەو دەیڵێنـەوە (ئاوازەکەشی جۆریکە لە سیاوچەمانە) ، ئەوجـا کەلامی نیـاز دەهێننە جەممخانەوە • سەیدو خادم (خادم ئەو سەیدەیە کە ئاگاداری هەمووشتێکی جەممخانەیەو بەرپرسیشە دەربارەیەوە) بە وێنەی پرس‌و وەڵام دۆعـای

نیـاز دەخوێننەوە ، جەمنشینان نیاز (بەشـە گۆشت‌و خواردنەکە) بـە دەستەوە دەگرن‌و ماچی دەکـەن‌و دەیگرن بەسـەر دەستیانەوەو سـەید دۆعایەکی دیکە بەسەری‌دا دەخوێنێ‌و ئەوجا جەمنشینان (ئامین) دەڵێن‌و سـەید فەرمانی خواردنی دەدا •

**جەژن ورۆژوو پەیوەندی‌یان‌و لەچی‌یەوە هاتووە :**

پاش مـردنی شێخ‌عیسی ، سـوڵتان چی بیروڕای هـەبووە دژی رەزامەندی براکانی‌و خزمەکانی بووە ، ئـەم ویستوویەتی جوێ بێتەوە ، چونـکە زۆر نارەحەتیان کردووەو زۆریان بۆ هێناوەو هەرچی هـەوڵ‌و تەقالای لەگەڵ‌دا داون سوودی نەبووە •

لەبەر ئەوەی کـە سوڵتان زۆری بۆ دێ ، دێیەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵێ‌و بە مەجبووری خۆی دەگەیەنێتە ئەشکەوتی (نەوێ) ـ ( واتـە : مـەڕی نەوێ ـ ، (مەڕ) واتای ئەشکەوت دەدا) ـ وە ، لەوێ خـۆی لەوان هەشـار بدا ، بەڵام براکانی لەخزم‌و کەس‌و کـارو هۆزەکانیان‌دا لەشکرێکی زۆریان کۆ کردەوەو کـە بە لەشکری جیجك ناوبانگی دەرکردبوو هـاتن‌و دەورەی مەڕی نەوێ = ئەشکەوتی نەوێ ـ ( کـە نزیکی خورماڵی ئێستایە)ـیان داو زۆریان بۆ سوڵتان هێنا ، ئەم لەشکەرە بە سەرکردەی سێ‌کەس (سێ‌براکەی) بوو (قادرە ، خیشە ، سلامەت)• ئەم شـەڕی نێوان سوڵتان‌و ئەو خزمانەی سێ شەوورۆژی خایاند لـەم ماوەیەدا سوڵتان‌و یارانی (سێ‌دەروێشە) بێ خۆراك‌و خواردن مانـەوە ، لـەم سێ‌رۆژەدا بە رۆژوو بوون چونکە هیچیان نەبوو بیخۆن ، ئـەم سێ رۆژە رۆژووە ، بە ناوی (رۆژووی مەڕی نەوێ)وە ناوبانگی دەرکردووە هـەر بـەم بۆنەیەوە ئەهلی‌هـەقق) لـە چلەی زمستان (زستـان)نی کوردی‌دا ، مانـگی سێی لە رۆژی (١٢) دوانزەمی‌دا رۆژوو دەگرن بۆ

مانگی سێ ڕۆژو بۆ ئێوارەی ڕۆژوو بە جەژن دەکەنەوە ، چونکە ئەم جەژنە ئەو جەژنەیە کە بەسەر لەشکری خزمەکانیدا سەرکەوت - لەمەڕی نەوێدا - و توانیان خواردن دەست خۆیان بخەن .

شایەنی باسە ، کە لەشکری خزمانی دێنە سەریان‌و دەوراندەوری (مەڕی نەوێ) دەدەن ، سوڵتان‌و یارانی زۆر کەم دەبن‌و بە جۆرێ زۆریان بۆ دێ کە هیچ چارەیەکیان نابێ جگە لەوەی کە هانا بەرنە سوڵتان پێی بڵێن . بەم بۆنەیەوە ، یاران دێنە لای سوڵتان‌و بە زمانی کوردی - هەروەك دەفتەرەکە وا دەڵێ - پێی دەڵێن :-

ئامانەن ئامان یاخواجای وەش‌وەقت
نمایان کەردی ڕنایشت سەخت
هەیجووی داود جە لا بدەر جەخت
دەستوور بنیامین مووسیت کەردەن تەخت
سوڵتان فەرمووی :
شاه فەرما داود بدەرە جەلا
بووەزە نە چیچك وە عەزم غەزا
وە ئارمای شاه ، داود وۆرێزا
نەما وە جەلا یۆ یۆی (مصطفی)
سەر فروز ئاوەرد غولام (نیلتار)
لووا پەی چیچك طایفەی کوففار
سێ شەبانە ڕۆز غەزای چیچك کەرد
تاقی ذی حەیات ، ژیشان بەر نەکەرد
ئەوجا دەڵێ :
داود دەس بەرد نە ژێر قاڵیچەی قودرەتی
مشتێ خاك شانا ئەو ڕووی قۆشن چیچکی

سێ شەوو سێ ڕۆژ بی وە تارىکی
یۆیۆشان بڕی خارجیو تەمگی
تەمە ڕەماوە ، بی وە ڕۆشنائی
نیاشان بنای سێ ڕۆژەو دەعوات پادشاهی

(دەفتەری کەلامی پەردیوەری ، ل-٢٣)

لەلای (ئەهلی‌هەقق) جەم - چە جێگا ، چە کۆبوونەوە ، چــە جەژن - زۆر پیرۆزەو لە سەرانسەی دەفتەرەکان‌دا ، بە پیرۆزی ناوی هـــاتووە .

لە تەڵقین دادانی مردوودا ، جەم بە پەناگاو جێـگەی خاسان لـە قەڵەم دراوە ، بە شێوەیەکی رووتر بەهەشتی ئەهلی هەققە .

**پەناهگاش هەیبەت جەم راسانەن**
**جەم مەکان حەقق جاگەی خاسانەن**

(ل-٢٠٤ ، سروودی دینی یارسان)

سوڵتان خـــۆی باسی پیرۆزی (جـــەم) بو ئیبراهیم دەکاو پێی رادەگەیێنێ ، کـە پیرۆزی (جەم) حـەزی سوڵتانەو بڕیاری خـۆیەتی بۆیە قیبلەگای یارانەو جێگەی غوڵامانی چاك (خاسە)ە . ئەوجا دەڵێ ، هــەر کەسێ لە جەم‌دا ، بە راستی دامـانی سوڵتان بگرێ ، بێ‌گومان ئەوە یاری راستی‌یەو لە رۆژی حیسابکردن‌دا دیاری‌یە .

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کە ئەوەمان ، بۆ روون دەکاتەوە .
سوڵتان مەرەمۆ :-
ئیبراهیم یەکتا ، ......
جە هەفتو هەفتەن ، تۆمەنی یەکتا

یەکێ کەس نی یەن ، وە ویمەن ئاگاھ
ئینە ئارمای ، ئەزەلی بیاھ
دەست جەم جە من ، قودرەتش بی یا
رەنجە دڵ نەوی ، ویم کەردم ئیکا ـ (ئی کار) ـ (ئی جا)
جەم قیبلەگاھ ، یارانم بی یەن ـ بیان
خاسە غوڵامان ، نە جوملە ئەشیەن ـ ئەشیان ـ
هەر کەس نەجەمدا نەبیرو ئەرکان
وە ڕاست بگیرۆ دامان سوڵتان
ئانە حەقیقەت مێرد یاری یەن
جە ڕۆژ حیساو ئای وە دیاری یەن
(دەفتەری کەلامی پەردیوەری ، ل ـ١٤)

دەربارەی ستایش کردنی جەم ـ ەوە ، سروودێکی تایبەتی هەیە ، بۆ زیاتر زانین ، دەربارەیەوە ، وا هەندێکی لێرەدا پیشان دەدین .

قیبلەی یارانەن ، ......
جەم کەعبەی شەریف ، قیبلەی یارانەن
جەم غەضەب بەخشان ، رەحمەت ڤارانەن
جەم یۆرت کردار ، نیاز دارانەن
جەم خەتم تەمام ، دۆعا ئامینەن
جەم نە بەیا شۆن پیر بنیامینەن
جەم داڤید رەهبەر ، هەرفەقێ تەنگەن
باچەن سەد دینار ، هەر کەس یەکرەنگەن
جەم سیفەت سەرمەشق پیرمووسیی پیرەن
جەم قەبڵو قەرار دەستی دەستگیرەن (قەبل = قەول)
جەم رەنگین رەضبار خزمەت ڤە دەستەن

جەم فتوای شەربەت ، سەرمەستان مەستەن
جەم نەزرو نیاز ، کردار گەردەنەن
جەم جەوزی شادی ، سەر سبەردەنەن
جەم یەعنی مەسجید ، یاری یارانەن
جەم حەللی موشکیل ، مەطلەبدارانەن
جەم هوهو مەستان ، سەدای یاری‌یەن
جەم راگەی راستەن ، رەضای باری‌یەن
جەم ئەزەل ئەرگان ، دیدەی گیانی‌یەن
جەم سازی سەحبەت دیدەی کەیانی‌یەن
جەم جەمالی شام ها ڤە جەمخانە
جەم سولتانی جەم ، ساحیب سەرانە
جەم جەمی یاری گەردی دۆسانەن
جەم لایق ڤە پۆل ، پوختەی پۆسانەن
جەم فیکرو فرصەت ، قەلای یارانەن
پەنا بەر ئەو جەم ، ئەر بێداری‌یەن
جەم ئەو بیاوبەس ، پادشاو پیرەن
جەم جەمی دەلیل ، جەمی دەستگیرەن
........ ،

(ل-١٥٦ی سروودی دینی یارسان

**بۆچی خواردنی جەژن تایبەتی‌یەو نابێ بگۆڕدرێ !**

وتمان خواردنی جەژن ئەوکەلەشیرو برنجو شیرینو نانەیە کـــە هەرکەسێ لەوکاکەیی‌یانە توانای رۆژووگرتنیان هەیەو ئامادەی بۆ جەم دەکەن ، هەروەها و تیشمان سێ رۆژی رۆژوو هی ئەوەیە ، کە سولتان

سێ دەروێشــــە (کەفریشتەکانن) سێ‌شەو سێ ڕۆژ لەگــەڵ لەشکری براکانیا شەڕیان دەکردو بۆ ئەو ماوەیەشە بە ڕۆژو بوون .

ئەوجا ، بۆ ئێوارەی کۆتایی شەڕو سەرکەوتنی سوڵتان بەســەر لەشکری چیچك‌دا ، پیاوێ (خوانێ) خواردن بۆ سوڵتان دەهێنێ‌و ئــەو خوانەش بریتی بووە لە کەڵەشێرێکی کوڵاو چێشتی برنج‌و لەگـەڵ نان وهەنگوین دا ، ئەو وەختەش سوڵتان سێ دەرویشە بانگ دەکـــاو ناوی خواردنی ئـەو خواردنەو ئەو ڕۆژوشکاندنە دەنێن (نەزر)و دۆعای بۆ دەخوێنن‌و ناوی دەنێن جەژنی (خاوندگار) .

شەیانی باسـە ، لە وشـەی (جـەم)ەوە ، ئـەم وشانەی خوارەوە هاتوونەتە گۆڕەپانی گفت‌وگۆ نووسینەوە : (جەم ، جەمجەم ، جەمخانە ، جەماوەر ، جەماوەری ، جەماوەریانە و جەمـگا) .

## نیـــاز(١) :

وشەی (نیاز) لـەناو کوردەواری‌دا ، بە واتای (خـەیاڵ = خیاڵ = نیەت) بەکار دێ ، بۆ وێنە ، دەڵێت : (نیازم وایە سەفـەرێ ، بـکەم ، یاخود نیەتم وایە سەفەرێ بکەم ، یاخود خەیاڵم وایە سەفەرێ بکەم . هی یەکــەم سێیەمیان بەبێ زیادوکـەم واتایان یەکێکە ، بەڵام هی دووەم نەختێ زیاتر دڵنیایی تیادا بەدیی دەکرێ .

لەناو ئافرەتانی کوردەواریی‌دا ، بە تایبەتی ، ناوچەی هەورامان‌و شارەزوور ، وا باوە ، کـە ئەگـەر یەکێ منالی نەبێ دەچێتـە ســەر گلکۆی پیرێ ، یا شێخی‌و لەوێ (نیاز) دەگرێتەوە ، ئـەو نیـازەش بـە پارچە قوماشێکی چوارگۆشـە کـە نزیکەی گەزێکی چوارگۆشەیی یا زیاتر دەبێ‌و بە دوو کەسێ ، ئەمسەرو ئەوسەری لە گۆشەکانیەوە دەگرن‌و

بۆ ئەوەی (سیسرگێ ، کولەیێ)یەکی تێ بکەوێو ئەو ئافرەتەش ئەو (شتە) لەگەڵ خواردندا دەخواو بە نیازی سکپڕ بوونەوە •

**سوڵتان ، بۆ یەکەمجار جەم دەگرێو (نیاز) دەکا :**

پاش ئەوەی سوڵتانو پیرمیکائیلی داودانی کە ئامۆزایەتی ئاشتی دەکەوێتە نێوانیانەوەو پیرمیکائیل-یش کچەکەی خۆی (ساری = شارێ) دەهێنێ بۆ خزمەتی سوڵتان ، بۆ ئەوەی خزمەتی بکات • سوڵتان داری دەستی (شاه ئیبراهیم) کە منداڵ دەبێ دەیداتە دەست (پیر ئیسماعیلی گوڵان)و بۆ ئەوەی لە باغی (نهال)دا بینێژێ ئەویش فەرمانی سوڵتان جێبەجێ دەکا • (دارە) سەوز دەبێو هەنارێ دەگرێو ئەو هەنارە بۆ خزمەت سوڵتان دەهێنن •

سوڵتان فەرمانی جەم دەداو سەرپاکی یارانی لەوێدا ئامادە دەبن • ئەم کۆبوونەوەیە ، یەکەم جەمە لە پەردیوەرداو ناویان نا (نیاز) •

سوڵتان فەرمانیدا بە پیر بنیامین بۆ ئەوەی دۆعای (نیاز) بخوێنێتەوە بەڵام پیربنیامین ، لە حوزووری سوڵتاندا نەیتوانی دۆعای نیاز بخوێنێتەوە • سوڵتان فەرمانی بە داودو پیرمووسا ، ئەوانیش هەمان دەستوور ، لە حوزووری سوڵتاندا خەجاڵەت دەیانگرت کە دۆعا بخوێننەوەو بۆیە عوزریان بۆ هێنایەوە • سوڵتان داوای لە چەند یارێکی دیکەی کرد ، ئەوانیش هەر روویان نەبوو لە حوزووری سوڵتاندا دۆعا بخوێننەوە •

سوڵتان فەرمانیدا ، بە کوڕی گەورەی ( سەید محەممەدی گەورەسوار)و وتی : تۆ کوڕی گەورەمیو سەرهەڵقەی حەوتەوانەی فەرمانم وایە کە دۆعای (نیاز) بخوێنیتەوە •

ئەویش فەرمووی :ـ

وە ئیشارەی شاھ وە فەرموودەی یار
وە شەرت بنیامین پیری سەرقەتار
وە رەضای داود راھنمای کوففار
وە قەڵەم زەڕین مووسای دەفتەردار
وە قەدری حشمەت مستەفای زۆردار
وە خدمەت کەردەپاك پیر رەزبار
وە ناز جەمعی ئەولیای نازار
وە نازر جەمع ئەولیای عەطار
هەر جە رۆژ ئەزەل تا (یوم الشماء)
کەردەی یارسان سەف بۆ نە تۆمار

پاش خوێندنی ئەم دۆعایە ، هەنارە دەدەنە دەست خادمی (داود) بۆ ئەوەی بەشی بکا بەسەر ئامادە بووانی (جەم)داو ئەویش بەشی دەکا . بە رێکەوت دەنکێ هەنار دەکەوێتە درزی فەرشەکانەوە . وەختێ کە (شارێ‌سارێ) دێ (جەمخانە = تەکیە) گسك بدا ، دەنکێ هەنار دەدۆزێتەوەو دەیخوا . پاش ماوەیێ سك‌پڕی پێوە دیاریی دەدا ، خەڵك‌و خوا قسەی خراپ دەربارەیەوە دەکەن . پاش تێپەڕبوونی ماوەی (حەمل) کوڕێکی لە دەمەوە دەبێ‌و ئەم موعجیزەیەش دەبێ بە هۆی دەمکوت کردنی نەزان‌و هەڵەشە .

سوڵتان فەرمان ، بە داود دەدا ، کە منالە سێ شەوو سێ‌رۆژ بخاتە کورەوەو سەری بگرێ ، ئەویش فەرمانی سوڵتان جێ‌بەجێ دەکاو پاش سێ رۆژە ، سوڵتان هاتە لای تەنوورەوەو منالە هەڵسایەوە سەرپێی‌و سەڵاوی لە شاھکرد .

دەفتەری پەردیوەری لەم رووەوە دەڵێ :

« یادگار یار ئەوسا بیش مەنظوور
پەرێ نیشانە نیاش نە تەننوور
نیاش نە تەننوور نە شەرارەی نار
فەرما وە داود سەر تەننوور بنیار
سێ رۆز سەبرش کەرد داودی رەهبەر
نیازش وەر کەرد ئاما وە نەظەر
فەرما وە داود نە عەینم باوەر
دیش ئاما وە سەر پادشای پەردیوەر
یادگار جە تەننوور وۆرێزا ئەو پاھ
وە لەفظی شیرین سەلام دا وە شاھ
بەرگی خود ڕەنگی کەرد وە خەلاتش
تەمام کوردستان کەرد وە بەراتش »

(ل-٣٠)

دیارە ، (نیاز)ەکەی سوڵتان ، (یادگار) بوو ، بێگومانیشە کە ئەوەی باوی نێو ئافرەتانی کوردەواری‌یە - (چوونە سەرپیرو سەر شێخ بۆ (نیاز) گرتنەوە - هەر لەوەوە هاتووە •

## دەستگیر کردن (دەست پێوەگرتن)

پاش ئەوەی سوڵتان ، شاھ ئیبراهیم‌و (یادگار)ی هێنایە ناو حەوتەوان‌و حەوتەن-ەوە ، زنجیرە ، یاخود ڕێکخراو پێکهات ، ئەوجا ، سوڵتان فەرمانی‌دا بە حەوتەوانە کە دوو دوو لەدیوانی سوڵتان‌دا ، لە ژێر ساجی ئاگردا ، پاش ئەوەی نووراوی دەبن دەست-گیری یەکتری

بن ، چونکە ئەوە مەرجە (بۆ ئەوە دەستپێوەگیراو ئاگای لەدەستگیربێو گەواهی ـ شاهیدی ـ بۆبدا ) •

کوڕانی سوڵتان دوو دوو جووتیان ساز درا ، و (سەیدمحەدی گەورەسوار) ـ کوڕی گەورەی سوڵتان ـ بوو بە سەر هەڵقەیان • ئەمانە لە نووری سوڵتان پەیدابوون ، لەبەر ئەوە جێگری سوڵتانن‌و هەرچی مێردان هەن سەریان بێ دەسپێرن •

لە دیواناو بەم بۆنەیەوە ، کەڵەزەردە کرا بە قوربانی‌و دۆعای خوێنرایەوە سوجدەی شەرت بۆ هەفتەوانە برا •

ئەم وەر گرتانەش هەندێ لەو شتانەی سەرەوەمان بۆ روون دەکەنەوە :

ئا لەم وەرگرتەیەدا ، ( بنیامین ) کە سەرۆکی چوار فریشتەیەو (پیرە) ، داوا لە کوڕانی سوڵتان دەکا کە برۆن دوو دوو بەیەکتری‌یەوە ـ (پێوەن = متوربە) ـ دەست بگرن ، کە پێی دەوترێ (پێوەن) بە سەرو گوێز •

بنیامین مەرەمۆ :
زاتی هەفت فرزەند •••••••
بەیدی بویندێ‌زاتی هەفت فرزەند
هەر هەفت گەواهی با رووی ئەو دەهەن
سەرو جەوز وە یەك بکەردێ پێوەن
(دەفتەری گەواهی غوڵامان ـ کەلامی پەردیوەری ، ل-٢٥)

ئەم وەرگرتەیەش باسی ئەوە دەکا کە دوو دوو (جووت‌گرتن) بە یەکتری‌یەوە دەست‌گرتن دەبێ لە دیوانا بێ‌و لە ژێر ساجی ئاگردا •

مستەفا مەرەمۆ :

شاهی هەی شاهی ، .......
غولامان بەیدێوە ، شاهی هەی شاهی
نە ژێر ساجی نار دیوانی واحید
دەستگیری شەرتەن زاتی سەید محەمەد

(دەفتەری غولامان ، کەلامی پەردیوەری ، ل-٢٣)

ئەم وەرگرتەیەش باسی دیوانی ژێر ساجی ئاگر دەکاو لەکاتێکدا قوربانی پێشکەش دەکرێ و یاران سوجدەی شەرت بۆ هەفتەوانە دەبەن .

داود مەرەمۆ :

عازیز بەیانا ، ....
بەیان و زەمان مەیۆم بەیانا (میوم)
هەفتەوان جە نوور شاه لامەکانا
نە ژێر ساجی نار گیریا دیوانا
زەردە بام چۆکا ، پی وە قوربانا
با عەشق و جەوت نوور نریا ئەو خوانا
سەففەو غولامان ، کۆه مەلەکانا
سوجدەی شەرت ، یاران ، پەی هەفتەوانا

(هەمان سەرچاوە ، ل-٢٣)

**باووبرەوی گوێزشکاندن :**

بەم بۆنەیەوە شاه خۆشین دەفەرمێ :-

« (کۆس)ی بێداریی ، .......
ژنیا وە گۆشم (کۆس)ی بێداریی
ئەزەڵ دانەپێم کەواکیب کاریی

داخڵ بیم وە جەم ئەرکانی یاریی
چەنی یادگار ئامانیم دایم
شا فەرما نامم هێشت وە ئیبراهیم
پیرم بنیامین ، رەهبەرم داود
وە جەوزو سککە دەسماڵ بی ئابت
جەوز سککە دەسماڵ وە ئیشارەی شاه
سەر سپەردەبیم وەسەید حەبیب شاه »

(دەفتەری شاه خۆشین – پەردیوەری ، ل–٣٠)

مەراسیمی گوێز شکاندن بۆ یارستانی (یاریسانی) زۆر پێویستەو ئەمەش بەم جۆرەی خوارەوە دەکرێ •

١ – پێشەکی ئەم شتانە ئامادە دەکرێن •

أ – یەك کەڵەشێر ، بە مەرجێ لە شەش مانگی کەمتر نەبێ ، لەگەڵ نیوەمەن برنجدا ، بە نییەتی سوڵتان •
ب – یەك دانە گوێز بە نییەتی پیربنیامین
ح – دوو جامی گەورە (بادیە) ئاو بە نییەتی ئاوی کەوسەرو ئاوی (غەسلان‌و ئاوی هانەی ت) ، هانەی‌تا = کانی‌تا •
د – یەك چرا لەجەمدا ئامادە بکرێ بە نییەتی داود–کە دەلیلی یاریسانی‌یە •
ه – (جەقۆ)یێ ، یاخود هەر تیغێکی کۆن ، بە نییەتی مستەفا •
و – هەندێ شیرینی ، ئەگەر قەند ، یاخود میوە ، بە نییەتی شاه ئیبراهیم •
ز – سکە (پارەی‌مەعدەنی) بە نییەتی سەیدمحەدی گەورەسوار کە گەورەی خانەدانانی ئەهلی هەققە •

٢ ـ هـەر نەفەرێ ، یاخود هەر یەکێ کە لە ئەهلی هەقق بێو لـەوێ ئامادەبێ دەبێ ئەو شتانەی سەرەوەی ئامادە کردبێ •

دەربارەی گوێزشکاندنەوە ، دۆعـایەکی تایبـەتی دەخوێنرێو مراسیمی‌تریش ، تا تەواوبوون ، یاخود کۆتایی هاتنی جەم ، هەر هەن ، (سرزودی ژمـارە چوار) تایبەتی‌یە بـەم پەیڕەوە دینی‌یانەوە ، تـکادە تەماشای بکە (بەشی •••••) •

**قوربانی :**

وا لەقەڵەم دەدرێ ، کـە قوربانی لەبنەڕەتەوە ، لەلایەن شـاهی مەردانەوە بۆ یەکەمجار بریار دراوە ، واتە : جیبرائیل ، بۆ یەکەمجار ، لەدەی مانـگی زیلحەججە (ذی‌الحجە)دا ، لەغـەیبەوە قۆچی قوربانی هێنـا ، بۆ ئەوەی لە بری ئیسماعیل بـکرێ بە قوربانی‌و بۆجـاری دووەمیش ، قوربانی (کەڵەزەردە)بوو ، کە سوڵتـان گۆشتی مـاسی دەرخواردی پیرەمیکائیلی دەودانی دا •

ئەم وەر گرتەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخا :ـ

**« ئەڤەڵ جیبرەئیل قۆچ نەغەیب ئاڤەرد**
**ڤە جای ئیسماعیل قوربانیشان کەرد »**

دەربارەی قوربانی دووەمەوە دەڵێ :

**ثانی قوربانی کەڵەزەردە بێ**
**گۆشت ماهی شەط میکایل وەردە بی**

(لـ١٢١ـ سروودی دینی یارسان) •

لەلایەن یارانەوەو بە عـەشقی (داود)و (بنیامین)ەوە ، بۆ لابردنی تەنـگانەو بەنادان لـە جۆرتمو تەنگ‌و چـەڵەمو هەرەس‌و باری گرانی

ئاهـەموارو نالـەبارو دەردو بەڵاو بۆ وەشـاندنی تۆوی باش‌و بەپیت‌و بەرداری دوا رۆژ ، قوربانی دەکرێ •

گیسکی قوربانی ، دەبێ تەمەنی لـە شەش مانـگێ کـەمتر نەبێ‌و لەهەموو روویەکەوە ساغ‌و سەلیم بێ‌و بە دڵێکی پڕ بڕواو ساف‌و پاکەوە ئامادە کرابێ ، تاوەکو یارانی دڵپاك جەمی بۆ بکەن •

ئەم وەرگرتەیەش ، باسی تەمەنی گیسکەکەو لەش‌ساغی دەکا •

**« بایەد قوربانی خۆشرەنگ بۆ تەیار**
**شەش ماه ویەردە ، چاقی خۆشرەفتار »**

(هەمان سروود ، ل-١٢١) •

یاران ، بە دەست‌ویێ‌و دەم‌وچـاو پوختەیی‌و دڵ‌و تەن پاکی‌یەوە ئامادەی جەم دەبن ، تاوەکو شـایەنی ئەوەبن ، کـە لـە **حوزووری** (شاهی‌سامناك)دا ، ئامادە بن • دیدار ناپاکانیش ئەوانەن کە لە کانـگای شەیتانەوە هـەڵقوڵاون‌و دڵیان پیسەو شایەنی ئەوە نین کـە تەمـاشای هەڵس‌وکەوتی خەلیفەو خزمەتکارانی جەم بـکەن‌و هەروەها شـایەنی ئامادەبوونی جەمی سوڵتان نین •

ئەم وەرگرتەیەش ئەوەی سەرەومان بۆ رۆوْن دەکاتەوە :

**« بایەد جەم نشین گشت قالب پاك‌بۆ**
**قابل قە حضور شای سامناك بۆ »**

کـە وەختی گیسـکەی قوربانی دێنن ، دەبێ بە پێی باوەڕەوی دینی نێوچاوانی (تەوێڵ) ماچ بـکەن‌و شیرینێ بخـەنە دەمیـەوە ، و شوکرانەی خۆیی بـکەن ، لەپاشا دەستی راستی‌بگرن‌و رای‌بکێشن بۆ دەرەوە ، ئەوجا تیغی سەربڕینی ئامادە بـکرێ‌و دۆعای شـەرتی

بنیامین بخوێنرێتەوەو تاوەکو جەم نشینان بە (ئامین) (ئامین) بۆی بسیننەوە • پاشا تیغە دەخرێتە ملیەوەو دەبێ زۆر تیژ بێ ، تاوەکو ئەزیەتی نەداو لەم کاتەدا دەوترێ (ئەوەڵ یار ، ئاخر یار) ، خوێنی سەربڕاوەکە دەبێ بکرێتە چاڵێکەوەو شوکرانەی (ذوالجلال) بکرێ • بەم جۆرە قوربانیانە ، دەوترێ (نەقدینە) •

بۆ بەش بەش کردنی ، دەبێ بەشەکان وەك یەك بن‌و کە وەختێ دابەش دەکرێ (هەربەشەی دەدرێ بە یەکێ) دەبێ بەشەکە ، بە سەرپۆشێ داپۆشرابێ ، بۆ ئەوەی بەشەکە بە دەرەوە نەبێ •

ئەم وەرگرتەیەش ، ئەوەمان بۆ دەردەخا ، کە چۆن جەم‌نشینان دێن‌و تەوێلی قوربانی ماچ دەکەن‌و ئەوجا دەمی شیرین دەکەن :ـ

« فە ئەدەب ئەرکان قاعیدەی دۆستان
بەیان شوکرانەی پاڤەران فە پێش
کامش شیرین کەن فە شوکرانەی وێش »

(سروودی دینی یارسان ، ل ـ ١٢٤)

ئەم وەرگرتەیەش ، ئەوەمان پێ دەڵێ ، کە بەش دەبێ سەرپۆشی بەسەرەوە هەبێ‌و ئەوجا بدرێ بە خاوەن بەش :ـ

« چەن تیرێ فە بێ بەرگ هەرچەن بەیۆ بەس
بەش فە بێ سەرپۆش مەدەرەن فە کەس »

(هەمان سرچاوە ، ل ـ ١٢٨)

بە پارەی پێستەکەی (لەپاش ئەوەی کە لە جەمدا ، پێستەکەی دەفرۆشرێ) نان دەکرێ ، ئەوجا پاش سفرەوخوان بە ئاو دەست دەشۆرێ •

ئەم وەرگرتەیەش ، باسی فرۆشتنی پێستی قوربانیە کەدەکا :ـ

« پۆستی قوربانی باڤەران ئەو جەم
هەرچی بەهاش هەن سەبز بکەن دەردەم »

ئەوەی کە شایەنی باسە ئەوەیە ، کە لە پارەی پێستەکە دەبێ دوو شایی سپی، (باسی پارەی سپی کۆن دەکا)و لەوانەیە ئێستە هەر یەکە بایی دینارێ بێ ، بۆ قوربانی سەر بە یادی (داود)ەوە بهێنرێتەوە •

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کە ئەوەمان بۆ دەردەخا :ـ
« دوو شاهی سفید بدەن سەرفی سەر
دوو شاهی سفید داڤیدی یاران
ئەو ڤەخت پەخشن بی ڤە شاران »

**(سروودی دینی یارسان ، ل ـ١٣٢)**

لە قوربانی وەهادا ، دۆعای هەمە جۆر دەخوێنرێ ، ئەوانیش :ـ دۆعای تیغ ، دۆعای نەقدینە ، دۆعای مووچە دابەش کردن ، دۆعای فرۆشتنی پێستە ، دۆعای وەرگرتنی ، دۆعای سفرە ، دۆعای دەست‌شوشتن (ئاوگەردان) • بۆ زیاتر زانین دەربارەیەوەو زۆرتر رۆشنبوونەوەی تەماشای سروودی ژمارە (٥)ی بەشی سێیەم بکە •

**باووبرەوی خۆشوشتن :**

لای (یارسانی) وایە ، کە (پاکی) بنەڕەت‌و سەرەتای دینی (یاریی)یە • پێویستە (تەن = جیسم) هەمیشە پاك بێ • پاکی دڵ ئەوەیە ؛ کە ژەنگ‌و رقو کینەی بە ئاوی خۆشەویستی بشۆرێ زەبری تەماعو بەخیلی تیادا نەمێنێو خۆشەویستیو برایەتیو راستی لە

جێگایاندا جێگیرو بنجبەست بێ تاوەکو دانەی راستیو هەوێنی ، لە بوون(وجوود)دا بەیدا بێو بچێتە دڵەوە •

پاکی لەش (تەن) ، ئەوەیە ، کە هەمیشە جلوبەرگ پاكو تەمیز بێ ، شوشتنی تەن(لەش)یش ، ئەگەر ئاوەکە زۆر بوو ، بۆ وێنە رووبار بوو دەبێ لەش تیایا نوقم بکرێو دۆعای خۆشوشتنو لەش پاککردنەوە بخوێندرێ • ئەگەریش ئاوەکە کەم بوو ، ئەو وەختە ، بە (مست) یاخود بەجام نۆ جام ئاوو بۆ هەر لایێ سێجام بەکار دەهێنرێ لەگەڵ خوێندنی سروودی خۆشوشتندا ، ئەو لایانەش ، بۆ یەکەمجار سێجام بەسەرداو ئەوجا سیانیتر بە شانی راستداو لەپاشا سێجامیتر بە شانی چەپدا •

ئەمەش ئەو سروودەیە ، کە لەکاتی خۆشوشتندا ، بەکار دەهێنرێ (واتە : دەخوێنرێتەوە) :ـ

ڤە نوطقی مێردان ، خەرقەی نوور نەوەر
ئاوەم تەشارەن ، قیلەم پەردیڤەر
ڤە جامی ئیبراهیم ئاینەی جیهانبین
ڤە ئیقراری شەرت ، شاهـ بنیامین
ڤە رەزای داڤید ، رەهنمای رەهبەر
ڤە نوطقی نەفەس مووسیی قەڵەمزەڕ
ڤە ئابی رەزبار ، خاتوونی مەحشەر
پاكو طاهیر بووم ، زە پا تا ڤە سەر

(سروودی دینی یارسان ، لـ١٩٥)

شایەنی باسە ، ئاوی تەشار ئاوێکی پیرۆزەو لە لایان وەك ئاوی (کەوسەر)وایە ، یاخود ئاوی (کەوسەر)ەو کانی (هانەی غەسلان)یشی

بێ‌دەو تریّ هـەروهـا (هانەی‌تا) یاخود (کانی‌تا) • کانی (غەسلان) شاه ئیبراهیم هەڵی‌کەندووەو (کانی‌تا)ش بابایادگار •

ئەم وەرگرتەبەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە ، کـە (کـانی غەسلان) ، (کانی کەوسەر)ەو بـەم بۆنەوە ، یادگار دەفەرمیّ :ـ

« غەسلان وەتەشار باطن ئاوەردیم
داخڵ وە کەوثەر حەقیقەت کەردیم
کەوثەر ئاوەردیم کەردیم وە تەشار
چەنی ئیبراهیم یەك شەرت‌و ئیقرار »

(دەفتەری شاه خوشێن ـ پەردەیوەری ل ـ ٣٠)

**قیبلەی ئەهلی هەقق**

قیبلەی ئەهلی هەقق (پەردیوەر) لەشێخانە کە کەوتۆتە نزیك دێی (دەودان) ، ســەر رۆخـــانەوە • بۆیە پەردیوەر بە (قیبلە) دادەنریّ ، چونکە سوڵتان ، ئا لەویّ لەســەر رۆخانە پردێکی‌هەڵبەستووەو ئــەو پردەش جۆرە رازێکی ئەفسووناوی سووپەریانەی بە دواوەیە کـە بـە موعجیزەیەکی ئەهل‌هەقق لەقەڵەم دەدریّو هەروەها سوڵتان ، ئا لـەویّ نیشتەجیّ بووەو دینی حەقیقەتی ئاشکرا کردووە •

ئەم وەرگرتە ، ئەوەمـــان بۆ دەردەخـا کـە (پەردیوەر) قیبلەی راستەقینەیە :

**« مەحاسیب پیرموسی ساحیب دەفتەرەن**
**قیبلەی حەققانیش نە پەردیوەن »**

(وەرگرتەی تەڵقین مردوو)

وا دەگێرنەوە ، وەختیّ‌کە سوڵتان تازە دەچێتە پەردیوەرو ئا لـەویّ

لەگەڵ سێ دەروێش‌دا ، کە یەکێکیان داوە دەبێ دیواری خانووی (سوڵتان) دروست دەکەن ، پیرمیکائیلی دەودانی کە ئامۆزای دەبێ بە سواری شێروقەمچی‌مار دێ بەوێ‌دا ، دەیەوێ شەڕ بە سوڵتان بفرۆشێ بۆ ئەوەی لەوێ خانوو نەکا ، هەر کە نزیك بە دیوار دەبێتەوە بە هەڕەشەو گوڕەشەوە بانگ لە سوڵتان دەکا .

سوڵتان ، کە ئەم هەڕەشەو گوڕەشەیە دەبیسێ ، فەرمان بە داود دەدا ، کە سواری دیوار بێ ، میکائیل بە (داود) وانێ دەگا کە(سوڵتان)ەو بۆیە پێی دەڵێ : ( ئائێستە نەبیستراوە کە سوڵتان ئیسحاق سیحرباز بێ ! ) . داودیش وەڵامی دەداتەوە ، کە ئەم داودەو سوڵتان نی‌یە ، پیرمیکائیل بە توندو تیژی داوای لێ دەکا کە ئەم سوڵتانی ئەوێ ، ئەوی ناوێ ! لەم کاتەدا سوڵتان ئا لەوێ‌دا ئامادە دەبێ .

بە کورتی سوڵتان پیرمیکائیل دەباتە سەر ناوجقی سیروانو لەسەریەوە دادنیشێ‌و ماسێ دەردەهێنێ‌و گۆشتی ماسی دەدا بە میکائیل دەیخواو ئەوجا فەرمان دەدا بە ئیسقانان ماسی کە ببنەوە بە ماسی ، ئەوانیش دەبنەوە هەمان ماسی‌و دەیخەنەوە ناو دەریاو دەستبەجێ میکائیل لەسەر دەستی‌دا ئیمان دەهێنێ . (بۆ زۆرتر زانین دەربارەی ئەم موعجیزەوە ، تەماشای سرووودی سێیەم ، لەم بەشی سێیەم‌دا ، بکە ) .

**تەلقین‌مردوو :**

بێگومان پێش ئەوەی تەلقین مردوو بخوێنن ، مردووەکە دەبێ بە پێی باووبرەوی دینی (یاریی) بشۆرێ ، شوشتنەکەشی دوو پلە (یاخود بە دوو هەنگاو)ی دەوێ ، یەکێکیان ئەوەیە لەسەرەتاوە بە ئاو دەشۆرێ‌و ئەوجا دۆعای بنیامین دەخوێنرێ . پاش ئەم شوشتن‌و دۆعاخوێندنە ، پری دەفرێ ئاو کە نزیکەی سێ لیترەیێ بگرێ ،

دەهێنن‌و بە جـــام سێ جام دەکەن بەسەری‌داو سێ جام بەشانی ڕاستی‌داو سێ ـ‌ش بەشانی چەپی‌دا ، لەگەڵ خوێندنی ئەم سروودەدا :

« پەی غەسلی مەیت حاضر ڤە ئیقرار
ڤە حوکمی عەزیز شای خاڤەندگار
ڤە قەڵەمی زەڕین پیرمووسیی دەفتەردار
ڤە جامی ئیبراهیم ڤە ئابی ڕەزبار
ڤە قەدری حیشمەت موستەفا زۆردار
ڤە نازی ئەیڤەت مەلەکەی تەیار
کەرەم ششتووش ڤە ئابی تەشار (ششتشووش)
پاکی طاهیر بوڤیت ئەڤەڵ ئاخر یار »

(سروودی دینی یارسان ، ل ـ ١٩٩) •

پاش ئـــەم هەنـگاوانە ، دەبێ تەڵقین مردوو بخوێنێت ، ئـەویش بە وتنی سروودێ دەبێ کـە ئەم وتانەی تێدایە :

تەڵقین خوێن ، ڕوو دەکاتە قاپی (شاه)‌و دەڵێ :ـ

ئەی شاهی شاهان ، فڵانەکەس مردووە • تکامان لەبەردەم قاپیتـــا ئەمەیە ، کە ئەگەر (فڵانەکەس) گوناهبار بووبێ ، لەسەر دینی یارســان بووەو پەنای بەردەگای سوڵتان بردووەو بە پێی مەرجی بنیامین ســەری سپاردووەو پارووی حـــەڵاڵی حەقیقەتی خواردووەو خیانەتی لـــە دینی یاریی نەکردوە •

دیسانەوە ، تـکا دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ :

یا شاهی شاهان ، تکامان ئەوەیە کـە لـە گوناهـو کـەم‌و کوڕیمان بووری‌و فڵانەکەس (مردووەکە) بە بارێ گوناهەوە بەرەو دنیای فـانی

رۆیشت یاهەقق ، ئـەو عەزابەی کـە کێشاویەتی ون نەبێو هـــەرچی لێی بپرسن ، وەڵامی هـەر ئەوەبێ ، بڵێ : (ئـەوەڵ یارو ئاخـر یار) ، پیربنیامینو شـای خاوەندگار ، دەلیلی داودەو کرداری چرای بـــەرو دوایەتی • محاسیبی پیرمووسییەو قیلـەی حـــەققانی (پەردیوەر)ەو تـکاکەری خاتون رەزبارەو دەستگیری شاە ئیبراهیم ـەو یاری یادگـارەو لێپرسینەوەش بە (دوونادوون)ـە •

ئەمەش سەرپاکی ئەو سرودی تەلقینەیە :ــ

فلانەکەس مەردەن ، •••••
پاشاە ئامانەن ، فلانەکەس مەردەن
ئەگەر گوناهکار ئەر کردار کەردەن
ڤە دینی یاری حەسرەتش بەردەن
پەنا ڤە دەرگای سوڵتان ئاڤەردەن
ڤە شەرتی بنیام سەرەش سپەردەن
لوقمەی حەلالی حەقیقەت ڤەردەن
خیانەت ڤە دینی یاری نەکەردەن
ڤە جەوزو سککە دینشان موهرەن
هەر وێت مەزانی ڤە چە دەستوورەن
پاشاە قبووڵ کەر لاڵەو رجامان
بوگزەر ڤە تەقصیر جورمو گونامان
رۆحی فلانکەس ڤە فانی ڤیەرد
ڤە بارێ گوناە رووش ڤە عەقبا کەرد

یا هەقق نەکەری نەکەون عەزابش (نگوون)
هەرچە بپەرسوون ئیدەن جەڤابش

ئەڤەڵش یارەن ئاخرش یارەن
پیرش بنیامین ، شاهش خاڤەندگارەن
دەلیلش داڤید راهنمای راهەن
کەردارش چرا نەپێش پاشەن
محاسیب پیر مووسیی صاحیب دەفتەرەن
قیلەی حەققانیش نە پەردیڤەرەن
شەفیع ڤە حەششر ، خاتون رەضبارەن
دەستگیرش شاه ئیبراهیم ، یار یادگارەن
حیساب کیتابش ڤە دووناو دوونەن
صیراتش میزان ڤە شەرتو شۆنەن
پەناهگاش هەیبەت جەمی راسانەن
جەم مەکانی هەقق جاگەی خاسانەن
ئوصولی دینش شەرتی ئیقرارەن
ڤە رۆژی حیساب هەفتەنش یارەن
هەفتەوان رەهبەر ڤە گردین کارەن
چلتەنان هادەی رۆژی شمارەن
تەهوور یەعنی زات کەوسەر سیفاتەن
حەیاتبەخشی جان تەمام مەماتەن
ئومێدەن نەصیب کول یارسان بۆ
رێگای ئاخیرەت لێشان ئاسان بۆ
ئومێدەش هەققەن ، هەم هەقق یارش بۆ
هەیبەتی یاران پشتیبانش بۆ
موجرم یە قانوون تەڵقین نمایەن
یە شەرتی ئوصول رای دین نمایەن

(سروودی دینی یارسان ، ٢٠٣ ـ ٢٠٤ ـ ٢٥ )

**سمێل درێژ کردنو بەرسمێل نەکردن •**

وەك نیشانەیێ ، ئەهلی هـــەقق بە بەرسمێل نەکردنو بـــە درێژ کردنی سمێلەوە ناسراون • بەڵام بەرسمێل نەکردنە کـــە لـە چی‌یەوە هـاتووە ، تا ئێستە پشکێنەران نەیانتوانیوە هۆیێ بدۆزنـەوە کـــە بۆنی دڵنیایی‌و راستی لێوە بێ •

بە لای منـــەوە ، هۆی بەرسمێل نەکردنو درێـژ کـــردنی ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای گـــەنجی سوڵتانو ئاشـــکرا نەکردنی دینی حەقیقەت،واتە :بۆ ئەو وەختەی کە لەشکری جیچك لەلایەن براکانی‌یەوە ئامـــادەکرابوو هێرشیان هێنایە ســـەر سوڵتانو سێ دەرویشەی‌کە لـــە (مەڕی‌نەوێ = ئەشکەوتی نەوێ)دا لەگەڵی‌دا بوون • گوایا ئەوان ( واتە : لەشکرەکـــە) کورتەباڵاو رەنـگ زەردی رەش‌باوو بێ‌موو بێ‌سمێـــل ـ کۆسەرەنگ ـ بوون ، دەبێ ئەمانیش سمێل درێژبن هـــەر وەك ســـێ دەرویشەکەی ، کە ریش‌و سمێل‌دراو پرچ‌دار بوون •

**دوون (رۆح ، گیان) •**

ئەهلی هـــەقق ، لەو بڕوایەدان ، کـــە هەموو مرۆڤێ ، خـــاوەنی (گـــەرد = زەڕڕاتی)ی خـــودایی‌یەو لای پاکـــانو بەرگوزیدان بەرەو بەرەسەندنو گەورە بوون دەچێ ، بە واتای ئەوە کـــە زاتی خودا تیایان‌دا دەردەکەوێ • گەردو خولی ئەم گەردەش لە تەنێکەوە بۆ یەکێکی دیـکە پێی دەوترێ (دوونادوون) • پاك‌و بێ‌گـــەردیی بەرەو سەرەمڕەیی‌و بەردەوامی دەباو نالەباریی‌و سەرپێچیش بەرەو تیاچوونو نەمانی دەبا •

دوونی فریشتەکـــان ، هـــەر ئەوانەنو هەمیشـــە هێـزو تەوانای خودایی‌یان بە شێوەیەکی فراوانی تێدایەو تەنها ئەوەندە هـــەیە ، ناوی فریشتە ، لە هەر چەرخ‌و دەورەیەك‌دا ، جۆرە ناوێکە •

بۆ وێنە ناوی چوار فریشتە ، لەدەورەی ژیاندا ئەمانەن :ــ
**مەلەك ئامین ، مەلەك رەحمان ، مەلەك قوددوس ، مەلەك طەییار**
لەدەورەی خاوەندگاردا ، ئەمانەن :ــ
**جبرائیل ، میکائیل ، ئیسرافیل ، عیزرائیل**
لە دەورەی مورتەضا عەلی (کاکەرەدائی)دا ، ئەمانەن :ــ
**سەلمان ، محەمەد ، قەنبەر ، نەسیمی**
لەدەوری شاه خۆشینەدا ، ئەمانەن :ــ
**بابابوزورك ، باباحەسەن ، باباطاهیر ، بابافەقیە**
لەدەورەی سولتاندا ، ئەمانەن :ــ
**داود ، بنیامین ، پیرمووسیی ، رەضبار •••• هتد •**

بەوجۆرە ، دەبینن فریشتەکان ، هەر چوارەکەن و دوونەکانیان ، هەرهەمان دوونن ، تەنها ئەوە هەیە ، کە ناوەکانیان لە هەر دەورەیەکدا جۆرێکە •

دوونی هەر یەکێ لەهەفتەوانە ، کە گەورانی (ئەهلی‌هەقق)ن ، لە جۆرە(تەنێك)ەوە بۆ لەشێکی دیکە دەگوێزرێتەوە •

ئەوە (شاهخۆشێن) لەم وەرگرتەیەدا ، دەفەرمێ چلساڵێ لەمەو بەرتر لە دوونی مەولامەوە هاتمە سەر رووی زەوی ئەمەش ئەو وەرگرتەیەیە ، کە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە •

شاهخۆشێن مەرەمۆ :ــ
**دوو ویست ساڵ نەی وەر نە دوون مەولام**
**ئامام وە بیساط وە شیرین کەلام •**
(دەفتەری شاه خۆشێن ، ل ـ۱۹)

ئەوەتا ، یادگــار دەفەرمێ ، کــە دوونی ئیمام (حسین)ی کوڕی شەهەنشاه بووەو وا ئێستاش یادگارە • ئەم وەرگرتەیەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە :ــ

یادگار مەرەمۆ :ـ

شەرت وێم وەجا ، ........
یادگارەنان شەرت وێم وەجا
دوون وە دوون ئامام قەوا وە قەوا
ئیمام حسین‌تانێ بووری شەهەنشاه

**(دەفتەری گەواهان ، پەردیوەری ، لـ٣٢)**

سوڵتان ، خـــۆی خـاوەنی (زات)ەو هی (نوور) ، زات‌و نووری هەردووکیان پەیوەزیان هـــەیە ، هـــەر وەك چۆن (پەیوەن = پێوەن) ـ کە واتای (متوربە)دەدا ـ هەیەتی.بە شێوەیەکی روون‌تر زاتی سوڵتان (هەفتەن)ەو نووریشی (حەوتەوانە)و زات‌و نووریش لە یەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون ، کـە ئەویش خۆیەتی . ئـەم وەرگرتەیەش ئەوەمـــان بۆ روون دەکاتەوە :

سوڵتان مەرەمۆ :ـ

وەسڵ‌و پێوەنا ، ......
ها زات‌و نوورم ، وەسڵ‌و پێوەنا
تەویرما هەفتەوان ، زاتم هەفتەنا
زات‌و نوور جە یەك چەشمە وێم هەنا

**(دەفتەری دەورەی شندرویێ ، لـ٥٠)**

ئا لـەم وەرگرتەیەش‌دا ، سوڵتان ، ئەوەمـان بۆ دەردەخا ، کـــە مرۆڤ هـەر لـە سەرەتای دروست بوونیەوە ، تاوەکو ئێستە ، هـــەر بەهـــۆی دووناو دوونەوە بووەو ئەمـــەش راستی رێـگەی (یاریی) دەردەخـــا .

سوڵتان مەرەمۆ :ـ

« تا سیکە نەبۆ جەوز نیەن قبوول
هـەر لە باوە ئایەم تا ئاخر رەسوول
دوون وە دوون ئامایمێ ئوصول وە ئوصول
راهـ یاریی هەققەن پەی یاران قبوول »

(دەفتەری دیوانە گەورە ، ل ـ ٣٢)

## هەندێ سەرگوزەشتەی دینی :

**شاهخۆشین :ـ**

وا بووە ، کـە شاهی عالەم ، لەوەوپێش‌تر بەیمانی داوە ، لە ماڵی (میرزائامانا) کـە لـە (بلووران)بووە دەردەکەوێ • (میـرزا ئامـــانای بوزرگ = گەورە) شەش کوڕو کچێکی هـەبووەو کچەکـەی ناوی (خاتوجەلالە) بووە •

رۆژێکیان خاتو جەلالە ، بە رێککەوت بەرامبەر بە رۆژ دانیشتووە لـە ناکاوێکدا تاڵە دەزوویێ لـە تیشکی خۆر جوێ دەبێتەوەو یـەواش هێواشێ لەســەر زەوی دەنیشێتەوەو بە دەمی خاتو جەلالەدا دەچێتــە ژ کیەوە (سکیەوە) کە هێشتا کچەو شووی نەکردووە •

پاش ماوەیەکی کورت رواڵـــەتی سک ـپڕی پێوە دەردەکەوێو دەبێ بە دەنگو باسێکی زۆر بڵاو تادەکەوێتەوە گوێی باوکی •

بێگومان چاوونام (دەنگوباسیخراپ)ی وەها بۆ خێزانی وەهـــا زۆر گاریگەر بوو ، بە جۆرێ ، کـــە باوکی زۆر لێی تووڕە بوو ، بـە

ڕادەیی کە هەرگیز ڕەشایی لەبەرچاوی ڕۆشن نەدەبوویەوەو بۆیە بریاری لە ناوبردنی خاتو جەلالیّی کچی دا .

باوك ، شەش کوڕەی بانگ کردو فەرمانی پیّدان ، کە جەلالیّی خوشکیان بەرنە جیّگایەکی چۆڵی کەسنەزانەوەو سەری بخۆن .

ئەگەرچی خوشکە زانی برایانی بۆچی دەبەن ، هیچ جۆرە سەرپیّچی یەکی نەکردو فەرمانی باوکی بەجیّ هیّناو لەگەڵیان چوو . برایان لەریّدا پەشیمانی کوشتنی بوونەوەو پیّنجیان وابریاریان دا کە بیبەنە چەم دۆڵیّکی کەسنەدیوەوە بەرەڵلای بکەن تاوەکو جڕوجانەوەر بیخوا ، بەڵام برای بچووك بەوە ڕازی نەبوو بریاری جیّبەجیّ کردنی فەرمانی باوکی دا .

برای بچووك وەختیّ کە شیری دادەهیّنا لیّی بدا ، شیرەکە دەکەوتەوە تاشە بەردیّك‌و دەشکا . پەنای بردە تیروکەوان ، هەمان دەستوور تیرەکەی دەنووشتایەوە .

لە کاتی دەرکەوتنی ئەم موعجیزەیەدا ، برایان سەریان سوڕماو ترسان‌و بەجی‌یان‌هیّشت ، کاکە ڕەدا (کە دوونی پیر بنیامینە) لە دەورو بەردەدا بە چاوڕوانی‌بوونی هاتنی ، یاخود ، دەرکەوتنی شاهخۆشین دەرکەوت .

شاخ سەروژیر بوویەوەو رووخاو بەیەکجار بەردەمی خاتو جەلالیّ ڕۆشن بوویەو ڕۆشنایی‌یەکەی دنیای ڕۆشن کردەوە .

ئەمەش ئەو وەرگرتەیەیە ، کە باسی (کاکەرەدا) ، لەکاتی چاوەروانی کردنی هاتنی (دەرکەوتنی) شاهخۆشین‌دا ، دەکا .

کاکەرەیا مەرەمۆ :-

جه ملەگاهێ سەرم بەرد ئەو دیار
دیم گەورە کناچێ مەنەن جە هەوار
چەمش یەکێوەن ئەسرینش هەزار

بارش خالقا گاو نەمیرو بار (دەفتەری شاه خۆشین ، ل-٤) ئـەم وەرگرتەیەش ، پاکـانەی خاتوجەلالێ پیشان دەدا ، کـه بۆ کاکەرەدای دەکـا .

جەلالێ مەرەمۆ :-
کاکەرەیا ، سواری دانا
یە حوکمێ ئاما چی هەفت ئاسمانا .
خەڵکی لورستان بە زولش مزانا
(دەفتەری شاهخۆشین ، ل-٤)

**یەکێ لە موعجیزەکانی شاهخۆشین :**

رۆژی لەگەڵ غولامانیو بۆ ئەوەی گومانیان لەدڵدا نەهێڵێ ، دەچن بۆ سـەر قەبری (ئەبودووجانە) کـه (٣٦٦) لەوەو پێش‌تر مـردووە ، لەسـەر گلکۆیەوە رادەوەستێو لێی بانگ دەکا : (ئەبو دووجانە وەرەوە گفت‌وگۆ) . ئەویش لـە گۆرەکەیدا هاتەوە گفت‌وگۆ ، دەڵێ چی بـکەم لەم دنیایەدا هیچ لـەوە بەباشتر نازانم کـە شاه ئەمشەو بەسـەرما تێـەڕ بێ .

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کە شاه خۆشین داوا لەغولامانی دەکا کۆ بنەوەو بڕۆنە سـەر قەبری ئەبودووجانە ، تاوەکو گفت‌و گۆی لەگەڵدا بـکا ، بۆ ئەوەی دڵنیابن لێیو بەهانە (بیانوو)ی پێ نەگرن ؟

شاه خۆشین مەرەمۆ :-

غوڵامان جەم شەوید نەگیرید بەهانە
بڕەویم بەر سەر قەبری ئەبو دووجانە

(هەمان سەرچاوە ، ل-١٤)

ئەم وەرگرتەیەش ، هاتنەوە گفت‌وگۆی (ئەبو دووجانە) دەردەخا کە بە فەرمانی شاهخۆشێن هاتووەتەوە گفت‌وگۆ .

« چە بارەکنم چە چارە کنم
مهر دل شاه ئاوارە کنم
کفن پارەء کردن هیچ نیست دراین دنیا میتر
مراد مقصود ما اینست این شب بگذاریم بسر »

(هەمان سەرچاوە ، ل-١٥)

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کە شاهخۆشێن تیایا داوا لە نووستوو (ئەبودووجانە) دەکات ، کە نووستن بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵ بەسەو ئیتر پێویستە بە(ئاگا) بێتەوەو گفت‌وگۆ بکا .

شاه خۆشێن مەرەمۆ :

« ئەی دیدە داران ، دیدەت نیگەهدار
دۆست دیدەداران دیدەت نیگەهدار
شاهسوارێ ئاما شۆنش شکەدار
وەسەن وەس کەرە ، ئەی خاو مردوار
وێت وە دیل گیرا یۆرت وا دەسار
وە ریزە چەنی خۆشێن بۆرۆ گوفتار
ئەی دیارە دیدەت دیدەی نیگەهدار
وەسێ کەرە ژی خاو مردوار

مەردە سێسەدو شەشتوشەش ساڵ
بۆرێ وە گوفتار ، .... ،

(دەفتەری شاھ خۆشین ، ل-١٥)

**سوڵتان :**

دەربارەی هاتنی سوڵتانەوە ، بە چەند بۆنەیەکەوە زوربەی زۆر بەسەرهاتی ژیانیمان بە وێنـەوە هێنایەوە ، ئەوەی کـە پێویستی بـە ڕۆشنکردنەوە هەبێ ، ئەمانە هەندێ وێنەن :-

+ - بە خۆیی‌و سێ دەرویشەوە توانیان بەسەر لەشکری فراوانی چیچكدا سەر بکەون .

+ - وا دەگێڕنەوە ، کە سوڵتان‌و سێ دەرویشە لە (مەڕی نەوێ)دا - ( واتە : ئەشکەوتی نەوێ - کە کەوتووەتە نزیك شـاری خورمـاڵی ئێستاوە ) - لـە لایەن لەشکرێکی فراوانەوە کـە بەلەشکری چیچك ناوی ناسراوە دەورە دەدرێن‌و خەریـکە زۆریان بۆ هـاتووە ، یەکێ لـەو دەروێشانە (کە داود دەبێ) هانا دێنێتە سوڵتان‌و ئەویش فەرمانی پێ دەدا کـە نەختێ خۆڵ لە ژێر قاڵیچەکەی ژێری سوڵتاندا دەربهێنێ‌و بـە ناو لەشکری چیچكدا بیوەشێنێ .

داود کە ئەوە دەکا ، بەیەکجار دنیا تاریك دادێ‌و یەك کەس لـە لەشکری چیچك دەرناچێ‌و سەرپاکیان لەناو دەچن .

+ - لە دەفتەرەکەدا دەڵێ : لەشکری چیچك زۆریان بۆ غوڵامـان هێناو غڵامانیش هاواریان بە زمانی کوردی بۆ سوڵتان هێناو وتیان :

ئامانەن ئامان یاخواجای وەشوەقت
نمایان کەردی ڕنایشتی سەخت

هەیجووی داود جە لا بدەر جەخت
دەستوور بنیامین موسیت کەردەن تەخت
سوڵتان فەرمووی :
شاه فەرما داود بدەرە جەلا
بووەزە نە چیچك وە عەزمی غەزا
وە ئارمای شاه داود وریزا
نەما وە جەلا یۆیۆی مستەفا
سەر فرۆز ئاوەرد غوڵام نیلەتار
لوا پەی چیچك تایفەی کوففار
سێ شەبانە رۆز غەزای چیچك کەرد
تاقی ذی‌حەیات ژیشان بەر نەکەرد
ئەوجا فەرمووی :
داود دەس بەرد نە زێر قاڵیجەء قودرەتی
مشتێ خاك شانا ئەو رووی قۆشەو چیچکی
سێ شەوو سێ رۆ بی وە تاریکی
یۆیۆشان بری خارجی‌و تەمکی
تەمە رەماوە بی وە رۆشنایی
نیاشان نە بای سێ‌رۆزەو دەعوات پادشایی ،
(کەلامی پەردیوەری ، ل ۲۲-۲۳)
+ - وا دەگێرنەوە ، کە وەختێ دەچێتە (پردیوەر)ەوە بۆ ئەوەی لەوێ جێگیر بێ‌و دینی حەقیقەت ئاشکرا بکا دەیەوێ پردی سەر رۆخانە بەستێ ، بەڵام یەکێ‌لە دارەکان کورت دەبێ‌و ئەویش فەرمان بە یەکێ لە دەرویشەکانی دەدا کە دارەکە رابکێشێ تاوەکو بگاتەوە بەمسەرو بەوسەری رۆخانەدا •

+ کـە وەختێ ، پیرمیکائیل دێ بە پەردیوەردا ، تەماشا دەکا کـە سوڵتان خەریـــکی خانوو کردنە ، ئەویش بە سواری شێرو بـە قەمچی ماریەوە هەڕەشـە لـە سوڵتان دەکا کـە نایەڵێ لەو ماوایەدا خانوو بکا • سوڵتانیش فەرمـــان بەداود دەدا کـە ســواری دیوار بێ‌و بچێ بزانێ میـکائیل چی دەوێ • داودیشـن سواری دیوار دەبێ‌و دەچـــێ بۆ لای پیرەمیکائیل •

دەربارەی ئەم موعجیزەی دیوار سواربوونەو دەربارەی موعجیزەی زیندوو کرنەوەی ماسی ، بـە دوورو درێژی لە سروودی ژمارە (سێ)ی بەشی سێیەمی ئەم بەرهەمەدا هەیەو تەماشای بکە •

**یادگار :**

ســوڵتان‌و پیر میکائیلی دەودانی ئامۆزای ئاشتیان دەبێتەوە ، بـــەم بۆنەیەوە ، پیرمیکائیل (سارا = شارا)ی کچی دێنێ بۆ خزمەت ســوڵتان بۆ ئەوەی لە لای بێ‌و خزمەتی بـکا •

سوڵتان داردەستی شاهـ ئیبراهیم ، کـە هێشتا مناڵ دەبێ ، لێی وەر دەگرێ‌و دەیداتە دەست (پیر ئیسماعیلی گوڵان) کە لە باغی (نیهـــال)دا ـ باغچەی تازەنەمام ـ بینێژێ ، ئەویش فەرمانی شای جێ بەجێ کـرد • ئەوەندەی پێ نەچوو داردەست سەوز بووو بووبە دارهەنارو هەنارێکی گرت • بەرەی هەناریان بۆ خزمەت سوڵتان هێنا • فەرمانی کۆ بوونەوەی لە لایەن سوڵتانەوە دراو ـ ئەمە یەکەم جەمبوو کە لە پەردیوەردا کرا ـ بەری هـــەنارە بـە ناوونیشانی (نیـاز)ەوە ، لەبەردەم سوڵتان‌دا دانرا ، سوڵتان فەرمانی بە پیربنیامین‌دا کـە دۆعای (نیــاز) بخوێنێ • بنیامیـن نەیتوانی لەبەردەم سوڵتان‌دا دۆعاکـــە بخوێنێ • هـــەروەها پیرداودو پیرەموسی ـش ، ئەوجا سوڵتان فەرمانی بە کوڕی گەورەی سەید محەمەدی

گــەورە سوار داو ئەویش فەرمـانی سوڵتان هێنـایە دیی و دەستی کرد بەخوێنــدنەوەی سروودی «وە ئیشارەی شاهـ وە فـەرموودەی یار» ، ( تەماشای ـ ل ـ ١٢٩ بکە ) •

پاش خوێندنەوەی ئەو سروودەی سەرەوە ، (هەنارە) بە خـادمی داود بەسەر جەمنشینان‌دا ، دابەش‌کرا ، پاش تـەواو بوونی جـەم‌و چۆڵ‌بوونی جەمخانە ، (سارێ = شارێ) هاتە ژووری جەمخانە ، تاوەکو گسکی بداو پاکی‌بکاتەوە ، بەرێککەوت لـە کاتی گسکدان‌دا ، دەنـکێ هەناری دۆزی‌یەوەو خواردی ، پاش ماوەیێ ، سارێ سکی پڕ بوو ئـەم دەنگ‌وباسە لەناو خەڵك‌دا بە خرایی بڵاو بوویەوە • ئەم وەرگرتەیەی خوارەوەش تاڵە دەزوێـکی بەسەرهاتی ئەو رازەمان بۆ دەگێڕێتەوە •

ئیبراهیم مەرەمۆ :ـ

زەڵاڵ هاوار ، •••••
یادگار من زەڵاڵ هـاوار
چاگا پیر میکائیل منش کەرد وە کار
وە ئەمری خواجام ، کەفت نە ژێر ئازار
بەخشییا وە زۆر ، طول دار ئەنار
قیمەت دوو شاهی ، داودی نازدار
کاکم نا ئەنار ، بە مێش بی ئاشکار
پەڕەی دڵ شکافت بە رۆز دا قەرار
وە مەرحەمەت تۆ پەی ئەمری خاوەندگار
یانە سارێ رشت ئەحمەد یادگار
یادگاری شام وە ئەز بیا یار
حاڵا نە یەکتر ، مەنۆشیم گوفتار

گەردمان شۆن ، یەکترین (اظهار)
ئەوەڵو ئاخر ئامانێ وەربار

(کەلامی پەردیوەری ، ل۵۸ـ۵۹)

ساڕێ بە دەم کوڕێکی بوو ، لەتەمەنی سێ ڕۆژیدا ، سولتان فەرمانی بە داود دا کە کوڕەکە بخاتە ناو تەنوورەوەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژێ سەری تەنوور بنێتەوە • داود فەرمانی سوڵتانی هێنایە دیی ، پاش تەواو بوونی سێ ڕۆژە ، سوڵتان خۆی چوو بۆ سەر تەنوور ، یادگار (کوڕی ناو تەنوورەکە) هەڵسایەوە سەرپێ‌و سلاوی لە سوڵتان کرد •

ئەم وەرگرتەیەش ئەم سەرگوزەشتەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، لە دەفتەردا هاتووەو دەڵێ :

یادگار یار ئەوسا بیش (ظهور)
پەرێ نیشانە نیاش نە تەنوور

نیاش نە تەنوور نە شەرارەی نار
فەرما وە داود سەر تەنوور بنیار

سێ ڕۆژ سەبرش کەرد داود رەهبەر
نیازش وەرگرد ئاما ئەو نەظەر

فەرما وە داود نەعلینم باوەر
وێش ئاما وەسەیر پادشا پەردیوەر

فەرما داود سەر تەنوور لابەر
داود سەر تەنوور وەرداشتش ئەولا

یادگار نە تەننوور وۆرێزا وە با
وە لەفظی شیرین سەلام دا وە شاه

بەرگ خود رەنگی یادگار پۆشا
غولامان دیشان شاه پەنەش بەخشا

بەرگ خود رەنگی کەرد وە خەلاتش
کوردو کوردستان دا وە بەراتش

وە بەرگ خودڕەنگ خەلاتی شاوە
ئای جە پەردیوەر ئاما وە راوە •

# بەشی سێیەم

### (هەندێ پەخشانی دینی)

### پەخشانی یەکەم(١)

Aw dalya bahr bi' cand waxt dorr dalya bi' bahr o barr nawi' Soltan alam hybat da wa sang toqya' rezay (2) bard wa (dud) wa bar dud sang ke gerd wa le hez gerd bi wa hawa.

**ترانسلیترەیشنی ئەوەی سەرەوە بەم جۆریە :**

ئاو دەلیا بەحر بی ، چەند وەخت دوڕ دەلیابی ، بەحرو بەڕ نەوی ، سولْتان عالەم هێبەت دا وە سەنگ تۆقیا ، رێزەی بەرد بی وە دوود وە بەر دوود سەنگ کە گەرد وە لە هێز گەرد بی وە هەوا .

---

(١) ئاوی دەلیا بەحر بوو ، چەند وەخت دوڕی دەلیا بوو بەحرو بەڕ نەبوو ، سولتانی عالەم هێبەتدا بە سەنگو تۆقی رێزەی بردو بوو بە دوود بە بەر دوودو سەنگ کە گەرد بوو ، وە لە هێزدا گەرد بوو بە هەوا .

(٢) لەم دوو دێڕە دواییەنەی من بە گومانم ، چونکە لەنگییان چە لەخالبەندیو چە لە رێنووسدا دیارەو ئەوەش بوو بە هۆی نا رۆشنی واتاکەی . بە شێوەیەکی روونتر من بەم جۆرەی خوارەوە بۆی دەچم :

rezay bard bi wa (dud) wa bard o dud' sang kerd gerd' wa le hez gerd bi wa hawa.

## پەخشانی دووەم(٣)

Yak parca wa sang bard sana wa hawa bi wa asman wa setaragan ham sazena wa smaray Yolaman dar aw dowra malaeka mowacun' wa mong o howar ham wa haiar nu-é wes daxl kerd wa sazena(4) we sana we asman wa sow o ruz ham qerar da wa cehar Fassle gardes sal ham wa cahar Malaeka qerar da' gahe cahar we gahe haftan .

**ترانسلیترەیشنی ئەم تێکستە بەم جۆرەیە :ـ**

یەك پارچە وە سەنگ بەرد شانا وە هەوا بی وە ئاسمان وە ستارەگان هەم سازنا وە شمارەی غولامان دەر ئەو دەورە مەلائیکە مواچوون ، وە مۆنگ و هۆوەر هەم وە حەجەر نووری وێش داخڵ کەرد وە سازنا وە شانا وە ئاسمان وە شەوو رۆژ هەم قەرار دا وە چهار فەسلە گەردش ساڵ هەم وە چهار مەلائیکە قەرار دا ، گاهـ چهار گاهـ هەفتەن .

---

یاخود :

rezay bard bi wa (dud) wa bar dud' sang kerd gerd' wa le hez gerd bi wa hawa.

ئەوجا واتاکەی بەم جۆرە تێ دەگەم :ـ

لە سەرەتادا دنیا وەکو ئێستا زەوی و ئاو (تەڕو وشکی) نەبوو سەرپاکی ئاوێ بوو کە ئەو ئاوەش پارچەیێ دوڕ بوو • خوا خۆی بەو دوڕە پشاندداو لە ترساندا ڕیزەڕیزەو پارچە پارچە بوو تۆزو گەردو دووکەڵی لێ هەڵساو گەرد بوو بە هەوا •

(٣) پارچەیێ سەنگی بردو وەشاندی بە هەوادا بوو بە ئاسمان و ئەستێرەکان • ژمارەی غولامان لەو دەورەدا ژمارەی مەلائیکەن ، لە مانگ و لەخۆر هەم لە حەجەر نووری خۆی داخڵ کردو فڕێی دا بە ئاسماناو شەوو ڕۆژی قەراردا ، بە چوار فەسڵە ساڵی کرد ، هەم چوار مەلائیکەی قەرار دا ، گاهێ چوارن و گاهێ حەوتن •

(٤) بەلای منەوەو بۆ ئەوەو بۆ ئەوەی وتەکە لەرووی رستە سازییەوە رەوان بێ دەبێ ئەمە بەم جۆرە بێ :
(Wa sazena wa sana wa asman) .

## پەخشانی سێیەم(٥)

Har kare wa haftan saxten wa la kaf dalya gawhare be masena' korsie wes da qerar wa nawe wes naya xavandqar ke sariat mowacun xoda ya sayer mazhaban mowacun baeze tari baeze bari' (6) baze xavandgar' baeze yayboq. baeze reywand. har melate wa esme mowacu.

## ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :

هەر کارێ وە هەفتەن ساختەن وە لە کەف دەلیا گەوهەرێ بێ ماسنا ، کورسی وێش دا قەرار وە ناوی وێش نیا خاڤەندگار کە شەریعەت مواچوون خودا یا سایر مەذهەبان مواچوون بەعزێ تاری بەعزێ باری ، بەعزێ خاڤەندگار ، بەعزێ یەیبوق ، بەعزێ ڕیاوەند ، هەر میللەتێ وە ئیسمێ ماچو .

---

### واتـــە :

(٥) هەر کارێ بە حەوتە ساختەی هاتووەو لە کەفی دەلیا گەوهەرێ هەبوو ئاوسا ، کورسی خۆی جێگیر کرد وە ناوی خۆی نیا یە خاڤەندگار (خاوەندگار) کـە شەریعەت دێژێ خودا ، یا سەرپاکی مەزهـەبان دەیەژن (دەڵێن) : بەعزێ تاری و بەعزێ باری وبەعزێ خاڤەندگـار بەعزێ یەیبوقو بەعزێ ڕیێـاوەند ، هەر میللـەتێ بـە ناوێـکەوە بانـگی دەکا .

(٦) ئالێرەدا ، هەڵەی ڕێنووسی-چاپی دەرکەوتووە ، چونکە هەمـان وشەو لە هەمان تێکستدا بە جۆرێـکیتر نووسراوەو بۆ چـەند جارێکیش ، کەوابوو ، دەبێ ئەمیش واتە : (baze) بەم جـۆرەو وەك ئەوانی دیکە بنووسرێ (baeze)

## پەخشانی چوارەم(٧)

Axi (8)Jebrail afarida kerd wa farmay(9) balu saire donya bekara bezana kase hanan ham hanan ya na, Jebrail lowa kase nawi saway yak dana dorr wa sakle minaey wa naw aw dorra hanan wa wenay zawraq baez(10) kasty wa ruye bahr manan xeyal menalan ces mazanu eatena nakerd wa aw menala, par o bales suceya wa sucay par o bales wa ruye kafe gawhar reseya we(11) ruye dalya bi wa zamin . baad har yak wa haftan iJad kerd her yaki wa rouze ta haft rouz ke haftrouz hafta mowacun, hafa asman. haft zamin, haft kawakeb wa esme haftan daeya cowar gusay cuwar qarna wa esme malaek arz o ttul donya qerar de ke bi wa haftan.

**واتـــە :**

(٧) برا ـ جیبرائیلی دروستکرد فەرمووی : بڕو سەیری دونیا بـکە بزانە کەسێ هەیە ، هەم هەیە یا نە؛ • جیبرائیل ڕۆیی کـــەس نەبوو جگە لە دانە دوڕێ کـە لـە وێنەی مینادا بوو ، لە ناو ئـەو دوڕەدا هەبوو لـە وێنـەی زەورەقدا هەندێ کەشتێ بەســـەر بەحرەوە بوون، بە خەیاڵی من مناڵ بوو هیچی نەدەزانی ، ئـــەو مناڵە گوێی پێ نەدرابوو • پەڕو باڵی سووتا بە سووتاندنی پەڕو باڵی بە رووی دەستی گەوهەر ڕژایە رووی دەلیاو بوو بە زەوی ، لە دواییدا ، هەریەك بە (هەفتەن)ی دروستکرد ، هەر یەکێ لـە ڕۆژێـکەوە تا حەوت ڕۆژ هەفتەیان پێ دەوترێ • هەفت (حەوت) ئاسمان . هەفت زەوی ، هەفت ئەستێرە ، وە ناوی هەفتە نراوەتە چوار گۆشەی چوار قەڕنە بە ناوی مەلائیك عرض و طولی قەرار دا کـە بوو بە هەفتـەن •

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

ئەخی جیبرائیل ئافەریدە کەرد وە فەرمای بلوو سەیری دنیا بکەرە بزانە کەسێ هەنەن هـەم هەنەن یانە ، جیبرائیل لووا کەسێ نەوی سەوای یەك دانە دوڕ وە شەکلێ مینای وە ناو ئەو دوڕە هەنەن وە وێنەی زەورەق بەعزێ کەشتێ وە رویێ بەحر مەنەن خیاڵ ماڵەن چێش مەزانۆ ئیعتینا نەکەرد وە ئەو ماڵە ، بەڕو باڵش سۆچییـا وە سۆچـەی بەڕو باڵش وە رویێ کەف گەوهـەر رژیا وە رویێ دەلیا بی وە زەمین • بەعـد هـەر یەك وە هەفتەن ئیجاد کەرد هـەر یەکی وە رۆژێ تا هەفت رۆژ کـە هەفت رۆژ هەفتە مواچوون ، هەفت ئاسمان ، هەفت زەمین ، هـەفت کەواکیب وە ئیسمێ هەفتەن دایا چوار گۆشەی چوار قەڕنە وە ئیسمێ مەلائیك عەرزو توول دونیا قەرار دا کە بی وە هەفتەن •

---

(٨) وشەی جیبرائیل (جوبرائیل) دەبێ سەرەتاکەی بە پیتی گـەورە دەست پێ بـکا چونکە ناوی ئاسراوەو بە لاتینی نووسراوە ، واتە • (Jebrail)

(٩) لێرەوە بەو لاوە دەبێ بخرێتە ناو کەوانەوە ، چونکە گفتو گۆکەر گۆڕاوە ، واتە : ( ••••• : wa farmay .

(١٠) ئەم وشـەیە رێنووسەکەی نەختێ ناتەواوە واتە (e) کەمـــەو بـەم جۆرەیە (baeze) .

(١١) رێنووسی ئەم وشەیەش (we) ، بەم جۆرەیە :ـ ( wa ) .

## بەخشانی پێنجەم

Badde hazrat adem wa hawa iJades kerd we ens o Janni iJades karda bi. yaane(12) sas doura han gair Ja adam sazena wa fana kerd wa bodde awan ademes ijad kerd ke asrfe maxluqatan ke haqq mail dast jelway zat wa basar bawaru wa haftan cehartan wa xude haqq ham wa serr beya o tamam o Yolaman ham wa besar yawaru ama wa dune basar wa zate mehmain . xaile aman ta douray ali zat wa basar hardu daxel kead wa dine sariat mohamad qerar da haftan haftwana wa haftay o dou pir ham wa douray sariat tamam bin.

## ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ

بەعد حەزرەتی ئادەم وە حەوا ئیجادش کەرد وە ئینس‌و جـــەننی ئیجادش کـــەردە بی ، یەعنی شـــەش دۆورە هـــەن غەیر جە ئادەم سازنا وە فـــەنا کـــەرد وە بەعـــد ئەوان ئادەمش ئیجاد کـــەرد کـــە ئەشرەف مەخلووقاتەن کـــە هەقق مایل داشت جیلوەی زات وە بەشەر باوەرۆ وە هەفتەن چهارتەن وە خودی هەقق هەم وە سیرِ بەیاو تەمام‌و غولامان هەم وە بەســـەر یاوەرو ئامـــا وە دوونی بەشەر وە زات میهمانی خەیلێ ئامان تا دۆورەی عەلی زات وە بەشەر هەردوو داخڵ کەرد وە دینێ شەریعەت موحەمەد قەراردا هەفتەن هەفتوانە وە هەفتەی‌و دوو پیر هەم وە دۆورەی شەریعەت تەمام بین •

---

(١٢) پاشان حەزرەتی ئادەم‌و حەوای دروست کرد • وەئینس‌و جننیشی دروست کردبوون • یەعنی شەش دەورە هەبووە جگە لە سازاندنی ئادەم‌و لەناوبردنی‌ی • لەپاش ئەوان ئادەمی دروست کرد ، کـــە شەریفتەرین مەخلوقە • حەقق مەیلی هەیە جیلوەی زاتی خۆی لە حەوتەن‌و چوارتەن‌دا بـــگەیەنێتە بەشەر • وە خودی حـــەقق بـــە نهێنی غولامـــان‌و یاوەرانی بە سەرەوە بـــکاتەوە تاوەکـــو رۆحی بەشەرو زات بە میهمانی دێن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشـــا تاوەکو دەورەی عەلی زات • هەردووکی داخلی بەشـــەر کرد ، وە دینی شەریعەتی موحەمەدی قەرار دا ، هەفتـــەن‌و هـــەفتوانە بـــە هەفتاو دوو پیر هەم بە دەورەی شەریعەت تەواو بوون •

## پەخشانی شەشەم(١٣)

Baad yawa wa dune sah xowasin wa zat basari ham wa dowray mofassal kalames hanan. (14)badd lowa wa dune baba naau dou zat mehmain we(15) baad lowa wa dune baba jalil wa baba sarhang wa bohlul wa baba bi wa dowres tamam wa zat mehmani ta yawa wa dune solttan sahak wa zat basari wa dowray sah xowsin yak-dafa wa dar zarat ham yafl-dafa manzele wes qerar da.

**wa saje** nare dowary zarat weyan (wetyan) wa saje nare dowray sahxowsin wa zere saje nar bayanes kerd wa haftwana wa sekle wez sazi we har dou haft ke haftan wa baftwana (16) hanan. Yak yak ramze darun ke gahi jesm wa zat. maow wa dou zat, gahi haftan, gahi cartan gahi se nafaran, gahi yaktan ya cehltan. (17)

---

(١٣) بیروڕامان دەربارەی نووسینی هەندێ وشەوە بەمجۆرەیە :ـ

(١٤) ئـــەم وشـــەیە (badd) ئەگـــەر بەم جۆرەی کە نووسراوە بمێنێتەوە ئەوە واتا نابەخشێ ، بەڵام، من بەلامەوە ئەوە دەبێ هەڵەی چاپی بێو بۆیە دەبێ بەم جۆرە بێ ( baad ) کە واتای (بەعد = بعد) دەدات ٠

(١٥) ئەم وشەیەش ( we ) ئەگـــەر بەم جۆرەی کە نووسراوە بمێنێتەوە واتای رستەکە گۆڕێو لەنـــگی دەکا ، بەلای منەوە دەبێ ئەمـــە هەڵەی چاپی بێو بۆیە دەبێ بـــەم جۆرەبێ ( wa ) کـــە (وە)یەو واتای (و)دەدا ، یاخود (بە) دەدا ٠

مەستو دیڤانە
عالینان عالی مەستو دیڤانە
پورت ڤە پورت یاڤان یانە ڤە یانە
خۆشاڵ ئەو گەلە عالی چۆپانە .

* * *

ژا ئینا عالی
جاگا یادگار ژا ئینا عالی
تێغم برانان چا هەقق مەنالی
ڤەستێنێم ئەو سەد دیوانی کالی

---

**واتـــە :ـ**

(١٩) مەستو دێوانەم
عالیمو مەستو دێوانەم
گیان بەگیان گەیشتمە ماڵەومال
ئەو گەلەکە خۆشحاڵە کە عالی شوانیەتی .

(٢٠) لەو جێگا عالی
لەوێ یادگارە ، ئەوە عالی‌یە
تیغم بڕندەیەو حەق لە بەردەمیا دەناڵێ

Kale var gilya za saheb zaman
Vayl vayl magilu cun gorgé daman
Pesay sarifi namandan pesan
Gafan gafan bin va xajap wesan(21)

★ ★ ★

**Zarday kamandar**
Alinan ali zarday kamandar
Va hokmé xajam saheb baròbar
Dunem nowanan Baba yadegar(22)

**ترانسليترەيشنى بەم جۆرەيە :ـ**

کەلێ ڤەر گێلاَ زە ساحیب زەمان
ڤەیڵ ڤەیڵ مەگێلاَ چون گورگی دەمان
پێشەی شەریفی نەمەندەن پێشان
گەڤان گەڤان بین ڤە خاجەپ وێشان

★ ★ ★

زەردەی کەمەندار
عالێنان عالی زەردەی کەمەندار
ڤە حوکمی خاجام ساحیب بەڕوبار
دوونم نۆوانەن بابا یادگار

---

**وانــــە :ـ**

(٢١) کەڵ لە ساحیبزەمان هەڵـگەڕایەوە
وێڵ وێڵێ وەك لەدەم گورگەوە بە ڕبووبێ دەگەڕا
زۆخی شەریفی تیایا نەماوە
بە خواشتەر خوازی خۆیان دژوێنیان دەدا
(٢٢) زرێ پۆشی کەماندار
عالیمو زرێپۆشی کەماندارم
بە حوکمی خواجەی خاوەنی و شکانیو ئاو (بەڕو بەحر)
ڕۆحم بابایادگار (دەخوێنێتەوە) دەنوێنێ

Yaré har du sar
Yadegarenan yaré har du sar
Sandugem peran za la'alo' gohar
War ze gest mirdane Yerdanem va sar(23)

★ ★ ★

**Yaré wafa dar**
**Yadegarnan, yaré wafa dar**
Jagahé zamin asman nagert pe qerar
Azman rabim za karxanay yar(24)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

یاری هەردوو سەر
یادگارەنان یاری هەردوو سەر
سەندوقم پەڕەن ژە لەعلو گەوهەر
وەر ژە گشت میردانێ غەردەنم وە شار

★ ★ ★

یاری وەفا دار
یادگارەنان یاری وەفادار
جە گاهێ زەمین ئاسمان نەگرت پی قەرار
ئەز من رابیم ژە کارخانەی یار

---

**واتــــە :ـ**

(٢٣) یاری هەردوو سەرم (هەردوو دنیام)
یادگارمو یاری هەردوو سەرم
سندووقم (سینگم) پڕە لە عەعلو گەوهەر
پێش هەمووان گەیشتومەتە شارەوە
(٢٤) یاری وەفادارم
یادگارمو یاری وەفادارم
وەختێ زەویو ئاسمان ئارامی نەگرتبوو
رێـگام گرتبوەبەر بەرەو کارخانەی یار

Za dowlaté yar novim polakdar
Sayede meskin za gardé awar
Sahed var giren gowahi dar kar
Ta ke mavaran beyun va eqrar
Soltan maramu wemenan gowah
Yadegari weman va weman gowah(25)

★ ★ ★

Aw tasté tala
Se dunem ciyan aow tasté tela
Aval Seyavaxs duyemin Yahya
Seyemin Hosayn puré sehansah
Va tasté tala kerden naxcirem
Joda kerden raàsè monirem(26)

---

**واتــه :ـ**

(٢٥) له دەوڵەتی یار نەبووم بە خاوەن پووڵ(پارە)
سەیدی هەژار و ئاوارەیی خواردنو خۆراکم بووم
شاهیدی بۆ ئەوەی دەربارەی کاری منەوە شاهیدبێ
تاوەکو دەربارەی منەوە بریار بدا
سوڵتان دەفەرمێ خۆمم شاهید
یادگاری خۆمەو شاهیدی خۆمم

(٢٦) ئەو تەشتی تەڵا
سێ دوونم چووەتە ئەو تەشتی تەڵاوەوە
یەکەم (سیاوەخش)و دوەم (یەحیا)
سێیەم (حوسەین)ی کوڕی شەهەنشاه
لە تەشتی تەڵادا نەچیرم کردووە
سەری پرشنگدارم جیبا کردوەتەوە

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

زە دەوڵەت یار نۆڤیم پووڵەکدار
سەیدی مسکین زە گەردی ئاوار

شاهید فەر گیرەن گۆواهی دەرکار
تاکە مافەران بێیون فە ئیقرار

سوڵتان مەرەمو وێمنان گۆواهـ
یادگاری وێمەن فە وێمەن گۆواهـ

★ ★ ★

ئەو تەشتی تلا ، ......
سێ دوونم چیەن ئەوتەشتی تلا

ئەنفەل سیافەخش دووەمین یەحیا
سێیەمین حوسەین پوری شەهەنشاهـ

فە تەشتی تلا گەردەن نەخچیرم
جودا گەردەن رەشی مونیرم

## سروودی ژماره (٣)

## گفتو گۆی سوڵتان سەهاك و پیرە میكایل

Pira Mikàil Dowdani ma'awa
Cani sayx Sehak kerd puyé dàawa
Mar kerd va qamci sowar bi va ser
Seres merana va xowazé daler
Sowar bi va ser rana va hay hay
Ta rasi va lab Sirwané be pay
Awazes kerd hay sayx Sehak
Qabulem niyan tu nay maàwa xak(27)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

پیرە میكایل دەودانی ماو
چەنی شێخ سەهاك كەرد پەی دەعوا
مار كەرد ڤە قەمچی سوار بی ڤە شێر
شێرش مێرانا ڤە خوازی دەڵێر
سواربی ڤە شێر رانا ڤە هەی هەی
تا رەسی ڤە لەب سیروانی بێ پەی
ئاوازش كەرد هەی شێخ سەهاك
قەبوولم نیەن تۆ نەی ماوا خاك

---

**واتــــە :ـ**

(٢٧) پیرە میكائیل كە دێی (دەوان) جێگای (ماوای)بوو
لەگەڵ سوڵتان ئیسحاق (شێخ‌سەهاك)دا گفتو گۆیان بوو
ماری كرد بە قەمچی دەستیو سواری شێر بوو
لە شیر لێ خوڕی (بەرقەقەوە) بەفەرمانی دڵێر (ئەو)
سواری شێر بوو بە هەی هەی
تا گە یشتە لای قەراخی سیروان
بانــگی كرد هۆ شێخ سەهاك
رازیم نیە لەو ماوایەدا بمێنیتەوە

Qabulem niyan tu na perdewar
Besazi yana benmany honar
Aow ruz yar daved masaza divar
Sah vat va Daved sowar bu divar
Becu vay rava be xowf be andis
Bezan Mikai'l aman pari ces
Sowar bi divar Daved dana
Va Jusé hay hay divar marana (28)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

قەبوولْم نیەن تۆ نە پەردیوەر
بسازی یانە بنمانی هونەر
ئەو رۆژ یار داڤید مەسازا دیڤار
شاه ڤات ڤە داڤید سوار بۆ دیڤار
بچۆ ڤە راڤە بێ خۆف بێ ئەندیش
بزان میکائیل ئامان پەرێ چێش
سوار بی دیڤار داڤید دانا
ڤە جۆشی هەی هەی دیڤار مەرانا

---

**واتــە :ـ**

(٢٨) قەبوولْم نییە تۆ لە پەردیوەر
خانوو دروست بکەی هونەر بنوێنی
ئەو رۆژە داود دیواری دروست دەکرد
شاه (سولْتانسەهاك) وتی بە داود سواری دیوار بە
بچۆ بە رێوە بێ ترس و لەرز
بزانە میکائیل بۆچی هاتووە
داودی دانا سواری دیوار بوو
بە زۆری هەی ، دیوار کەوتە غار

Mikail vates sayx sehak ina
Aspes divara manmanu wena
Va qowlé qadim ta hal ki diyan
Sehak sehr bazan jadugariyan
Awazes kerd ahay Sayx Sehak
Va aspet waca parem soxan pak
Daved vat Yolamé Soltan Sehakem
Yalam yakrang sahé be bakem(29)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :-**

میکایل ڤاتش شێخ سەهاك ئینە
ئەسپش دیڤارا مەنمانو وێنە
ڤە قەولی قەدیم تا حاڵ کێ دیەن
سەهاك سیحربازەن جادوو گەریەن
ئاوازش کەرد ئەهای شێخسەهاك
ڤە ئەسپت واچە پەرێم سوخەن پاك
داڤید ڤات غولامی سولتان سەهاکم
غولام یەکرەنگ شاهی بێ باکم

---

**واتــــە :-**

(٢٩) میکائیل وتی شێخ سەهاك ئەمە
ئەسپی دیوارەو موعجیزە دەنوێنێ
بە وتەی قەدیم (کۆنتر) تا ئەمڕۆ کێ دیویەتی
کە سەهاك سیحربازو جادووگەر بێ
ئاوازی بەرز کردەوەو وتی : ئەهای شێخسەهاك
بە ئەسپت بلێ قسەی باشم بۆ بکا (لەگەڵ بکا)
داود وتی : غولامی سولتان سەهاکم
غولامی یەکرەنگ شاهی بێ باکم

Mikàil vates becu baca pes
Wes beyow ahwal ba persem canis
Va serre qodrat va zuré xava
Qadam ranjeṇa sah hat va rawa
Aow ruz ke Şirwan cames kaft va sah
Sowqé sah mowlam Sirwan xorusa
Sah vat Mikàil Sirwan hat va jus
Baca va Sirwan danges bu xamus(30)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

میكائیل ڤاتش بەچو باچە پێش
وێش بەیۆ ئەحواڵ بەپرسم چەنیش
ڤە سیرڕی قودرەت ڤە زۆری خاڤە
قەدەم رەنجنا شاھ هات ڤە راوە
ئەو رۆژ کە سیروان چەمش کەفت ڤە شاھ
شەوقی شاھ مەولام سیروان خرۆشا
شاھ ڤات میكائیل سیروان هات ڤە جۆش
باچە ڤە سیروان دەنگش بۆ خامۆش

---

**واتــە :ـ**

(٣٠) میكائیل وتی بڕۆو پێ بڵێ
خۆی بێ هەواڵم لێ بپرسێ
بە سیرڕی قودرەتو زۆری خواوەندگار
سوڵتان پێی بەرز کردەوە گەیشتە ئەوێ
ئەو رۆژە کە سیروان چاوی بە شاھ کەوت
لە خۆشی هاتنیدا خرۆشاو دەستیکرد بە گرمەو هۆڕە
شاھ وتی میكائیل سیروان هاتوەتە جۆش
پێی بڵێ با بێدەنگ بێ ٠

Mikail vates nemiru va das
Sirvan faqares hana juse xas
Sah Soltan Sehak va avaze barz
Xorrà wa Sirwan, Sirwan nist va larz
Sah va qalica nist va ruy Sirwan
Cani Mikail va bedeh bestan
Mikail vates say ruzi va das
Nowsem verseya fard Faryadras(31)

**ترانسليترەيشنى بەم جۆرەيە :ـ**

میکائیل ڤاتش نەمیرو ڤە دەس
سیرڤان فەقارش هانە جۆشی خەس
شاه سولتان سەهاك ڤە ئاڤازی بەرز
خوڕا وە سیروان ، سیروان نیشت ڤە مەرز
شاه ڤە قاڵیجە نیشت ڤە رووی سیروان
چەنی میکائیل ڤە بێدە بەستشان
میکائیل ڤاتش شای رۆزی ڤەدەس
نەوسم ڤەرشیا فەرد فەریادرەس

---

**واتــــە :ـ**

(٣١) میکائیل وتی ناوێرم
سیروان قینوقاری (رقی ـ تووڕەیی) هاتۆتە جۆش
شاهی سولتانسەهاك بە ئاوازی بەرز
لە سیروان داخوڕیو سیروانیش لەترسدا لەرزی لێ نیشت
شاه بە سواری قاڵیچە نیشتە سەر رووی سیروان
لەگەڵ میکائیلدا مامەڵە دەکەن
میکائیل وتی : شای رزقو رۆزی بە دەس
خەریکە نەفەسم دەرچێ ، فەردی فەریادرەس

Sah Soltan Sehak dases kerd va bahr
Mahi bersta bar averd va bar
Vatas Mikail gustas kara nus
Soxonas maskan xamdare per jus
Yak mahi za bahr sar averd aow dar
Selam sad selam amire safdar
Va joft sazenay donya bahró bar
Kuwan jefté men dar kandé xaybar(32)

**ترانسليترەيشنى بەم جۆرەيە :ـ**

شاه سوڵتان سەهاك دەسش كەرد ڤە بەحر
ماهی بەرشتە بەر ئاڤەرد ڤە بەر
ڤاتش میكائیل گۆشتش كەرە نۆش
سوخوانش مەشكەن خەمدەری پرجۆش
یەك ماهی ژە بەحر سەر ئاڤرد ئەو دەر
سەلام سەدسەلام ئەمیری سەفدەر
ڤە جوفت سازنای دونیا بەحرو بەڕ
كۆوە جوفتی من دەركەندی خەیبەر

---

**واتـــە :ـ**

(٣٢) شاهی سوڵتان سەهاك دەستی كرد بە بەحردا
ماسی بەرشتەی دەرهێنایە دەرەوە
وتی میكائیل گۆشتی بخۆ
ئێسقانی مەشكێنە ئاگاداری تەواو بە
یەك ماسی لەبەحرەكەدا سەری دەرهێنایە دەرەوە
وتی : سەلام سەد سەلام ئەی ئەمیری سەفدەر (سەركردە)
جووتی دنیاو بەڕو بەحرت سازاندووە
كوانێ جووتی من ئەی دەركەندی خەیبەر (سەركردەی خەیبەر)

Jeftem dayna tur va pir Dowdani
Ya sah jeftem dar sahé mardani
Sah suqane mahi gerd va bané dast
Mahi zenda kerd patesay alast
Va serre qodrat nurè Elahi
Mahi zenda kerd pay jefte mahi
Aow ruz Mikàil averd ey walah
Vat haqem tuei Allah Ey wallah (33)

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

جیفتم داینە تۆر ڤە پیر دەودانی
یا شاهـ جیفتم دەر شاهی مەردانی
شاهـ سوقان ماهی گرد ڤە بانی دەست
ماهی زیندە کەرد پادشای ئەلەست
ڤە سیڕی قودرەت نووری ئیلاهی
ماهی زیندەکەرد پەی جیفتی ماهی
ئەو رۆژ میکائیل ئاورد ئی وەڵاّ
ڤات حەقم تۆئی ئەڵاّ ئێ وەڵاّ

---

**واتــە :**

(۳۳) هاوسەر (جووت)ی تۆم داوە تۆڕی پیری دەودانی
یاشاهـ هاوسەرم بدە ، شاهی مەرد
شاهـ ئێسقانەکانی ماسی خستە بانی دەستی
پادشای ئەلەست ماسی زیندەکردەوە
بە سیڕی قودرەتو نوری خوایی
ماسی زیندە کردەوە بۆ جووتی ماسیەکە
ئەو رۆژە میکائیل
وتی ؛ هەقم تۆی پاشاهـ ، من ئەللائێوەللا

### سروودی چوارەم

Be gavan gave
Gavé be gavan be gavan gave
Ta sar nasparin kerda valavé
Ta haqq nasnasin dur na gest bavè
Har sare na lowh aow hozuré jam
Na sojud va dast xalifa xadem
Besek aow sara va tomar inyan
Na rusé hesab va somar niyan(34)

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

بێ گاڤان گاڤێ
گاڤێ بێ گاڤان بێ گاڤان گاڤێ
تا سەر نەسپارین کەردە ڤەڵاڤێ
تا هەقق نەشناسین دوور نەگشت باڤێ
هەر سەرێ نە لەوح ئەو حوضوری جەم
نە سوجود ڤە دەست خەلیفە خادم
بێ شێك ئەو سەرە ڤە تۆمار نیەن
نە رۆژی حیساب ڤە شومار نیەن

---

**واتــە :**

(٣٤) بێ گاوان ، گا ، .
(گا)ی بێ گاوان ، بێ گاوان گا
تاسەر نەسپێرێ ، بێ سپاردن بڵاوەی لێ دەکا
تا هەقق نەناسێو ، دووربێ لە هەموو باوێ
هەر سەرێ لە لەوحەی جەمدا نەبێ
سوجدە بۆ خەلیفەی خادمی جەم نەبا
بێ گومان ئەو سەر لە تۆمارخانەدا نییە
لە رۆژی خۆی دا لە ژمارەدا نییە

Tumar pir musi qalam baqiyan
Jam celana Benyam Saqiyan
Rahbar Davedan dasé damongir
Takbici batten Banyaminé pir
Jowz na gesniz na arqé Benyam
Averd aow jam pari sar anjam(35)

**تراسليترەيشنی بەم جۆرەیە :ـ**

تۆمار پیر موسی قەڵەم باقیەن
جەم چلانە بنیام ساقیەن
رەهبەر داڤیدەن دەسی دامان گیر
تەگبیرچی باطن بنیامینی پیر
جۆز نە گەزنیژ نە عەرق بنیام
ئاڤەرد ئەو جەم پەریٚ سەرئەنجام

---

**واتـــە :**

(۳۵) تۆمارکەر پیرموسی‌یەو قەڵەمەکەی هەردەمێنێتەوە
لە جەمی‌چلانە دا بنیامین ساقی‌یە
رابەر داودە ، دەسی ئەوکەسەیە کە دەیەوێ دامانیبگرێ
تەگبیرچی ناوە (ناخ)وە پیرە بنیامینە
گوێز لە گژنیژی عەرەقی بنیامین دا
هێناویەتی ئەوجەمە بۆ سەرئەنجام (ئەنتیجە) دوارۆژ

Jam na delé jouz, jouz na delé jam
Neyazes zat bi cehar kes derham
Sart ba va Benyam heq da va Razbar
Daftar pir musi naz wa ˇ Yadegar
Rahbar Davedan Celtanes wa sun
Percinas almas haq wa dunadun
Nawa awaze jouz va ham tam
Benyam mayze jam, jam mayze Benyam(36)

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

جەم نە دلێ جەوز ، جەوز نە دلێ جەم
نیازش زاتبی چهار کەس دەرهەم
شەرتدا ڤە بنیام هەقدا ڤە رەضبار
دەفتەر پیرموسی ناز وە یادگار
رەهبەر داڤیدەن چل تەنش وە شۆن
پەرچینەش ئەلْماس هەق وە دونادون
نەوا ئاوازی جەوز ڤە هامتام
بنیام مەغزی جەم ، جەم مەغزی بنیام

---

**واتــە :**

(٣٦) جەم لەناو گوێزداو گوێزیش لەناو جەمدا
نیازی زاتی چوار کەس بوو
شەرت (مەرج) بە بنیامین دراو هەقیش بە رەضبار
دەفتەر بە پیرموسییو نازیش بە یادگار
رابەر داودەو جلتەنی وابە دواوە
پەرژین ئەلْماسەو مافیشی بە پێی گەڕانو کردەوەی دوونـاو دوونە
نەواو سازگاری ئاوازی گوێز شکاندن هامسەرمە
بنیامین مەغزی جەمەو جەمیش مەغزی بنیامینـە

Zekr kara na jam Yolaman gawam
Na ray mayzé dorr va armày sam
Na wam attre jowz jowz attre na wam
Yolaman gerdon qowa va qewam
Jowzem sekena saranam separd
Pusam pacena mayzam bar averd (37)

**تراسليترەيشنى بەم جۆرەيە :ـ**

زيكر كەرە نەجەم غولامان گەوام
نەڕاى مەغزى دوڕ ڤە ئارماى شام

نەوام عەترى جەوز ، جەوز عەترى نەوام
غولامان گەردون قووا ڤە قيوام

جەوزم شكنا سەرانەم سپەرد
پۆسەم پاچنا مەغزەم بەر ئاڤەرد

---

**واتـــە :**

(٣٧) لەجەمدا ذيكر بكە غولامان شاهيدن
لەپێناوى مەغزى دوڕدا ، بە فەرمانى شاهـ
ژيانم عەترى گوێزەو گوێزيش عەترى ژيانم
غولامانو گەردوون ، فەرمان بە فەرمان
گوێزم شكاند و سەرم سپارد
تويكلم شكاند (پێستمدڕاند) مەغزم (ناوەكەم) دەرهێنا

## سروودی ژماره پێنج
## دەربارەی قوربانی کردنەوە

Dustan qorbani,
Bowacem adab ayay qorbani
Tamam teyar kaym jamé Soltani
Qowle ruze azal sahe mardani
Xorsanda sepay sahe xowasin
Va esqe Daved Cani Benyamin
Na waxte tangi pay rafé bela
Va nacar qorbani bekarun sela (38)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

دۆستان قوربانی ، ....
بۆواچەم ئاداب ئایەی قوربانی
تەمام تەیار کەیم جەمی سوڵتانی
قەوڵ رۆژی ئەزەڵ شاهی مەردانی
خورسەندە سپای شاهی خۆوەشین
ڤە عەشقی داڤید جەنی بێنیامین
نە وەختی تەنـگی پەی رەفعی بەڵا
ڤە ناچار قوربانی بکەرون سەڵا

---

**واتــە :**

(٣٨) دۆستان قوربانی بکەن ، .
بخوێنن (بێژن ، بڵێن) ئایەتی (سروودی) قوربانی
تاجەمی سوڵتانی تەواو تەیار (ریکوپێك) بێ .
وتەی رۆژی ئەزەلی شای مەردان
ھەواڵیخۆشی سپای شاخۆشێن
بە عەشقی داود لەگەڵ بنیامیندا
لە وەختی تەنـگانەدا ، بۆ بەڵا لابردن
بە ناجاری قوربانی بکەن

Aow pari oqba kerdes betaba
Va jomlay rosat piskase saba
Va alam xows hosne rezzaye del
Bayad bekalin tum pari hassel
Va yaqine pak va sedqe exlas
Awan qorbani pay ruy eltemas(39)

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

ئەو پەری عوقبا کەردش بێتابە
ڤە جوملەی رۆشەت پێشکەشی سابە

ڤە عالەم خۆش حوسنی رەزای دڵ
بایەد بکاڵین تۆم پەری حاصل

ڤە یەقینی پاك ڤە سیدقی ئیخلاس
ئۆوان قوربانی پەی رووی ئیلتماس

---

**واتــە :**

(٣٩) بۆ دووا رۆژی کردی ، لەبەر بێ توانایی
بە وێنەی بەرتیل پێشکەشە بە خاوەنی
لە دنیادا خۆشیو رەزامەندی دڵ
بێویستە بکێلرێو تۆو بووەشێنرێ بۆ بەر (ئەنجام) دوارۆژ
بە بڕوای تەواوو راستیو دڵسۆزیەوە
ئەوەیە قوربانی بۆ رۆژی پاڕانەوە

Aval jebrail quc na yayb averd
Va jay Esmàil qorbanisan kerd
Esme aow qorban mashuran va am
Esma mazanu jomlay zas'oam
Dahem zelhajja ayde qorbana
Alam mazanu va sah ayana
Thani qorbani kala zarda bi
Gust mahie satt mikail wardabi

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

ئەڤەڵ جیبرائیل قۆج نەغەیب ئاڤەرد
ڤە جای ئیسماعیل قوربانیشان کەرد
ئیسمی ئەو قوربان مەشهورەن ڤەعام
ئیسمە مەزانۆ جوملەی خاس و عام
دەهەم زیلحەججە عەیدی قوربانە
عالەم مەزانۆ ڤە شاھ عەیانە
ثانی قوربانی کەڵە زەردە بی
گوشت ماهی شەتت میکایل وەردەبی

---

**واتـــە :**

ئەوەڵجار جیبرەئیل لەغەیبەوە قۆچی هێنا
لە جێگای ئیسماعیل‌دا کردی بە قوربانی
ناوی ئەو قوربانی‌یە لە دیناوە دیاری‌یە
ناوی لای باش و خراپەوە (وردو درشتەوە) زانراوە ،
کە دەی (ذی‌الحجە)یەو جەژنی قوربانە
عالەم دەزانێ لەشاھ ئاشکرایە
دووەم قوربانی کەڵە زەردە بوو
گۆشتی ماسی رووبار کە میکائیل خواردبووی

Bayad qorbani xowsrang bu teyar
Sas mang veyarda ˈcaqe xowsraftar
Jam karan cand kas yarane bel pak
Exlase namwar say Soltan Sehak
Pak kan dastó pas lotò cani dam
Va ayay arkan bevaran wa jam
Bayad jam nesin gest qaleb pak bu
Qabel va hozzur say samnak bu

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

بایەد قوربانی خۆشڕەنگ بو تەیار
شەش مانگ ڤیەردە چاقی خۆشرەفتار
جەم کەران چەند کەس یارانی دڵپاك
ئیخلاس نامودر شای سوڵتان سەهاك
پاك کەن دەستو پاش لووتو چەنی دەم
ڤە ئایەی ئەرکان باڤەرەن وە جەم
بایەد جەم نشین گشت قەلب پاك بۆ
قابل ڤە حوزوور شای سامناك بۆ

---

**واتــە :**

قوربانی خۆش ڕووالەت ئامادەبکرێ
تەمەنی لە شەش کەمتر نەبێو قەڵەو بێ
کۆببنەوە بۆ جەم چەندکەسێ لە یارانی دڵپاك
دڵسۆزی شای شولتانسەهاکی نامدار بن
دەستو پێی لووتی پاك بکەنەوە
بە پێی دەستوور ، بیهێنن بۆ جەم
دەبێ جەمنشینان هەموویان بەدەنیان پاك بێ
تاوەکو ڕەوای ئامادەبوونی بەردەمی شای سامناك بن

Diday na pakan mahram nin va jam
Bewinun mizan xalifa o xadem
Cun na-pakan va kane saytan
Jow bu mahram nin va jame soltan
Va rasme azal ayay soltani
Jam himat bekan cani qorbani
Va adab arkan qaéday dustan
Beyan pesani qorban bebusan

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

دیدەی ناپاکان مەحرەم نین ڤە جەم
بوینۆن میزان خەلیفەو خەدەم
چون ناپاکان ڤە کانی شەیتان
جۆ بو مەحرەم نین ڤە جەمی سوڵتان
ڤە رەسمی ئەزەڵ ئایەی سوڵتانی
جەم هیممەت بکەن چەنی قوربانی
ڤە ئەدەب ئەرکان قاعیدەی دۆستان
بەیان پێشانی قوربان بۆسان .

---

**واتـــە :**

دەموچاو پیسو پۆخڵان شایستەی ئامادەبوونی جەم نین
شایستەی ئەوەنین کە تەرتیبو خەلیفەو شاگرد ببینن
چونکە ناپاکان لە کانی شەیتان دەرهاتوون
لەبەر ئەوە شایستەی جەمی سوڵتان نین
بە پێی باوبرەوی بنەڕەتیو دەستنیشانی سوڵتان
جەم بەرێزەوە بکەن ، لەگەڵ قوربانیدا
بە رێزو لەسەرخۆیی‌یەوە ، بەپێی دەستووری دۆستان
بێن ناوچاوانی قوربانی ماچ بکەن

Sirin sokranay bavaran va pes
Kames sirin kan va sokranay wes
Men baàd wardaran daste rastes
Aow cani sowday teye qesases
Bovanan doày sartté Benyamin
Jam hemat karan va ayay amin
Va naz verdaren qorbani aowja
Daxel bekan va jay xalwatgah

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :-**

شیرین شوکرانەی باڤەران ڤە پێش
کامش شیرین کەن ڤە شوکرانەی وێش
من بەعد وەردەران دەستی راستشەن
ئۆو چەنی سۆدای تێغی قەساسش
بوڤانان دۆعای شەرتی بنیامین
جەم هیممەت کەرەن ڤە ئایەی ئامین
ڤە ناز ڤەردارەن قوربانی ئۆوجاھ
داخڵ بکەن ڤە جای خەڵوەتگاھ

---

**واتــە :**

شیرینی سوپاسگوزاری بۆ بهێنن
دەمی شیرین بکەن ، بە شوکرانەی خۆی
لەپاشا دەستی راستی بگرن بۆپێشەوە بیبەن
لەگەڵ ئەو تیغەدا کە بۆ سەربڕینی ئەو ئامادە کراوە
دۆعای مەرجی بنیامین بخوێنن
جەم بە ئایەی ( سروود ) ئامین برازیننەوە
بە نازەوە قوربانی پاڵ بخەن
بیخەنە جێگای خەڵوەتـگاوە

Vaxte qorbani daxel mow zamin
Bayad bowacin va naz pak Benyamin
Xas ragé halqes jiya kan va ham
Nawa bebaru galus va setam
Har vaxt makisin tey wa be madar
Bayad bowacin aval axer yar
Xuné qorbani bersenen va cal
Bekan sokré zat binay zoljalal

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

ڤەختی قوربانی داخڵ مۆو زەمین
بایەد بۆواچین ڤە نازپاك بنیامین
خاس رەگی حەلقش جیا کەن ڤە هەم
نەوا بەپرو گەلوش ڤە ستەم
هەر ڤەخت مەکیشین تیغ وە بە مەدار
بایەد بۆواچین ئەڤەڵ ئاخریار
خونی قوربانی بەرشێنەن ڤە چاڵ
بکەن شوکری زات بنای زولجەلاڵ

---

**واتــه :**

وەختێ قوربانی دەدرێ بە زەوی‌دا
دەبێ بوترێ بە نازی پاکی بنیامین
باش رەگی قوڕقوڕاکەی جیا بکرێتەوە
نەوەکو قوڕکی بە ناڕەحەت ببڕێتەوە
هەروەختێ دەمی تیغەکە دەخرێتە سەرملی
دەبێ بوتری ، ئەوەڵ‌وئاخر یار
خوێنی قوربانی بکرێتە (بڕژێتە) چاڵەوە
شوکرانەی زاتی زولجەلال بکرێ

Monhasser qorban naqdina esmes
Aow zarifteren va aàzy esmes
Namak pas kan bekam kovaow
Ta becu hozur say be xurdo xaw
Nagah va kezzay jenso malo mur
Qorban poxta bu barzo per ja nur
Can tire va be barg har can beyow bas
Bas va be sar - pus maderan va kas

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

مونحەسیر قوربان نەقدینە ئیسمش
ئۆو زەریفتەرەن ڤە ئەعزای ئیسمش
نمەك پاش کەن بکەرن کۆواو
تا بچو حوزور شای بێ خوردو خاو
ناگاه ڤە کزەی جینس و مەل و مۆر
قوربان پوختە بو بەرزو پڕ جە نوور
چەن تیرێ ڤە بێبەرگ هەر چەن بێیۆو بەس
بەش ڤە بێ سەرپۆش مەدەرەن ڤە کەس

---

**واتــە :**

قوربانی وەها نەقدینەی پێ دەوترێ
ئەو جوانترە لە سەرپاکی ناوەکەی
خوێی باش بکەن ، کە کەباب دەکەن
تا برواتە خزمەت شای بێخەوو بێخۆراك
ناگاه بە کزەی ، جینسی مەل و مۆرەوە
قوربانی پاك و خاوێن ، بەرزو پڕ لە نوور دەبێ
چەند بەش بە هەزاران بدرێ ، هەر باشە
بەش بەبێ سەرپۆش (داپۆشراو) بەکەس مەدەن

Jam sefat sar masq, pir musi piran
Jam quoló qerar dasté dastgiran
Jam rangin Razbar, xedmat va dastan
Jam fetway serbat sir mastan mastan
Jam nazro' neyaz kerdar kerdenan
Jam jowzé sady sar seperdenan
Jam ya'ane masjed, yari yaranan
Jam hallé mosge. matlab daranan

**تراسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :ـ**

جەم سیفەت سەر مەشق پیرموسی پیرەن
جەم قەولو قەرار دەستی دەستگیرەن
جەم رەنگین رەضبار ، خدمەت ڤە دەستەن
جەم فتوای شەربەت سەرمەستان مەستەن
جەم نەزرو نیاز کردار کەردەنەن
جەم جۆزی شادی سەر سپەردەنەن
جەم یەعنی مەسجید ، یاری یارانەن
جەم حەللی موشکیل ، مەتلەب دارانەن

---

**واتــە :**

جەم وێنە (سیفەت)ی سەر مەشقی پیرموسییە
جەم قەولو قەراری دەستی دەستگیرە
جەم رەضباری رەنگینە ، خزمەتکردنە
جەم جێگای فتوادانی شەربەتی مەستانە
جەم نەزرو نیازو کردار کردنە
جەم گوێزی خۆشی سەر سپاردنە
جەم یەعنی مزگەوتی یارییاران
جەم حەلکەری خاوەن موشکیلەیە

Jam hu hu mastan, seday yariyan
Jam ragay rastan, raday bariyan
Jam azal arkan, diday geyaniyan
Jam sazé sohbat sat, diday geyaniyan
Jam jamalé sam ha va jamxana
Jam soltané jam sahab sarana
Jam jame yari, gerdi dustanan
Jam layeq va pul puxtay pusanan

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :**

جەم هوهو مەستان ، سەدای یاریەن
جەم راگەی راستەن ، رەدای باریەن
جەم ئەزەل ئەرکان دیدەی گیانیەن
جەم سازی سوحبەت ، دیدەی گیانیەن
جەم جەماڵی شام ها ڤە جامخانە
جەم سوڵتانی جەم ساحیب سەرانە
جەم جەمی یاری ، گەردی دۆستانەن
جەم لایق ڤە پۆل پوختەی پۆسانەن

---

**واتـــە :**

جەم جێگەحاڵی یارانە
جەم رێگەی‌راستە ، رەزامەندی باری‌یە
جەم دەستووری بنەڕەتی (کۆڵەکەی‌بنەڕەتی) بینای گیانی‌یە
جەم جێگای سازدانی دۆستایەتی‌یە
جەم ، جوانی شایە
جەم ، سوڵتانی جەم خاوەن‌سەرانە
جەم ، جەمی یاری‌یە ، گەردی دۆستانە
جەم ، لایقە (رەوایە) بە پۆلی پوختە پۆشان

Jam fekró forsat qalày yariyan
Panah bar aow jam. ar bidariyan
Jam aow bayabas, padesaó piran
Jam jamé dalil, jamé dasgiran
Jam ragay goftar, bedeh bestanan
Haqq bin za adab, ray haqq tarsanan
Yaran yavaran, kol ya jam karan
Jam al neyazan. aow jam bevaran

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :**

جەم فیکرو فورسەت قەلەی یاریەن
پەناهبەر ئەو جەم ئەر بێداریەن
جەم ئەو بەیابەس پادشاو پیرەن
جەم جامی دەلیل ، جەمی دەسگیرەن
جەم ڕاگەی گوفتار بێ دەبێستانەن
هەقق بین زە ئەدەب رای هەقق تەرسانەن
یاران یاڤەران ، کول یا جەم کەران
جەمال نیازان ئەو جەم باڤەران

---

**واتــە :**

جەم جێگای بیرکردنەوەیەو قەلای یاری‌یە
جەم ، جێگای پەنا بۆ بردنە کەی پێویست بوو
جەم ، دەستوورخانەی پادشاو پیرانە
جەم ، ئاوێنەی ڕێگاپیشاندانە ، جەمی دەستگیر کردنە
جەم ، جێگای گوفتارەو قوتابخانەیە (بۆ نەخوێندەواران)
هەقق بین لەئەدەبدا ، ڕاگەی هەققی لەلا ترسناکە
یاران‌و یاوەران ، هەمووتان ، هۆ جەمکەران
جوانی نیازان بۆ ناو جەم بهێنن ·

Mu'i nalexsen, va jamé rasan
Va jam nakan jahr, nakisen basan
Parvana asa va jam parran bu
Zabanet va zekré Daved caran bu
Daved zamendar ahu sar zidan
Hana - ras Daved, Daved omedan
Daved Xas Yolamé soltané taxtan
Daved negahdar, vaxtè be vaxtan

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :**

مویێ نەڵەخشن ، ڤە جامی راسان
ڤە جەم نەکەن جەهر نەکێشن باسان
پەرڤانە ئاسا ڤە جەم پەڕان بۆ
زبانت ڤە زیکری داڤێد چران بۆ
داڤێد زامندار ئاهوسەر زێدەن
هانا ـ رەس داڤێد ، داڤێد ئومێدەن
داڤێد خاس غولامی سوڵتانی تەختەن
داڤێد نیگەهدار ڤەختی بێ ڤەختەن

---

**واتـــە :**

مووێ لەجەمی راسان ، خوار نەبنەوە ( لانەدەن )
لەجەمدا رققەبەرایەتیو ئینکاری نەکەن ،
هەروەك پەپوولەی قەقنەی بن بۆ جەم
زبانتان ، با هەمیشە لە وێردی بانگکردنی (داود)دا بێ
داود ئاگاداری کەری ئاهووی سەر زەیدە
داود بە بانگەواز(هانا)وە دێ جێگای ئومێدە
داود لەغولامە باشەکانی سوڵتانە
داڤید ئاگاداری وەختو بێ وەختە

Yar Daved rahbar, ru daryay siman
Daved mosgel hal. Daved va jaman
Daved sumay ayn raday del-paken
Daved dasta-var pay, jowz takan
Daved kuray nar, gerrané tavan
Sad dinar Va nam, Deved hesavan
Namay naàlé mex, tūr-sīné jari
Va hokmé Soltan. Daved kay yari

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :**

یار داڤید رەهبەررو دەریای سیمەن
داڤید موشکیل هەل ، داڤید ڤە جەمەن
داڤید سۆمای عەین رەدای دڵ‌ـپاکەن
داڤید دەستەڤار پەی جۆز تاکەن
داڤید کوورەی نار گرانی تاڤەن
سەددینار ڤەنام ، داڤید حیساڤەن
نامەی نەعلی مێخ تورسینی جاری
ڤە حوکمی سوڵتان داڤید کەی یاری

---

**واتــه :**

یار داود رەهبەری رووی دەریای سیمینە (زیوینە)
داود حەل‌کەری موشکیلەیە ، لەجەمدایە
داود بینایی چاوی دڵپاکانە
داود دەستەوار بۆ گوێز تاکە
داود کوورەی ئاگری گڕداری تاودارە
سەد دینار بە ناو داودەو حیسابە
بەپێی مۆری ئەزلی‌و کە هەر بەردەوامیشە
بە فەرمانی سوڵتان داود دەجووڵێتەوە

Isa va sefat. Yafelan xoaw
Taqay sad dinar, Daved kan hesaow
Va himaté jam, kol bacan amin
Va esaray sah. sarté Banyamin
Va raday Deved, rahnemaó rahbar
Va qalam Musi, keteb daftar
Va karday Razbar. ferstay fardan
Ejad za araq atr wes kardan

**ترانسلیترەیشنی بەم جۆرەیە :**

ئیسا ڤە سیفەت غافیلاَن خواو
تاکە سەد دینار داڤید کەن حیساو
ڤە هیمەتی جەم کول باچان ئامین
ڤە ئیشارەی شاه شەرتی بنیامین
ڤە رەدای داڤید رەهنماو رەهبەر
ڤە قەلەم موسی کاتبی دەفتەر
ڤە کەردەی رەزبار فریشتەی فەردان
ئیجاد زە عەرەق عەتر ویش کەردەن

---

**واتــە :**

ئیستە بەسیفەت (ئەی بێ ئاگایانو خەواڵوان)
بە تاکە سەد دیناریٚ ، داود بهێنیەوە یاد
بە هیمەتی جەم ، هەموویان بڵێن (ئامین)
بە ئامازە (ئیشارە)ی شاه مەرجی بنیامین
بە رازی داود رەهنماو رەهبەر
بە قەڵەمی مووسیی کاتبی دەفتەر
بە فرمانی رەزبار ، فریشتەی فەردان
کە لەعەرەقی خۆی ئیجادی کردووە

# بەشی چوارەم

## پەیوەندی‌ی نێوان دینی ئەهلی هەقو دینی‌زەردەشتی

ئەهلی‌هەقق ، ڕێز لە هەموو دینێ دەگرێ ، بە تایبەتی دینە دێرینی‌یەکانی باوو باپیریان • دینی زەردەشتی بە لایانەوە ، دینێکی زۆر پیرۆزە ، بە ڕادەیێ ، کە زوربەی وەختو بە تایبەتی بۆ وێنەگرتنی سۆفیەتی‌یەکی پاکو بێ‌گەرد ، دینی زەردەشتی بە وێنە دەهێننەوە •

دەفتەرەکانی (ئەهلی‌هەقق) ، باسی پیرۆزی دینی زەردەشتی لە پلەیەکی بەرزدا دەکەن ، بەڕا دەیەك ، پشکێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێ ، کەبڵێ ؛ دینی ئەهلی هەقق ڕوواڵەتێکی نوێی دینی زەردەشتی‌یەو بۆ ئەم وتەیەش ، ئەم بەڵگانە بە دەستەوە هەن :-

١ - دەفتەرەکانی ئەهلی هەقق ، بە پیرۆزانە باسی موعجیزەکانی زەردەشت دەکەنو هۆنراوەش ، بەو بۆنەوە هەیە ، ناو بە ناو بە وێنە دەوترێنەوە بۆ وێنە،(دەفتەری ڕمووزی پارستان) ، وا بۆمان دەگێڕێتەوە کە زەردەشت خۆی‌و چەند کەسێك (ئاوەڵەکانی،ئەوانەی کە لە گەڵی‌دا بوون) ، وا ڕێك دەکەوێ ، کە دەبێ‌بۆ شاری (بەلخ) بچن • بۆیە بەرەو (بەلخ) لە ڕێگادا تووشی ڕووبارێکی قووڵو تووش بوونو جگە لەو ڕێیەی کە دەبێ لەو ڕووبارە بدرێ ڕێگای تر نی‌یە •

زەردەشت خۆی دەچێتە ناو رووبارەکەوە (رووباری سفید روود)و هەردوو قاچی دەکا بە پرد بۆ ئاوەڵەکانیو ئەوانیش بە هۆی ئەو پردە قەچینەوە ، لە رووبارەکە بە بێ وەی دەپەڕنەوە • ئەو رۆژەی کە لەو رووبارە ، ئەو کۆمەڵە سەرفراز بوو ، بە جەژنی زەردەشتی دانراو هەمووساڵێ ، ئەوکاتە جەژن دەکرێ •

٢ ـ لە رووواڵەی راستی (حەقڤانییەت)دا ، کە بە تەواوی هێزو تەوانای خودایی ، لە لەش (تەن‌دا ، جەم (کۆ = تەجەللی) بووبێتەوە ، زەردەشت بە پاکترینو بێگەردترین وێنە ، لەلای ئەهلیهەقق ، دانراوە ، گوایا (زات)و سیفاتی گەورەو پاك ، تیایدا کۆ بوونەتەوەو لە یانەی خوداوەندیدا پەیدابوونو دەژین •

ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە ، ئەوەمان پیشان دەدا ، کە بەری باغی بەهەشت بریتییە ، لە گفتو گۆیەك ، کە (بۆ)و (بەرامە)یەکی نەرگسی لێوە بڵاو بێتەوە ، بۆیە (ئەهلیهەقق)یش هانی یارانی دەدا کە پەیرەوی ئەوەی زەردەشتی بکەنو ئەمەش ئەو وەرگرتەیە :

« دڵ پێك پۆڵاد پەرچین بۆستان
باغی پڕ سەمەر ئارمای دۆستان

بەهەشتی باقی بەندەرو بەهار
چە وێزە چەما نەیچەمەن عەتار (چویزه چمن عطار)

نموونە نەرگس ، نەسیم وەش بۆ
زات میهماندار ، یانەی ئەزەل زۆ

زەردەشت جە سایە ئەزەل مایەی جۆ
سەرسککەزاتان ، قاپی دالەهۆ

مەکانشی هەققەن وە هەقق بی رەجۆ
سازندە طوبا وە بەهەشت ئەییۆ »

(ل ـ٢ی پاشکۆکیتبی دووەم)

٣ ـ هەواڵزانین و بشکێنن و لێوردبوونەوەو پەیڕەوی کردنی هەڵس و کەوتەکانی زەردەشتی بە (سەرچاوە)ی گرانبەهای گومان لێ نەکراوی (ئەهلی هەق) دەژمێردرێ ، بە تایبەتی لە رووی پەیڕەوی کردن و دەست پێوە گرتنی سۆفیگەریەتی و رووالەتی (ظاهری) و هی ناخی (باطنی)یەوە •

کۆ بوونەوەی تەواوی سیفەتی جوانی خودا ، لە تەنی زەردەشتدا ، بووە بە وێنە ، بۆ ئەو ئەولیاو پێغەمەرانەی کە خوا دەیەوێ هێزو تەواناى خۆی پێیان بەخشێ ئەم جۆرە وێنانەش لە ناو دەفتەرەکانیاندا یات کراونەتەوە •

٤ ـ ئاتەشگەدە ، لای ئەهلی هەق بە پیرۆز دەزانرێ ، بە جۆرێ کە (شای‌شاهان) دەچێتە ئاتەشگەدەوەو لەوێ بارو بارگەی خۆی دەخاو زەردەشت ، دەنێرێ بەملاو بەولادا بە دوای فەرمانی خوداییداو بەو جۆرە ، شای شاهان ، زەردەشت مەزن دەکا •

ئەم وەرگرتەیەی خوارەوەش ، ئەم وتەیەمان بۆ روون دەکاتەوە :

« ئەو ئاتەشخانە ، ••••••
بارەگای شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە
زەردەشت ـ ش کیاست پەرێ فەرمانە
بەرگوزیدەش کەرد ، ئەرووی زەمانە »

(دەورەی شاخۆشێن ، پەردیوەری ، لـ٧٨)

هەروەها ، ئەهلی هەق ، بۆن و بەرامەی گڕی ئاگرو کڵپەی گڕ ، لەماڵ و جەمخانەو جیهاندا ، بە پیرۆز دەزانن چونکە ئاگرو گڕو کڵپەی و سووتاندنی بە پێویستە بۆ رۆشنکردنەوەی هەموو شتێك و لە راستیشدا ئەمە تەجەللی نووری خودایی یە •

ئەم وەرگرتەیە ، لەم رووەوە نەختێ زانیاری‌مان بە دەستەوە دەدا •

« ئاتەش زەروورەن ، ••••••

گراگر گران ئاتەش زەروورەن

سۆزانی جیهان تەجەللی نوورەن

رۆشنی ظلمات وە قوبەی نوورەن »

(ل-٤-ی دەفتەری ئەهلی هەقق)

٥ - دروشمی دینی زەردەشتی‌و ئەهلی هەقق ، لە یەك سەرچاوەوە، هەڵقوڵاون ، یاخود ئەمەی ئەهلی هەقق ، رووالەتی نوێی ئەوەی زەردەشتی‌یە •

وەختێ ، کە زەردەشت لە میعراج دەبێ (تەماشای ، دەفتەری رموزی یارستان ل-٧٩ ، دەورەی شاهخۆشین ، بکە ) دروشمی خۆی لە سێ‌دیمەن (رووالەت ، سیفەت)دا دیاری کردووەو ئەوانیش ئەمانەن :- راستگۆیی ، بەرچاو فراوانی‌و دەهێندەدارێی ، بەئاگرو ئاوو گیاندارو دارودرەخت‌و رێگاوبان ، ئازارو زیان نەگەیاندن •

دروشمی (ئەهلی هەقق)یش ، چ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ ئەوەی زەردەشتی‌دا نی‌یە ، جگە لەوەی کە هەریەکە لەوانە بەکۆمەڵە وشەیەکی جیاواز جیاواز دارێژراون‌و لە راستیش‌دا ، ئەوەی ئەهلی‌هەقق رووالەتێکی نوێ‌ترو فراوانترە •

ئەم وەرگرتەیە ، بە تەواویی ، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە •

« وەس وە تەماع زەوق نەزاقت شاد بۆ

ژاری مار دەرد دووریت وە یاد بۆ »

(ل - ٧٨ - ی هەمان سەرچاوە)

ئەمەش دروشمەکەی (ئەهلی‌هەقق)ەو لەگەڵ ئەوەی زەڕەدەشتی‌دا ئەگەر ویستت بەراوردیان بکە •

**وتەی باش ، فرمانی باش ، بیرو هۆشی باش •**

ئەم هۆنراوەیەش (وەرگرتەیەکە) کە بەدەم زەڕەدەشتەوەیە ئەم دروشمەمان بۆ روون دەکاتەوە •

زەڕەدەشت فەرموویەتی :

**« خاك زات پاکان مە ژەنان وە زەڕ<br>مەهری گالآشان مەیاوو وە فەڕ »**

**(هەمان سەرچاوە ، ل-٨٠)**

٦ - شێوەی خواپەرستی ، شێوەی سۆفیگەریی‌و ریگەی (نیاز)و (نەزرە) لای (ئەهلی‌هەقق) ، (زەڕدەشتی)یش ، هەر هەمان رێگەیان گرتووەتە بەر لە تەکیە (جەمخانە) یاخود (ئاتەشگەدە = ئاگرخانە)دا جەماوەری دینی کۆ دەبنەوەو یەکێ لەو رابەرە دینی‌یانە کە تەنیا ئەرکی سەرشانی هەر ئەوەیە ، (دۆعا=سروود) دەخوێنێتەوەو ئامادە بووانیش یا بە (وشە)ی (ئامین) ، یا بە وتنەوەی بڕگەیەکی ئەو سروودە یاخود چەند بڕگەیەکی ، کە وەك نیوە دیڕێ بێ ، بۆ وێنە ، بە دوایی‌دا دەیڵێنەوە •

٧ - ئاگر ، لای هەر دوولا پیرۆزە ، بە وێنەیەك ، پشکێنەر ناتوانێ ، دیاریی جیاوازی‌یان لەم رووەوە بکاو کامیشیان لەویان زۆرتر ئاگر بە پیرۆزتر دەزانێ ، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان مەبەستیش لە ئاگر لای هەردوویان نووری خودایە •

زەڕەدەشت کە منال بوو ، جەردە دزیان‌و بردیان ، خستیانە ناو

گڕی ئاگرەوە ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژێك ، لە ناو ئاگردا مایەوە ، وەختێ کە دۆزرایەوە ، دیان ، کە لە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا نووستووە • هەر لەبەر ئەوەی ڕۆحی زەڕەدەشت ڕۆحی هەقق بووە ، ئاگرەکە لەچاو ئەودا ساردیش بووەو سەلامەتیش بووە ( بە پێی ناوەڕۆکی دەفتەری ئەهلی‌هەقق) •

سولتان ، وەختێ ، کە حەوتەوانە لە کوڕەکانی خۆی پێك هێنا لە ژێر (ساجی‌ئاگر)دا جەمیان گرت‌و فەرمانی سەرسپاردن‌و دەست پێوەگرتنی بە سەردا دان • بڕوا وایە، ئەگەر زۆرپاك نەبووبن ، یا بە تەواوی بێ گوناه نەبووبن ، ئەو گڕی ئاگرە دەیسووتاندن •

یاخود (یادگارشا) ، کە تەمەنی سێ ڕۆژ بوو ، سولتان فەرمانی‌دا بە داود کە بیخەنە ناو کوورەی ئاگرەوەو بۆ ماوەی‌سێ ڕۆژێ ، سەری کوورەکە بنێنەوە • فەرمانی سولتان بەجێ هێنراو سەری سێ ڕۆژە ، سولتان خۆی چووە سەر کوورەو سەری لابردو یادگار هەڵسایەوە سەرپێ‌و سەلامی لە سولتان کردو ئەم (یادگارە)ش ئەو (باوایادگارە)یە کە لە لای (ئەهلی‌هەقق)ەوە پایەکی یەکجار مەزنی هەیە • ئەمەش ، بۆیە بە ئاشکرا کرا ، چونکە خەڵکی قسەی نابەجێیان بە خاتو(سارێ) دەوت •

٨ – پیرومریدی ئەهلی هەقق ، ناوبەناو لەجەمخانەدا ، بە هۆی دڵ گەرمی‌یەوە دەکەوتە ، حاڵەوە ، لەوانە هەیانە دەچێتە ناو ئاگرەوەو یاریی پێ دەکا ، بەبێ ئەوەی بسووتێ •

شایەنی باسە ، وەك خۆشەویستی نەورۆزو وەك ئەرکی سەرشانی هەر یەکێ لە ئەهلی هەقق‌و وەك نەرێتێکی دێرینی نەتەوایەتی ، هەریەکێ لە ئەهلی هەقق لەسەر بانەوە ، یا لە بەر دەرگادا ، ئەو ئێوارەی

نەورۆزە ، ئاگر دەکاتەوەو دەوروبەری ماڵەکەی رۆشن دەکاتەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە لەناو خێزاندا شیرینی دەبەخشرێتەوە .

وەك نەریتی بەجێماوی باووباپیرانی کـۆن ، پەیڕەوی دینی زەردەشتی ، وەچە بە وەچە هاتووەتە خوارەوە؛لەماڵی مردوودا،بۆ ماوەی سێ ئێوارە ، ئاگر لـەو جێگایەدا دەکرێتەوە کـە مردووەکـەی لێ شۆرراوە ، یاخود لەماڵەکەیدا ، بۆ سێ ئێوارەیەکیش (تادەگاتە حـەوت ئێوارە) بەسـەر گۆڕەکەشیەوە ئەو نەریتە جێبەجێ دەکرێ .

٩ ـ لای ئەهلی هـەق ، سێ رۆژ رۆژوو دەگـیرێو ئەویش دەکەوێتە چلەی زستانی وەرزی کوردییەوە واتـە ، لـە چـواردەی مانـگدا دەست پێدەکاو ئێوارەی حەفدەی ، رۆژووەکە کۆتایی دێ . لەوانەشە ، لەتیرەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی لە دەست پێکردنی رۆژوودا هەبێ ، بەڵام لە سێ رۆژە زیاتر نییە . هۆی ئەم سێ رۆژە رۆژوو گرتـــەش باس کرا ، ( بـگەڕێرەوە بۆ بەشی سێیەم ) . ئـەم وەرگرتەیەی خـوارەوە ئـەو سێ رۆژە رۆژووەو دەمەکـەیمان بۆ دیاریی دەکا .

سوڵتان مەرەمۆ :

**ئەی چلەی زمستان ، .....**
**داود رۆچەشان ، ئەی چلەی زمستان**
**نییەتشان ئەی چاردە مانگیا ئیحسان**
**جە حەفدەو مانـگێ جەم گیریاو باستان**
**قەولتا سانماھ یاران وە خاسان**

**(دەفتەری گەواهی غوڵامان ، ل-٦)**

رۆژوو ، لای زەردەشتییەکانیش (سێ رۆژ) هـەبووە . ئەم سێ رۆژەشە بە بۆنەی ئەوەوە کراوە بە فەرمانو ئەرك ، چونکە زەردەشت بە

منالی بۆ ماوەی سێ ڕۆژێ دەدزرێو دەخرێتە ناو ئاگرەوەو پاشی سێ ڕۆژە ، زەڕەدەشت لەناو خۆڵەمێشی ئاگردا بە نووستوویی دەدۆزرێتەوە ، ئەو ماوەی سێ ڕۆژە ، کە زەڕەدەشت دزراوە ، دایكو باوکی هیچیان نەخواردووە ، بۆیە ئەو سێ ڕۆژە وەك ئەرك بە ڕۆژوو بڕیار دراوەو وەك جەژن بۆ ئێوارەی ڕۆژی کۆتایی سێ ڕۆژە دەستنیشان کراوە •

١٠ - پیرۆزی وشەی (گا) بەلای هەردوو لایانەوە بەلای زەڕەدەشتی‌یەوە (گا) پیرۆزەو ڕێزی لێ دەگیرێ ، لەبەر ئەوەی ، ئەو ماوەی سێ ڕۆژە ، کە زەڕەدەشت بە منالی دزرابوو لەناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا مابوویەوە ، بەشیری مانگایەك پارێزگاری کرا کە خوا بە هێزو تەواناى خۆی ، بۆ ( ئەوە ) ئەو مانگایەی ناردبوو • بۆیە لای زەڕەدەشتی (گا) بە واتای (خودا)و (گەورە)و (سەردار)و سەرۆك دێ • هەروەها ڕەگی (گا) لە چەندشتێکی گرنگیاندا هەیە ، لە سروودە دینی‌یەکاندا کە (گاتا)کانن ، لە (ماگا = ماغا = مۆغ)دا ، ئەمە جگە لەوەی کە دنیا بەسەر(گای) ئاوی‌یەوە(خودا) بەندە ، ئەگینا جۆن دەوەستێ •

لای ئەهلی‌هەق ، وشەی (گا) هەر هەمان دەستوور بە پیرۆز دەزانرێ ، بۆ هەمان واتا بەکار دێ ، دنیاش هەر بەسەر (گا)وەیە ••

ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە ، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ ، کە وشەی (گاو) بۆ واتای سەرۆك ، (رابەر) (ڕێ‌نیشاندەر) بەکار هاتووە •

سەیدمحەمەد مەرەمۆ :ـ

**پیرە ڕەنگینە ، ••••••**
**ئەز چەنی تۆما ، پیرەڕەنگینە**
**چەنی خالق بێچوون تۆ پێوەنینە**
**ساتۆ بۆ گاوم وەگاو یاریی‌وە بووینە**

(دەفتەری ئەهلی هەق ، ل-١٠٣)

ئەمەش وەرگرتەیەکی دیکەیە :

**پیرمووسیی مەرەمۆ :ـ**

**ـ « هەنت گرووهێ ، چە گاو بیوەریی**

**وە زێل نیەنێ ، وە زووان هەنی » ـ**

(ل ـ٩٢ ، هەمان سەرچاوە)

هەروەها تەماشای ئەم وەرگرتەیەش بکە ، (کە هەمان واتا دەگەیەنێ) میر مەرەمۆ :ـ

**میر ملزەنی ، .....**

**میرنانی میر ، میر ملزەنی**

**گاوم سولتانا ، حسینم حەنی**

**بنیام مەوۆ ، نەگەردی بەنی**

(هەمان سەرچاوە ، ل ـ٦٩)

**ب ـ جێگا پیرۆزەکانی ئەهلی هەقق**

ئەو جێگاو شوێنانەی کە بەلای ئەهلی هەققەوە پیرۆزن و لە سروودەکانیاندا ناویان بۆ چەند جارێ هاتووەو زوربەی وەختیش ناوەرۆکی ئەو سروودانە هۆی پیرۆزییان روون دەکەنەوە ، زۆر زۆرن ، بەلام هەر لە بەرئەوەی کە دینەکە کوردییەو لە کوردستانەوە هەلقولاوە ، ئەو جێگاو رێو شوێنە پیرۆزانەیان لە چوارچێوەی کوردستان بەولاوە دەرباز نەبوون .

جا ، لە بەر زۆریان ، کۆتایی هێنانیش بە باسەکە ، وای بە باش دەزانم کە بەباسکردنی چەند ناوێ لەو ناوە پیرۆزانەوە بووەستینەوە

**پەردیوەر :**

شاری پەردیوەر ، **کۆنە** ، دروستکردنی بۆ دەمی سوڵتان خۆی دەگەڕێتەوە ، لە سەرەتادا ، (شار)یا(دێ) نەبووە • وەختێ کە سوڵتان دەر دەکرێ ، لەوێ نیشتەجێ دەبێ ، تا لەوێدا لەسەر (ڕۆخانە = ڕوودخانە)ی سیروان پردێ دەبەستێو خانوو ماڵ مزگەوتو جەمخانە دەکاتەوەو بە ناوی ئەو پەردیوەرەوە ناو دەنرێ •

پەردیوەر نزیك بە(دەودان)و (شێخانی) ئێستا ، لەشوێنەواری پەردیوەردایە • ئەگەرچی پەردیوەر ، وەك رووالەت نەماوە ، بەلام شاری نهێنی سوڵتانەو قیلەگای ئەهلی هەقەو جێگای رۆژی حەشرو هەقو حیسابە •

**تەشـــار :**

ئەو جێگایە (ئەو دێیەیە) کە کانی (کەسلان = غەسلان)ی لێیەو ئەم کانیەش ، کە لە لایەن شاە یادگارەوە دۆزراوەتەوە ، یاخود هەڵکەندراوە • ناوی (کەسلان = غەسلان)تەشار ، لای ئەهلی هەق ناوی کەوسەرە ، جگە لەم کانیە ، کانی‌یەکی دیکەش هەیە کە لایەن شاەئیبراهیم کوڕەزای سوڵتانەوە هەڵکەندراوەو پیرۆزی ئەو کانی‌یە (کە پێی دەوترێ ـ هانەی تا)وەك پیرۆزی کانی (غەسلان)وایە • (تێبینی (هانە)واتای (کانی)دەدا ) •

ئەم دوو وەرگرتەیەی خوارەوە ، کە لەلایەن (شاەئیبراهیم)و (یادگارشاە)ەوە وتراوە ، باسی چۆنیەتی هەڵکەندنو دۆزینەوەی (هانە (کانی) غەسلان)و (هانە(کانی تا)مان بۆدە کەن :ـ

ئیبراهیم مەرەمۆ :

**زەلال کەرد مەقام ، ...**
**یادگار من زەلال کەرد مەقام**
**دوون وە دوون ئامایم نیانیل ئەنجام**
**ئەز وە قەتل زەهر سزای وێم کێشام**
**کاکم وە دەست تیغ سزاش بی تەمام**
**تانەی دالەهۆ یاوایمێ وە کام**
**شاهۆ و شندرویێ بالآمۆ مەولام**
**ئەوا یافتەکۆهـ دیدەدار سەقام**
**قەندیل ئایرکۆ هەفت تەخت خواجام**
**یاران بەیانێ بدانێ پەیغام**
**یادگار من رۆشنی بنیام**
**بادە غەسلانی کەوثەری نۆشام**
**غەسلان یادگار کەندش پەری جام**
**نە چەهر کەندمان پەی عادوئەییام**

یادگار مەرەمۆ :

**زەلال کەرد ماوا ، ....**
**ئیبراهیم من زەلال کەرد ماوا**
**وە رووی بەدانم کەردنیش داوا**
**حەقق ئەرش سەن نەعەرشی ساوا**
**گاهـ فرزەندش ئەز ، گاهـ ئەزش باواهـ**
**میری میرانەن نە دەورەی گاوا**
**شەقەتار نە رووی شەفەق شکاوا**
**هەژمش خەیلێن هیچکەس نەتاوا**
**داود نە جامش نە پاش نەیاوا**
**پەرێ یادگاری کەندش هانەی‌تا**
**ئاوش جاری کەرد سەراوش هام‌تا**
**هام رەنگ غەسلان ئەو لێژەو ماوا**

**(ل-٥٩)**

**شندروێ :**

وەك ناوی شاخ ، شندروێ (شنروێ) بە نزیکەی دەکیلۆمەترێك کەوتووەتە لای رۆژهەلاتی شاری هەلەبجەوە • شندروێ بۆ ئەوەی خۆی لە شاخی ئەشکەوەل جیا بکاتەوە بەسەدان کانیاوی ئاوی کەلەتەزێنی رژاندووەتە ئەو کەندڕو کەندەلانو لانەی دێوو درنجو دڕندانەی ، کە لەترسی رۆستەمی زاڵ ، مازندەرانیان بەجێ هێشت وهاتنو خۆیان لەوێدا هەشاردا ، چی خاكو خۆلی بن ئەو تاشە بەردە هەزار بەهزاریانە بوو هەموویان لەگەل خۆیاندا پێنجایەوەو بەرەو گریامە رژاندیانە ناو سیروانەوە •

بۆ جوانیو دلگیریی چەمو دۆلی شندروێو رازاوەیی بە دارستانی دارگوێزی چروپڕی ناو قەد ئەستووری هەزا سالیتەمەنو سپی چناری ملبەرزی عەزرەت بەرۆژو جۆراو جۆری درەختی میوەیتر مەگەر هەر سروشت بتوانێ دیمەنی وەهای رەنگینو دلڕفێن سازبداو ، بۆ وێنەشی ، مەگەر هەر ئامازە بۆ خۆی (شندروێ)بکرێ •

تاشەبەردی درزاوی رووممەت ئاولاوی کەپو لەخاکی بنەڕەتی تەلانی ، وێنەی هێزو تەواناو لێهاتویی (بەهمەن)مان بۆ دەگێڕێتەوە ، تریقوتاقی دەنگی لێدانی دلۆپەی فرمێسکی ناو ئەشکەوتەکانیو لە چالاوی قوولی ژێر پێیاندا رازی ئاوازەداری کاوەی ئاسنگەرو نالەباریی دەیان ئەژدیهاکمان بۆ وێنە دەکەن •

جووت سەندەلی بەردینی بەرامبەر بەیەکتری دەورویشتی کانی وەزیار (وەزگێل)و دەیان کانیتر رازی دلداری (شیرینو فەرهاد)و (وەلیوشەم)و (مەمو زین)مان دەخەنەوە بیر •

لەگەل دەرکەوتنی کازیوەدا ، هەر (زەرزە = کەو)و کلاوەبەکلاوە

بەسیاوچەمانە دەچڕنەوە لـــە یەکتری‌و ئاتیوارەیەکی درەنگ ، رازو سەرگوزشتەو بەسەرهات‌و رازی ئەفسووناوی باو باپیرانمان دەگێڕنەوە ، کە هەر دوایی‌یان نایێ •

(دێ)ی هاوار ، کـە کەوتووەتە بناری شـــاخی شنـــدرووێ‌وەو لەجێگایەکدا کـە ئاوی دۆڵی‌شندرووێ‌و هی ئەشکەوەڵ‌و کـەلی‌و چەمی باڵانیـــان‌و تەوێڵە لـەدوواواندا یەکـانگیر دەبنەوە بەســەر گردێکی رکاوی‌یەوە دروست‌کراوە •

کەلە (دەرەتوێ)وە تەماشای دیمەنی شندرووێ دەکەی ، بەتایبـەتی بـە هـاوێنان‌دا ، وەك شێخێکی بە تەمـەنی سەرومێزەرسپی بەرگ ئاڵ‌و واڵای تەرپۆش دێتە بەرچاو •

شندرووێ‌و هاوار لە جێگا پیرۆزەکانی کاکەیی سەرزمێر دەکرێ ، دایـکی شاهخۆشێن ، خـاتو جەلالێ ، لەلایەن براکانیەوەو بـە پێی فەرمانی باوکیـان براوە کـە بیکوژن ، لەچـەم‌و دۆڵێک‌دا ، بەرەڵلایان کردووە ، کـە جێـگای کۆبوونەوە (لانی) دڕوندەو جانەوەران بووێ ، بە رێککەوت ، خاتو جـەلالێ ، سەری لـە چـەم‌و دۆڵی شنـدرووێ‌وە دەرچووەو (کاکەرەدا) لـە شندرووێ‌دا چاوەڕوانی هـاتنی شاهخۆشێن دەکـــا •

سوڵتان خۆی ، بە هاوێنان‌دا لە چادرگە بارەگای سازداوە ، داود ئەزرگەی لـە هاوارەو وەختی خۆی لە لایەن سوڵتانەوە ، بۆ ئەوێ‌و بە نایبەتی نێردراوە • ئەم وەرگرتانەش دەربارەی(هاوار)و (شندرووێ)وەن•

بەم بۆنەیەوە ، پیرموسیی دەڵێ :

**ــ « داود ئۆهاوار : ••••**
**داود حەواڵەن بلۆ ئەو هاوار**

**راگەی دەریای نیل میرەباش تجار**
**نە ڕای گلێمگۆڵ بارو وە قەتار »**

یاخود دەڵێ :

**ـ « ئەو كۆی شندروێ ، ......**
**زات خودائی شناسا ئەوێ**
**جە هەیتەوە نوقطەی وێش لووێ »**

سوڵتان مەرەمۆ :

**ـ « عەزم سەیوانا ، بە سەیروسەوێ**
**غولامان بیروی راگە سەرهەوێ**
**وەركێردێ چادر هەفتادو دووێ**
**پەی سەركەلو شندروێم رەوێ**
**دیوانم رەدا ، باتلا شەوێ » ـ**

(دەفتەری شندروێ ، ل ـ ٤٠)

ئەحمەد مەرەمۆ :

**ـ « ئەو كۆی شندروێ ، ...**
**بارەگای شام وستەن ، ئەو كۆی شندروێ**
**وستەن ئەو جەم گۆرانی دەوێ**
**ئەی پاوارەوە ئاوش مەجوێ » ـ**

سوڵتان مەرەمۆ :

**« بەیان ئەدەبان ، ....**
**یۆزەل یۆزەل تەخت ، بەیان ئەدەبان**
**چەنی غولامان بگیرێ سان**
**ئە كۆی شندروێ تەختم كەردەن لان**
**شندروێ بەرزا مەجیۆنە گری‌یان »**

(هەمان سەرچاوە ، ل ـ ٦٥)

عابدین جاف دەڵێ :

**« بۆرێ وەیانە ، .....**
**وستەنمان پوورە زاتی یەكدانە**

**شنروێ بەرزا مجیۆنە هاوار**
**ئەحمەد مەرەمۆ عابدین بەرۆ وە دەوار » ـ**

(هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەڕە)

شاهخۆشین دێژێ :ـ

**، ( کاکا لارە لارە پەیم بارە**
**رەمە میرزا ئامانا بلمێ پەی هاوارە**
**ئامانە وەتەن خۆشێن بیدارە )**

ئیبراهیم مەرەمۆ :

**یادگار من زەڵاڵ (هاوار)**
**چاکا پیر مێکڵ مەنیش کەرد وەکار**
**وە ئەمری خواجام کەفت نە ژێر ئازار**

(دەفتەری شندروێ ، ل-٥٩)

**تەپەسو ، یاخود (تەپی سەفا)**

سەرگوزەشتەی داوا کردنی (خاتو دایراك) لە لایەن سێ دەرویشەوە ، رازێکی ئەفسووناوی لەدواوەیەو کورتەکەشی ( ئەوەی پێوەندیی پێرەوە هەبێ ، ئەمەیە • سێ دەرویشە دەچنە لای باوکی خاتو دایراك (میرمحمد) بۆ ئەوەی داوای (خاتودایراک) بۆ شێخ عیسیی بکەن• بەڵام (میرمحمد) نایەوێ کچەکەی بدا بە پیاوێکی پیری وەك شێخ عیسیی ، لەبەر ئەوە (بەڵپ) لە سێ دەرویشە ، دەگری کە چەندان بار وڵاخ گەوهەرو دڕو زێری دەوێ ئەوجا کچی خۆی دەدا بە شێخ عیسیی • بۆ ئێوارە ، سێ دەرویشە دەچنە (تەپی سەفا)و لەوێ بەزەنگن و خاکەناز تەختێکی لێ کەندڕ دەکەن ، تا دەرگایێ (قاپێ) نهێنی دەردەکەوێ ، قاپە دەکەنەوەو بە پێی دەفتەر (میرمحمد) چەندێ داوا

کردووە ، ئەوەندە خەزینە دەهێننە دەرەوەو دەیکەنە بارخانەی چەندان ولآخو بەیانی زوو لەگەڵ شەبەقدا ، لە بەردەرگای (میرمحمد)دا ، ئەو بارخانانە چاوەڕوانی پەیمانی (میرمحمد) دەکەن •

ـ یەکێ لە منالەکانی سولتان (من بەلامەوە وایە ، کەمیری سوور بووە) ئەختێ سەرپێچی لە فەرمانەکانی سولتان دەکاو سولتانیش (داود) دەنێرێو (ساوا) بۆ لای سولتان دەهێنێو داوای لێ بوردن لەسولتان دەکا ، بەم بۆنەیەوە ، تەماشای ئەم وەرگرتەیە بکە :

**ـ « داود تەپەسۆ ، ••••**
**داود راهیبەر ، پەرێ تەپەسۆ**
**پیر روستەمی بار ، بەیۆ وە رەجۆ**
**چەنەش بپەرسمێ چا شەرعو دوهۆ**
**بزانمێ (ساوا)م چە شەرعێ ماچۆ »**

لە جێگایەکی ترەوە :ـ

**ـ « داود تەعیین بێ وە تەعجیل تار**
**پا نیِیا وەبان تەپەسۆ وەقار**
**جیهان مەلەرزا جە بەڕ تا وە بار**
**نە خەشم هەیبەت داود کۆسوار »**
**مەڕی نەوێ (ئەشکەوتی نەوێ) :**

(مەڕی نەوێ) ، ئەو ئەشکەوتەیە کەوا لەدێی (نەوێ) لە نزیك خورمالی ئێستاوە • وەختێ کە سولتان لە لایەن لەشکری براکانیەوە (لەشکری‌جیجك) راو نراوە ، خۆیی و سێ دەروێشەی ، لەو ئەشکەوتەدا هەشارداوە •

ئەم وەرگرتەیە ، لەو رووەوە شتێکمان بۆ روون دەکاتەوە •

**« ئەو مەڕی نەوێ ، ••••**
**بارەگای شام وستەن ئەو مەڕی نەوێ**

**پادشام یەکێوا ، بنیامین پۆوی**
**هەیجوو وە دیوان داود هەم یۆوێ )**

**هۆرین :**

تاشی هۆرێن بە لای ئەهلی هەققەوە زۆر پیرۆزە ، لە سەر دەمی پیری شاهـ خۆشینڕدا ، وتراوە ، کە شاهـ خۆشین دنیای بەجێ هێشت (قەباڵە)ی لە ژێر تاشی (هۆرێن)دا دایدەنێو هەر کەسێ پاش ئەو ئەو قەباڵەیەی لە ژێر ئەو تاشەدا دەر هێنا ئەوە شاهـ خۆشینەو بۆ دنیا هاتووەتەوە •

تەماشای ئەم وەرگرتەیە :ـ

**قەباڵەی هۆرین دوور وەرینە**
**سوحبەت زەمان رووی ئاخرینە**

(دەفتەری ئەهلی هەقق ، تیموور ، ل-٢)

یاخود ، دەڵێ :

**( ئەو تاش هۆرێن ، ....**
**بارەگای شام وستەن ئەو تاش هۆرێن**
**پیری قەباڵەش نی‌یا نە سەرین**
**هەرکەس بەر ئاوەرد ئەوەن خۆشین )**

**سەرگەت :**

سەرگەت (دێ)یەکە وا لە نێوان (گەچینە)و (دەرەی مەڕ)دا ، سەر بە ناوچەی خورماڵەو کەوتووەتە بناری شاخەکانی زەڵمەوە • گوایا سەرخەت = سەر سنووری پایتەختی زستانەی خانە ئەحمەدخانی بابا ئەردەڵانی بووە ، کە وەختی خۆی شاری (زەڵم) بووە •

بە لای ئەهلی هەققەوە ، (سەرگەت) پیرۆزە چونکە ، (باوەناوس)

تا لەوێدا ، نەزرگە (یاخود) گۆڕی هەیە • لەو ناوچەیەدا ، باوەناوس ناوبانگی باشی دەرکردوە •

ئەم دوو وەرگرتەیەش رازی چۆنیەتی هاتنی (باوەناوس) بۆ ئەوێ دەردەخا ، ئەمە لە لایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە ، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە (ناوس) یۆرتی کێ بووە •

ئیبراهیم مەرەمۆ :ـ

**زەلاڵی سەرگەت ، ••••**
**یادگار من زەلاڵی سەرگەت**
**چاگا غولامان بەرشین نە زوڵمەت**
**یۆرتش (ناوس)بێ شام گەرتش جیشمەت**
**شێرۆی یەزیدش وست نە ڕای زەحمەت**
**کاکام یورتش بێ هەیت، وە ئەحمەد هەیئەت**
**ئەز سازژەن بییام نامم بی نیعمەت**

**(ل ـ٥٦)**

یادگار مەرەمۆ :ـ

**، (کەفتم ئەو سەرگەت ، •••••**
**کەمکەم نزدیك بیم ، کەفتم ئەو سەرگەت**
**زاتم حسین بێ ، بە شەرم ئەحمەد**
**کاکام ئیبراهیم ، نە قەوای نیعمەت**
**شیرە یەزید بێ شك ئاوەرد وە دل**
**دەفع کەرد هەردوومان وە زەهری قاتل**
**چون مەیل هەقق بێ وەی ئەویم هیلاك**
**وە حوکمی (ناوس) شیرە بی وە تاك)**

**(ل ـ٢٩)**

**دەرەشیش :**

دەرەشیش چەمو دۆڵێکە کەوتووەتە ئەو دیوی (رێ)ی عەنەبەوە واتە وا لە نێوان عەنەبو خەرپانیدا ، لە ناوجقی پیادە رێی نێوان

هەڵەبجەو ناوچەی هەورامان‌دایە ، لەنزیك دێی (دەرەشیش)ەوە لەسەر ملەکەیەوە نەزرگەیەکی کاکەیی هەیە لام وایە میر ئەسکەندەر بێ ، ئەم وەرگرتەیەی خوارەوە باسی (دەرەی شیش)ی تێدایەو بە ناوی‌و شاهئیبراهیمەوە سروودەکە ، دەڵێ :

**دەرەی‌شیش :**
**زەلاڵ دەرەی شیش ، ...**
**یادگارمن زەلاڵ دەرەشیش**
**جاگە مستەفا شەن تیرێ پەرێش**
**مەهر غەزای مەوت شا بەخشاوێ پێش**
**پەی قەتڵ یاران خەدەنگ نییان کێش**
**میر ئەسکەندەر بێ کاکم بی تەشویش**
**سەردا نە ڕای تیر پەرێ عەشقی خێش**
**یاران نەجات بین نەخەوف ئەندێش**
**میر وەرچەم بیم ئەز کەردم تەفتیش**
**چەنی یار داود دوومان‌دا دڵرێش**
**مستەفامان گرد مەهرمان سەن ژێش**

(دەورەی شندروێ ، ل‌ـ**٥٨**)

لە بناری شارەزووردا ، بە دەیان شەخس‌و نەزرگە هەن و زۆربەشیان بە ناوی لێهاتووانی ڕابەری دینی ئەهلی هەققەوەن ، بۆ وێنە، نەزرگەی (شێخ‌ڕەش)و هی (ئەحمەدبڕندە)و (فەقێ‌جنە)و (میری‌سوور)و (هۆرێن)و (شێخان)و دەیان ناوو نەزرگەی دیکە .

ئەم وەرگرتەیە ، نەختێ دەربارەی (شێخ‌ڕەش)ەوە ، دەخاتە بەردەم خوێنەوار .

یادگار مەرەمۆ :-

**زەلاڵ هۆرێن ، ....**
**ئیبراهیم من زەلاڵ هۆرێن**

**چاگا قووت وەردەن ، میردان نەزەمین**
**پادشام‌بێ جەلیل ، میرزا بنیامین**
**ئەز ئەحمەدم شێخ‌رەش بێ‌خونین**
**ئیبراهیم من کامم بێ سەمین**
**هەقق ئەزش سەن نەکۆی هەفتین**
**شێخ رەشش کوشتە چەنەش سەن تگین •**

**ئەحمەد بڕنە :**

نەزرگـــەی ئەحمـــەد بڕنـــە ، کـــە ئێستە حالّی حازر دێ‌یەکی‌بە ناوەوەیە ، بە ناوی شەخسی (داود)ەوە ناونراوە ، کە یەکێك بووە لـــە چوار فریشتەکانی دەورەی شاە خۆشێن • بە شێوەیەکی روون‌تر (داود) لەتەنی شەخسی‌یەتی (ئەحمەدبڕنە)دا بۆ فەرمانی شاەخۆشین لە ئەحمەد بڕنەدا بووەو ئەو جێـــگاو نەزرگەشە تا ئێستەش هەر بە ناویەوەیە •

## نرخی ئەدەبی‌ی ئەم تێکستانە

کـــە دەڵێین تێکست ، مەبەستمان لەو هۆنراوەو پەخشانە دینی‌یانەن کەلـــەم دوو بەرهـــەمە دینی‌یەدا (سرودهـــای دینی‌یارسان)و ( دفتر رموزیارستان)بڵاو بوونەتەوە •

(سرودهای دینی‌یارسان) دوو جـــۆرە تێکستی دینی ( جـــگەلە دەمەتەقێکانی خۆی) تێدایە • هەندێـــکیان لە شێوەی پەخشان‌دان بریتین لە (بیست‌ویەك)و ئەوانی تریشیان سروودی‌هۆنراوەن •

ئەو تێکستانەی لە ناو بەرهەمی یەکەمدا هەن ، لەناو ئەوەی دووەمدا نین • بە شێوەیەکی روون‌تر ، واتـــە لە رووی رووالّەتی‌یەوە بە تەواوی جیاوازی یەکترین ، بەلّام لە رووی رووالّەتی ناوەرۆکی‌یەوە

هەردووکیان هەر دەربارەی یەك پەیڕەوی دینی‌یەوەن •

ئەوەی کە لە هەردووکیان‌دا ، بە هەردوو رووالەتەکەوە هـەیێ ، هـەر تەنهـا سروودی ژمارە (٣)یە کە رازی ناکۆکی نێوان پیرمیکائیلی دەودانی‌و سوڵتان‌ـمان بۆ دەگێڕێتەوە لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیی لە هەندێ وشەی هەمـــان سروودا • کەوابو تێکستەکان دوو جـۆرن ، هۆنراوەو پەخشان ، لێرەش‌دا ، بە تەمای ئەوەین کە بە هۆی هەڵـدانی هـــەندێ ناوونیشانی دیاریی‌یانەوە ، بەوانەیان بناسێنین ، کـە جـۆرە بەرهەمی وەها مەبەستیانە •

**هۆنراوە :ــ**

رواڵەتی هۆنراوە ؛ ئەگـەر بە وردیی تەماشای رواڵەتی (سروودە هۆنراوەکان) بکەین ، دەبینین کە :ــ

أ ــ زوربەی زۆریان هۆنراوەی دەبڕگەیی فۆلکلۆرین‌و جـــووتە جووتە ، لە کوتایی‌یان‌دا هاو ئاوازەن ، بۆ وێنە تەماشای ئەم وەرگرتەیە بــــکە :ــ

بنیامین مەرەمۆ :ــ

**زاتی هەفت فرزەند ، ••••••**
**بەیدێ بووینێ زاتی هەفت فرزەند**
**هەر هەفت گەواهی با رووی ئەو دەهەن**
**سەرو جۆز وە یەك بکەردێ پێوەن**

(ل‍ـ٢٥ـ دەفتەری گەواهی غولامان)

ب ــ هەشیانە بـــە شێوەی ستوون‌و لە قەوارەی دەبڕگـــەیی‌دا لەسەرەوە تاخوارەوە کۆتایی‌یان بە تەنیا جۆرە ئاوازێ دێ • بۆ وێنــــە تەماشای ئەم وەرگرتەیە بکە •

داود مەرەمۆ :ـ

**عەبدین بوواچە ، ......**
**ع،بدین وەش ئامای سەحبەت بوواچە**
**خشن برشتت بینەو بساچە**
**شەرت ئەحمەدت پاپیچ وە پاچە**
مۆدات یەکیوەن یام خود وەهاچە
پەی دیوان ملم ئەو دلێ ناچە
خەوەرت نەوێ تۆ نەی بەلاچە
خێلت نایارگشت کەردت قەلاچە
**نەتۆ زیاد چەی نەرگز کناچە**
**نیشتەن نە دلێ رەزم سەراچە**
**بەرشیی جە ناو خار ئاقاو قاچە**
**سارێش بی زامش نەیش دارپاچە**
**لوقمەو گریائیب بەر کەرد نەتیانچە**
**مەودای تێغ زیاد مەدژ شۆهانچە**

(ل-٧٠- دەفتەری عابدینی جاف)

ح ـ هەشیانە دەبڕگەیی ، بەڵام لەکاپلێت (جـووتە) دەردەچێو دەبێ بەسیانەی هاو ئاوازی کۆتایی ، بۆ وێنەوەك :ـ

عەبدین مەرەمۆ :ـ

**داودم تۆئی دەلیلو پیرینم**
**ئەمجار سارێش بۆ زۆخو برینم**
**ئەوەڵو ئاخر شاهی دێرینم**
**هاتـگم بۆ بەزم جەمی سوڵتانی**
**کەمتەرین کەم بوو غوڵامانی**
**دەرچووم لە ناو قەومی سازانی**
**داود ئەز هاتم بۆ پێش سامانت**
**تا بخوازم لێت نەزمی ئامانت**
**تا بە دەست بگرم لۆوی دامانت**
**هاتمە بۆ روود شەوقو شادیی کەم**
**سەحبەتی رای هەقق بێ عینادی کەم**
**باڵو شانی جەم بەو زیادیی کەم**

تابکەم زەوتی لەم چەرخ ڕوواق
بسوێتم بە کرۆك ڕونی شیرباق
هەم بەبینم بەرق ئەبرۆی دووتاق
لەگەل مەولام من بکەم سەحبەت
لەو ساقی بنیام هەم بەبم لەززەت
هەفتەوان پم دەن رای شەرت هەیبەت

(ل ـ٧٠ ، ٧١ـ دەفتەری عابدین)

د ـ ناو بە ناو زیاتر لـە دەبڕگـەیی‌و ستوونی ئاوازیان تێدایە ، وەك ، بۆ وێنە ، ئەم وەرگرتەیە :ـ

عەبدین مەرەمۆ :

داود ئەسپی قووەت مەند باکی نی‌یە
عەبدین ئەقدەم خەلآتو ما زۆری نی‌یە
ئیسایش تازە خەلآت وە مەقدووری نی‌یە
حەلآوم گری نوورە گری تەندووری نی‌یە
چمان وەعدەی رویەو دەستووری نی‌یە
کەلەم گەرمە نافخ تۆ صوری نی‌یە
شوکر ئیبادە کە شەهرم هیچ خاپووری نی‌یە

(ل ـ٧١ـ دەفتەری عابدینی‌جاف)

هـ ـ ئەمەش جۆرێکی دیکەیە ، واتە نە فۆلکلوریەو هـەرتەنیا ئاوازەکـانی کۆتاییـیان وەك یەکن‌و بڕگـەکانیشیان لــە (دە)یی دەرباز بوون‌و ئەم وەرگرتەیەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە .

عابدین مەرەمۆ :ـ

بنیام هاوارەوەتۆ داود دەخیلە
شەریف لێم دەوەشێنێ تیری قەتیلە
ئەز مووسیم هاوار دەکەم وە ڕەزوار
مستەفا بە بیبە دادم قەهری تەجیلە

ئەحمەد مرووەتت بە ئەی زەرەد رمووز
سابە بییەن دادم ئەی هەفتە قەبیلە
جهل تەن یەك جام چارەم بکەن چار
جەم مەردان دادەن بێ داد کییە دا من تیزلە
شەریف لەم دەرجە رەحمە زوڵمم لە دەکا
قاپی بتەسکە لەلیم ئەم خێڵی زەڕیلە
لەم بەحری بێ سامان قەترە نادا واز

و ـ لە هۆنراوەی دەبڕ گەیی فۆلکلۆریی‌دا ، ناوبەناو دێڕی دووپات دەبێتەوە ، کە وەك شێوەی تەرجیع بەند وایە ، ئەمەش وەختی وەها هەیە دەکەوێتە پاش شەش دێڕەوەو وەختی وەهاش هەیەکەمترو وەختی وەهاش هەیە زیاتر ، بۆ وێنە تەماشای ئەم وەرگرتەیە بکە .

سوڵتان سەنگم ، ...
سوڵتان سەر ئاو سەرمیل سەنگم
گاهگاه مەقەوای نەقش بێ دەنگم
گاهگاه شەمە شۆن شێوە شەش رەنگم
گاهگاه دێوانە (شێت) جەفەنگم (جفنگم)
گاهگاه رەهنمای فیلو نەهەنگم
گاهگاه ساحیب‌سامان سپای سەرهەنگم
گاهگاه تەنیای تاك ستارە لنگم
گاهگاه غەمخانە سیری یەکرنگم
گاهگاه رەنگە رەژ حەققە چلچنگم
گاهگاه ئاتەشباز مەشق فەرەنگم
گاهگاه ئاتەش خێز نیظام جەنگم
نەقش من نەققاش کار کالآباف
زاغ زولفەققار پەشت خواجای ساف

(ل ـ٥٦ـ دەفتەری نەورۆز)

ز ـ هەندێ لەو هۆنراوانە ، لە سنوور چوونەتە دەرەوە ، چونکە نە لەسەر یاسای فۆلکلوری دەبڕگەیین‌و نە لە سەر یاسایەکی دیکەن ، واتە نیوە دێڕی یەکەمیان (٥) بڕگەیەو نیوە دیڕی دووەم لە (٥) بڕگە

زیاترە ، ئەمە بەلای منەوە زۆر ناقۆلایی دەنوێنێ ، لەوانەشە یاهۆی هەڵەی چاپی بێ ، یاخود هۆی گوێزانەوەیان لە ڕێنووسێکەوە بۆ یەکێکی ترو لەدەستێکەوەو دەفتەرێکەوە بۆ یەکێکی ترو بەو جۆرە ، بۆ وێنە ، تەماشای ئەم وەر گرتەیە بکە •

سولتان مەرەمۆ :ـ

**ئەو وەرو بەرە ، ...**
**پیرالی بچردێ ئەو وەروبەرە**
**پەرێش بووانێ کەلام شەجەرە**
**بلۆ خزمەت بکەرۆ ئەطیفل وە زاوەرە**

(ل ــ ٣١ ، دەفتەری دیوانە گەورە)

**ناوە ڕۆك ، یاخود (واتا) :**

أ ــ ڕێك دەکەوێ ، کە هەرجووتەی واتایەکی سەربەخۆی هەبێو لەبەرئەوە ، توانا دەبێ کە لابرێ ، بەبێ ئەوەی لابردنەکەی کار بکاتە سەرهۆنراوەکە • شایەنی باسە زوربەی وەخت ناتوانین جووتەیەك لەناو پارچە هۆنراوەیەکدا هەڵبژێرینو فڕێی دەین ، چونکە لابردنەکەی بۆشایێ ، یاخود کەلەبەرێ دەخاتە ناو واتا گشتییەکەیەوە •

ب ــ ئەمانە ، ئامۆژگارین ، یاخود زوربەی وەخت سەرگوزەشتەو رازو موعجیزەن ، بۆیە لابردنی جووتەیێ کەلەبەرێکی تێ دەخا • ئەم رازو سەرگۆرەشتەو موعجزانە ، شێوەی گێڕاندنەوەیان وەرگرتووە ، لەمانە هەیانە شێوەی دەمەتەقێو بگرەوبنیشەی وەرگرتووە ، بەشێوەیەکی زوونتر ، شانۆیەو شانۆنامەیەو شانۆگەرییە ، چونکە کردەوەو فرمانی تێدایەو ، ئەم فرمانو جموجوولانە پڕن لە دژاوەریی کە پاراوی

دەمـەتەقێ بووەو شێوەو وێنەی دادگـای کـە تاوانبـارو بێ تاوان‌و گەواھ(شاھید) و دادەوان ـ حاکم ـی لێ یە ، وەرگرتووە •

بۆ وێنە ، ھەفتەوانە (حەوتەوانە) لە خزمەت سوڵتان‌دا لەچەمخانەدا کۆ بوونەتەوەو ھەواڵی زیادەڕەوی (ساوا) بۆ سوڵتان دێ ، سـوڵتان فەرمان دەدا بە حەوتەوانە ، یەکە یەکە ھەواڵی (ساوا)ی بۆ بھێنن • ھەریەکـە لەوانە دەڕواو دێتـەوە ، بەڵام بە ھەواڵی باشەوە ، سوڵتان چونـکە خۆی ئاگاداری ساوایە بڕوایان پێ ناکا ، ئەوجـا لـە کۆتایی‌دا فەرمـان بە داود دەداو داود دەڕواو لەگـەڵ ئیبراھیـم‌دا ، (سـاوا) بۆ خزمەت سوڵتان دەھێنن •

لە سەرەتاکەی‌دا ، وا دەردەکەوێ ، کە(ساوا) سەرپێچی ھـەندێ فەرمان‌و رەویەو رەوشت دەکا ، یاخود دەیەوێ سەرپێچی بـکاو ئـەم سەرپێچی‌یە دەگاتە پلەی ھەڵھاتن، بەڵام زۆرو تەواناى سوڵتان‌و غوڵامانی وا لەساوا دەکەن ، کـە ئامادەی دادگا لەبەردەم سوڵتان‌و غوڵامان‌دا بێ ، تاوەکو پرساو جوابی لێ بکرێ‌و ئەگەریش تاوانبار دەرچوو ، سـزای خۆی وەربگرێ •

ھەر لەبەر درێژی کێشەکەو زۆری دەمەتەقێ‌و گفت‌و گۆکە تەنیا دیمەنی نارەزایی (ساوا)مان وەرگرتووە ، لەگـەڵ ئەو دیمەنەی کـە ئیبراھیم لەگەڵ ساوادا گفت‌و گۆ دەکا •

پێش ئەوەی بڕۆین بۆ وەرگرتنی وەرگرتەکان (وێنەی ھۆنراوەکان) وای بەباش دەزانین ، کـە ناوی ئەو کەسانە بھێنین‌کەلە شانۆنامەکـەدا ناویان ھەیەو لەسەر شانۆ (جەمخانە) ئامادە بوون ، کـە ئەوانیش بەریز ئامـانەن :

(ساوا) ئەوجـــا ، ســـولْتان ، داود ، پیرروستەم ، بنیام (بنیامین) ، پیرمووسا ، زەرْبار ، مستەفا ، ئیبراهیم ، سەیدمحـەمەد سـەید ئەبولفا (سەیدابوالوفا) ، سەیدشاهبەدین ، سەیدحەبیبشاه سەیدباوەیسی ••هتد

پەردەی یەکەمی ئەوەیە ، کە (ساوا) گفتوگۆ ، لەگەلْ ، یاخۆیدا دەکا ، یاخود لەگـــەلْ یەکێکدا ، بەلاَم ئەو یەکـــە ناوی دیار نییە ، بەهەرحالْ گرنگ ئەوەیە کـە ئێمە وێنـە بهێنینە بەرچاوی خۆمـانو گوێ لە وتەکەی (ساوا) دەربارەی سولْتان ـ ەوە بگرینو تا تێبـگەینو بزانین چی لەکەشکۆلیداهەیەو چۆن هەلْیدەرێژێ •

بە کورتی(ساوا) دەیەوێ بلْێ : دەیەوێ لـەپەردیوەر هــەلْبێو لەدەست سولْتانی خوێنخۆر سەرفراز بێ ، تەماشا :ـ

ساوامەرەمۆ :

**نۆشام ئازاری ، ••••••**
**یا گازو ماران نۆشام ئازاری**
**ماران مەجێشان پا مەغز ژاری**
**ئیسایش چەنیما ئاد وەی ماری** (ادوی)
**ویصالو خەیالْ جە ئەز شکداریی**
**ورکێشا خەنجەر چا زەرد وە یاریی**
**هەم پەی فتوای ئەز بووان کوففاریی**
**پەی جیفەفانی بیان بێ عاری**
**تاکەی جە ماران نەویم رستگاریی**
**تاکەی وە ژارشان بی گرفتاریی**
**معاویە وە هەم با ئەز هاواریی**
**دوون وە دوون چەنیم کەردشان گوزاریی**
**تاگەی مانمێ چەی پەردیواریی**
**داد جە دەست سەهاك خواجای خونخواریی**

لە پەردەی دووەمدا (یاخود وەك بهێنینە بەرچاومان) ، ســـولْتان کۆبوونەوە بە غولاَمانی دەکاو دەربارەی (ساوا)وە دەمەتەقێ دەکـــەنو

ئەوجا فەرمان بە داود دەداو پێی دەڵێ کە ئەو و پیرڕۆستەم بڕۆن هەواڵی ساواو هەڵس‌وکەوتی بۆ بهێنن ، ئەمەش ئەو وەرگرتەیە ، کـــە سوڵتان فەرمان بە داود دەدا بۆ ئەو مەبەستەو دەفەرمێ :-

**داود راهی‌بەر پەرێ تەپەسو**
**پیر روستەمی‌بار بەیۆ وە رەجۆ**
**چەنەش بپەرسمێ چا شەرعو دوهۆ**
**بزانمێ ساوام چە شەرعێ ماچۆ**
**گاو گەردوونیم کوفرێ مەساچۆ**
**گردو رەنج ویش وات جەی‌وەر وەرۆ** (جی‌وەردوو)
**گوشت ویش جاوا پا واتەو سەرمۆ**
**یانی چێش کاوێژ واردەیش مەکەرۆ ،**
**پاگوفتو منێ بەیان مەدەرۆ**

ئەوجا ، بەم وەرگرتەیەی کـە ئیبراهیم تیای‌دا ، هاتووەتەوە دەنگ کۆتایی پەردەی دووەم دەهێنێ وا ئیمـەیش بـەم وەرگرتەیە کۆتایی پێ دەهێنین :

ئیبراهیم مەرەمۆ :

**ساوا ئەو راهی ، .....**
**ساوا بگنمێ پەرێ ئەو راهی**
**تۆ تەڵەو گەردەن زەڕین کولاهی**
**سولتان سەهاکەن ماچە هەر جائی**
**تاکە بووەخشۆ گونات ناجائی**
**هەنی نەواچی رای بەد عەدائی**
**سولتان خوداما چێش ماچی رائی**
**بلمێ ئەو حوزور پیرو پادشائی**

(ل-٥-تا-١٥ ، دەفتەری کەلامی پەردیوەری)

بەلای منـەوە ، ئەم جۆرە درامایانە کـە لەشێوەی هۆنراوەدان ، چرایەکی شۆڵەدارن تەمەنی شانۆنامەو شانۆگەریی بەروو دێرین رۆشن دەکەنەوەو باس‌نەکردنیشی لە دوێ توێی مێژووی شانۆی کوردیی‌داو

هەروەها لە مێژووی ئەدەبی کوردیش‌دا ، بەجۆرە ماف خواردنێ دەژمێردرێ ، ئەگەر هاتو زانیمان زوربەی ئەمانە بۆ سەردەمی سولتان خۆی دەگەڕێنەوە .

**پەخشان :**

پەخشانەکان ، بە ناوو بە رووالەت بیست‌ویەکن‌و بەلام لە ناوەرۆک‌دا ، سەرپاکیان چیرۆکێکی درێژ دروست دەکەن‌و تیایا باسی چۆنیەتی دروست بوونی دنیا لە سەرەتایەوە‌و تا کوێ گەیشتووەو تا کوێ دەگا ، دەکەن .

لە نێو دوێ توێی ئەم سەرگوزەشتە دینی‌یەدا ، زیاتر لە رازێکی دراماتیکی تێدایە (لەبەر دەم سولتان‌دا ، گفت‌و گۆیەکی دژواریی ، ناکۆکی بەتین ، ئەوجا مل‌ملان‌و زۆرانبازی‌و دەمەتەقێی‌و لە پاشا سەرکەوتنی یەکێ بەسەر ئەوی تر‌داو دەربڕینی بیروڕای سولتان لەو رووەوە‌و تەشەنە سەندنی ئەم ناکۆکی‌یەو بەو جۆرە) ، بۆ زیاتر زانین لەم رووەوە تەماشای پەخشانی (١٣ــ١٤)هەم بکە کە لەبەشی سێیەم‌دا بلاو بوونەتەوە .

**زمانی ئەم تێکستانە :ــ**

زمانەکەیان ، زۆر کۆنەو نۆکبلەری (موفرەدات) ئاوێستایی‌یان بە رووالەت‌و واتاوە ، تێدایە .

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ، زاری کۆنی هەورامانی لهۆنی دەوروبەری دەودانو نەوسوودو شێخانو ناوچەی هاوارە ، ئەمە دەربارەی زمانی ناو دەفتەرەکانی ئەهلی هەققەوە ، ئەوانەیان کە وتنیان بۆ سەردەمی سوڵتان دەگەڕێتەوە ، کەوەك دەفتەری سەرئەنجامو دەفتەری دیوانەگەورەو دەفتەری شندرویو هی تر وەك ئەمانەبن بەڵام زمانی دەفتەری (عابدینیجاف) کە ناوبانگی بە عابدین باشچاوەش دەرکردووە ، هەروەك خۆیان وایان وتووە (ئاورامیجافی)یە ، واتە زمانی ئەو جافانەی بناری شارەزووری نزیك بە وارماواو فەقێ جنەو ناوچەی هۆرێنوشێخان ـ ە .

بە شێوەیەکی گشتیی ، زمانەکەیان (زمانیتێکستەکان) پاراوە لە فۆکابلەری ئاویستیو عارەبیو فارسی . شایەنی باسە ، کە زۆربەی فۆکابلەرە عارەبیو فارسییەکان ، بەرگی کوردییان پیادا کراوەو هەندێکیشیان بە زەقی ماونەتەوە .

لە رووی دەنگسازییەوە ، پارێزگاری دەنگە کوردییە رەسەنەکان کراوە ، کە وەك دەنگی (ڤ)و دەنگی (ژ)بن هەروەها هەندێ پرێپۆزیشن ـیش بە رواڵەتو قەوارەی کۆنیانەوە ماوەنەتەوە ، کە وەك (ژ = لە = جە)بێ ، بۆ وێنە ، راناوی (ئەز)یش زۆر بە زۆریو بەفراوانی بەکار هاتووە .

لە وشە ئاویستییەکان ؛ کە بە واتاو رواڵەتەوە جیاوازیی لەگەڵ بەکارهێنانی لە ئاویستادا نییە ، وشەی (گاوە)دە یە ، کە بە هەمان (گۆ)ر هەمان (واتا) وە بەکار هاتوو . هەروەها وشەی (جەم)یش .

لێرەدا (واتە : لەم تێکستانەدا) وشەی (گاو)بۆ دانی واتای (خوا)و

(گەورە)ۆ (سەرگردە)و (فەرماندە)و (زۆردار)و بە (تەوانا)و بۆ دانی واتای (گا)ش بەکار هاتووە ، بۆ وێنە (میر مەرەمۆ) :ـ

**میر ملزەنی ، .....**

**میرنانی ، میر ملزەنی**

**ئاوم سوڵتانا ، حسێنم هەنی**

**بنیامم مەوۆ نەگەردی بەنی**

سەیدمحەمەد مەرەمۆ :ـ

**پیرە رەنگینە ، ......**

**ئەز چەنی تۆما ، پیرە رەنگینە**

**چەنی خالیق بێچوون تۆ پێوەنینە**

**ساتۆ بۆ گاوم وەگاو یارییەوە بووینە**

**(ل ـ ١٠٣ ، لەفتەری ئەهلی هەقق)**

لە ئاوێستاش‌داو لەم تێکستانەش‌دا وشەی (جەم) بە واتای کۆبوونەوەو بە واتای ناوی (جەمشید) هاتووە . شایەنی باسە ، واتای (جەم) لەم‌تێکستانە دا (تێکستی ئەهلی هەقق) زیادیان کردووە ، چونکە بە واتای (جەژن)و بە واتای (سەرکەوتن)و بە واتای (بەهەشت)و (قیبلەش)دێ . (بۆ زۆرتر زانین لەم رووەوە ، تەماشای زاراوی (جەم) بکە ، کە لە یەکێ لەم‌بەشانەداو لەپەراوێزدا ، بە درێژی باس کراوە .

**راناوی ئەز :**

راناوی (ئەز) ، لەسەر ریبازی کۆن بەکار هاتووە ، بەم جۆرەی تیرە سەیدی هەورامی یەکەم‌یش بەکاری هێناوە ، بۆ وێنە ، تەماشای ئەم وەرگرتەیە ، بکە :ـ

یادگا مەرەمۆ :ــ

**ئەو گۆی سەراندیل ، .....**
**یادگارەنان ئەو گۆی سەراندیل**
**زاتم یادگار بەشەرم هابیل**
**کوشتەبیم وە دەست بازووی قابیل**
**کاکام ئیبراهیم نامش شافیل**
**حەقش (ئەز)ش سەن نە فەرق قابیل**

(ل_٢٤_کەلامی پەردیوەری)

وێنەیەکی تر (ئیبراهیم مەرەمۆ) :

**ئیبراهیم هەمدەست ، .....**
**چەنی‌یادگار هەردوو بیم هەمدەست**
**کاکام یادگار نە رووی تەخت نەشست**
**جەمشید بییانێ جەم جیهان بەست**
**(ئەز) فەریدوون بیم گاو سەر وە دەست**
**سیلسیلەی سپاه زەحاك دام شەکەست**

(ل_٢٦ ، هەمان سەرچاوە)

سەیدی هەورامی یەکەم دەڵێ(٢٢) .

« **(ئەز) ئاشیك بێنێ گێرێم یاوو ئەشکی**
**گرێنێو سۆچێم من یاوو ئەشکی** »

(ل_١٦_ دیوانی صەیدی _ کاردوخی)

لە جێگایەکی ترەوە دەڵێ :

« **(ئەز) ئەر دێڤانە ، تۆ ئەرشێتو سەرسام**
**پەکەم تۆنی ، تە ڤستەنێ ، موشکیلاتم** »

(ل_١٤ ، هەمان سەرچاوە)

**پرپێوزیشنی (ژ) = (لە = (ج) :**

ئەم وەرگرتەیە ، بەکــارهێنانی (ژە) بە واتای (ژ)و (جە)و (لــە) پیشان‌دەدا ، جگە لەوەش چەند جارێ (ئەز)ی بەکارهێناوە :

ساوا مەرەمۆ :ــ

**« پیر روستەم راتان ، ....**
**(ئەز)نان چراغ رۆشنایی راتان**
**نازدارتانم نازو خوداتان**
**(ئەز)نان بییاو ئەزەل بییاتان**
**شا (ژە)رۆ مازو (ئەز)نیبا بییاتان**
**گاو گردووتان لقمو خواجاتان**
**ئەرت‌تان ئەوینی (ئەز)تان شاتان**
**پاسەر کۆی (ئەز)ی مەوینی راتان**
**وێمنان قووەت پەی سەرو پاتان**
**چونکە وەرم گرت بارو جەفاتان »**

**دەنــگی (ڤ) :**

دەنــگی (ڤ) یەکێــکە لــە دەنــگەرەسەنە بنـەڕەتی‌یەکانی زمانی‌کوردیی • لە تێکستەدینی‌یەکان‌دا ، ئەوانەیان کە بە لاتینی تۆمـار کراون بە دەنــگی (ڤ) کەفە سەرن ، بەڵام هــەر هەمان تێکستە ، کــە وەختێ بە رێنووسی شکستە نووسراونەتەوەو لە چاپ دراون ئەو جــۆرە دەنــگانەی گۆڕراوە بە دەنــگی (و) ، چونکە ئەو جۆرە رێنووسە چــاپە دەنــگی (ڤ)ی ، تێدا نی‌یە ، بۆ وێنە ، لەم وەرگرتەیە ورد بەرەوە :

**مەردی هەزار دوون پارە مەکەران**
**ئیدەن نیشانەی ئاخر یاڤەران و** **(یاوەران)**

**وه هەزارو یەك دوون وە ئەمری سوڵتان**
**خۆ بان رستگار مەلون ئەو جەنان**
**بەدەن سەرنگوون وە دۆزەخی نار**
**وە قارو غەزەب مەوفەن گرفتار** **(مەووەن)**

یاخود تەماشای ئەم وەرگرتەیە بکە :

**رەفعی پاکی بەدەن مەدەریم بە وێم**
**ڤە ئابی رەضبار ڤە جامی ئیبراهیم** **(وە)**
**ڤە عەشقی یاران کاران کەی پەسەن** **(وە)**
**غەسل مەکەریم پەی پاکی بەدەن**

سەیدی هەورامی لەم جۆرە دەنگانەی بەکار هێناوە ، لەوانەشە بڵێین ، لەوانەیە تاوەکو سەردەمی ئەو هەرباوی بەکارهێنانی بووبێو لەگەڵ نەکەوتبێ ، بۆ وێنە سەیدی دەڵێ :

**منو خەم ، پێوە گرتەنما برایی**
**نە خەم چێمە ، نە من چادیم جیایی**
**نە (ئەز) تاڤام کەروونە تەخری عەشقی (تاوام)**
**نە ئاد ئاستش کە (ئەز) بوونە سەفایی**

لەجێگایەکی ترەوە دەڵێ :

**« نەك تۆ پەرێش دیڤۆنە بی ، هەکلێت بەرە بێگانەبی**
**تە پەی شەمەی پەرڤۆنەبی ، پی تەنە داسۆتاربە »**

یاخود دەڵێ :

**نەژیڤا نۆ ، مەژیڤۆ ، بێ تە ساتێ**
**حەیاتە منی ، حەیاتە منی ، حەیاتم**
**ئەز ئەر دیڤانە تۆ ئەرشێتو سەرسام**
**پەگەم تۆنی ، تە ڤستەن موشکیلاتم**

(ل-١٤- هەمان سەرچاوە)

شایەنی باسە ، زمانی ئەم تێکستانە ، جگە لە هەورامانی کۆن ، زاری جافی کــە وێنەمان لــە دەفتەری (عابدینیجاف)دا هێناوەتەوەو ئەوەی بە ئەنگ لێکۆڵینەوەی جــۆرە زاری وەهاوە بێ ، دەتوانێ بــگەڕێتەوە بۆ وێنەی وەرگیراوی دەفتەرەکان ، کە لەم بەشەدا بەدی دەکرێ • جگە لەم دوو شێوە زارەش ، جۆرە زارێکی دیکەی تێدایە ، کــە لە توانادا هەیە ناوی بنرێ زاری باباطاهیری هەمەدانی ، کە خۆی (باباطاهیر) یەکێ لە فریشتەکانی دەورەی (شاهخۆشین) بووە کە نزیکەی چلساڵی پاش لە دنیا دەرچوونی حەزرەتی عەلی هاتووەتە دنیاوە •

ئەمەش ئەو وەرگرتەیە کە لەنێوان شاه خۆشینو باطاهیردا رووی داوە •

شاه خۆشین دەفەرمێ :

**ظاهر شب سارا نەگەردم میل وامیل**
**طلب کسی کرد سوختش بیو دیل**
**اگر رنگ رزان عالم حالم بدانند**
**جمك رنگ رزان از من برندیل**

باباطاهیر دەفەرمێ :

**یا شاه مهر ترارا چە چارە کنم**
**نیاید روزی کە مهرت از دل اوارە کنم**
**اگر بعد سیصدسال برسەر قەبرم گزری**
**بوی وصالت بمن رسد کفن بە صد پارە کنم**

ئەم وتەیەی باباطاهیر ، ئەوەی (لیلی الاخیلە) دێنێتەوە یاد ، لەگەڵ جیاوازییەکی زۆردا ، کــە لە نێوان خۆشەویستییەکەیاندا هەیە •

وەختێ کــــە (توبە) خۆشە ویستەکەی لەیلێ دەمرێ ، لەیلێ بــە سواری ، وەختێ لەلای گۆڵکۆی (توبــە)وە دەڕوا ، دەڵێ ( الســلام

علیك ، یا توبە ) لەپاشا رووی لێ هەڵدەکاو روو دەکاتە ئەوانەی کە لەگەڵی دەبن‌و دەڵێ (ما عرفت له كذبة قط قبل هذه) ئەوانیش وتیان چۆن ، ئەمیش ، وتی : (ئەی ئەم شیعرەی خوارەوە ئەو نەی وتووە ! ) •

ئەمەش شیعرەکەیە ، کە (توبە) تیایا دەڵێ :-

**« ولو ان ليلى الاخيلية سلمت علي ودوني تربة وصفائح**
**لسلمت تسليم البشاشة او زقا صدى من جانب القبر صائح»**

# پەراوێزەکان

(١) مینۆرسکی لە ساڵی ١٨٧٧ی زاین لـە دێی (کورچیڤا) کـە کەوتووەتە باکوری رۆژئاوای (موسکۆ)وە لە دایك بووە •

لە مۆسکۆ خوێندنی سەرەتایی تـەواو کردووەو پاش تـەواو کردنی پلەی ئامادەیی ، هەر لەوێ ، چووەتە کۆلیجی حقووقەوەو ئەویشی تەواو کردووە • هـەر لـە مۆسکۆ دەچێتە زانستگەدەی لازارێف بۆ فێربوونی زمانانی رۆژهـەلاتو تیایا بڕوانامـەی وەرگرتووە •

بڕوا وایە ، کـە مینۆرسکی پاش تەواوکردنی پلەی بەرزی خوێندن ، چووبێتە سیلکی دیبلوماسیەوە لـە وەزارەتی دەرەوەی رووسیای قەیسـەری ، لـە ساڵانی ١٩٠٤–١٩٠٨دا بووە بـە موستەشاری رووسیا لـە باڵیۆزخـانەو کۆنسوڵخانەی رووسیا لـە تارانو تەورێز •

چـەند جارێ ، بۆ شارەزابوونو ئاگاداریی ، بە بەشـەکانی کوردستانی ئێراندا گەڕاوە •

سـاڵی (١٩١٣) مینۆرسکی بووبە ئـەندامی لیژنەی رێکوپێك کردنی سنووری نێو دەوڵەتانی ئێرانو عوسمانی وهەرهەمان ساڵی

(١٩١٣) ، بووه به موستەشاری باڵیۆزخانەی رووسیا ، لەتاران‌و لەم ئەرکەدا ، تا ساڵی **١٩١٩** مایەوەو پاشان بۆ هەمان ئەرک‌و فرمان بۆ باڵیۆزخانەی رووسیا لەپاریس نێردراو لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆرکەم لەو فرمانەدا مایەوە •

مینۆرسکی وازی لە ئەرکی خۆی هێناو خووی دایە رۆژهەڵاتناسی ، هەر لەپاریس بوو بە ماموستای رۆژهەڵاتناسی لە زانستگادا ، ئەوجا ئەوەندەی پێ نەچوو تاوەکو گواستیەوە بۆ(لەندەن)و تا لەوێ لەساڵی (١٩٣٢)داو لە زانستگەدەی رۆژهەڵاتناسی بوو بە (محاضر) واتە (لەکچەرچی) • ساڵی (١٩٣٩) مینۆرسکی چووە شاری کەمبیرج‌و لەوێ جێگیربوو •

مینۆرسکی لە زوربەی کۆبوونەوەکانی رۆژهەڵاتناسی‌دا بەشداری کردووەو وتاری تیایان‌دا خوێندووەتەوە • ساڵی (١٩٤٠) لە کۆبوونەوەی (برۆکسل)دا ، کە تایبەتی بووە بە رۆژ هەڵاتناسی‌یەوە بەشداری کردووەو وتاری بە ناوونیشانی (کوردەکان)ەوە خوێندووەتەوە •

(٢) مینۆرسکی توانیوەتی شتی زۆری ئەهلی هەقق بزانێ تا رادەیێ توانیوەتی ئاگاداری نهێنیەکانیشیان بێ‌و دەفتەرێکی زۆری ئەهلی هەققی کۆ کردووەتەوەو زوربەشیان کراون یاخود وەرگێردراون بۆ زمانی رووسی • ئەوەی کە شایەنی باس بێ دەفتەری هەرە پیرۆزیانە کە پێی دەوترێ (سەرئەنجام)و لە لایەن مینورسکی‌یەوە لە مۆسکۆ لە چاپ دراوە •

(٣) بە ناوی (عیراقی)یەوە ، نووسەرێ ـ کە ناوی خۆی نەهێناوەو وا دیارە لەمەندەلی‌دا ژیاوە ، وتارێکی دەربارەی کاکەیی‌یەکانی

(قەڵەمحاج)و دێی (دووشێخ)ەوە ، لە گۆڤاری (لغة العرب) ، ح/٧ـی ساڵی (١٩٢٩) ، لە لاپەڕە ٥١٢ـ٥١٧)دا بڵاو کردووەتەوە • ناوبراو لەو وتارەدا تەنها ئەوەی توانیوە بیکا، کەچی دەربارەیانەوە لە دەمی خەڵکەوە بیستووە ، بیگوێزێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانێ بیدا لەسەنگی مەحەکی راستی •

(٤) (عبدالرزاق الحسنی) ، بۆ وەڵامی ئەو وتارەی کە بە ناوی (عراقی)یەوە بڵاوکراوەتەوەو بۆ هەمان گۆڤار وتارێکی بڵاو کردەوە (تەماشای ، گۆڤاری ـ لغة العرب ـ جزمی (بەرگ) هەشتەمی ساڵی حەوتەم ، ل ٥٦٨ـ٦١١)بکە •

(٥) یاریزەر ـ عباس العزاوی ـ کتیبێکی بە ناوونیشانی ـ الکاکائیة فی التاریخ ـ ساڵی ١٩٤٩ ، دەرکردووە تیایا ـ کە نزیکەی سەدو چڵو شەش لاپەڕەیەکە ـ باسی کاکەیی‌یەکانو نەتەوەیانو زمانیانو دینیانو دێهاتەکانیانو بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانیان دەکا •

شایەنی‌باسە ، دەربارەی چۆنیەتی پەیدابوونی وشەی (زاراو) (کاکەیی)و (گۆران)و (دینی ئەهلی هەقق)ەوە هەر بە دەوروپشتیان‌دا شتی وتووەو نەیتوانیوە بچێتە ئەو دیوی پەردەی نهێنی‌یەوە •

(٦) ئەمین زەکی بەگ •

لە کتیبەکەی‌دا ، نوسخەی عارەبی ، کە ( محمد علی عونی ) کردوویە بە عارەبی‌و ساڵی ١٩٣٩ ، لەچاپخانە (السعادة) لەمیسر لە چاپی داوەو بە ناوونیشانی ( خلاصة تاریخ الکردوکردسان من اقدم العصور التاریخیة حتی الان )ەوەیەو لە لاپەڕە (٣٠٥ـ٣١٠)ی

بۆ باوەڕی دینی عەلی ئیلاهی ـ عقیدە علی الهی ـ یەکان ، تەرخان کردووە •

ئالەویێدا ، بەڕێز ئەمین زەکی بەگ ، سوودی لە چەند سەرچاوەیەك وەرگرتووە ، بۆ وێنە هەندێ لەوانەش ، ئەوەی کە مینۆرسکی دەربارەی (عەلی ئیلاهی)ۆ (هەفتەن)ە لە (دائرة المعارف الاسلامیة)دا بلاوی کردۆتەوە • هەروەها لە (گەشتێ لە زەهاوەوە بۆ خوزستان ) •

(٧) محەمەد جەمیل بەندی رۆژبەیانی لە بلاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری دەستەی کورددا ، بە ناوونیشانی (بندنیجین ـ مندلی ـ فی التاریخ قدیما وحدیثا)دا ، لە نێو دوێ توێی (٣٠٥ـ٤٣٩)دا دەربارەی کاکەیی‌یەکان قەلەمحاجەوە بە تایبەتیو کاکەیی‌یەکان بەگشتی وتارێکی درێژخایەنی نووسیوە •

بە شێوەیەکی سەرەکی وتارەکەی ئەوەی کە تایبەتی‌یە بە کاکەیی‌کانەوە دەکرێ بە دوو بەشەوە ؛ یەکێکیان ئەوەی گێڕاوەتەوە ؛ کە یەکێ بەناوی (عراقی)یەوە نوسیوەتیو وەلامیش بۆ ئەو (عیراقی)یە کە لەلایەن (عبدالرزاق الحسنی) دراوەتەوە • سەرپاکی ئەم دوو وتارەش لە گۆڤاری (لغة العرب)دا یەك لە دوای یەكو هەریەکەیان لە بەرگێکدا بلاو بوونەتەوە •

بەشی دووەمیان ، هەوێنی پەنابردنی سەر سەرچاوەو بیروڕای شەخسی خۆی ، بەهۆی پەیوەندی بەتینی لەگەڵ هەندێ سەیدو خێزانی کاکەیی‌دا کە هەیبووە ، لە بۆتەی ئەنجامی ئەو بیروڕایانەدا داڕشتووە •

(٨) تەماشای کتێبی (کورد ، تورك ، عەرەب )ی (ئەدمۆندز) بکە ، لەم کتێبەدا ، ئەدمۆندز ، باسێکی تایبەتی (فصل) بۆ کاکەیی‌یەکان تەرخان کردووە ، لەم باسەدا ، پەنا دەباتە سەر ئەوبڵاو کراوانەی مینۆرسکی (هەرچی خۆی دان بەمەدا نابێ)و نامیلکەیەکی دەستووس ، کە یەکێکی دڵسۆزی خۆی بۆی تۆمارکردووەو هەروەها سەرهەندێ هەواڵی دەماودەمیش •

(٩) سەرچاوەی‌تر • ئەوسەرچاوانەی کە لەم رووەوە شتیان نووسیوەو شایەنی ناوهێنان بن • (دائرة المعارف الاسلامیة) کەلە لایەن مینۆرسکی‌یەوە وتاری وەك (عەلی‌ئیلاهی)و (ئەهل هەقق)و هەفتەن)و (هەفتوان) بڵاو کرانەتەوە • بە پێی ناوەرۆکی ئێو سرووده دینی‌یەکانی ئەهلی‌هەقق ، هەر مینۆرسکی توانیەتی شتی شاراوەو نهێنی بزانێ •

فەرهەنگی‌دەخدا ، یەکێکە لەو فەرهەنگە بەناوبانگانەی کە دەستێکی باڵای هەبووە لە کۆکردنەوەی زانیاری بەنرخ دەربارەی ناوی ناسیاوەوە ، توانیویەتی زانیاری‌یەکی زۆر دەربارەی عەلی‌ئیلاهی)و (هەفتەن)و (هەفتەوان)ەوە بنووسێ •

سەرچاوەی ناوبراو لەلاپەڕە (١٤٠-١٤٣) بەرگی (٤)دا ، دەربارەی (عەلی‌ئیلاهی)یەوە نزیکەی (١٤) جواردەخاڵی نووسیوە • بەڵام زوربەی ئەمخاڵانە ، لەگەڵ ئەوانەی وتارەکەی رۆژبەیانی‌دا لە زۆر رووەو لەیەك دەکەن ، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەوەی (دەخدا)مان تۆمار نەکرد •

گەلاوێژی ژمارە (١١ ، ١٢)ی ساڵی یەکەم ، مامۆستا تەوفیق وەهبی بە ناوونیشانی (دینی هیندو ئەوروپایی‌یەکان)ەوە

وتاری ژمارەی هەشتی بڵاو کردۆتەوە ، تیایا باسی (دیڤەس) ـ کە وەك (مانگ‌و ئەستێرەو ڕۆژپەرستی)یە ـ دەکـــاو پاشـان دەڵێ زەردەشتی‌یەکان (دەیڤەس) ، و (دێو)یان بۆ واتــای شــەیتان بەکارهێناوە •

لـە ژمارە(٢) ساڵی(٢)دا ، وتاری ژمارە نۆ لــە لایەن تەوفیق وەهبی‌یەوە ، دەربارەی سەرچــاوەی (شــەیتان پەرســتی‌ی یەزیدیەکان)ەوە بڵاو دەکاتەوە • شایەنی باسە،لێکدانەوەی هەندێ وشەو زاراوەیی لـەوەی مامۆستا ڕۆژبەیانی دەکاو لەبـەر ئـەوەی لێرەدا پێویست بە باسکردنی ناکات •

(١٠) دەفتەری ڕموزی یارستان • لەلایەن (سەیدقاسم ئەفضەڵی شـاە ئیبراهیمی)ـیەوە ، بەو ناونیشانەوە ، لــە گەنجینەی ســوڵتان سەهاكدا لەناوەرۆکی چەنددەفتەرێکەوە ، وەری گرتووەو لــەم بەرهەمەی‌دا کۆی کردوونەتەوە •

لەگــەڵ کـەم‌و کوڕی ئەم بەرهەمەدا ـ بۆ وێنە ، بەهــەڵە گوێزانەوەی هەندێ وشەو موفرەداتی ناو سروودەکان‌و داکەوتنی بە دەیان هــەڵەی چــاپی‌و ڕوودانی دەیان هــەڵەی نەزانینی خوێندنەوەی ڕێنوسە بنەڕەتیەکەی‌و ونبوونی هــەندێ دەنــگی ڕەسەنی نێو بەرهەمەکە بە هۆی نەبوونی هەندێ پیت لەو زمــانی چاپەدا کە بتوانێ وێنەی دەنـگی وەها بگەیەنێتە خوێنەرو لەگـەڵ لابردنی هەندێ لایەڕەی گرنـگی ناوی کــە هۆی دڕاندنیــان نازانرێ ـ توانی زۆر لایەنی شاراوەی دینی ئەهلی هەقق ڕۆشن بکاتەوە ، کە سەرپاکی ئەوسەرچاوانەی کــە یەکە یەکە ناویمـان هێناون نەیانتوانیوە ـ جگە لە مینۆرسکی ـ بیکەنێ •

کتێبێکی دیکە لەم ڕووەوە بە ناونیشانی (سەرئەنجام)ەوە لەلایەن مامۆستا سەفی بۆرەکەیی‌یەوە کەوتۆتە بازاڕەوە ، بەڵام ـ بەداخەوە ـ ئێمە نەمانتوانی دەستمان بکەوێ • برادەرێکی کاکەیی کە ناوی هەردەوێل ـ طالب ـ کاکەیی‌یە • ئەو کتێبەی دەسکەوتبوو پەیمانیشی دامێ کە بۆ ماوەی مانگێ بمداتێ ، بەڵام هەرتەنیا بە وتە گفتەگەم گوێ لێ بوو ، بەڵام بە کردەوە هیچم نەدیی‌و دەشبێ ئەوە بڵێم کە پەیمان شکاندن لە خووو ڕەوشتی کاکەیی یەوە دوورە •

(١١) سروود دینی یارسان • (ماشاللەسوزی) بەو ناوونیشانەوە بیست‌و یەك بەخشان‌و دە سروودی ئەهلی هەققی بڵاو کردووەتەوە • شێوەی بڵاوکردنەوەکەشی بە دوو جۆرە ڕێنووسە ، یەکێکیان بە ڕێنووس لاتینی کە توانیویەتی پارێزگاری هەندێ دەنگی ڕەسەنی وەك (ڤ) بۆ نموونە بکا ، کە بێگومان ئەمە لە ڕێنووسی چاپی فارسی‌دا ون دەبێ • ئەوەی تریشیان ڕێنووسی چاپی فارسی •

ئەوەی زۆر گلەیی لێ دەکرێ ئەوەیە ، کە ناوبراو ناوی سەرچاوەی نەهێناوەو نەی وتووە ، ئەو دوو ڕێنووسە کامیان ڕەسەنە بە نیسبەت بەرهەمەکەی ئەوەوەو کامیان ترانسلیترەیشنە ، هەروەها هەندێ شتی وتووە کە زۆر بێگانەن لەو دینەوەو لە ڕاستی‌یشەوە •

سروودو بەخشانەکان ، بە هۆی ڕێنووسە لاتینی‌یەکەوە زۆر جوان‌ترو ڕێك‌وپێك‌تر دێنەوە ئاوازەو دەنگ‌و لەبەر ئەوە نرخی خۆیان هەیە •

شایەنی باسە ، ئێمە بەهۆی ئەم سەرچاوانەوە (دەفتەری ڕموزی

یارستـــان)و (سروودی دینی یارســـان)ەوە توانیمان دەستنیشانی هەندێ لایەنی راستیو ناڕاستی نێو بەرهەمەکانی سەرەوە بکەینو بەهۆی ناوەرۆکیـــانەوە توانیمان هـەندێ لایەنی نهێنی ئاشـــکرا بـکەین •

(١٢) لە لاپەڕە (٤٣٠)ی (المنجد)دا ، بە ناوونیشانی (کاکویە ـ یاخـود بنوکاکویە)وە نووسراوەو دەڵێ ، خێزانێ بوو کـــە خـــاوەنی فەرمانڕەوایی (ئەسفەهان)و (هەمەدان)بوون ، ئەوەش لـە نێـوان ساڵانی (١٠٠٧ـ١٠٥١) زایینی‌دا بوو • باپیرە گەورەی ئەو خێزانە (واتـــە : کاکویە) ، (وەشمەنزیاری رۆستەم کوڕی مـــەرزەبانی دەیلەمی)بوو ، بەناوبانگ‌ترین سەرداری میریان کالیگار (گالیجار) صالح) بوو •

مەردۆخ لەبەرگی (١)ی مێژووی مەردۆخ ، لاپەڕە (١٠٣)دا ، باسی ئەم هۆزە کوردانەو بەم ناوەوە دەکاو دەڵێ :ـ

- کاك • ئەم هۆزە کوردانە لە ناوچەی (مازنجان)ەوە دەژین ئەم هۆزە گوایا سەربە یاخود وەچەی (ئەمیر موباریزەدین کاك)ـن کـە یەکێکە لەمیرەکـانی دەوڵەتی عەبـاسی گوایا بنـــەڕەتی ناوەکـــەی ـ(کاك) بووەو خـــەلیفەش ناوی موباریزەدین‌ـی داوەتێ •
- کاکو تایفەکێ لـە نێـــوان (کولیائی)و (سنە)دا ، وا دەچێ بەبڕیانەوە کە پاشماوەی (کاسۆ)ی (ئاکاد)ن •
- کاکەی • ئەمانە (کاکانلو)و (کاغانلو)یشیان ، پێ دەوترێ ، لەناوچەی کەرکوك‌دا دەژین •

● کاکەوەند ، لە ناوچەی دەرسیمدا دەژین •

(۱۳) تەمماشای دەفتەری شاهخۆشین ـ دەفتەری رموززی یارستان ـ لەلایەڕە (۱۹)ەوە تا (۲۲)بکە کە تیایا شاهخۆشین باسی ئەوە دەکا کە چۆن دوونی مەولاعەلی بووەو ئەوا ئێستە لەتەنی شاه خۆشیندا بەم ناوەوە دەرکەوتووە •

(١٤) (گاو) ، لەرووی واتاوە ، لە ئاوێستادا بە واتای (خوا)و سەرکردەو زۆری خودایی‌و مەزن‌و سەرفرازکەر هاتووە ، لە سروودەکانی ئەهلی هەقق ـیش‌دا هەر بە هەمان واتا هاتووە بۆ وێنە ئەم

سروودەی ئەهلی‌هەقق ، ئەو واتەیەمان بۆ روون دەکاتەوە :

**یە گشت تەمام‌بی لووا وە راوە**
**گاه وەناز تۆرگاو دماوە •**

یاخود ئەم وەرگرتەیە :

**هەنت گرووهێ جە گاو بیوەریی**
**وە زێل نی‌یەنێ وە زووان هەنی**

یاخود ئەم وەرگرتەیە :

**پیرە رەنگینە ، •••••**
**ئەز چەنی تۆما ، پیرە رەنگینە**
**چەنی خالق بێچوون تۆ پێوەنینە**
**ساتۆ بۆ (گاو)م وەگاو یاریی‌وە بووینە**

**(دەفتەری ئەهلی هەقق)**

شایەنی باسە ، وشەی (گاو) بە واتای (گا)ی ئێستاش هەر بەکار هاتووە ، لای زەڕدەشتی زۆر پیرۆز بووەو سەر نەبڕراوە ، لە بەر بە سوودی لە لایەکەوەو لەبەر ئەوەش کە بە منالی ، زەڕدەشت دەدزرێ‌و

دەخرێتە ناو ئاگرەوە ناسووتێ‌و بۆ ماوەی سێ رۆژێ ، لە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا دەمێنێتەوە ، گایێ یامانگایێ دەگـا بـە فریایەوەو شیری دەداتێ‌و وا دەچێ بە خیاڵەوە کە ئەو گایە هێزێـکی خوایی‌یە هاتووە بۆ پارێزگاری کردنی زەڕدەشت •

لە لای ئەهلی هەقق-یشەوە ، هەر پیرۆزەو بە هێزێـکی خودایی دەزانرێ ، چونکە (دنیا) بەلای ئەوانەوە ، وا بە سەر گایەکەوەو ئـەو (گا)یەشە هێزو تەوانای خودایی هـەیە ئەگینا چۆن ئـەو قورسایەی پێ هەڵـگیراوە !

(١٥) مامۆستا عـەلائەدین سەجـادی ، لـە مێژووی ئەدەبی کوردی‌دا ، بەڵـگەی ئەوەی هێناوەتەوە ، کـە بۆچی هۆنراوە بـە شێوەی هەورامی وتراوە ، بەڵام ئەوەی لەیاد چـووە ، کـە لایەنی هـەرە بەهێزی ئەوەی کە هۆنراوە بەشێوەی هەورامانی بووە ، چونـکە زمـانی دینی ئەهلی هەقق ، کـە زمانی دایـکی سوڵتان بووە ، هەورامانی بووەو بە هەورامانی ـ وتراوە • (تەماشـای مێـژووی ئەدەبی کوردیی ، لاپەڕە ، ١٦٤-١٦٩) •

(١٦) دەمەکەنزی ، بۆ ڕاپورتی ساڵانەی ، لـە کۆبوونەوەی کونگرەی ساڵانە کە بۆ زمانانی ڕۆژهەڵات‌و ئەفەریقاگیراوە ، ساڵی (١٩٦١) وتارێـکی بـە ناوونیشانی (بنـەڕەتی زمانی‌کوردی)یەوە لـەو کۆبوونەوەدا خوێندووەتەوە •

دەمەکەنزی لەو وتارەی‌دا زمـانی کوردیی ئێستای بـە وچـە زاری زمانی فارسی لە قەڵەمداوەو (زاری گۆران)یشی بە ناکوردیی سەر ژمێر کردووە •

بەو بۆنەیەوە ، تەوفیق وەهبی وتارێکی وەڵامگۆنەی بۆ ئەوەی دەمەکەنزی نووسیوەو تەواوی سەرپاکی ئەو وەڵامگۆنەیەش ، لە گۆفاری کۆڕی زانیاری کورد ، ژمارە دووی بەرگی دووەم ، ساڵی (١٩٧٤)دا ، بە ناوونیشانی (اصل الاكراد ولغتهم) بڵاوبووەتەوە

شایەنی باسە ، ئەو وتارە کەفەسەرە بە دەیان بەڵگەی راستو رەوانو بێ ئەملاو ئەولاو سەرپاکیان لە زەمینەی زمانی کوردییەوە وەرگیراونو بە هۆیانەوە بەرپەرچی وتەکانی مەکەنزی داوەتەوە • (تەماشای ، بەشی عەرەبی ، لە لاپەڕە (١)ەوە ، تا (٢٤) ، بکە ) •

**(١٧)** دەناجیعەبباس ، لە گەلاوێژی ژمارە (٥)ی ساڵی (٥)هەمیدا ، وتارەکەی مینۆرسکی کە بەناوونیشانی (گۆران)ەوە لە گۆفار ـ (بڵاوکراوە)ی زانستگەدە (معهد)ی رۆژهەڵاتناسی ، لە (لەندەن)دا بڵاوی کردبوەوە ، وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردییو بڵاوی کردووتەوە •

**(١٨)** بە ناوونیشانی (زمانی ئێرانی کۆنەوە) (دەپەرویز خانلری) لە بەرگی یەکەمی مێژووی زمانی فارسیدا ، نزیکەی بیستو یەك لاپەڕەیەکی نووسیوە • لەسەرەتای باسەکەیدا ناوی زمانی (ئەریەن ڤەچ) دەهێنێو بە درێژی باسی ئەوەدەکا کە چۆن هاتووەو واتای چی دەداتو ئێستە وەچەی ئەو زمانە کامەیە • گەوهەری واتاکەی ئەم وشەیە دەگرێتەوە کە دەڵێ ، نەتەوەیەکی بنەڕەتونەژاد ئێرانی بە زمانی ئاوێستایی قسەیان کردوەو ، بەو زمانەیان وتووە زمانی (ئەریەن ڤەچ) •

(١٩) بە ناوی (هەفتەنان)ەوە ، لـە رۆژئاوای ناوچەی بەختیاری‌یەوە شاخێك هەیە • (لغت‌نامە ـ دهخدا ، هـ،ل‌ـ٢٣٢) •

(٢٠) لەناوچەی مەهاباددا دێ‌یەك بە ناوی (هەفتوانە) هـەیە (هـەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕەو هەمان بەرگ) •

(٢١) (جەم) جگە لەوەی ، کـــە لـە ئاویستادا ، بە واتای کۆبوونەوە هاتووە ، حاڵی حازریش لە ناو ئەهلی‌هەقق‌دا ئەو واتایانەی هـەیە کە روونمان کردنەوە ، لە ئینسایلکوپیدیای ئیسلامی ، لـــە بەشی (ئا)دا ، جەم وەك فرەیزێ بەکارهاتووە ، بۆ ئەمەی واتای رێبازێ بدا گوایا وەختی خۆی (مەولەوی) ناکورد لەسەری رۆیشتووەو ئەو فرەیزەش (ئایین‌جەم)ە •

رێبازی (ئایین‌جەم) لەلایەن (بەگداشی)یشەوە گیراوەتە بـەر • (جـــەم)لای هیندیەکۆنەکـــان یەکـێکە لـە (خواله = اله)کانی خواردنەوە • یەکێ لـــە شاهـکـــانی پێشدادی بـــە نـــاوی (جەم) = (یەم)وە هاتووەو لە ئاوێستادا وەك ناوی جەمشید هاتووە •

(٢٢) تەماشـای کتێبی (دیوانی صەیدی هـــەورامی ، کۆ کردنەوەی کاردۆخی ، کە لە چاپخانەی کامەرانی سلێمانی لەچاپ دراوە) بـە دەیان وێنەو نموونەی وەهای تێدایە •

# سەرچاوەکان


- الكاكائية في التاريخ ، للمحامى عباس العزاوى ـ شركة التجارة والطباعة المحدودة ، بغداد ١٩٤٩م •
- خلاصة تاريخ الكرد وكردستان ، من اقدم العصور التاريخية حتى الان وضعه باللغة الكردية العلامة المفضال معالى محمد امين زكى بك سنة ١٩٣١ ونقله الى العربية وعلق عليه الاستاذ محمد على عونى ١٩٣٦ ، مطبعة السعادة بجوار محافظة مصر سنة ١٩٣٩ •
- الاكراد ، ملاحظات وانطباعات باللغة الروسية ونشره في سنة ١٩١٥ بتروكراد البروفيسور ف•ف•مينورسكى ترجمه وعلق عليه وقدم له الدكتور معروف خزنەدار ، بغداد ١٩٦٨ ، مطبعة النجوم •
- مينورسكى ، دائرة المعارف الاسلامية ـ اهل الحق ـ حرف (أ) •
- مينۆرسكى ، دائرة المعارف الاسلامية ـ جهانشاه ـ حرف (ج) •
- مينورسكى ، دائرة المعارف الاسلامية ـ ( هەفتەوان ) ، (هەفتەن) ، حرف (ح) و (هـ) •
- لغة العرب ، (ح/٦ ، ص-٢٦٤) البحث عن الكاكائية للاستاذ أنستاس مارى الكرملى •
- عشائر العراق ، للاستاذ عباس العزاوى •
- عشائر العراق الكردية ، للاستاذ عباس العزاوى •
- مجلة المجمع العلمي العراقى ـ الهيئة الكردية ـ بندنيجين «مندلى» في التاريخ قديما وحديثا ـ محمد جميل بندى الروزبيانى ـ مطبعة المجمع العلمي العراقى ـ الهيئة الكردية ، بغداد ١٩٨٠ •
- مجلة لغة العرب ، الجزء السابع والجزء الثامن •

- مجلة «گەلاوێژ» العدد (١١ ، ١٢) للسنة الاولى ، تۆفیق وەهبی ( دینی هیندۆ ئەوروپاییەکان ) .
- ئەدمۆندز ، (کورد ، تورك ، عەرەب) .
- المنجد في اللغة والادب والعلوم .
- تاریخ الادب العربی ـ حنا الفاخوری
- المسعودی ـ مروج الذهب ومعادن الجوهر .
- (لغة نامه)ی دهخدا .
- فرهنك فارس به پهلوی . دکتر بهرام فرەوش .
- تاریخ زبان فارس . دکتر پرویز ناتل خانلری .
- فەرهەنگی مەهاباد ـ گیو موکریانی .
- کتاب تاریخ مردوخ ، تالیف فاضل شهیر حضرت آیت الله آقای شیخ محمد مردوخ کردستانی .
- فەرهەنگی مەردۆخ (کوردی ، فارس ، عەرەبی) .
- راز مگوو سنگ سیاه ، درایران ، درسنت لرهاو کردان اهل حق ، دکتر محمد مکری ، پاریس ١٩٦٨ .
- آوستا ، نامه مینوی آیین زرتشت ، ابراهیم پورداود .
- سرووی دینی یارسان ، ماشالله سوری .
- رموزی دینی یارستان ، سید قاسمی سید افضلی شاه ابراهیمی .
- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە ، دوکتۆر مارف خەزنەدار ـ چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للطباعة ) ١٩٨٤ .
- گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە (٢)ی سالی (٢) تەوفیق وەهبی .
- مێژووی ئەدەبی کوردی ، عەلائەدین سەجادی .
- پێش بنی‌یەکانی عَلی بەگی ، صەدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) .

● An Avesta Grammar. A.V. Williams Jakson. Part(1)
● The Avestan Language, SiK. Sokolov .
● گەلاوێژی ژمارە (٦)ی ساڵی (٥) ، ١٩٤٤ ،
(گۆران) وەرگێرانی ناجی عباس .

## تێبینی یەک

هەندێ هەڵەی چاپی روویان داوە ، ئەوجــا هــەر لەبەر ئەوەی خوێنــەری وریا ، بەبێ دیاری کردنیان تواناى راستکردنەوەیانی هــەیەو رووداینشیان ، نابێ بە هۆی گۆڕینی ، واتاوە ، وامان بەباش زانی ، کــە داوای لێبوردن لەخوێنەر بکەین ، بەوەی ، کە خانەی چەوتی و راستیمان بۆ بەرهەمەکە نەکرد ، سوپاس .

هەورامانی

# وشەیەکی سوپاسگوزاریی

قەرزاری سەرڕاست ، خواخوای ئەوەیەتی ، بە دەستی خـاڵی ، خاوەن قەرزەکەی نەبینێو ئەگەر هاتووش ، بە کتوپڕی چاویان بـە تاوچاوانی یەکتری یەوە نووسا ، لە خەجاڵەتاریی‌و بەوەفاییدا قەرزارەکە حەزی وەهایە کـە پارووەکەی ناودەمی خۆی دەربهێنێو دەرخـواردی خاوەن قەرزەکەی بدا ، تاوەکو دڵی گەرد نەیگرێ !

ئێمەیش ، خۆمان بە قەرزاری ئەم بەرێزانە دەزانین ، بۆیە داوای لێبووردنیان لێ دەکەین ، بەوەی کـە ناتوانین ئـەو قەرزە گرانبەهایەی ئەوان بژێرینەوەو تەنیا ستێکیش لـەم رووەوە لەدەستمان بێ ، هـەر پێشکەشکردنی سوپاسێکی بێ پایانە بۆ :-

- کاك ، دەمحـەمەد نووری عارف ، چونـکە ، ئەو بۆ یەکـەمجار سەرچاوەی (سرودی دینی یارسـان)ی (ماشالله سوری) کەلـە کتێبخانەی زانکوی سلیمانیدا بوو ، بۆی وەرگرتم‌و هانی ئـەوەی دام کە بێگۆڕمە سەر رێنووسی نوێی کوردیی •

- کاك عەلی جاف (عەلی حسین بەگی‌جاف - وارماوا ) بۆ ئەو ئەرکەی خستیە سەرشانی خۆی‌و کتێبی (دەفتـەری رمـوزی یارستان-ی سەیدقاسمی افضلی شاه ابراهیمی) بۆ ، پەیداکردم‌و ، بۆی ناردم•

- بۆ کاك حەمەسەعیدجاف ، کـە بوو بە هۆی ئەوەوە بتوانم کیتێبێ (سروودی دینی یارسان) - نوسخەیەکی دیـکە - کـە لەلای

کاك محەمەدی مەلاکەریم بوو دەستم بکەویێ و لەگەڵ ئەوەی خۆمدا بەراوردی بکەم •

● بۆ کاك فاتح حەمەسەعید هاواریی حەمەرەزا هاواریی و کاك رەمەزان هاواریی هەندێ رۆشنبیری تر کە دەستی یارمەتییان بۆ روشنکردنەوەی هەندێشتی لێڵ بۆ درێژ کردووم •

(هەورامانی)

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣ | بە ناوی خـــودا |
| ٥ | وشەیەکی ڕێباز ڕۆشنکەرەوە |
| ١٠ | چی دەربارەی کاکەیی‌یەوە نووسراوە |
| ١٤ | عراقیی |
| ١٤ | قـەڵەم حاجی |
| ١٥ | کورتەی بیروباوەڕیان |
| ١٧ | ڕۆژێـکی تایبەتی‌یان هەیە |
| ١٧ | هاوکاری موسوڵمانەکان ..... |
| ١٧ | کەس نەی دیوە .... |
| ١٧ | دەست نوێژ شوشتن ..... |
| ١٨ | لـە کوێ هـــەن ؟ |
| ١٨ | ژمـــارەیان |
| ١٨ | زمانیـــان |
| ١٨ | دانەری مەزهەبەکەیان |
| ١٩ | ئەوەی کە لەجزمی حەوتەمی گۆڤارەکەتان‌دا ... |
| ١٩ | قەڵەم‌حاجی تایفەیەکی ئیسلامن |
| ٢٠ | ژمارەی خانووەکانی ئەم تایفەیە |
| ٢٠ | قەڵەم حاجیەکان نەسرانی نین |
| ٢١ | ڕۆژوو |
| ٢١ | شـەیتان ناپەرستن ! |
| ٢٢ | تەڵاقدان‌و ژن‌هێنان |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| قەڵەمحاجیەکان لەمەندەلی‌دا | ٢٣ |
| کاکەیی‌و (عباس العزاوی) | ٢٤ |
| ئەمین زەکی بەگ‌و عەلی‌ئیلاهی | ٢٦ |
| ڕۆژبەیانی‌و کاکەیی | ٢٨ |
| کاکەیی‌و ئەدمۆندز | ٣٧ |
| هەندێ سەرچاوەتر | ٤٧ |
| دەمەتەقێی سەرچاوەکان | ٤٨ |
| بەرهەمەکانی مینۆرسکی | ٤٨ |
| بەرهەمەکەی ئەدمۆندز | ٤٩ |
| بەرهەمە دینی‌یەکان | ٥٤ |
| دەفتەری ڕمووزی یارستان | ٥٤ |
| سروودی دینی یارسان | ٦٠ |
| شیکردنەوەی هەندێ زاراوی پێویست (کاکەیی)و | ٦٥ |
| گۆران | ٧٥ |
| (گۆران) لەرووی زمانناسی‌یەوە | ٨١ |
| (گۆران) وەك زاراوی نوێ | ٨٤ |
| (عەلی‌ئیلاهی)و زاراوی ئەهلی (هەقق) | ٩١ |
| لێکدانەوەی‌هەندێ زاراوی دینی (حەوتەوانە) | ١٠٦ |
| هەوتەن | ١١٢ |
| بنیامین | ١١٤ |
| داود | ١١٥ |
| پیرمووسا | ١١٥ |
| ڕەمزبار | ١١٦ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| مستەفا | ١١٧ |
| شاهئیبراهیم | ١١٧ |
| یادگـــار | ١١٨ |
| چوار فریشتە | ١١٩ |
| جـــەم | ١٢٠ |
| باوو بڕەوی جەژنی جـەم | ١٢١ |
| جـەژن‌و ڕۆژوو | ١٢٢ |
| بۆچی خواردنی جەژن تایبەتی‌یەو نابێ بگۆردرێ ! | ١٢٦ |
| نیـــاز | ١٢٧ |
| دەستگیرکردن (دەست پێوە گرتن) | ١٣٠ |
| باووبڕەوی گوێز شکاندن | ١٣٢ |
| قوربانی | ١٣٤ |
| باووبڕەوی خۆ شوشتن | ١٣٧ |
| قیبلەی ئەهلی هـــەق | ١٣٩ |
| تەڵقینی مردوو | ١٤٠ |
| دوون (ڕۆح ، گیان) | ١٤٤ |
| سمێڵ درێژ ـ کردن | ١٤٤ |
| هەندێ سەرگوزەشتەی دینی | ١٤٧ |
| شاهخۆشێن | ١٤٧ |
| یەکێ لە موعجیزەکانی شاهخۆشێن | ١٤٩ |
| سوڵتان | ١٥١ |
| یادگـــار | ١٥٣ |
| بەشی سێیەم (هەندێ بەخشانی دینی) | ١٥٧ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پەخشان یەکەم | ١٥٧ |
| پەخشانی دووەم | ١٥٨ |
| پەخشانی سێیەم | ١٥٩ |
| پەخشانی چوارەم | ١٦٠ |
| پەخشانی پێنجەم | ١٦٢ |
| پەخشانی شەشەم | ١٦٣ |
| پەخشانی حەوتەم | ١٦٥ |
| پەخشانی هەشتەم | ١٦٦ |
| پەخشانی نۆیەم | ١٦٧ |
| پەخشانی دەیەم | ١٦٩ |
| پەخشانی یانزەهەم | ١٧٠ |
| پەخشانی دووانزەهەم | ١٧٢ |
| پەخشانی سیانزەهەم | ١٧٣ |
| پەخشانی چواردەهەم | ١٧٥ |
| پەخشانی پانزەهەم | ١٧٦ |
| پەخشانی شانزەهەم | ١٧٨ |
| پەخشانی حەڤدەهەم | ١٧٩ |
| پەخشانی هەژدەهەم | ١٨٠ |
| پەخشانی نۆزدەهەم | ١٨١ |
| پەخشانی بیستەم | ١٨٢ |
| پەخشانی بیستویەکەم | ١٨٣ |
| هەندێ سروودی دینی ، سروودی ژمارە (١) | ١٨٥ |
| قەباڵەی سیرڕ مەگۆ | ١٩٤ |

سروودی ژماره (٢) ١٩٧
سروودی ژماره (٣) ٢٠٦
سروودی ژماره (٤) ٢١٣
سروودی ژماره (٥) ٢١٧
سروودی ژماره (٦) ٢٢٩
سروودی ژماره (٧) ٢٣٦
سروودی ژماره (٨) ٢٣٧
سروودی ژماره (٩) ٢٤٠
(بەشی چوارەم)
پەیوەندیی نێوان دینی ئەهلی هەقو دینی زەردەشتی ٢٤٧
جێگا پیرۆزەکانی ئەهلی‌هەقق ٢٥٥
نرخی ئەدەبیی ئەم تێکستانە ٢٦٦
زمـــانی ئەم‌تێکستانە ٢٧٥
پەراوێزەکان ٢٨٣
سەرچاوەکان ...
تێبینی‌یەك ...
سوپاس ...


---


لە کتێبخانەی نیشتمانیدا لە بەغدا
ژمارە (١٥٧٠)ی ساڵی ١٩٨٤ی دراوەتێ

نرخی ( ٦٠٠ر٢ ) دینار

له چا[illegible] ( الحوادث ) له بەغدا چاپکراوە

ت ٤١٥٢٦٨٥